T.C

BİNGÖL UNİVERSİTESİ

YAŞAYAN DİLLER ENSTİTÜSÜ

KÜRT DİLİ VE EDEBİYATI ANABİLİM DALI

**Yüksek Lisans Tezi**

# Şeyh Ahmed Örneğinde Kürt Şiirinde Şakeliler ve Rolleri

**Koser Omer Ahmad**

**152302107**

**Tez Danışmanı**
**Doç. Dr. Mehmet Zahir ERTEKIN**

**BİNGÖL - 2018**

کۆماری تورکیا

زانکۆی بینگۆل

ئەنستیتوتی زمانی کوردی

بەشی زانستی زمان و ئەدەبیاتی کوردی

نامەی ماستەر

# شاکەلییەکان و ڕۆڵیان لەشیعری کوردیدا

# شێخ ئەحمەد بەنموونە

کۆسار عمر احمد

**152302107**

بەسەر پەرەشتی

پ.ی.د. محمد زاهیر ئەرتكن

بینگۆل ــ ٢٠١٨

## BİLİMSEL ETİK BİLDİRİMİ

Yüksek Lisans olarak sunduğum *Şeyh Ahmed Örneğinde Kürt Şiirinde Şakeliler ve Rolleri* adlı çalışmanın öneri aşamasından sonuçlanmasına kadar geçen süreçte bilimsel etiğe ve akademik kurallara özenle uyduğumu, dönem projesi içindeki tüm bilgileri bilimsel ahlak ve gelenek çerçevesinde elde ettiğimi, dönem projesi yazım kurallarına uygun olarak hazırladığım bu çalışmamda doğrudan veya dolaylı olarak yaptığım her alıntıya kaynak gösterdiğimi ve yararlandığım eserlerin kaynakçada gösterilenlerden oluştuğunu taahhüt ederim.

30 /08/ 2012018

Koser Omer Ahmad AL SHATEERA

**ناوەڕۆك**

ناوەڕۆك ........ II
پوختە ........ V
ÖZET ........ VI
ABSTRACT ........ VII
الملخص ........ VIII
نیشانەلۆجیکییەکان و واتاکانیان ........ IX
پێشەکی ........ ١
دەروازە: (شاکەلی) و شاکەلییەکان لەچەند ڕوویەکەوە: ........ ٦
١– لەڕووی مێژووییەوە ........ ٦
٢– جوگرافیای شاکەلییەکان ........ ٧
٣– بنەماڵەی شاکەلییەکان ........ ٩
٤– ڕۆشنبیری شاکەلییەکان ........ ٩
٥– لەڕووی ڕۆژنامەگەرییەوە ........ ١٩
٦– لە ڕووی سیاسییەوە ........ ٢١
بەشی یەکەم: ژیانی (شاکەلی) و ڕۆشنبیری و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ........ ٢٤
تەوەری یەکەم: ژیانی (شاکەلی) ........ ٢٥
١– ژیانی (شاکەلی) ........ ٢٥
٢– ژیانی خێزانی (شاکەلی) ........ ٣١
٣– مردنی (شاکەلی) ........ ٣٣

تەوەری دووەم: ڕوشنبیری و سۆفیگەری و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی (شاکەلی) ........ ٣٦
١- ڕۆشنبیری (شاکەلی) ........ ٣٦
٢- (شاکەلی) و ڕێبازی سۆفیگەری ........ ٤٠
٣- پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی (شاکەلی) ........ ٤٤
بەشی دووەم: ڕوخسار و قاڵبە شیعرییەکانی (شاکەلی) ........ ٥٥
تەوەری یەکەم: ڕوخساری شیعری (شاکەلی) ........ ٥٦
١- کێشی شیعری (شاکەلی): ........ ٥٧
١-١- کێشی عەروز لای (شاکەلی) ........ ٧٢
١-٢- کێشی برگەیی لای (شاکەلی) ........ ٧٣
٢- سەروای شیعری (شاکەلی) ........ ٧٥
٣- وێنەی شیعری (ڕونبێژی) لای (شاکەلی) ........ ٨٣
٣-١- وێنەی لێکچواندن ........ ٩٠
٣-١-١- وێنەی لێکچواندنی ئاوەژو ........ ٩١
٣-١-٢- وێنەی لێکچواندنی پەسەندیدە ........ ٩٤
٣-١-٣- وێنەی لێکچواندنی وێنەیی ........ ٩٥
٣-١-٤- وێنەی لێکچواندنی لەناویەك ........ ٩٦
٣-٢- وێنەی خوازەیی ........ ٩٦
٣-٣- وێنەی خواستن ........ ٩٨
٣-٤- وێنەی درکەیی ........ ١٠٠
٤- زمانی شیعری (شاکەلی) ........ ١٠٢
تەوەری دووەم: قاڵبە شیعرییەکانی (شاکەلی) ........ ١١٦
١- غەزەل ........ ١١٦
٢- قەسیدە ........ ١١٨
٣- مەسنەوی ........ ١٢٢

٤- موسممەت ........ ١٢٤

٥- چوارین (دووبەیت) ........ ١٢٥

بەشی سێیەم: سەرچاوە و ناوەڕۆکی شیعری (شاکەلی) ........ ١٢٧

تەوەری یەکەم: سەرچاوەی شیعری (شاکەلی) ........ ١٢٨

١- سەرچاوەی بیانی و کاریگەری لەسەر نووسینی شیعری (شاکەلی) ........ ١٣٠

٢- سەرچاوەی ناوەکی و کاریگەری شیعری شاعیران لەسەر شیعری (شاکەلی) ........ ١٣٥

تەوەری دووەم: ناوەڕۆکی شیعری (شاکەلی) ........ ١٤٠

١- ناوەڕۆکی شیعری ئایینی ........ ١٤٢

٢- ناوەڕۆکی شیعری دڵداری ........ ١٤٧

٣- ناوەڕۆکی شیعری نیشتمانی ........ ١٥٣

٤- ناوەڕۆکی شیعری پاڕانەوە ........ ١٥٨

٥- ناوەڕۆکی شیعری ئامۆژگاری و هۆشیاری ........ ١٦٢

٦- ناوەڕۆکی شیعری شیوەن و لاواندنەوە ........ ١٦٧

٧- ناوەڕۆکی شیعری وەسف و پیاهەڵدان ........ ١٧٤

ئەنجام ........ ١٧٩

سەرچاوەکان ........ ١٨٢

فەرهەنگۆکی یەکەم (کوردی-عەرەبی) ........ ١٨٩

فەرهەنگۆکی دووەم (عەرەبی-کوردی) ........ ١٩٠

فەرهەنگۆکی سێیەم (فارسی- کوردی) ........ ١٩٢

وێنە و دەست نووس ........ ١٩٤

## پوختە


ئەم لێکۆڵینەویە، لەژێر ناوی (شاکەلیەکان و ڕۆڵیان لەشیعری کوردیدا و شێخ ئەحمەد بەنموونە) پێك دێت لە پێشەکی و دەروازەیەك بۆ چوونە ناو بابەتەکە و سیّ بەش و ئەنجام و فەرهەنگۆك و سەرچاوەکان، ئامانجمان باسکردنێکی گشتی ڕۆڵی شاکەلیەکانە لە ئەدەبی شیعری کوردی و بەتاییەت ناسین و باسکردنی ژیان و بەرهەمە شیعرییەکانی (شێخ ئەحمەدی شاکەلی)، لێرەدا بەشێوەی گشتی میتۆدی ئەدەبی وەسفی و شیکاری مێژووییمان گرتوەتەبەر و تیایدا بەشێوەی ئەدەبی شیکاری لێکۆڵینەوەکەمان کردوە، هەروەها جگە لە ڕوخسارو ناوەڕۆکی شیعری شاکەلی، باسکردن لە زمانی شیعری و وێنەی ڕوونبێژی لای شاعیر، بەشێکی تری ئامانجی لێکۆڵینەوەکەمانە، سەرباری گرنگیدان بە کێش و سەروا و هونەری شیعری شاکەلی، هاوکات ئامانجیشمان کارتێکردنی سەرچاوەی بیانی و ناوەکیە لەسەر نوسینی شیعری شاکەلی، بۆیە کۆی ئامانجی لێکۆڵینەوەکە هەوڵ و خواستێکە، کەلێنێك لە خانەی ئەدەبی کوردی بڕبکاتەوە.

# ÖZET

*Şeyh Ahmed Örneğinde Kürt Şiirinde Şakeliler ve Rolleri* adlı bu çalışma giriş, önsöz, üç bölüm, sonuç ve sözlükçeden oluşmaktadır. İlk olarak Kürt şiirinde Şakeliler hakkında geniş bir bilgi verildikten sonra özellikle Şeyh Ahmed'in şiirlerinde üstlendikleri roller detaylandırılmaktadır. Bu çalışmada edebi, tarihi bilgiler göz önünde tutularak tahlil ve inceleme yapılmaktadır. Böylelikle çalışmamız edebi kalıplar çerçevesinde tamamlanmaktadır. Şakeli'nin şiirlerinin içerik ve şekil yönünden incelenmesinin dışında şiir dili ve beyan da ayrıca bu çalışmanın bir diğer amacını oluşturan unsurlardan biridir. Bununla beraber şiir sanatı, şairi etkileyen iç ve dış dinamikler de incelenmektedir.

Son olarak bu çalışma mezkur şair hakkında yapılacak olan çalışmalara kaynaklık edebilme gayreti taşımaktadır.

## ABSTRACT

This Research is about (Shakalis, their role in Kurdish poetry and Sekh Ahmad as an example), it consists of preface, introduction, three chapters, conclusion, glossary and sources used.

Our aim is to explain Shakalies' role upon Kurdish literature then introducing Ahmad shakily as an example and his poems, generally, we followed attributive from of literature plus research is based on analyzing contents of Shakalies' poems then explaining language and poetic imagery used in their poems.

In addition, (the importance of rhyme and rhythm used in Shakalies' poems) is explained, too, the research is aimed to fill a space occurs in Kurdish literature.

**الملخص**

هڑا البحپ تحت عنوان( الشاكليون ودورهم فى الشعر الكردى و شيخ احمد انموژجا) يتكون من مقدمه وتمهيد كمدخل للموچوع، وپلاپ فصول، وانتائج، ولمحتويات، والمصادر، هدفنا هو التحدپ عن دور الشاكليين فى الادب الكردى بشكل عام، وعن حياه ومؤلفات الشيخ احمد الشاكلى على وجه الخصوص.

قد اعتمادنا على المنهج الادبى الوصفى التحليلى فى بحپنا هڑا، وبحپنا فيه بشكل ادبى تحليلى، هڑا ومع البحپ عن شكل ومچمون شعر الشاكلى، درسنا لغه الشعروالصور والبلاغيه عتد الشاعر ايچا، مع اهتمام بجانبى الوزن والقافيه وكڑلك فن الشعر فى نتاجاته الشعريه، وفى الوقت نفسه بيان اپر النتاجات الاجنبيه والكرديه فى كتابات الشاكلى الكرديه، لڑا الهدف الكلى من هڑا البحپ وما قمنا بابڑال هڑا الجهد، ماهو الا لسد فراغ فى الحانه الادبيه الكرديه.

## نیشانەلۆجیکییەکان و واتاکانیان

| | |
|---|---|
| = | وەك یەك (پێکەوە بەستن) |
| ⟵ | نیشانەی خستنە ڕوو |
| ............. | بەردەوام بوون |
| (هـ.س.) | هەمان سەرچاوە |
| لـ | لاپەڕە |
| هتد.. | هیتر |

## پێشەکی

لێکۆڵینەوەی زانستی نامەیەکی تەواوە لێکۆڵەر پێشکەشی دەکات سەبارەت بەو کارەی ئەرکیەتی ئەنجامی بدات، بەجۆرێك هەموو قوناغەکانی لێکۆڵینەوەکە بگرێتە خۆ، هەر لەوکاتەی کەتەنها بیرۆکەیە و تائەو کاتەی کە دەبێتە ئامانجێکی تۆمارکراوە و پشت ئەستور بە سەرچاوە.

ئەدەب و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی تام و چێژی خۆی هەیە، بەتایبەت کە لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکە بکەوێتە سەر بوارێکی تایبەتی ئەدەبی جا چ شیعر بێت یاخود پەخشان، دەست کێشانمان بۆ ئەدەبی شیعری لەم لێکۆڵینەوەدا کارێکی هێندە ئاسان نەبوو، بەتایبەت ئەدەبی شیعری شاکەلی، چونکە بۆ خۆمان تا پێش لێکۆڵینەوەکە ئاشنایەتیمان لەگەڵ ئەم شاعیرە و لەگەڵ بنەماڵە و ماڵبات و دیوانەکانیدا نەبوو، بەڵام کاتێك بەناو ئەدەبیاتی گەرمیاندا گەڕاین و هەر پێنج دیوانە چاپکراوەکەی شاکەلیمان بینی و خوێندمانەوە لەگەڵ دەستنووس و نامەکانی کە لەگەڵ شێخ عوسمانی تەوێڵە و مەلا عەبدولکەریمی مودەریس و ژمارەیەکی بەرچاو لە سەرۆك هۆز و عەشیرەت و شاعیرەکانی گەرمیان و سلێمانی و لەگەڵ ئەو دەفتەرە یادەوەرییانەی کە تا ئێستا ماون، پاش ئەوەی هەموویمان خوێندەوە، بۆمان دەرکەوت، ئەم شاعیرە پەراوێز خراوەو لە ناو ئەدەبیاتی کوردیدا خزمەت و نەکراوە، بەقەد ئەوەی کە لەبواری شیعردا خزمەتی بە ئەدەب کردوە، جگە لەوەیش تەنها دیوانەکانی و چەند وتارێك نەبێ و لەگەڵ چەند سەرچاوەیەك کە بە پەنچەی دەست دەژمێردرێت، باس لەسەر ئەم شاعیرە نەکراوە، ئەو باسانەشی لەسەری کراون، هەمووی لە چوارچێوەی ژیانی شاکەلی و چەند شیعرێکی شاعیراد دەخولێنەوە، بۆیە وێڕای پرس کردن بە چەند ڕۆشنبیر و مامۆستایەکی زانکۆ، لەگەڵ ئەوەی زۆریان پێ باش بوو، ئێمەیش بەگرنگمان زانی، کەوا نامەی ماستەرەکەمان باس کردن بێت لەسەر ئەم شاعیرەی گەرمیان، تاڕادەیەك بە وردی باسی بەرهەم و ژیانی شاعیر بکەین، تا ئێستا لە کتێبخانەی کوردیدا بەم شێوەیە و بەوردی وەها باسێکی لێوەنەکراوە، ڕەنگە بۆ بەهێز بوون و بەگرنگ زانینی توانای شیعرێتی شاعیران زۆر شت وترابێت، کە ئێمە ڕامان وایە و ئەو شاعیرەی شیعری کرا بێتە گۆرانی و هەروەها شیعرەکانی لەسەر دەمی منداڵ و گەورەی ناوچە بێت و لەگەڵ ئەوەی لەلایەن کەسانی زانای ئەدەبیەوە دان پێنراو بێت، ئیدی ئەو دەمە شاعیر شیعرەکانی زیاتر جێی خۆی دەکاتەوە لەناو خانەی ئەدەبیاتی کوردیدا، کە لە کرۆکی لێکۆڵینەوەکەی ئێمەدا زیاتر ئەمە ڕووندەبێتەوە، باسکردن لەسەر ئەدەبی شیعری و ڕۆشنبیری شاکەلیەکان و لەناویشیاندا تیشك خستنە سەر شاعیر (شاکەلی)، وەك یەكێك لە دەنگە دیارەکانی شیعر لەگەرمیان بایەخی تایبەتی دەبێت، کە چۆن دەستی باڵای هەبووە لە گرنگیدان بە ڕوانبێژی و قاڵبەشیعرییەکان و ڕازاندنەوەی ناوەڕۆکی

شیعرەکانی بەچەندین بابەتی هەمەجۆر، بەتایبەتی کە ئەم شاعیرە دوورە دەستە لە ناوەندەکانی دەسەڵاتی ئەو دەمەی بابانەکانەوە و جێگیربوونی لە نێوان سنوری کورد و عەرەب و قورسی ژیانی ناوچە سنورییەکان لەبەر شەڕو ماڵوێرانی، هێندە کارێکی ئاسان نابێت ،شاعیر دەست بەنووسینی شیعر بدات، لەگەڵ ئەوەشدا شیعرەکانی شاکەلی و ئاوازی بەکوڵ و زمانی نووسین و هونەری شیعری، وای کرد، کە گەرم و گوڕی زیاتر بە دڵ و مێشکمان بدەن، کە زیاتری لەبارە بنووسین بەشێوەیەك لە سێ بەشدا باسی لە ژیانی شاعیرە و ئەزموونی خۆی و شیعرەکانی بکەین ، گەرچی ئاسانیش نییە لەگەڵ شیکردنەوە و هەڵسەنگاندن و لە دەقە شیعرییەکانی، بەڵام وەك یەکەم هەوڵ هەستاین بە ئەنجامدانی.

**گرنگی لێکۆڵینەوەکە**

دیارە لەهەر سەردەم کاتێکدا باس لە ئەدەب و ئەدەبی شیعری بکەین، بایەخ و گرنگی خۆی دەبێت، باسکردن لە ئەدەبی شیعری شاکەلیش ئەو ڕێگەیەمان بۆ ئاسان دەکات کەوا ئیتر لەم ڕێگەوە فێرخوازان و ئارەزومەندانی بواری توێژینەوە ڕێگەکەیان بۆ ئاسانتر دەبێت بەدەست گەیشتن بەبەهەرم و سەرچاوەی شیعری و هونەرەکانی شیعر نوسین و ناوەڕۆك و قاڵبەشیعریەکانی شاکەلی، چونکە لەم لێکۆڵینەوەدا بەوردی ڕێکخراون و ئارەزومەندانی بواری لێکۆڵینەوە دەتوانن وەك سەرچاوە سودی لێ ببینن و هەروەك لێکۆلێنەوەکە خۆی یەکەم هەوڵە بۆ دەرخستنی ئەدەبی کلاسیك و کلاسیکی نوێ لە دەڤەری گەرمیان.

**هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتەکە**

گەرچی زۆر گەڕاین بە ناو کتێبخانەکاندا و زۆر نامە و لێکۆڵینەوەی ئەدەبیمان بینی، هەر یەکەو باس و خواستی لەسەر ، بوارێکی ئەدەبی بوو، لەگەڵ ئەوەیشدا زۆر باسی تر ماون، کەوا پێویستی بە لێکۆڵینەوەی ورد و تیشکی زانستیانەی زیاتر هەیە، هەر ئەمەیش وای لێکردین، کەوا لە بەشی کوردیدا گرنگی بە ئەدەب بدەین و لەناو ئەدەبەکەیشدا گرنگی زیاتر بە شیعر بدەین، کەبێگومان بۆ ئێستای لێکۆڵینەوەکان پێویستە لێکۆڵەر سنورێکی زانستی دیاری کراوی هەبێت لەسەر هەر بابەتێك کە دەیکات، بۆ ئێمەیش لەگەڵ ئەو حە ز و ئارەزووەی کە هەمان بوو لە گفتوگۆ لەگەڵ مامۆستایانی زانکۆی بینگۆل لە تورکیا و هەروەها مامۆستایانی زانکۆ لە کوردستان/ گەرمیان، توانیمان بابەتێکی ئەدەبی شیعری دەست نیشان بکەین و لێکۆڵینەوەکەی لەسەر بنیادبنێین، ناونیشانی بابەتەکەمان بەمشێوەیە: (شاکەلییەکان و ڕۆڵیان لەشیعری کوردیدا و شێخ ئەحمەد بەنموونە).

هەروەها هۆکارێکی تری هەڵبژاردنی بابەتەکە ئەوەبوو، گەرچی شاعیر شیعرەکانی شایستەی لێکۆڵینەوەی زۆرن ، بەڵام تا ئێستا هیچ نامەیەکی ماستەر یاخود دکتۆرا لەسەر ئەم شاعیرە (شاکەلی) نەکراوە، چ لە ناوەوەی هەرێم و چ لە ئاستی دەرەوەیش، جگە لە چەند نووسین و یەك دوو باسی دەرچوونی زانکۆی نەبێت، ئەمەیش هۆکارێکی تر بوو، کە وای کرد ،گڕو تینێکی زیاتر بە دڵ و مێشکمان بدات، تا چەند زانیاری و تەوەرێکی نوێ بابەتی ژیان و شیعرەکانی (شاکەلی) بخەینە ڕوو لەلێکۆڵینەکەماندا، کە بەشێکە لە نامەی ماستەر لە ئەدەبی کوردیدا، هەروەك زیادکردنی نامەو سەرچاوەیەکی دیکەی زانستی بێ بۆ خانەی ئەدەبی کوردی.

## گرفتەکانی لێکۆڵینەوە

بێگومان ئەو لێکۆڵینەوانەی کەوا بۆیەکەمجار دێنە بەرباس، لە گرفتی لێکۆڵینەوەی بەدوور نابن، ئێمەیش لەم لێکۆڵینەوەماندا لە گرفت بەدوور نەبووین، یەکێك لەو گرفتانە، ئەوەبوو کە پێنج دیوانی چاپکراوی شاعیر هەیە، هەندێك جیاوازی لەنێوان شیعرەکانیان هەبوو، کە بۆ گەشتن بە دروستی شیعرەکان دەبوو بەراوردێك لە نیوان هەر پێنج چاپەکەیدا بکەین، لەگەڵ ورد بوونەوە بەو دەست نووسانەی کەوا لەپاش شاعیر بەجێ ماون، هەروەها یەکێکی تر لە گرفتەکانی بەردەم لێکۆڵینەوەکە، نەبوونی سەرچاوەی پێویست بوو، کە دەتوانین بڵێین ئەو سەرچاوانەی کەلەسەر(شاکەلی) و بنەماڵەکەیان نووسراون، هەموویان لە پەنجەی دەست تێپەڕ ناکەن، بۆیە بۆ وەرگرتنی زانیاری گەڕاوینتەوە بۆ لێدوان و گفتوگۆکردن لەگەڵ نەوەکانی شاعیرو کە ئێستا لەژیاندا ماون، هەر لە کوڕو کچ و ئامۆزاکانی، گرفتێکی تری لێکۆڵینەوەکەمان گرفتی خودی بوو بەوەی بەهۆی قەیرانی داراییەوە نەماندەتوانی زۆر شوێن بگەڕێین و زیاتر لەگەڵ هاوەڵەکانی شاعیر بدوێین، بەڵام هەوڵمان داوە لە دووتوێی ئەم چەند لاپەڕەیەدا چەند زانیارییەکی نوێ لەسەر شاعیرەکە بخەینە ڕوو، بەهیواین خەباتەکەمان کەموو کورتیەکانمان بۆ پڕبکاتەوە.

## میتۆدی لێکۆڵینەوە

لەلێکۆڵینەوەکەماندا میتۆدی ئەدەبی وەسفی و شیکاری و مێژووییمان گرتووەبەر و تیایدا بەشێوەی ئەدەبی شیکاری و لێکۆڵینەوەکەمان کردوە ، هەروەها باس و پێناسەی هەندێك مێژووی شیعرییمان کردووە.

**ستراکتۆری لێکۆڵینەوەکە**

ئەم لێکۆڵینەوەیە بەناونیشانی (شاکەلییەکان و ڕۆڵیان لەشیعری کوردیدا و شێخ ئەحمەد بەنموونە)یە پێکدێت کە لە پێشەکی و دەروازەیەك بۆ چوونە ناو بابەتەکە و سێ بەش و ئەنجام و فەرهەنگۆك و سەرچاوەکان پێك دێت، لە دەروازەی لێکۆڵینەوەکەماندا باسێکی گشتیمان کردوە لەسەر شاکەلییەکان و ناساندنی شاکەلیەکان هەر لە مێژووی شاکەلیەکان و ناساندنی شوێنی جوگرافیایان لەگەڵ باسکردن لە ڕۆڵی شاکەلییەکان و شیعری شاکەلییەکان لەگەڵ ڕووکارەکانی ڕۆشنبیری و ڕۆژنامە و سیاسەت و هەروەها ناساندنی وردی بنەماڵەی شاکەلیەکان، لەبەشی یەکەمی لێکۆڵینەوەکەماندا بە دوو تەوەر تیشکمان خستوەتە سەر ژیانی تایبەتی شاکەلی و ژیانی خێزانی و مردنی شاعیر لەگەڵ ڕۆشنبیری شاکەلی و پەیوەندیی شاعیر بە دونیای سۆفیگەری و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی شاکەلی و شاعیرمان لەو ڕووانەوە ناساندوە ، بەشی دووەمی لێکۆڵینەوەکەمان لە دوو تەوەردا تەرخانکردوە بۆ چەند بابەتێکی شیعری لای (شاکەلی)، بەشێوەیەك لە تەوەری یەکەمی بەشەکەدا باسمان لە ڕووخساری شیعری شاکەلی کردوە جگە لە باسکردنی لایەنی جوانی شیعری (شاکەلی)، باسمان لە کێش و هەردوو جۆر کێشی عەروزی و بڕگەیی کردووە، لەگەڵ سەروای شیعری لای شاعیر ، هەروەها لەهەمان تەوەردا باسمان لە وێنەی شیعری شاکەلی و بەتایبەت وێنەی ڕونبێژی و چەند بەشێکی وەك (لێکچواندن، خوازە، خواستن، درکە) ، هەروەها باسمان لە زمانی شیعری شاکەلی لەگەڵ چەند نموونەیەکدا خستوەتە ڕوو، لە تەوەری دووەمی ئەم بەشەی لێکۆڵینەوەکەماندا تیشکمان خستوەتە سەر قاڵبە شیعرییەکانی شاکەلی بەتایبەتی ( غەزەل، قەصیدە، مەسنەوی، موسەوەت، چوارین یاخود دووبەیت) ،تیایدا بەچەند نموونەیەکی شیعری و شیکردنەوەیان بەشەکەمان کۆتایی پێهێناوە، لەبەشی سێیەمی لێکۆڵینەوەکەدا بەدوو تەوەر باسمان لە سەرچاوەی شیعری شاکەلی مەبەست و ناوەڕۆکی شیعرەکانی کردوە، بەشێوەیەك لە تەوەری یەکەمی بەشەکەدا باسمان لەو سەرچاوە دەرەکی و ناوەکیانە کردوە، کە کاریان کردوەتە سەر زمانی نووسین و شیعری شاکەلی هەروەك بەچەند پێناسەیەك ئاوڕمان لە شیعر و گرنگی شیعر داوەتەوە، لەگەڵ قسەکردن لەسەر سەرچاوە ناوەکییەکان و ئەو شاعیرانەی کە وەك سەرچاوەیەکی خۆماڵی سوودیان بە (شاکەلی) گەیاندوە لە نووسینی و ئیلهام وەرگرتنی لە شیعرەکانیدا، هەروەها لەتەوەری دووەمی بەشەکەدا باسمان لەو مەبەست و ناوەڕۆکە شیعرییانە کردوە ،کەوا (شاکەلی) لە ژیانیدا نووسیویەتی و بەپێی توانا چەند مەبەستێکی شیعر وەك (ئایینی و نیشتمانی و دڵداری و وەسف و پیاهەڵدان و ستایش و شیوەن...)مان بە نموونەوە خستوەتە ڕوو، لە کۆتایی بەشەکاندا و لەبەر ئەوەی بەشێك لەزمانی نووسینی شیعرەکانی (شاکەلی) کلاسیکن و وشەی بیانی

بەکارهێناوە، بۆ ئەو مەبەستە فەرهەنگۆکێکمان داناوە و تیایدا ئەو وشانەمان لە زمانی (عەرەبی، فارسی) وەرگێڕاوە بۆ زمانی کوردی، کە پێویست بوون، پاشان گرنگترین ئەو ئەنجامانەمان دەستنیشان کردوە، کە لە لێکۆڵینەوەکە پێی گەیشتووین، لەگەڵ باس کردنی کورتەی لێکۆڵینەوەکە بە شێوەزاری کورمانجی (باکور) و بەزمانی تورکی و عەرەبی و ئینگلیزی.

جێی ئاماژەیە بۆ ئەنجامدان و هاتنە بەرهەمی ئەم لێکۆڵینەوەمان، پشتمان بە سەرچاوەگەلێکی جۆراو جۆری کۆن و نوێ و سەرچاوەی کوردی سەردەمە جیاوازەکان بەستوە و لە کۆتایی لێکۆڵینەوەکەیشدا، بەرپزبەندی زانستیانە نوسیومانن.

دیارە وەك پێشینان وتوویانە تەنها قورئانی پیرۆز بێ کەموکورتییە، ئێتر ئەم لێکۆڵینەوەی ئێمەیش ڕەنگە بەدوور نەبێت لە هەڵە و کەم و کورتی، بۆیە ئومێدەوارین بەچاوی دڵسۆزانەوە بە سەرنجەکانتان دەوڵەمەندی بکەن وکەلێنەکانی پڕبکەنەوە، هیواداریشین ئەم لێکۆڵینەوەمان توانیبێتی مشتێك لە خەرمانی ئەدەبی کوردی پێ دەوڵەمەند کردبێت و هەوڵێك بێت لەو هەوڵانەی، کە سوود بە ئەدەبیاتی نەتەوەکەمان بگەیەنێت.

## ئامانجی لێکۆڵینەوەکە

دیارە لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و ئەو هەوڵەی لێکۆڵەر دەیدات، هەوڵێکە بۆ دەرخستنی مەعریفە بە ڕێگەیەکی میتۆدی گونجاو و دەیگەیەنێتە کۆمەڵە دەرئەنجامێکی پشت ئەستور بە سەرچاوە و بەڵگە، کە دەکرێت دواتر سودەکەی گشتگیر بکرێت و لەناو خەڵکیدا بڵاوبکرێتەوە، هەتا بتوانرێت شتێك کە نەبووە و پێکی بێنێ بە بابەتێکی نوێ، لەگەڵ کۆکردنەوەی بابەتە پەرتەوازەکان و ڕێکخستنیان، ئامانجی ئێمە لە لێکۆڵینەوەکە باسکردنێکی گشتی ڕۆڵی شاکەلییەکانە لە ئەدەب و شیعری کوردی و بەتایبەت ناسین و باسکردنی ژیان و بەرهەمە شیعرییەکانی (شێخ ئەحمەدی شاکەلی)ە، هەروەها جگە لە ڕوخسارو ناوەڕۆکی شیعری شاکەلی، باسکردن لە زمانی شیعری و وێنەی ڕوونبێژی لای شاعیر، بەشێکی تری ئامانجی لێکۆڵینەوەکەمانە، سەرباری گرنگیدان بە کێش و سەروا و هونەری شیعری شاکەلی، هاوکات ئامانجیشمان کارتێکردنی سەرچاوەی بیانی و ناوەکییە لەسەر نووسینی شیعری شاکەلی، بۆیە کۆی ئامانجی لێکۆڵینەوەکە بۆ دیاریکردنی پێگەی شاکەلیەکان لە شیعری کوریدا و هەوڵ و خواستێکە، کەلێنێك لە خانەی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی پڕبکاتەوە.

## دەروازە

## شاكەلییەكان لەچەند ڕوویەكەوە

باسكردن لەسەر شاكەلییەكان و مێژووی و جوگرافیا و بواری ڕۆشنبیری و فەرهەنگ و ئەدەب و سیاسی شاكەلیەكان شتێكی هێندە ئاسان و سادە نییە، چونكە تا ئێستا باس لە مێژووی شاكەلیەكان نەكراوە ،ئەوەیشی ئێمە دەستمان كەوتووە، تەنها لە پەرتوك و دەقی نووسراو نییە، بەڵكو گێرانەوەی ڕاستەوخۆی نەوەكانی شاكەلیەكانیشە سەبارەت بە مێژووی شاكەلییەكان، بەندە لە گفتوگۆیەكدا لەگەڵ (شیخ محەمەد شاكەلی) كوڕی گەورەی (شێخ ئەحمەدی شاكەل) و هەروەها لەگەڵ (فەرهاد شاكەلی) نووسەر و شاعیری دیاری كورد و شاكەلیەكان و هەروەها (شێخ سەعید شاكەلی) كوڕی بچووكی شێخ ئەحمەدی شاكەلی و چەند نووسەر و مێژوو ناسدا بەشێوەی گفتوگۆی ڕاستەوخۆ دەستم كەوتووە و هەڵمداوە لەم تەوەرەدا بەشێوەی پێویست تیشك بخەینەسەر لایەنی مێژوو و جوگراف و ڕۆشنبیری و هونەری و بواری سیاسی و ڕۆژنامەگەری و بنەماڵەی شاكەلییەكان و باسی لێوە بكەین:

### ١- لەرووی مێژووییەوە

شاكەلیەكان بنەماڵەیەكن سەر بە سەیدەكانی بەرزنجەن، لە ساڵانی نێوان( ١٧٤٠ ز تا ١٧٦٠ز )لە ناوچەی بەرزنجەوە هاتونەتە سنوری گەرمیان، بە وتەی (شێخ محەمەدی شاكەلی) كوڕە گەورەی شێخ ئەحمەدی شاكەلی، باپیرەی گەورەی شاكەلییەكان، ئەوەی بۆیان مابێتەوە، لەو قسەو ووتانەی یان ئەو نووسینانەی كە پێیان گەیشتووە ناوی (سید ئیبراهیم) بووە، كە كاتی خۆی یەكەمجار نەهاتووەتە شاكەل، لە ناوچەی زەنگاباد و دواتر سەرقەڵا و دواتر لە شاكەل نیشتەجێ بووە، سەید ئیبراهیم تا دەگاتە شێخ محەمەدی كوڕە گەورەی شێخ ئەحمەدی شاكەل، (نۆ) نەوەی خستوەتەوە، واتا ئەم سەیدە لە بنەڕەتدا لە ساڵانی ١٧٤٠ز تا ١٧٦٠ ز ،هاتوەتە گەرمیان، نزیك بە ٢٧٠ ساڵێك دەبێت، ئیتر لەو ماوەیە تاوەكو ئێستا شاكەلییەكان و بنەماڵەی شاكەلیەكان لە شاكەل ئەژین.

هەروەها نووسەری دیاری كورد (فەرهاد شاكەلی)یش لە گفتوگۆیەكماندا بەمشێوەیە باس لە مێژووی شاكەلیەكان دەكات و دەڵێت:" ئێمە كە دەڵێین شاكەلییەك مەبەست بنەماڵییەكە كە بەشێوەیەكی بنەڕەتی ئێستا لەگەرمیان دەژین و بەشێكن لە (گەرمیان)* ، لەڕووی مێژوو جوگرافی و كۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەوە، بەڵام ئەگەر وردتر لە ڕووی مێژووییەوە بیری لێبكەیەوە،

ئەوە شاکەلییەکان لەبنەڕەتەوە خەڵکی گەرمـــیان نـــین و بەشێك نـــین لەگەرمییان، پێشتر لێرە نەژیاون، بەڵکو لەبەرزنجییەوە هاتوون بۆ ئێرە"، فەرهاد شاکەلی ڕوویەکی تری مێژووی شاکەلیەکانمان بـۆ دەگێڕێتـەوە و دەڵێـت:" ئێمـە شـێخی بەرزنجـەین، پێدەچێت لەبنەڕەتدا شاکەلیەکان بەهاوکاری لەگەڵ پاشاکانی باباندا ڕێککەوتبن و لەناوچەی سلێمانی و بەرزنجەوە هاتوون بۆ گەرمیان، هۆی هاتنەکەیشیان ئایا مەبەستیان ئەوە بوو، سنوری نێوان میرنشینی بابان و بەغدا جیابکەنەوە لەیەکتری و بەهێزی بکەن، کە ئەوترێت یەکێك لەمەبەستەکان ئەوە بووە، پاشایی بابان ویستوویەتی کۆمەڵێك کورد بنێرێت بۆ ئەم ناوچـەیە، یـاخود کشتوکاڵ و هۆکاری تربێت" ، شێخ محەمەدی شاکەل لەم ڕووە پێمان دەڵێت:" کەکاتی خۆی شاکەلیەکان کەلەبەرزنجـە دەبـن، بەرزنجە ناوچەیەکی قەرەباڵغ دەبێت و جێی نیشتەجێبوون و کشتوکاڵکردن زەحمەت دەبێت، لەبەر قەرەباڵغیەکەی و هۆزەکـانی گەرمیانیش هەمیشە بۆ باشتر کردنی بار و گوزەرانی ژیانیان هەمیشە گەرمیان و کوێسـتانیان کـردوە و شـاکەلیەکانیش حـەزیان بەکار و ڕەنجبەری و کشتوکاڵ کردوە بۆیە هاتوون لە گەرمیان گیرساونەتەوە".

**٢- جوگرافیای شاکەلییەکان**

شـاکەلییەکان پـێش هاتنیـان بـۆ گـەرمیان لـە ناوچـەی بەرزنجـە بـوون و ناوچـەی بەرزنجـە دەکەوێتـە ڕۆژهـەڵاتی سـلێمانیەوە، ناوچەیەکی شاخاوییە و ناحێیەکە و چەند دێهاتێکی هەیە، کە پێشتر ئاماژەمان پێدا، یـەکێك لـەو هۆکارانـەی کـە شـاکەلیەکانی گواستوەتەوە بۆ گەرمیان، قەرەباڵغی ناوچەکە بووە و ناوچەکە جێگەی کەم خەڵکی کردوەتەوە، هەر بۆیە هاتوون بـۆ ناوچـەی گەرمیان، گەرچی خزم و دۆستی شاکەلیەکان لە زۆر شوێنی کوردستاندا هەیە، بەڵام لەئێستادا دەتوانین بڵێین شاکەلیەکان

---

*- گەرمیان: یەکەیەکی کارگێڕی یاساییە و سنوری جوگرافی دیاریکراوی هەیە و لە ( ٤ ) قەزا و ( ١٣ ) ناحیە و نزیکی ( ٨٢٠ ) گوند پێکدێت، هەروەها خاوەنی هەیکەلێکی کاگێڕی یاساییە بەناوی ( ئیدارەی گەرمیان ، ژمارەی دانیشتوانی نزیکەی ( ٥٦٠ )هەزار کەسە ، گەرمیان واتای سەرزەمینی ئازان و زەوی گەرم دەگەیەنێت، لە ڕووی جوگرافیەوە بەشێکە لەخاکی هەرێمی کوردستان، پێشتر گەرمیان بەشێك بووە لە فەرمانڕەوایی میرنیشینی بابانیەکان، سنورەکەی تاوەکو مەندەلی بووە لە پارێزگای واست، ناوچەی گەرمیان دەکەوێتە نێوان بازنەی پانی ( ١٥.٣٥ و ٢٠.٣٤ ) پلەی باکوور و ( ٧٨.٤٥ و ٢٠.٤٥ )پلەی ڕۆژهەڵات، ڕووبەرەکەی زیاد لە (٩)هەزار کم٢ دەبێت، گەرمیان دەوڵەمەندە بەسامانی سروشتی و شاکەلیش یەکێکە لە گوندەکانی سنوری گەرمیان، بڕوانە: لێکۆڵینەوەیەك دەربارەی پیشەسازی کەرەستەکانی بیناسازی لەشاری کەلار،لێکۆڵینەوەو ئامادەکردنی خوێندکاران(کاروان محیّ دین، تربفە واحد، کاروان عومەر، تابان حەمید) ساڵی خوێندنی ٢٠١٠ز، لـــ٨

بەگشتی و نەوە ی (سەید ئیبراهیمی) باوکە گەورەی شاکەلییەکان ئێستا لە گەرمیانن و لە گەرمیان نیشتەجێبوون، لە ڕووی جوگرافییەوە شاکەل بۆخۆی ناوچەیەکە لە دەشتێك و چەند دێیەك پێکهاتووە، لەو ناوچەیەیش شاکەل یەکێکە لەو دێیانەی کە ئێستا ماوە، کە لەناو شاکەلییەکاندا کەسایەتی دیارماڵی باوکی (فەرهاد شاکەلیە) ئێستا لە شاکەل دەژین، دەشتی شاکەل پێ لە دێهاتەکانی (سەیدە و عەولاقوت و دێبنە و ڕزگاری) دەگرێتەوە پێیان دەگوترێت دەشتی شاکەل، ئەو زنجیرە بەرزاییانەیش کە لە (کەلار)* ەوە ئەڕوات بۆ (کفری)* و لە باشوری ڕۆژهەڵاتەوە بۆ باکوری ڕۆژهەڵات پێی دەگوترێت بەرزاییەکانی شاکەل، کە لەنەخشەکانی عێراقیدا نووسراوە (جبل شاکل) کە باشووری شوێنی نیشتە جێبوونی ئێستای کوڕە گەورەکەی شێخ ئەحمەدی شاکەلییە.

---

*– کەلار: یەکێکە لە قەزا گەورەکانی هەرێمی کوردستان ، هەروەها یەکێکە لە شارەکانی ناوچەی گەرمیان و دەکەوێتە ڕۆژهەڤلاتی گەرمیانەوە، ئێستا بەناوەندی ئیدارە ی گەرمیان دادەنرێت، کەلار بەگوێرەی بازنەی پانی و درێژی دەکەوێتە سەر بازنەی پانی ( هێڵی پانی ) (٥٠.٣٨.٣٤ – ٤٠.٣٥.٤٤ )پلەی باکور، وهێڵی درێژی ( ٤٠.١٠.١٦ – ١٨.٢١.٤٥ )پلەی ڕۆژهەلات، شوێنی کەلار بەگوێرەی هەرێمی کوردستان، دەکەوێتە باشوری ڕۆژهەڵاتی هەرێمی کوردستانەوە، بەکوێرەی عێراق، کەلار دەکەوێتە باکوری ڕۆژهەڵاتیەوە کە شاکەل ئێستا سەر بەکەلارە، بڕوانە: هەمان لێکۆڵینەوەیەی سەرچاوەی ژمارە(١).

*– کفری: یەکێك لە شارە دێرینەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان، خاوەنی مێژوویەکی دێرینە، کە دەگەڕێتەوە بۆ پتر لە ٢٥٠٠ساڵ ، کفری دەکەوێتە ١٢٥ کیلۆمەتری باشوری ڕۆهەلاتی شاری کەرکوك، سنووری کارگێڕی قەزاکە لە ڕۆژهەڵاتیەوە ڕووباری سیروان و کەلار و لە ڕۆژئاواییەوە ناحییەی قادر کەرەم و قەزای دوزخورماتوو و لە باکورەوە ناحیەی سەنگاو و دەربەندیخان و لە باشوریشەوە بەرزاییەکانی حەمرین و بەشێك لە ڕووباری سیروان ، ڕووبەری قەزاکە تا ١٩٧٥ دەکاتە ٢٧٥هەزار کم٤ و یەك لەسەر چواری ڕووبەری پارێزگای کەرکوك و ژمارەی دانیشتوانەکەی تا ئەوکاتە نزیکەی ١٥٪ی پارێزگای کەرکود بووە، بڕوانە: قەزای کفری و شارەدێی کەلار لە پەنجاکان و پاسەکەی حاجی ١٩٦١–١٩٧٥، لە نوسینی محمد شاکەلی، پاپخانەی کارۆ، ساڵی چاپ ٢٠١٢(کەرکوك) ، لــ١٥.

**٣- بنەماڵەی شاکەلییەکان**

شاکەلییەکان پاش سەید ئیراهیم کەسایەتیەکەیان کەزۆر دیارو ناودار ئەبێت، کەسێکی بەدەسەڵات و چاوکراوە بووە، ئەویش ( شێخ سەعیدی شاکەل)ە، کە ئەبێتە باپیرە گەورەی هەموو ئەو شاکەلییانەی کە ئێستا لە گەرمیان هەن، شاکەلییەکانی ئەمڕۆ بەگەورەو بە بچووکەوە ڕەنگە هەمووی بگاتەوە بە (١٢٠-١٥٠)کەسێك، بەڵام هەموویان دەگەڕێنەوە بۆ یەك بنەماڵەو سەر بەیەك کەسن، ئەویش (شێخ سەعیدە) ،کە گۆڕەکەی بەرانبەر دێی سەیدەیە لە ناحیەی ڕزگاری لە کەلار، (شێخ سەعید) دیارە پیاوێکی وریا بووە، پێی خۆش بووە لەم ناوچەیەدا دەسەڵاتی هەبێت، لەبەر ئەوە ئایا بەشێوەی کڕین بوو بێت ئەم ناوچەی کڕی بێت. یان وەریگرتووە لە سوڵتانی عوسمانیەکان بە شێویەك بوبێت، بەڵام لێرە ماوەتەوە و نەوەی لێکەوتوەتەوە، (شێخ سەعید) (سێ) کوڕی هەبووە و دواتر وەچەو نەوەی لێکەوتووەتەوە، کە دەتوانین خێزانی گەورەی شاکەلییەکانی گەرمیان بەمشێوەیە بناسێنین، شێخ سەعید (سێ)کوڕی بە ناوەکانی (مەحمود و محەمەد و ڕەزا) هەبووە و (مەحمود)یش دوو کوڕی بەناوەکانی (سلێمان و عەلی) دەبێت و هەروەها (محەمەد)یش کوڕێکی بەناوی (ئەحمەد) دەبێت و (ڕەزا)یش دوو کوڕی بەناوی (کەریم و عبید)ەوە دەبێت، هەروەها شێخ (سلێمانی کوڕی مەحمود)یش (دوو) کوڕی بەناوی (مەحمود و محەمەد)ەوە دەبێت و ( عەلی)یش کە شاعیر بووە بێ خێزان وەفاتی کردوە، هەروەها شێخ (ئەحمەدی کوڕی محەمەد)یش (حەوت) منداڵی دەبێت بەناوەکانی (محەمەد و ئەنوەر و عوسمان و سەعید و رابیعە و ڕەعنا) و شێخ (محەمەدی کوڕی سلێمان کوڕی مەحمود)یش (چوار)کوڕی بەناوەکانی (ئەمجەد و فەرهاد و سەلاح و سلێمان) ەوە دەبێت، ئەمانە خێزانی گەورەی شاکەلییەکانن کە هەریەکەیان بەشێوەیەك خزمەتی لە بوارە جۆر بەجۆرەکانی ئەدەب و هونەر و ڕۆشبیری لە گەرمیاندا کردوە و دەیکەن، تەنانەت هەشیانە نووسەری دیار و شاعیری دیار کوردستانن.

**٤- لەرووی رۆشنبیرییەوە**

شاکەلییەکان بنەماڵەکی ناسرا و دیاری گەرمیانن و هەر لەکۆنەوە خوێندەوار بوونەو خەڵکی خوێندەواری باشیان تێدا هەبووە و مەلا و شێخ و زاناو شاعیری باش و خوێندەواریان تێدا هەڵکەوتووە و هەبووە، ئەمە کاریگەریی زۆری هەبووە لەسەر ئەوەی تا لەنێو خەڵکدا بناسرێن، نەوەکانی شێخ سەعید، باپیرە گەورەی شاکەلییەکانە و پاش ئەو تا (شێخ ئەحمەد و شێخ عەلی) ئەمانە لە کۆنەوە تادەگاتە نەوەکانی ئێستایان، هەموویان خوێندەواری باش بونە، هەر ئەو خوێندەوارییەش وایلیێ کردوون، کە پەیوەندی باشیان لەگەڵ بنەماڵەکانی دیکەدا هەبووبێت، بۆ نمونە (شێخ محمودی کوڕی شێخ سەعید) لەگەڵ بنەماڵەی( شێخ

سیراجەدینی ) نەقشبەندییەکانی هەورامان پەیوەندییەکی باشی هەبووە، هەروەها (شێخ محەمـەد) کـە دەبێتـە بـاپیری (شـێخ سەعیدی کوڕی شێخ ئەحمەدی شاکەل) پەیوەندییەکی باشـی لەگـەڵ تەریقـەتی قادرییـا هـەبووە، ئەمـە وای لـە شـاکەلییەکان کردووە ،کە خەڵکی لەشوێنی تر بیاناسێت.

(فەرهاد شاکەلی) لەبارەی ڕۆشنبیرییەتی شاکەلیەکانەوە دەڵێت:" لەنەوەی یەکـەمی سـەید ئیـبراهیم و کوڕەکـانی شـێخ سـەعید نامەیان هەیە ، نامەی (شـێخ سـەعید) مـاوە بەفارسـی نووسـراوە، فارسـییەکی باشـی زانیـوە ، نامـەی (شـێخ محمـود) و (شـێخ محەمەد ) یش ماوە کە کوڕی (شێخ سەعید)ن، ئەوانیش هەر بەفارسی شـتیان نوسـیوە، نـەوەی سـێیەم کـە ئـیتر دەکاتـە شـێخ (ئەحمەدی شاکەلی و شێخ سلێمان) کە دەکاتە باپیرەی (فەرهاد شاکەلی) ئەمانە ئـامۆزای یـەکن و باوکیـان برایـە، ئـەوان ئـیتر بەکوردی شتیان نوسیوەو کوردایەتیشیان کردووە، چونکە ژیانی ئەوان دەکاتـە (بیسـتەکان) سـاڵانی (١٩٢٠ز –١٩٣٠ز) بـەدواوە ئیتر لەو ماوەیەدا گەنج بوونەو کاریان کردووە، هەم بایەخیان بـەزمانی کـوردی داوە هـەمیش کوردایـەتییان کـردووە، ئـەوە دوو دیاریدەی نوێ بووە لەناو شاکەلییەکاندا، ڕەنگە جیلی پێش ئەوە کوردایەتی بەلاوە گرنگ نـەبووبێت، چـونکە هـەر کـورد وەك میللەت خۆیشی چینی سیاسـی تێدا نـەبووە لـەو کاتـەدا، بـەڵام دواتـر دەسـتیان پێیکـردووە، لـەناو ئەمانـەدا کۆمـەڵێك خـەڵك هەڵکەوتنە ڕەنگە زۆریش نەبووبن، هەر(١٠) کەسێك بووبن لەو کاتەدا، بەڵام دووان سیانێکیان نووسەرو شاعیری باشن، یەکێکیان (شێخ ئەحمەد)ە، کە یەکێکە لەشاعیرە کلاسیکیەکان و لەگۆڤارەکانی ئەو دەمەدا شیعری هەبووە و بڵاوبووتەوە، یەکێکی تریان (شێخ سلێمان)ی باپیری فەرهاد شاکەلییە، کەپیاوێکی سۆفی بووە، تەنانەت ڕێبەرایەتیشی کردووە، واتا ڕێبەرایەتی تەسـەوفی کردوە، یەکێکی تریان (شێخ عەلی) بووە کە برای (شێخ سلێمان)ە دەبێتە مامی باوکی (فەرهاد شاکەل)ی شاعیرێکی باش بووە، بەعەرەبیش شیعری نووسیوە ،لەوە دەچێت، بەفارسیش شتی نوسـیبێت، شـاعیرێکی گەورەیـە، کـە شـیعرەکانی دەخوێنیتـەوە هەست بەوە دەکەیت، کە شاعیرێکی باش بووە، ئـەو جیلـە فارسـی و عـەرەبی و کوردییـەکی باشـیان زانیـوەو کوردایەتیشـیان کردووە"[١].

لەڕووی ڕۆشنبیرییەوە، شاکەلییەکان ئەوەی دیار بێت، لە پاش شێخ سەعیدی باپیرە گەورەی شاکەلییەکان هەریـەك لـە (شـێخ ئەحمەد و شێخ عەلی و شێخ سلێمان) بووە، تا دەگاتە نەوەکانی نوێ، (شێخ محەمەدی کوڕە گەورەی شێخ ئەحمەدی شـاکەلی) لەبارەی نووسین و ئەدەبیاتی نوسینی شاکەلیەکانەوە لە کۆنەوە و پێش خۆی، دەڵێت:"ئاسەواری نووسین و شیعر و ئـەدەبیات

١ – گفتوگۆ لەگەڵ (فەرهاد شاکەلی) نووسەر و شاعیر و کەسایەتی دیاری شاکەلیەکان، بەرواری ٥/٥/٢٠١٦

که نوسرا بێت، جگه له مەرحومی (شێخ ئەحمەد) که باوکی منه و (شێخ سلێمانی باپیری فەرهاد شاکەلی) کە ئەویش دەستی شیعر و ئەدەبیاتی هەبوو، دەقی چاپکراو و نوسینی چاپکراوی نییه، هەروەها (شێخ علی)یش که ئامۆزای باوکم بووە"[٢]، جگه لەم سێ کەسە نەبێ، ئەویش شێخ سلێمان زوو وەفاتی کردوه و شێخ علی یش له دەوروبەری چلەکانی سەدەی ڕابردودا وەفاتی کردوه، که ئامۆزای مەرحومی (شێخ ئەحمەدی شاکەلی) بووە، دەستی ئەدەبیات و شیعری هەبووە ، که بەپێی بۆچوونی (شێخ محەمەد)ی کوڕە گەورەی شێخ ئەحمەدی شاکەلی له گۆڤاری (گەلاوێژ) بەرهەمێکی (شێخ علی) بڵاو بوەتەوە، ماوەتەوە سەر (شێخ ئەحمەد) که بابەتەکانی له گۆڤاری (گەلاوێژ)دا بڵاو بووەتەوە، کە تا١٩٤٨ ز ،بەردەوام بوو، لە گۆڤاری (هەتاو)دا لە هەولێر دەردەچوو، (گیوی )موکریانی دەردەکرد و لەوێ شیعرەکانی بڵاو دەبوەوە، هەروەها لە بڵاو کراوەیەك بەناوی (پەیامێك) هەبوو بڵاو کراوەیەکی ئەدەبی بوو، پێش نەمانی سیستمی شاهانشای له عێراق کە ئینگلیز بوو لەوێ شیعری بڵاو دەبووەوە، وتا پێش ١٩٥٩ ز، (شێخ ئەحمەدی شاکەل) یەکێکە لە شاعیرە دیار و گەورەکانی کورد و گەرمیان و لە خانەی ئەدەب و شیعری کلاسیکدا شیعر و بابەتەکانی دادەنرێت، واتا شاعیرێکی کلاسیکییە و چەندی شیعری جوانی بۆ مەبەستە جیاجیاکانی ئایینی و نیشتمانی و خۆشەویستی و شیوەن و پیاهەڵدان و لاواندنەوە و وەسف و گەلێك مەبەستی تری شیعری وتوە، کە هەموویان لە پایە بەرزی ئاستی ڕۆشنبیری شاعیرەوە سەرچاوەیان گرتووە و نووسراون، لەبەر ئەوەی باسەکەمان لەسەر ڕۆڵی شاکەلییەکانە لە ئەدەب و شیعری کوردی ، لەو نێوەندەیش دا (شێخ ئەحمەد)مان بە نموونە هێناوەتەوە، وە باسکردنی ژیان و شیعری (شێخ ئەحمەدی شاکەلی) لە تەوەرەکانی تردا بە وردی باس دەکەین ، (ساڵح هەلاج) لە کتێبی (گوڵبژێرێك له شیعر و شاعیرانی گەرمیان)دا باسی (شێخ علی) دەکات و دەڵێت: ((ناوی شێخ علی کوڕی شێخ مەحمودی کوڕی شێخ سعیدە ، نازناوی (غالب شاکەلی) بووە، ساڵی ١٩٠٨ ز له شاکەل لەدایکبووە، له حوجرەی فەقێ فێری خوێندن و نووسین بووە تا ئیجازەی مەلایەتی وەرگرتووە، پاشان وازی لە مەلایەتی هێناوە و بەکاروباری کشتوکاڵیەوە خەریك بووە و ژیانی بەسەر بردوە، لەژیانیدا سێ جار ژنی هێناوە، بەڵام هیچ منداڵی نەبووە، پیاوێکی نیشتمانپەروەر بووە و شەیدای خاك و نیشتمانەکەی بووە، لەساڵی ١٩٤٨ ز، له تەمەنی چل ساڵیدا کۆچی دوایی کردوە))[٣]، چەند پارچە شیعری نوسیوە، بەڵام زۆربەی شیعرەکانی فەوتاون و تەنها سێ پارچە شیعری لەبەردەستن، نوسینەکان لەسەر (شێخ عەلی) بەبەراورد لەگەڵ (شێخ ئەحمەد) شتێکی ئەو

[٢] – گفتۆگۆ لەگەڵ (شێخ محەمەد شاکەلی) کوڕی گەورەی (شاکەلی)، بەرواری ٢٠١٦/٦/١٠

[٣] – ساڵح هەلاج، گوڵبژێرێك له شیعر و شاعیرانی گەرمیان، چاپخانەی ئارابخا( کەرکوك)، ساڵی چاپ ٢٠٠٨، لـ٦٩

تۆی لەسەر نەنوسراوە، هەرچەندە شێخ ئەحمەدیش بەهۆی دورە دەستی لە نوسەر و لێکۆڵەرانی تامەزرۆی زانینی ئەدەب و شیعری کلاسیکی کورد بەدوور بووە، بەڵام لێرەوە چەند وردە نوسینێکی لەسەر نوسراوە و هەروەها دیوانەکەشی تا ئێستا (پێنج) جار نوێکراوەتەوە.

لەلایەکی تریشەوە (مستەفا نەریمان) لە کتێبەکەیدا ئاماژەی بەژیانی (شێخ عەلی) کردوە وکە (شێخ عەلی کوڕی شێخ مەحمود کوڕی شێخ سەعیدە رووتەڵی شاکەلە ، ساڵانی (١٩٤٤ ز– ١٩٤٦ز)، کە لە کەلار مامۆستا بووم، ئاشنایەیتم لەگەڵیدا پەیدا کرد، ئەوسا ماڵی لەکەلار بوو، لە ژیانی ڕۆژانەیدا لە خوا ترس و گۆشەگیر و قانع بوو، نانی ئەمرۆی هەبوایە، گوێی لە سبەینێ نەبووە، بە دەنگ تەڕ پۆشی و تەڕ خۆری دانیاوە نە بووە، هەروەها ئەوەیش دەڵێت: کە(شێخ علی) پێچەوانەی (شێخ ئەحمەدی شاکەلی) ئامۆزای بووە و ئەم هێندە سەری لەکەس نەدەداوە، تەنانەت کە من چەند جار سەردانم کردوە و ئەو هەر نەهاتووە بۆلام، هەمیشە بەرماڵ بە کۆڵ و لە خوا ترس و ڕوو لە خوا بوو، لە ناخەوە کورد پەروەر بوو)[٤]، لەسەر نیشتمان پەرەوەریی و خاکی کوردستان پارچە شیعرێکی نووسیوە، کە ئەمە نیشانەی دڵسۆزی بووە بۆ کوردستان، وەك دەڵێت :

**جێگەی عەیش و سرورە مەوقعی سەیر و شکار**

**ئەم وڵاتە خۆشە گشتی باغ و سەحرا و مەنزەرە**

**هەر وەکو جەنەت غەم و حوزنی تیانیە چون:**

**پڕ لە ئاوی جاری سەوزی ورووی خۆش پەروەرە**

**پایزی هەرگیز نیە ئەم جێ بەهارە دائما :**

**سەوزە گوڵزاری گوڵی دایم گەشە و خونجەی تەڕە**

**مەعدەنی فەزڵ و کەماڵە بەحری عیلم و مەعریفەت**

**جێ نەصیح و عالم شیرین زوان و شاعیرە**

**هەرچی پیاوی هەس کریم النفس و عالی هیمەت**

**گشتی خصلت جوان و ئەهل فزل و ساحیب جەوهەرە**[٥]

[٤] – مستەفا نەریمان، ئەدیب و نووسەرانی کفری و دەوروبەری، چاپخانەی دار الشؤن الپقافیە العامە (بغداد)، ساڵی چاپ ٢٠٠٧، لـ٥٨

[٥] – سالح هەلاج، گوڵبژێرێك لە شیعر و شاعیرانی گەرمیان، لـ٧٠

شاکەلییەکان ڕێڕەوی ڕێبازی نەقشبەندییان گرتبووە بەر، شێخ عەلی(غالب)یش بەهەمان شێوە و هەرچەن گۆشە گیر بوو، بەڵام جارە جارە ئەچوە خزمەتی شێخانی نەقشبەندی لە بیارە ماوەیەك ئەمایەوە، جا لەوێیش جار جارە پارچە شیعری بە بیارەدا هەڵداوە وەك لەم پارچەیدا دەڵێت:

**بحمداله لە ئاسیب فەلەك مەحفوزە ئەم جێگە**

**کەبێ شك ئەهلەکەی گشتی موتیعی ئەمری یەزدانە**

**لەهیچ کەس ترسی نیە هەرکەس موتیعی ئەمری یەزدان بێ:**

**کە ئەو ڕووی کردە حەق بێ شك خوا بۆ ئەو نگاهـ بانە**

**خۆشە ئەم جێگە وا دڵ فارغ و مەجموعە تێدا چوون:**

**کەوا ئەسبابی عەیشی حاصڵ و رزقی فراوانە**[٦]

شێخ علی لە نوسینی شیعری دڵداری بێ بەش نەبووە و پارچە شیعرێکی لەو دەمەدا نوسیوە ،کە (مستەفا نەریمان) لە بەرهەمەکەیدا باسی ئەوەیش دەکات، کەوا خۆی چەند پارچە شیعرێکی بەتاك تاك لە برازای شێخ علی (شێخ محەمەد شێخ سلێمان) وەرگرتوە و ناردویەتی و لە گۆڤاری (دەنگی گێتی تازە) لە ژمارەی (٢٥)ی ساڵی ١٩٤٦بەم جۆرە بڵاو بوەتەوە کە نوسیویەتی:

**ئاخ لە یاری بێوەفا هەم ڕووی هەڵگێڕایەوە**

**وەصڵی تێکدام و دەوری فیرقەتی هێنایەوە**

**هەم تەمی غەم بوبە هەوری مەینەت و ركی عەیشی گرت**

**سەیلی ئەشکی دیدەنی خوێنباری من هەڵسایەوە................**

**دوری ری ناو دڵ و جەرگ و هەناوم نوێژی بەست:**

**تیری هیجری دلبەرم ئەمڕۆ خۆشی پێکایەوە**

**چونکە ( لامع ) تاقەتی باسی غەمی هیجری نەما:**

**ئاخری تۆماری شەرحی فرقەتی پێچایەوە**[٧]

---

[٦] – مستەفا نەریمان، ئەدیب و نووسەرانی کفری و دەوروبەری، لــ٥٨

شێخ علی شاکەل یاخود (لامع – غالب) مەرگ ڕێی نەدا شیعری زیاتر بهۆنێتەوە، پاش ئەوان و نەوەی پاش ئەوان کە بەشێکی زۆریان ئێستا لە ژیاندان و لە بواری ئەدەبیدا شیعر و نووسین و بڵاوکراوەیان لە سەر ئاستی کوردستان و دەرەوەی کوردستان بەچەندین زمانی جیا جیا هەیە، نەوەکانی (شێخ ئەحمەد و شێخ سلێمان)ە، زۆربەیان لە بواری ئەدەبیدا هەتا ئێستا بابەتی ئەدەبی دەنووسن لە بڵاوکراوەی کتێبی شیعر و نوسین لە بواری مێژووی و سیاسەت و وەرگێڕان و بواری هونەری ...هتد، یەکێك لەوانە (شێخ محەمەدی کوڕی شێخ ئەحمەدی شاکەلی)یە ، کە نووسەرێکی دیاری کوردستانە و بەعەرەبی و کوردی دەنوسێت لەبارەی مێژوو و سیاسەت و تەنانەت کەسایەتیەکی هێندە دیار و ناسراوە، چەندین جار کاری فەرمی حکومی پێ سپێردراوە لە وەزارەتە جیایجاکانی حکومەتی هەرێم، ( شێخ محەمەد کوڕی گەورەی شێخ ئەحمەدی شاکەلیە) و ئێستا وەزیری خانەنیشین کراوە لە گوندی (سەعداوە) لە گەرمیان دەژێت، کوڕێکی تری شێخ ئەحمەد دێت بەناوی (ئەنوەر) ئێستا لە ژیاندا نەماوە ، ئەنوەری لە کۆلێژی ئاداب بوو، بەشی کوردی ، دەستی نوسینی هەبوو، هەندێك شتی لەبارەی سیاسەتەوە هەبوو یەك چیرۆکیشی بڵاو کراوەتەوە، بەڵام لەتەمەنێکی زۆر گەنج شەهید دەبێ کە لە پۆلی سێی زانکۆ بوو ، هەروەها (شێخ سعیدی کوڕە بچوکی شێخ ئەحمەدی شاکەل)، کەسایەتیەکی دیاری گەرمیان و دەنوسێت و بەرهەمی چاپکراوی هەیە، شێخ سەعید هەوڵی زۆر لە بەرز کردنەوەی پایەی ئەدەب و ڕۆشنبیری ناوچەکەی داوە و لە هەوڵەکانیدا سەرکەتوو بووە، کە توانیویەتی بەهاوکاری (حەمە ساڵح دیلان)ی شاعیر کە ئەو کاتە بەڕێوەبەرایەتی کتێبخانە گشتیەکانی سلێمانی بوو، لەڕۆژی ١٢-٣-١٩٨٣کتێبخانەی گشتی کەلار کرایەوە، یەکەم کتێبخانەی گشتی بوو ئەو کتێبخانەیە لەو سەردەمە ڕۆڵی چاکی بوو، لانەی هەموو ڕۆشنبیران و هونەرمەندان و کتێب دۆستان بوو، زۆربەی چالاکیە هونەریی و ڕۆشنبیرابییەکان لەوێدا بوو، ئەوکات شێخ سەعید لێپرسراوی کتێبخانەکە دەبێت، شێخ سەعید پاش ڕاپەڕین لەساڵی٢٠٠٩ هەوڵی کردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی کتێبخانە گشتیەکانی کەرکووکی دا کرایەوە، بەڵام لە دەربەندیخان، لەبەر ئەوەی ئەوکات کەرکوك جارێ لەژێردەستی ڕژێمی بەعسی عێراقدا بوو، ئەو بەڕێوبەرایەتیە سەرپەرشتی کتێبخانەکانی (کفری ،کەلار ،چەمچەماڵ) دەکرد، هەروەها کتێبخانەی ڕزگاری و باوەنوەر.. کردەوە، شێخ سەعید لەساڵی ٢٠٠٣ ئەوکات شێخ محەمەد شاکەلی (وەزیری ڕۆشنبیری) بوو بەهاوکاری بەڕێز (جەلال تاڵەبانی) بەڕێوبەرایەتی گشتی کتێبخانەی گشتیەکانی کوردستانیان کردەوە، ئیدارەی سلێمانی واتا(پشدەر و کۆیە،هەڵیجە،گەرمیان)کتێبخانەی گشتی کرایەوە، هەرلەوسەردەمەدا بوو، ڕۆژی جیهانی کتێب بەرز ڕاگیرا و لەو ڕۆژەوە تا

---

[٧] – مستەفا نەریمان، ئەدیب و نووسەرانی کفری و دەوروبەری ، لـ٦٢

ئێستا لە(٣٠-٤) هەموو ساڵێك ڤیستیڤاڵی گەورەی ڕۆژی جیهانی کتێب دەکرێت لە کوردستان، هەروەها پاش یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەی سلێمانی و هەولێر بەڕێوبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری سلێمانی-گەرمیانی دامەزراند بەهاوکاری خوالێخۆش بوو بەڕێز کاك (فەلەکەدین کاکەیی) و هەر لەو ماوەیەدا بەڕێوبەرایەتی ڕۆشنبیری گەرمیان و کەرکوکی دامەزراند، لەزۆربەی قەزاو ناحێیەکاندا بنکەی ڕۆشنبیری دروستکران بە شوێنە تازە ڕزگار کراوەکانیشەوە جۆرە چالاکیەکی ڕۆشنبیری و هونەری مێژووی تێدا ئەنجام ئەدرا.

(شێخ سەعید) خاوەن بەرهەمی چاپکراوە بەناوی (ژیلەمووی گەرمیان) کەباس لەمێژووی هاوچەرخی گەرمیان ئەکات و لەبواری ڕاگەیاندن و ڕۆژنامە گەریدا خاوەن ئیمتیازی ڕۆژنامەی( گەرمیانی ئەمرۆ) بووە بۆ ماوەی چەند ساڵێك، خاوەن ئیمتیازی گۆڤاری (دژنپەست)بوو کە گرنگی تەواوی ئەدابە کتێب و کتێبخانە، ڕاوێژکاربووە لەگۆڤاری (بانە ڕۆژ) کە کۆمەڵەی ڕووناکبیری و کۆمەلاَنی پارێزگای کەرکووك دەری ئەکرد، لەگفتوگۆمان لەگەڵ شێخ سعید ئەوەی وت کە (لەبواری هونەردا لەساڵانی ٢٠٠٧دەستی کردوە بەکاری شێوەکاری سەرکەوتووانە کاری کردوە و خاوەن زیاتر لە(١٠)پێشانگای تایبەتیە لەتەواوی پارێزگا و شارەکانی کوردستان، کە وەك خۆی دەڵێت کارەکانی شێوەکاری شێخ سەعید هەموو لە قوڕ و دەشتی شاکەل و لەسەر کارەکانی خەلاَتی یەکەمی وەرگرت لەڤیستیڤاڵی (فەجر) لەئێران)[٨]، شێخ سەعید زۆر گرنگی بە بواری ڕۆشنبیری ناوچەکەی داوە بەشێوەیە تەنانەت لە ناو گوندەکەشیاندا یەکەم کتێبخانەی تایبەتی لەگوندی سەعداوا دروست کرد بەهەموو کەرەستە و پێداویستیەکانیەوە بە ناوی (کتێبخانەی شێخ ئەحمەدی شاکەلی) کە پاشان پێشکەشی کرد بەحکومەتی هەرێمی کوردستان و، بوو بە (کتێبخانەی گشتی شێخ ئەحمەدی شاکەلی) بەڕێوبەرایەتی کتێبخانە گشتیەکانی گەرمیان وەزارەتی ڕۆشنبیری.

(شێخ سەعید ئەحمەد محەمەد شاکەلی) ئێستا بە پلەی ڕاوێژگار لە وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێم فەرمانبەرە و کۆلێژی کارگێڕی زانکۆی سلێمانی تەواو کردوە ، هەروەها ئەندامێکی تری خێزانی شاکەلی و کچی شێخ محەمەدی شاکەل (نەسرین)، ئەم خانمە گەرچی ئێستا لە شاکەل و کوردستان ناژێت، بەلاَم هەر سەرەتا ناونانی بەناوی (نەسرین)ەوە، لەلایەن شێخ ئەحمەدی شاکەلیەوە، وەك خۆشەویستی و وەفایەك بوو بۆ نەسرینی جوانەمەرگی کچی کە هەر بەمنداڵی لە ئاوی بیردا خنکا و شێخ ئەحمەدی شاکەل ئەم نەسرینەی بەناوی نەسرینی لەدەست چووی کچیەوە ناوناوە، تا بەوشێوەیە تەسکینی و خەمی دڵکی کەم بێتەوە، نەسرینی ئێستا ساڵانێکە لە دەرەوەی وولاتە و لە سوید دەژێت، لەوێ مامۆستای زمانە و هەروەها شاعیرێکی دیاری

[٨] - گفتوگۆ لەگەڵ (شێخ محەمەد شاکەلی) کوڕی گەورەی (شاکەلی)، بەرواری ٢٠١٦/٥/٣

ژنانی ئێستای کوردستانە، چەندین تێکستە شیعری ناوازەی هەیە ، نەسرین شاکەلی لە دایکبووی شارۆچکەی کفری یە لە گەرمیان، خانەی مامۆستایانی سلێمانی تەواو کردووە و ساڵێکیش وەك مامۆستای سەرەتایی لە ناوچەی شارەزوور کاری کردووە، ١٩٨٥ مامۆستایەتیی بەجێهێشت و چووە ناو شۆڕش و لە گەڵ خێزانەکەی لە شاخ ژیا، لە شاری سنەی رۆژهەڵاتی کوردستان دوو ساڵ وەك مامۆستای ناوەندیی کاری کردووە، هەر لە شاری سنە دوو ساڵ لە ئەنیستیتۆی هونەر بە مامۆستایەتیی هونەرمەند (هادی زیائەدینیی) خوێندوویەتی، لە یادی یەك ساڵەی کارەساتی کیمابارانی هەڵەبجە بەشداریی یەکەم پێشانگای هونەریی کردووە، لەگەڵ هونەرمەندان (هادی زیائەدینی و رەمزی قوتبەدین)..، نەسرین شاکەلی یەکەم مێینەی ناو شۆڕش بوو کە لە پێشانگایەکی هونەریی بەشداریی بکات، لە ساڵی ١٩٩٠ ەوە لە تاراوگە لە (سوێد) دەژی.

ساڵی ١٩٩٢ بەشداریی لە پێشانگایەکی هونەریی کردووە وەك کچە کوردێکی خەڵکی کوردستان بە هاوبەشیی لەگەڵ سێ هونەرمەندی دیکە لە وڵاتانی ئیرلاندا، پۆڵۆنیا و عێراق، کارە هونەرییەکانی بە چەند شار و شارۆچکەی باکووری سوێد گەڕێندراوە، لە چەند رۆژنامەیەکیش دیمانەی هونەریی لە گەڵدا کراوە.

ساڵی ١٩٩٩ بەرنامەی ڕادیۆی بە زمانی کوردی ئامادە و پێشکەش دەکرد بۆ گوێگرانی کورد لە باشووری سوێد، لە ساڵی ٢٠٠٠ ەوە لە مانگنامەی (پەیام )کە لە لەندەن دەردەچوو، لە گۆشەی تایبەت بە خۆی بە ناوی (ئەنگوتن) وتاری کۆمەڵایەتیی و پەخشانە شیعر و .. دەنووسی و ساڵی ٢٠٠١ بڕوانامەی بەکالۆریۆس ی وەرگرت لە زانستی پەروەردەی کۆمەڵایەتیی لە زانکۆی (مالمۆ Malmö)باشووری سوێد، ساڵی ٢٠٠٣ بڕوانامەی ماجستەری وەرگرت لە زانستە کۆمەڵایەتییەکان بەشی ڕاوێژکاریی کۆمەڵایەتیی لە زانکۆی لوند (Lunduniversity).

ساڵی ٢٠١١ – ٢٠١٣ بەشی مامۆستایەتیی زمانی سوێدیی وەك زمانی دووەمی تەواو کردووە، لە ئێستادا وەك ڕاوێژکاریی کۆمەڵایەتیی و مامۆستای زمانی سوێدی کار دەکات لە پەیمانگای خوێندن و پەروەردە بۆ گەورەساڵان.

چەندین نوسین و شیعری بۆچەند زمانی وەك (فارسی و عەرەبی و سوێدی...)وەرگێڕاوە، ئەمەی خوارەوە نموونەی شیعرێکی وەرگێڕدراویەتی بۆ سەرزمانی فارسی کە باس لە ڕزاو نیازی پەنهانی شاعیر دەکات و دەڵێت:

**چە خوب است چشم بە راحت بودن**

**چە لڎت بخش و خوب بودن و نبودن –**

**تو همیشه، هرجا ترانەی نگفتەی من**

**توهمیشه، هرجا تابلوی نقاشی نکشیدەی من**

**توهمیشه، هرجا راز و اسرار هویدای من**

**تونباشی**

**چە خوابی، چە خیالی**

**توباشی**

**جز تو جواب که**

**را ببینم؟**[٩]

ئەم هەلبەستەی نەسرین شاکەلی ناوەرکێکی خۆشەویستییانەی هەیە، جا ئیتر خۆشەویستی دڵدارانەبێت یاخود نا، بە ئاواتەوەیە کەوا وەسل و بینینی یاریەتی بۆیە دەڵێ: چەند باش ئەوبوو چاوم لەڕێگەت بێ و چەند خۆشی و بەلەزەتە بوون و نەبونیشت، تۆی دلبەر گۆرانیە نەوتراوەکانی منی، تۆی دلبەر تابلۆ نەکێشراوەکانی منی و تۆ هەمیشە هەموو شوێن و ڕازو نهێنی منی، ئەگەر تۆ نەبی، چ خەو و خەیاڵێکە منی تێدابم، تۆ وەرە و ببە و وەلام بدە و تا بتبینم ئەی دلبەر..

یان پارچەیەکی تری کە بۆ ئەنفالی نوسیوە بەناوی"شەوە"ی شەوەکانی ئەنفال و دەڵێ:

**درِك**

**نهێنی مەرگ لای تۆیە !**

**چۆن ئاوەها بە چەقەنەیەك تیشکەکانت گۆڕی بۆ تاریکی،**

**گوڵی قاقای پێکەنینت وەراند،**

**دڕکی گریانت چاند؟**

**ببێ و نەبێ، نهێنی مەرگ لای تۆیە !**[١٠]

---

٩ – نسرین شاکلی، ترجمه از کردی، بابك صحرانورد، http,//www.minisher.blogfa.com/tag

١٠ – نەسرین شاکەلی، پارچەیەك بۆ ئەنقالی نوسیوە بە ناوی شەوەی شەوەکانی ئەنفال www.dengekan.com

لەئێستای شاکەلییەکاندا کە ناوی شاکەلیەکان دەهێنرێت ، کەسایەتییەکی ڕۆشنبیر دێتە باس و پێش چاو ، ئەویش ( فەرهاد شاکەلی)یە، فەرهاد شاکەل ماوەی (٤٠) ساڵە لە دەرەوەی وولات و لە سوید دەژێت، پیاوێکی زانا و عاریفە و شاعیرە، فەرهاد شاکەلی لەسەر ئاستی کوردستان و دەرەوەش بابەتەکانی وەرگێڕدراوە بۆ (١٠-١٢) زمان، لەبواری هونەر ئەدەب و شیعردا دەستی باڵای هەیە و چەندین بەرهەمی چاپکراوی هەیە، دیارترین بەرهەمی شیعری و چیرۆك و بابەتی ئەدەبی فرهەاد شاکەلی بریتین لە ((ڕووبارە تیشکێك لە هەتاوی سورەوە، ژیَ، پرۆژەی کودەتایەکی نهێنی، نیگاری تۆ لە دیواری زیندانەکەم هەڵدەکۆڵم، ئەم چرایە دڵم ڕووناك دەکاتەوە، تەمەنم دەسوتێنیَ، بڵاچەیەك درز دەخاتە تاریکە شەوی تەمەن، کە بازنە و لاکێشەکان هەڵدەوەشێنەوە، هەموو ڕازی من ئاشکرایە و هەموو ئاشکرای تۆ ڕاز...هتد) .لەگەڵ چیرۆکەکانی( بۆنی تاریکی، پەخشانی هونەری کوردی، فرمێسك و هونەر، بۆنی هەوری وولاتەکەم، بۆرس پاستێرناك، ئاوگوست ستریندبێرگ...هتد))[١١]، لەبواری شیعرو ئەدەبیاتدا (فەرهاد شاکەلی) لەکۆتای شەستەکانەوە شیعر بلأودەکاتەوە بەپێی مێژووی ئەدەبیاتی کوردی یەکێکە لەدامەزرێنەرانی شعری تازەی کوردی (مکتوبی فکر)ی پێدەو ترێت، کە لەگەڵ (لەتیف هەڵمەت) شیعری کوردییان تازەکردەوە دوای (عبداللە گۆران)ی شاعیر، فەرهاد شاکەلی تا ئێستە (هەشت)دیوانی چاپ کردووە، هەر دیوانێك بەجیا و دوا دیوانێکی نوێی (٢٠٨) لاپەڕەیی دەرچووە و چاپخانەی ئەندیشە بلأوکراوەتەوە، هەروەها لە بواری نوسینی شیعر و چیرۆکدا، شیعر و چیرۆکی نوسیوە، شیعرەکانی وەرگێڕدراوە سەر نزیکەی (١٢)زمان لەوانە (ئینگلیزی، فەرەنسی، تورکی، فارسی، فیلەندی، سویدی، عەرەبی، ئیسلەندی، دانیمارکی و کۆمەڵێك زمانی تر...)، هەروەها چیرۆکەکانی فەرهاد شاکەلی وەرگێڕدراوەتە سەر زمانەکانی (ئیتالی و چەند زمانێکی تر...)، لەبواری جیهانیشدا بەشداری زۆربەی ئەو کۆنفرانسانەی کردووە، کە دەکرێت لە (کەنداوە تاوەکو میرەندا لە فەرەنساوە تاوەکو ئەمریکا، ئینگلتەرا، سوید، تورکیا..هتد)، ئەمەی خوارەوەیش وێنەیەك لە شیعری فەرهاد شاکەلی لە ژێرناوی (دەڵێی تەمەنێکە هاودەمی ڕازەکانمی) و دەڵیَ:

**چۆن، تاسەیەکی باڵا هەورین دروست بکەم باڵداربێت، =**

**لەسەر نەخشەی ئەم ئارەزووە گرگرتووە**

**توولە ڕێیەك بدۆزمەوە،**

**بەرەو شاری بەتیشك هەڵچنراوی دڵت؟............=**

---

[١١] – فەرهاد شاکەلی، هەموو ڕازی من ئاشکرایە و هەموو ئاشکرای تۆ ڕاز، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە(هەلێر)، چاپی سێیەم، ساڵی چاپ ٢٠٠٦، لــ٩٩

**دەبم بە زایەڵەی هەورێك لەمردن ناپرینگێتەوە**

**بەسەر خونچەی نەشکووتووی زمانەوە ، دەشەکێنەوە**

**لە ولاتی زمانێکی کۆچەردا یەکترمان دۆزییەوە ،**

**دوو حەرف بووین ، دوو حەرفی بێ گەلا ،**

**من بووم بە فەرهەنگ و تۆیش بوویتە سەردێرێك**

**من لەبەر دەلانی ڕزێکدا گیرسامەوە و**

**تۆ بێدەنگیت کردە گەلا.......هتدە**[١٢]

لەئێستادا زۆرێك لە نەوەی نوێی شاکەلی لەبواری ئەدەب و نوسین چ لـەڕووی فکـری سیاسـی بێـت یـاخود ئـەدەب و فۆلکلۆربێـت خزمەت دەکەن ، هەریەك لـە (ئەمجـەد شـاکەلی و صـەلاح شـاکەلی) کـەبرای )فـەرهاد شـاکەلی)ن ئەمانـەیش دوو کەسـی دیـاری ئێستایی شاکەلیەکانن،( ئەمجد) لەبواری نوسـین و وەرگێڕانـدا دەسـتی بـالا و دیـاری هەیـە و (صـەلاح)یش لـە بـواری ئـەدەب و فۆلکلۆردا...

**٥– لەڕووی ڕۆژنامەگەرییەوە**

لەڕووی ڕۆژنامەگەرییەوە شاکەلیەکان دەروی بالا و بەرچاوییان هەبووە و توانیویانە خزمەتیکی دیاروبەرچاوی ئەم بوارەبکەن لە نـاوەوە و دەرەوەی کوردسـتان، چ بـە دەرکردنـی ڕۆژنامـە و گۆڤـاری تایبـەت بێـت و چ بـە بلاوکردنـەوە بابـەت و چ بەشـدار و سەرپـەرشتی کردن بێت، ئەگەر لەڕووی ڕۆژنامەگەرییەوە باسی شاکەلیەکان بکـەین، دەبیـنین لـەم ڕووەیشـەوە خزمـەتێکی دیـار بەرچاوییان کردوە بە بواری ڕۆژنامەگەری کوردی، لە گفتگۆیەکمدا لەگەڵ فەرهاد شاکەلی لەم بارەیەوە دەڵێت:" جیلـی یەکـەمی شاکەلیەکان کە جیلی (شێخ ئەحمەد و شێخ سلێمان)ە پەیوەندییەکی ئەو تۆیان نـەبووە بـە ڕۆژنامـە گەرییـەوە، پـەیوەندییەکـە تەنها ئەوەبووە٬ کە (شێخ ئەحمەد) شیعری بلاوکردوەتەوە لەگۆڤاری (گەلاوێژدا)، بەلام دواتر کە دەگاتە (چلەکان و پـەنجاکان) پەیوەندییەکە تەنها پەیوەندی خوێندنەوە بووە"[١٣]، بۆنمونە فەرهاد شاکەلی ئەوە دەڵێت: باوکم کە گەنج بووە ئابوونەوەی داوە

---

[١٢] – فەرهاد شاکەلی، هەموو ڕازی من ئاشکرایە و هەموو ئاشکرای تۆ ڕاز، لــ١٤

[١٣] – گفتوگۆ لەگەڵ (فەرهاد شاکەلی) نووسەر و شاعیر و کەسایەتی دیاری شاکەلیەکان، بەرواری ٢٠١٦/٥/٥

و بەشداری هەبووە لە (٢-٤) گۆڤاردا، گۆڤارەکان هەرمابوون، کاتێك من تۆزێك گەورە بووم، بینیمن گۆڤاری (هیوا ،گەلاوێژ، پەیام. هەتاو) ئەمانەی کڕیوەو بەشداری هەبووە لەگەڵ کۆمەڵێك کتێبی تر کە ئەوکات کڕیبووی، دیاربوو بەشداری هەبوو هەرهەموویان مابوون لەکتێبخانەکەماندا، لەئاخری (پەنجاکان و سەرەتای شەستەکان) ئەوکات ئەو جیلەی یەکەمی شاکەلییەکان و لەسەرەوە ئاماژەمان پێدا جیلی (شێخ ئەحمەد و شێخ سلێمان)، ئەوکات ڕۆژانە گۆڤاری (خەبات) و گۆڤاری (ڕۆژی نویَ)بەپێی ئابونەوە بۆ دەهات و دەیان خوێندەوە، واتا لەو جیلەدا زیاتر پەیوەندی خوێندنەوە بوو، لەلایەکی ترەوە دەتوانین بەشێوەیەکی جیاوازتر پەیوەندی شێخ ئەحمەدی شاکەلی بەڕۆژنامەگەرییەوە لە دوو ڕووکارەوە باس بکەین، یەکێکیان ئەوە بوو کە وەك خوێنەرێك تامەزرۆی زانین و ڕۆشنبیرێتی بووە، بۆیە هەمیشە ئابونەوەی داوە و گۆڤارەکانی خوێندوتەوە، لەلایەکی تریشەوە خۆیشی بەرهەمی شیعری لەنێوگۆڤارەکاندا بڵاو دەبووەیەوە، بەڵام جیلی دوای ئەوان کە (فەرهاد شاکەلی و شێخ محەمەد شاکەلی وشێخ ئەحمەد شاکەلی چیرۆکنووسی و شێخ سەعید و ئەمجد شاکەلی) دێت، ئەمانە هەر بەوەوە نەوەستان کە هەر بخوێننەوە، بەڵکو هەوڵیانداوە خۆشیان ڕۆژنامە دەربکەن، ڕۆژنامە دەرکردنەکەیان ئەڵبەتە ناوچەیی بوو، ئەگینا لەدێیەکی وەك شاکەل ڕۆژنامە بۆ کیَ دەردەکەن ؟!، بەڵام تامەزرۆیی بۆ بواری ڕۆژنامەگەری و تامەزرۆیی بۆ خزمەت کردن بە ڕۆژنامەگەری وای کرد، کەوا بەردەوام بن و لەو دەمەیدا ئەو جیلە لە نێو خۆیاندا دووسیَ لاپەڕەیان دەنووسی و دەیان کرد بە ڕۆژنامە و بڵاویان دەکردەوە!، لە (شەستەکان) فەرهاد شاکەلی ڕۆژنامەیەکی دەر ئەکرد ناوی (لادیَ) بوو، هەروەها (ئەحمەد)ی ئامۆزایان گۆڤارێکی دەردەکرد ناوی (هەلۆ لیا) بوو، ئەم ڕۆژنامە و گۆڤارەیان دەردەکردو بڵاویان دەکردەوە، بەڵام ناوچەیی بوون خوێنەرەکانی هەموو (٤-٥) کەس بوون، هەروەها گۆڤار و ڕۆژنامەکەشیان بەدەست دەیان نووسیەوە، بەڵام ئەم جیلە دواتر کەدەستیان کرد بەخوێندنی باڵاتر لە دواناوەندی و زانکۆ لە بەغداد، بەشداری فەرمی و دیارییان کردووە لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی ئەودەمە، بۆنموونە (فەرهاد شاکەلی) چەند ڕۆژنامەیەك کاری کردووە لەوانە (برایەتی ، بیری نویَ ، هاوکار)، هەروەها (ئەمجەد شاکەلی)ش کاری کردوە، بەڵام لەناو ئەوانەدا (فەرهاد شاکەلی) زیاتر کاری رۆژنامەگەری کردوە بەحکومی ئەوەی فەرهاد شاکەلی لەدەرەوەی کوردستان ژیاوە و دەرفەتی زیاتری بۆ ڕەخساوە کەبەشێوەیەك لەپاڵ کاری خۆیدا ویستوویە زیاتر کورد بناسێنێت، بۆ ئەومەبەستە ئەوکات لەدەرەوە دوو گۆڤاری دەرکردووە بەناوەکانی (مامۆستایی کورد) کە بۆ خۆی سەرپەرەشتیاری ئەم گۆڤارە بووە، کە لەماوەی (١١) ساڵدا (٣٩) ژمارەی لێدەرچوو لە نێوان (١٩٨٥-١٩٨٦) لە سوید دەردەچوو کە بەزۆرێك لە وولاَتاندا بڵاو دەبوویەوە، بەڵام وەك فەرهاد شاکەلی خۆی ئاماژەی پێدەکات بۆ کوردستانی عێراق

ئەوكات كاتی حكومەتی بەعس بوو نەیاندەتوانی بەپۆست بینێرین بۆ كوردستان و ڕێگەیەكی دیكەیان دۆزییەوە، ئەویش لەڕێگەی (حیزبی دیموكراتی عێراق)ەوە ئەوان بە قاچاغ دەیان هێنا بۆ كوردستانی عێراق، ئەو گۆڤارەكەی تریش گۆڤارێكی سویدی بوو بەناوی (گۆڤاری سویدی كوردی)، ئەم گۆڤارەی فەرهاد شاكەلی بە زمانی سویدی دەركردووە، ئەو گۆڤارە تەنها كاروباری نوسینەكانی ئەوە بووە كورد بناسێنێت، وەك ئەوەی بەزمانی سویدی بوو وەگۆڤارێكی باشیش بوو، چونكە وەزیر و پەرلەمانتارەكانی سویدیش هەموویان دەیان خوێندەوە.

هەروەها لە ناوەوەی كوردستان شاكەلیەكان دیسان دەستبەرداری كاری ڕۆژنامەگەری نەبوونە و تیایدا بەردەوام كارییان كردوە، (ئامانج شاكەلی ) كە لەحیزبی سۆشیالیس بووە، گۆڤاری بە ناوی (سورێن) دەركردووە، هەروەها كە لە بەلجیكایش بووە بلاوكراوەیەكی تری دەردەكرد بەناوی (سیمورغ) بەزمانی هۆلندی بلاویان دەكردەوە، هەروەها (شێخ سەعید شاكەلی)یش لەبواری ڕۆژنامەگەریدا خزمەتی دیار وبەرچاوەی كردوە ئەمیش چ وەك سەرپەرشت و چ وەك سەرنوسەر و ئەندام بێت خزمەتی كردوە، (شێخ سەعید شاكەلی) لەبواری ڕاگەیاندن و ڕۆژنامە گەریدا خاوە ئیمتیازی ڕۆژنامەی (گەرمیانی ئەمڕۆ) بووە، بۆ ماوەی چەند سالێك خاوەن ئیمتیازی گۆڤاری (دژنپەشت)بوو كە گرنگی تەواوی ئەدایە كتێب و كتێبخانە، ڕاوێژكاربووە لەگۆڤاری (بانە ڕۆژ) كە كۆمەڵەی ڕووناكبیری و كۆمەلایەتی پارێزگای كەركوك دەری ئەكرد، لەگەڵ ئەوەیشدا یەكەم ڤێستیڤاڵی ڕۆژنامەگەری لەگەرمیان شێخ سەعید سەرپەرشتی دەكات، هەروەها نەسرین شاكەلی كە هاوكات شاعیرێكی دیاری باشوری كوردستانە و ئەمیش لەڕۆژنامەوگۆڤارەكاندا بلاو كراوەی هەیە و هاوكات ماوەیەكیش بێژەری كردوە لە كاری ڕاگەیاندندا.

**٦- لەڕووی سیاسییەوە**

بەووتەی (فەرهاد شاكەلی) ئەگەر هەموو مێژووی شاكەلیەكان وەرگریت یەكەم كەس كەبەشداری سیاسی كردبێت لەوە دەچێت (شێخ سلێمان) بوو بێت، لەدوای ڕووخانی حكومەتەكەی (شێخ محمودی حەفید)، لەناو ڕووناكبیرانی كوردیدا مەیلێك بلاوبوویەوە كەناكرێت بەشێوەیی عەشایەری كوردایەتی بكرێت، بەشێوەیە كە شێخێك یان قازییەك ...هتد، هەڵبسێت ببێتە سەرۆكی كورد و هەموو دوای بكەون، ئەبێت حیزبی سیاسی دروست بكرێت، ئەم فكرە لەبنەڕەتیەوە لەتوركیاوە هاتووە بۆ كوردستان، كە جاران خەلیفەیەك یاخود ئەمیرێك دەبوو بەسەركردە و ئیتر خەڵكەكە دوای دەكەوتن، وەك لەناو كوردەكانیش دەبینین(شێخ سەعیدی پیران، شێخ عوبەیدولای نەهری، بەدرخانیەكان) وایان كردووە سەركردەكە هەر یەك كەس بووەو

كۆمەڵێك خەڵك دوای كەوتووە، كاتێكیش كەسەكە یان گیراوە یان كوژراوە، بزووتنەوەكە لەناوچووە، بیری تازە لەودەمەدا لەسەرەتای سەدەی بیستەوەیە ئەوەبوو دەبێت حیزبی سیاسی دابمەزرێت و ناكرێت ئیتر بەمردنی سەركردەیەك ئیدی بزووتنەوەیەكیش برووخێت ئەم مەیلە لەكوردستانی عێراقدا پەیدابوو كەحیزبی سیاسی دروست ببێت.

یەكەمین حیزبی سیاسی لەكوردستانی عێراق كە دروست بوو بەناوی (حیزبی ئازادی كورد) ئەم حیزبە سیاسیە ئەوكات( شێخ سلێمان)ی باپیری فەرهاد شاكەلی لەگەڵ چەند كوردێكی تر تێدا ئەندام دەبن و چالاكانە ئیشیان كردوە تیایدا، لێرەوە یەكەمین پەیوەندی شاكەلییەكان بە ڕەوتی سیاسی كوردییەوە دەست پێ دەكات، دواتر كە (حیزبی هیوا) * دروست دەبێت، لەكۆتایی سییەكاندا، بەهۆی ئەوەی شەڕی جیهانی دروست دەبێت، (حیزبی هیوا) دروست دەبێت كە (ڕەفیق حیلمی) ڕابەری بوو، ئەم حیزبە (حیزبی هیوا) شاكەلییەكان دەورێكی زۆریان تێیدا بینیوە بەشێوەیەك كە (شێخ ئەحمەدی شاكەل)ی تێیدا ئەندام بووە، (شێخ مەحمودی شاكەلی) ئەندام بووە، كەدەبێتە ئامۆزای كوڕی (شێخ سلێمان)، ئەم دوانە زۆر چالاك بوونە لەو حیزبەدا، هەروەها ئەو كۆنگرەی كە پێی دەڵێن (كۆنگرەی قەنیلە) لەكەلار كراوە كاتی خۆی، كە ئەو وەختە سەرپەرەشتی ناوچەكە (شێخ و مەلا و بەگ زادەكان)ئەمانە دەیان برد بەڕێوە و زیاتر دەورییان هەبوو بەحوكمی ئەوەی ئەمانە خوێندەواربوونە زیاتر تێگەشتون كە حیزبایەتی چییە كوردایەتی چییە لەو حیزبەدا ئەوان (شێخ ئەحمەد و شێخ محمود) بەشدارییەكی زۆر چالاكانەیان كردووە، ئیتر ئەم شاكەلیانە ماونەتەوە لەگەڵ ئەو حیزبەدا تا حیزبەكە هەڵوەشاوەتەوە.

دوای ئەوەی كە(پارتی دیموكراتی كوردستان) لە(١٩٤٦) دروست بووە، ئەوكات نە (شێخ ئەحمەد) و نە (شێخ محمود) بەشدارییان لەپارتیدا نەكردووە و نەچوونەتە نێو ئەو حیزبەوە تا (ڕەفیق حیلمی) مابوو و هەروەها تا (حیزبی هیوا) مابوو لەگەڵ ئەو حیزبە بوون، ئیتر لەدوای ئەوەیشەوە لەوەدەچێت، هەر نەچووبێتنە ناو حیزبەوە، بەڵام لە دەیەكانی سەدەی ڕابردوو ئیتر پارتی دیموكراتی كوردستان بەهێز دەبێت، ئەمجارەیان نەوەی تازە لەوانە(شێخ محەمەد شاكەلی) كوڕەگەورەی شێخ ئەحمەدی شاكەل و هەروەها (شێخ محەمەدی شێخ سلێمان)، ئەمانە دەكەونە ناو سیاسەتەوە لە كۆتایی پەنجاكاندا بەتایبەتی

---

*– حیزبی هیوا: حیزبێكی سیاسی بوو، لەبیستەكانی سەدەی ڕابردو بەسەرۆكایەتی (ڕەفیق حیلمی)دامەزرا و لە(١٩٤٤)بەهۆی هەندێك كێشەی سیاسیەوە تێكچوو،پاشان لەساڵی (١٩٤٥)بەتەواوی لەناو چوو، بڕوانە: دڵدار شاعیری شۆڕگێڕی كورد، لەنوسینی عبدالخالق علاءالدین، مطابع دار افاق عربیة للصحافە والنشر، لـ٨٨

ئەندامی پارتی بوونە و زۆر چالاك بوونە لەنێو پارتیدا و پێشمەرگایەتیشیان کردووە و کادیری حیزبی بوونە، ئیتر بەشدارییەکی تەواوی سیاسەتیان کردووە.

نەوەی دوای ئەوان کە دەکاتە (شێخ سەعیدی شاکەل و ئەمجەدی برای فەرهاد شاکەلی و ئامانج شاکەلی و و شێخ عوسمان ...هتد)، هەموو لەگەڵ حیزبە سیاسییەکانی کوردی ئیشیان کردووە هەر لەپێشمەرگایەتی و بەرپرسیاریەتی و دامەزراندن بەشدارییمان کردووە، بۆنموونە فەرهاد شاکەلی یەکێکە لەوانەی (کۆمەڵەی مارکسی–لینینی کوردستان)* یان دامەزراندوە، هەروەها لە قیادەی کۆمەڵەبووە دواتر لەگەڵ (مام جەلال بووە) و سیاسەتی کردوە، هەروەها شێخ سەعیدی شاکەلی لەساڵی ١٩٧٦ پەیوەندی کردوە بە (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان*/ یەکێتی نیشتمانی کوردستان) لەو ماوەیەدا لێپرسراوی چەند ڕێکخستن بووە لەگەرمیان کفری – کەلار دەرەوەی کەلار و کفری ساڵی ١٩٩٤یش لێپرسراوی حەوزەی گەرمیانی کاروباری کۆمەلایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بووە، هەروەها کارگێری ناوەندی کۆمەلایەتی کەرکوك بوو ، لەگەڵ ئەوەیشدا ساڵی ٢٠٠٤ بووە بەبەڕێوبەری گشتی، ئەمەبش بەگشتی وێنەیەك بوو لە بەشداری سیاسی شاکەلییەکان لە بزوتنەوەی سیاسی کوردستان و وێنەیەکیش بوو لە ڕۆڵی شاکەلیەکان لە ئەدەبی کوردی و ڕۆشنبیری کوردی و هەروەك ناسینی شاکەلیەکانیش بوو لە ڕووی مێژووی و جوگرافی و سیاسی و ڕۆشنبیرییەوە.

---

*– کۆمەڵەی مارکسی–لینینی: لەساڵی ١٩٦٩ بەسەردەستی نەوشیروان مستەفا وچەند کەسێکی تر ڕاگەیەندرا: بڕوانە: www.nishanprees.com

*– کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان: لە ١٩٧٠/٦/١٠ لەلایەن (شهاب شێخ نوری، وەستا ئەنوەر، جعفر کۆیی) ەوە دروست بوو، بڕوانە: ناسنامەی حیزبە کوردستانیەکان، لەنووسینی مسعود عبدالخالق، چاپخانەی هێڤی، (هەولێر) چاپی دووەم ٢٠١٤، لــ١٢٠

## بەشی یەکەم

### تەوەری یەکەم/ ژیان و مردنی شاکەلی

١– ژیانی شاکەلی

٢– ژیانی خێزانی شاکەلی

٣– مردنی شاکەلی

### تەوەری دووەم/ ڕۆشنبیری و سۆفیگەرێتی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی شاکەلی

١– ڕۆشنبیری شاکەلی

٢– شاکەلی و سۆفیگەرێتی

٣– پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی شاکەلی

## تەوەری یەكەم/ ژیان و مردنی شاكەلی

### ١- ژیانی (شاكەلی)

شێخ ئەحمەد كوڕی شێخ محەمەدی كوڕی شێخ سەعیدی كوڕی شـێخ شـهاب الـدین كـوڕی شـێخ عـەلی كـوڕی شـێخ ئیبراهیمـی بەرزنجیە[14]، شاكەلیەكان لە بەرزنجەوە هاتوونەتە ناوچەی شاكەل و شێخ سەعید لە گونـدی شـاكەلی ناوچـەی كفـری نیشـتەجێ بووە، لەچاپی پێنجەمی دیوانەكەیدا لەدایك بوونی شێخ ئەحمەد شاكەلی بە ساڵی( ١٣٢٢) كۆچی بەرامبەر بـە (١٩٠٤)زایـینی لـە گوندی شاكەلی ناوچەی كفری دیاریكراوە.

وەك مەرحومی( مەلا مستەفای خورماڵی) كە دۆستی بنەماڵـەی شـاكەلیەكان دەبێـت و هاتوچـۆی شـاكەلی كـردوە و لەوكاتـە لـە شاكەل دەبێ و شیعرێكی بەزمانی فارسی داناوە، كە لەوێدا مێژووی بەدنیا هاتنی شێخ ئەحمەدی شاكەلی تێدا ئامـاژە پێكـردوە بەمشێوە:

**چو میلادش زعین شین كاف جیم**

**خداوندا بخشش از دەریای عنیات را**

بەپێی نیوە بەیتی یەكەم مێژووی لەدایكبوونی ئەكاتە ساڵی (١٣٢٣ك)[15]، دیاری كردنـی سـاڵی لـە دایكبـوونی شـێخ ئەحمـەدی شاكەلی، لەو شوێنانەی كە باسیان لە ژیانی شێخ ئەحمەد كردوە، لەنێوان ساڵەكاندا بـۆ دیـاریكردنی سـاڵی لـە دایكبـوونی شـێخ ئەحمەد، جیاوازی دەبینرێت، بۆنموونە (د. مەحەمەد ئەحمەد سەعید) لە كتێبی (كەركوك و بزاڤی شیعری كـوردی)دا، سـاڵی لـە دایك بوونەكەی بە ((ساڵی ١٣٢٢ی كۆچی بەرانبەر بە سـاڵی ١٩٠٤ی ز، دیـاریكردوە و سـاڵی مردنەكـەی دیـاری نـەكردوە، تـەنها ئاماژە بەوە دەكـات، كـەوا شـاعیر هـەتا سـاڵی ١٩٨١ز لـە ژیانـدا بـووە))[16]، هـەروەها (مسـتەفا نـەریمان) لـە كتێبـی (ئـەدیب و نوسەرانی كفری و دەوروپشتی)دا ساڵی لە دایكبوون و مردنی شـاعیری لـە سـاڵانی نێـوان ((١٩٠٣ – ١٩٨٠))[17] دیـاریكردوە، كـە

---

[14] – ئیبراهیم كوێخا، لەیادی شاكەلی شاعیردا، ڕۆژنامەی كوردستانی نوێ ژمارە(٢٠٨٢)ی ساڵی ٢٠١٥، لـ٩

[15] – هاشم عاصی كاكەیی، دیوان و یاداشتی شێخ ئەحمەدی شاكەلی شاعیر و خواناسی دەشتی گەرمیان، چاپخانەی شڤان، چاپی پێنجەم ، ساڵی چاپ ٢٠١٣، لـ٢٣

[16] – د. مەحەمەد ئەحمەد سەعید(كەساس جەباری)، كەركوك و بزاڤی شیعری كوردی–لێكۆڵینەوە و هەڵسەنگاندن، چاپخانەی سەردەم،چاپی یەكەم، ساڵی چاپ٢٠٠٨، لـ٢٣١

[17] – مستەفا نەریمان، ئەدیب و نووسەرانی كفری و دەوروپشتی، لـ١٨٢

بەپێی ئەم دیاریکردنەی (مستەفا نەریمان) بێت، شاعیر لە تەمەنی ٧٧ ساڵیدا کۆچی دوایی کردوە، لەلایەکی ترەوە (صالح هەلاج) لە کتێبی ( شیعر وشاعیرانی گەرمیان)دا ئاماژە بە لەدابکبوونی شاعیر شێخ ئەحمەدی شاکەلی دەکات و لەدایکبوونەکەی ((بە ساڵی (١٩٠٢ز) دیاریکردوە و لە ساڵی (١٩٨٢ز) لەتەمەنی ٨٠ ساڵیدا کۆچی دوایکردوە))[١٨]، هەروەها لە دیوانەکانی شاکەلی و ئەو نووسینانەی کە دەربارەی ژیانی (شاکەلی) نووسراون، زۆربەیان لەدایکبوونی بە ساڵی ١٩٠٢ز و مردنیشی بە ساڵی ١٩٨٢ز دیاری کردوە.

بەڵام ئەوەی ڕاست و دروست بێت لەسەر ساڵی لەدایك بوونی شێخ ئەحمەدی شاکەلی، بەپێی تەسکەرەی شاعیر، کە بۆخۆمان بەدواداچوونمان بۆ ساڵی لەدایك بوونەکەی کردوە و ئەوەمان بۆ دەرکەوت کەوا هیچ کام لەو ساڵانە نییە کە تا ئێستا لە نووسینەکاندا هاتووە، چونکە لە تەسکەرەی شاعیر شاکەلیدا ساڵی لەدیکبوونی بە(١ی ٧ی ١٩٠٧ز) تۆمارکراوە، هەروەها لە بنەماڵەی شاعیرم پرسیوە، کەوا مردنەکەی لە ساڵی ١٩٨٢ز بووە، واتا شاعیرمان لەتەمەنی نزیك بە ٧٥ ساڵیدا کۆچی دوایی کردوە.

شێخ سەعید کە باپیری شێخ ئەحمەدە هەر لە کۆنەوە لەم ناوچەیە( شاکەل) * پەروەردە بووە، پیاوێکی ناوداری بەدەسەلاتی دین و دنیا بووە، گوندی شاکەل و بەشێك لە زەوییەکانی دەروبەری بەسەنەد و تاپۆی ئەوکاتی کڕیوە، لەپاش وەفاتی شێخ سەعید، شێخ مەحموودی کوڕی لەجێگەی دادەنیشێت لە (کەلار)، کە ئێستا کەلار قەزایەکی گەورەی کوردستان و عێراقە و ناوەندەی ئیدارەی گەرمیانە، هەر لەو کاتەوە شێخ محەممەدی باوکی شاعیر لە شاکەل دەبێت، ((شێخ محەمەدی باوکی شاعیر لە ئان و ساتی جەنگی جیهانی یەکەمدا بەهۆی زوڵم و زۆرداری دەسەلاتی ئەدەمەوەی ناوچەکەوە، زێدی خۆی کە (شاکەل)ە، بە جێی دەهێڵێت و ڕوو لە ئێران دەکات، پاش کۆتایی هاتی جەنگ و داگیر کردنی عێراق لەلایەن ئینگلیزەوە دەگەڕێتەوە ناوچەی شاکەلی و پاش ماوەیەك لە ساڵی (١٩١٩ز) دا وەفات دەکات و شێخ ڕەزا دەچێتە جێگای))[١٩]، شێخ ئەحمەدی شاکەلی، شێخ

[١٨] – صالح هەلاج، گوڵبژێرێك لە شیعر و شاعیرانی گەرمیان، ٢٠٠٨، لـ٦٦

*– شاکەل: گوندێکە سەربەقەزای کفری لە ناوچەی گەرمیان، بەهۆی خۆشەویستی و دڵسۆزی شێخ ئەحمەد بۆ شاکەل، نازناوی شاکەلی بۆخۆی داناوە

[١٩] – لاوان ئەحمەد، شێخ ئەحمەدی شاکەلی شاعیر و خواناسی دەشتی گەرمیان، ژمارە (٢)ی گۆڤاری( هەڵمەت)، یەکەمین گۆڤاری شیعری کوردی لە گەرمیان، چاپخانەی ڕەهەند، لـ٤

سەعیدی باپیری و شێخ محەمەدی باوکی بەهۆی خوداپەرستییانەوە ناو و شۆرەتیان لە ناوچەکەدا بڵاو دەبێتەوە و خاوەن تەکیە و مزگەوت و دیوەخان بوونە.

هەروەها سەردەمی منداڵی (شاکەلی) ((لە پەنای دایك و باوکیدا بەسەر بردوە لە (شاکەل)، کە ئەو دەمە مزگەوت و حوجرە و مەلای خوێندەواری باشی لێ بووە و خراوەتە بەرخوێندن و لەگەڵ ژیان و باری کۆمەلایەتی و شێوەی خوێندنی ئەوکاتە شارەزایی پەیدا کردوە))[٢٠]، واتا شێخ ئەحمەد هەر بەمنداڵی خراوەتە بەر خوێندنی مەلایانە و فێری وانە ئایینە سەرەتاییەکان و بۆستان و گوڵستانی (سەعدی شیرازی) دەبێت و لای مامۆستایانی کەلار وەك (مەلا ئەحمەدی کەلار و مەلا قادری سۆفی) هەروەها لە گفتوگەیەکماندا لەگەڵ (فەرهاد شاگەلی) سەبارەت بەخوێندنی شێخ ئەحمەدی شاکەلی دەڵێت:((شێخ ئەحمەد کاتی لەلای مەلاکانی کەلاری وەك (مەلا ئەحمەدی دەکا و مەلا خواجە و مەلا محێ دین)لای ئەوەنە خوێدنوییەتی))[٢١]، پاشان شێخ ئەحمەد بۆ وەرگرتنی زانیاری زیاتر و فێربوونی زانستی زیاتر دەچێتە شاری سلێمانی لای مامۆستا (مەلا محێدین)ی خەڵکی سلێمانی دەبێتە شاگرد و زیاتر لای ئەو دەمێنێتەوە.

ژیانی لاوێتی شاعیر وەك خۆی دەڵێت: (( گەنجێکی بەشەوق بووم و هەوای هەڵبەستنووسین و ئەدەبیاتم زۆرتر بوو، لە خوێندنی مەلایانە و هەوەسی تێکەڵاوی ئەهلی دنیاشم بوو، لەگەڵ گەنجی بەگزادەی کەلاردا بۆ سواری و ڕاو کاتم زۆر خەسارد دەکرد و هەتا لە بیرمە کە (حەمەی کەریم بەگی فەتاح بەگ) پێی دەوتم ئەگەر ئەوەندە خەریکی خۆتی، خەریکی ئومراتی دینی بیت، دەبووی بە کوڕی شێخ عومەر، ڕاستیشی دەکرد))[٢٢]، دەکرێت بوترێت سەردەمی لاوێتی شێخ ئەحمەد، ئیتر لەم سەردەمەوە واتا هەر لە (بیست)ساڵیەوە دەست دەکات بە شیعر نوسین و هەوای هەڵبەست نوسین لە ناخیدا چەکەرە دەکات و ئیتر سەرەتاکەی بە عیشق و خۆشەویستی دالدارانە دەست پێدەکات و لەو ڕووەوە چەندین پارچە هەڵبەستی جوانی خۆشەویستی نوسیوە( بڕوانە: ناوەڕۆکی شیعری شێخ ئەحمەد و ناوەڕۆکی شیعری دڵداری...)، باوکی شاعیر لە ساڵی (١٩١٩) کۆچی دوایی دەکات، بەسەر هات و ئاسەواری شەڕی یەکەمی جیهانی خەلکی کوردستانی دوچاری کوێرەوەری و کارەساتی کردبوو، ئەو ڕووداوانە ژیانی ئارام و ئاسودەی شاعیر و بنەماڵەکەی تێك دەدات و ناچار دەبن، جێگای دێرینی خۆیان بەجێ بهێڵن و لە گەرمیانی

---

[٢٠] – توێژینەوەیەکی بێناو لە کتێبخانەی شێخ ئەحمەدی شاکەلی، بەشێك لە ژیان و شیعری شێخ ئەحمەد، لـ١٦

[٢١] – گفتوگۆ لەگەڵ (فەرهاد شاکەلی) شاعیر و نوسەر و کەسایەتی دیاری شاکەلیەکان، بەرواری ٥/٥/٢٠١٦

[٢٢] – هاشم عاصی کاکەیی، دیوان و یاداشتی شێخ ئەحمەدی شاکەلی شاعیرو خواناسی دەشتی گەرمیان، چاپی پێنجەم، لـ١٤

خوارووداا بڵاوەی لیّ بکـەن و لـە دەوروبـەری زەنـدئاباد و ئەوبـەری سـیرواندا بەشـێوەیەکی کـاتی نیشـتەجیّ دەبـن، کـە جارێـك (شاکەلی) لە گەڕانەوەی لە دەککەوە بۆ شێروانە دێتە کەلار و بەتەنیا دەڕواتە بینینی گۆڕستانی شـاکەلیەکان و ئـەوکات شـاکەل چۆن و وێران بووە، ئیتر خامەی ڕەنگین و مەلی دڵی دێتە خوێندن و ئەم چەند بەیتەی خوارەوە بۆ چوڵ بوونی شاکەل دەڵێت:

**شاکەل شیرینم ژینی شاکەلی**

**ئاخر خێر ئەبی بە مەولا عەلی**

**جاریّ باوابیّ ئێستە وێرانەی**

**لانەی قەل و قوش داڵ و چوغدانەی................**

**بەپیری پیران شاهی بوخارا**

**سەرسەوز ئەتبینم لە ڕۆژگارا**[٢٣]

نەهامەتیەکانی گەلی کورد دوای نەهات و ئەمەیش بووە ئازاری بۆ شاکەلیەکان و ڕژێمی بەعسی عێراقی دەستی داوە ئەنفالکردنی کوردەکان، ((ناوچە و دەشتی شاکەل دەکەوێتە نێوان ناحیەی (سەرقەڵا) و شاری (کەلار)ەوە، دێهاتەکانی بریتیـە لـە (شـاکەل، سـەیدە، کـارێزە، کەواچـەرموو، عـەولاّقوت، دێبنـە))[٢٤]، ڕژێمـی بەعسـی عێراقـی لـە ((بـەرهاری سـاڵی ١٩٨٧ و ١٩٨٨ بـە پێـی بەرنامەیەکی داڕێژراو شاکەل و نزیکەی (چوارهەزار و پێنج سەد) گوندی کوردستانی تەخت کـرد و پاشـان تـاوانی (ئـەنفال))[*] ی بەسەر خەڵکەکەیدا هێنا و خەڵکانێکی سڤیلی بیّ تاوانی لەژمارە نەهاتوو، لە ژن و منداڵ و گەنج و پیر کەوتنە بەر ئەو شاڵاوە،

---

[٢٣] – هاشم عاصی کاکەیی، دیوان و و یاداشتی شێخ ئەحمەدی شاکەلی شاعیرو خواناسی دەشتی گەرمیان، چاپی پێنجەم، لــ١١٤

[٢٤] – گفتوگۆ لەگەڵ (شێخ محەمەدی شاکەلی)، کوڕە گەورەی شێخ ئەحمەدی شاکەلی و کەسایەتی دیاری شاکەلیەکان و نوسەری دیاری کورد، بەرواری ٢٠١٦/٦/١٠

*– ئەنفال: پرۆسەیەکی کۆمەڵکوژی بوو، حیزبی بەعسی عێراقی بە سەرکردایەتی (صدام حسێن) بەسەر گەلی کورد و زیاتر بەسەر ناوچەی گەرمیانی هێنا و تیایدا (١٨٢,٠٠٠) مرۆڤی سڤیلی لە ژن و منداڵ و گەورە و بچوکی بیّ سەر وشوێن و هەندێکی زیندە بەچاڵ و هەندکی کوشت و هەروەها بەهەزاران گوند وماڵی کوردەکانی یەکسانی زەوی کرد و بەشێوەیەك تا ئێستا کوردەکات ئەنفال بەزامێکی قوڵ و برینێکی سارێژ نەبووی خۆیانی دادەنێن، بڕوانە: تاوانی جاش لە جینۆسایدا، نوسینی سەیوان عومەر، چاپخانەی حەمدی(سلێمانی)، چاپی یەکەم ٢٠١٢، لــ١٢

بەڵام پاش (ڕاپەڕین)* ەکەی بەهاری ۱۹۹۱ زۆربەی ناوچەکانی کوردستان بووژانەوە، شاکەل و دەشت و دەری سەوز بووەوە ، پاشان کە شاکەل ئاوەدان

دەبێتەوە پێش ئاوەدان کردنەوەی شاکەل وەك چۆن شاعیر پێش بینی مردنی خۆی کردبوو، بەهەمان شێوە شێخ ئەحمەد ئاوەدانیەکی ناوچەی شاکەلی پێش بینی کردبوو هەر بۆیە لە دوتوێی هەڵبەستدا پێش بینیەکەی تۆماردەکات و وەڕاستیش گەڕا و خستییە سەر پەڕە بۆمان و بە چەند بەیتە شیعرێك پێمان دەڵێت: کە ئەو شاکەلەی جاران وێران و جێی ئاژەڵ بوو، ئێستاکە گەشاوەتەوە و شین بووە و جێی سەعادەتی دڵ و دەروونە، وەك دەڵێت:

**دەرەودۆڵەکەت جێگەی گەنم و جۆ**

**لەشان و شیوتا هوهویە و کوکو**

**ئەو پەچەو پاڵەت کەجێی ئاژەڵ بوو**

**لەپێی ئاژەلا ژینی لێ تاڵ بوو..............**

**ئێستا لەو جێگە گەنم ئەچێنرێ**

**لەو زەوی و زارەت رەسم ئەسێنرێ**

**(الحمد لله) بەرچاوت تێرە**

**زراعەت کردن ئەسبابی خێرە**[25]

(شاکەلی) لە دەوروبەری ساڵی (۱۹۲۰) زاینی دەستی داوەتە شیعر نووسین، پێشتر لە لای مەلا و حوجرە دەرسی خوێندووە و شارەزاییەکی باشی لە (نەحو و سەرف و بەلاغە و.....هتد) پەیدا کردووە، زمانی کوردی و عەرەبی و فارسی بە باشی زانیوە و بە زاراوەی هەورامیش شیعری نووسیوە، (شاکەلی) سەرەتای شیعرەکانی چەشنی زۆرێك لە شاعیرانی تر خۆی لە ئەشق و دڵتەڕی دەدات و بۆنی گوڵاوی عەتر و ئەشقی ئاشقان لە هۆنراوەکانی دەتکێ، لە بۆنی گەردنبەندی یاری دەیان پارچە غەزەلی

---

*– ڕاپەڕین: سەرهەڵدانێکی جەماوەری بوو، خەڵکی هەرێمی کوردستان لە بەهاری ساڵی ۱۹۹۱ دەستیان پێکرد و ئەنجامیاندا بەرانبەر حیزبی بەعسی عێراقی کە ناوچەکانی کوردستانی لەژێر دەست بوو و خەڵکەکەی دەچەوساندنەوە و خەڵکی باشوری کوردستان دژی ئەو ستمە ڕاپەڕی و نەتەوەو خاکەکەیان ڕزگارکرد لە چەوساندنەوە، بڕوانە، ڕاپەڕینی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد، سوارە قەلا دزێیی، چاپخانەی کارۆ، ساڵی چاپ۲۰۰۵، لـ۱۷۱

[25] – هاشم عاصی کاکەیی، دیوان و یاداشتی شێخ ئەحمەدی شاکەلی شاعیر و خواناسی دەشتی گەرمیان،چاپی پێنجەم، لـ۱۱۵

بەسەر دەشت و دەری گەرمیان لە کەلار و شاکەل و گوندە جوانەکانی ئەو دەڤەرە پەخش و بڵاو کردووەتـەوە، ئـەوکات بـەهۆی کاریگەری (حەمدی)ی شاعیر ئەمیش نازناوی (حەمدی) بۆخۆی هەڵدەبژێرێت، شاعیر گیرۆدەی باڵـای شـۆخێك دەبێـت بـە نـاوی (ڕەعنـا) و لـە چـەند هۆنراوەیەکـدا بـە تـەواوی دان بـەو دڵدارییـەدا دەنێـت و نـاوی یـەکێك لـە کچـەکانی بنەماڵـەی لەبـەر ئـەو خۆشەویستییە بۆ (ڕەعنا) بە نێوی ڕەعناوە دەنێت.

(شاکەلی) کە لە نزیکەی تەمەنی (٢٠)ساڵی دەستی کردوە بە شیعر نوسین و لـەو دەمـەی لاوێتیـدا هـەر شـیعرێکی نوسـی بێـت، لەبەر ئەوە تا ئەوکاتە ئاوێزانی دنیای دینی و تێکەڵ بە رۆحیەتی بیری سۆفیگەری نەبوو، بۆیە زۆربەی شیعرەکانی هەر دڵگەرمی دڵدارانە بووە، گەرچی تا خۆیشی لە ژیانـدا بـوو، نەیدەهێشـت شـیعرە دڵدارییـەکانی بـڵاو ببێتـەوە، چـونکە دوای ئـەوەی شـێخ ئەحمەد تێکەڵ بەبیری دین و سۆفیگەری ئەبێت، ئیتر واز لە ئومراتی دنیا دێنێت و هەموو ژیانی لـە پێنـا و دیـن و ئـاییـنی خـودا بەکاردێنێت، جگە لەوەی کە شێخێکی بە وەفای خانەقای بیارە دەبێت.

ژیانی لاوێتی شاعیرمان، وەك زۆرێك لە شاعیرانی کلاسیکی، سەرەتای شیعرەکانی بە دڵداری دەست پێ کـردوە و بـۆ نووسـینی شیعرەکانی (ڕەعنا) ناوێك ئالودەی عەشقی دەکات و لێرەوە ئـەم شـۆخە دەبێتـە هـەوێنی زاینـی شـیعرەکانی شـێخ ئەحمـەد و بەهۆی ئەم شۆخەوە (شێخ ئەحمەدی شاکەلی) شیعری لەدڵا شیرین دەبێت و دەست بە نووسـینی دەکـات، گەرچـی شـیعرەکانی شێخ ئەحمەد زۆرن، بەڵام ئەوەی ئێستا لە دیوانەکەیدا دەبینرێت، زیاترینی شیعری ئایینی و سوفیگەرین، ڕەنگـە خـۆی بەشـی زۆری شیعرە دڵدارییەکانی لە پاش نووسین و پاش ئەوەی دەبێتە سۆفی خانەقای بیارە، ئیتر ئەو شـیعرانەی لـە نـاو بردبێـت!، بەڵام ئەمە لەو ڕاستیە کەمناکاتەوە، کەوا (شاکەلی) بەشێك لە شیعرەکانی و ناوەڕۆکێکی دڵداری هەیە و شیعرە دڵدارییەکانیشـی بەهۆی عەشقی (ڕەعنا)ەوە دروست بوون، کە لەبەشی سێیەمی لێکۆڵینەوەکەمان و لـە تـەوەری نـاوەرۆکی شـیعرە ئایینیـەکانی شاعیردا، ئاماژەمان بەچەند پارچە شیعرێکی دڵداری کردوە.

ڕەنگە ژیانی لاوێتی (شاکەلی) لە ڕووی شیعرەوە زۆرێکی ناوەڕۆکەکانی هەر دڵداری بێت، بەڵام دواتـر بـۆ گـەلێك مەبەسـتی تـری وەك نیشتمانی و ئایینی و لاواندنەوە و شیوەن و وەسف پیاهەڵدان...هتـد، بابـەتی شـیعری نووسـیوە و نـاوەرۆکی شـیعرەکانی بوونە، دواتر کە چاوی بە (شێخ عوسمانی نەقشبەندی) دەکەێت، دەبێتە موردی ڕێبازەکەی و دەبێتـە سـۆفی خانـەقای بیـارەی نەقشبەندییەکان.

## ٢- ژیانی خێزانی (شاکەلی)

(شاکەلی) خۆشەویستەکەی بەنسیبی نابێت و سەر ئەنجام ژیانی خێزانی لەگەڵ ((نازدارخان)ی کچی (ئیبراهیم ڕەمەزان ئاغای پاڵانی) پێك دێنێت ودەبێتە هاوسەری و پاش ئەو (مەریەم خان)ی کچی (حەکیم قادر بەرزنجی) دەخوازێت و چوار کوڕ و سێ کچی لێ دەبێت و ناوی کوڕەکانی (محەمەد، ئەنوەر، عەسمان، سەعید) و کچەکانیشی (ڕابیعە، ڕەعنا، نەسرین))[٢٦] ، کە لەکوڕ و کچەکانی شێخ ئەحمەد هەریەك لە ( ئەنوەر، نەسرین) لە ژیاندا نەماون و ئەوانی تر تا نووسینی ئەم لێکۆڵینەوە لە ژیاندان و بەشێکی زۆریان تا ئێستا لە بوارە جیاجیاکانی ئەدەب و هونەردا خزمەت دەکەن، شێخ ئەحمەد لە ژیانی خێزانیدا زۆر گرنگی بە خانەوادە و نەوەکانی دەدات و هەمیشە ئاگای لێیان بووە، پاش مردنی هەریەك لە (ئەنوەر، نەسرین) ئیتر شێخ ئەحمەد بەجارێك لانە وێرانی ڕوو لە دڵی دەکات و خەمێکی زۆر بەرۆکی دەگرێت، کە دواتر هەر بە شیعر ئەو دڵ خەمگینەیی دەر دەبڕێت، لەیاداشتەکانیدا باس لە مردنی نەسرین دەکات و کە چۆن کاتێك شێخ ئەحمەدی شاکەل لەماڵ نابێت و نەسرینی کچە بچوکی دەکەوێتە ناو حەوزی ئاوی ئاشەکەی ماڵەوە و دەخنکێت و کە هەواڵی مەرگی نەرسرین بە (شاکەلی) دەگات، هەر ئەوکات سەراپا گیانی لە جەستەی سیس دەبێت و بەرچاوی تاریك دەبێت و خەمێکی گەروە دەکەوێتە سەر کۆڵی، مردنی نەسرین زۆر کاری کردە سەر ژیانی خێزانی شاکەلی، چونکە ئەوکات نەسرین منداڵ دەبێت و هەمیشە لەسەر ڕێگەی شێخ ئەحمەد دادەنیشت تا باوکی دەهاتەوە و باوکیشی ئەمەی زۆر لا خۆشەویست و لە دڵا شیرین بوو، بەڵام کە لە ژیاندا نامێنێ ئیتر ئەو خەمە گەورەی کە ڕووی تێدەکات مەگەر هەر توانی بێتی بەخامەی ڕەنگین و بیری قووڵ و دڵی خەماوی خۆیەوە لە دوو تویی شیعردا ئەوخەمانەی دەر ببڕێت کەلەم پارچەدا ئەو بێتاقەتیەی شاکەلی بەدیاردەکەوێت کە دەڵێت:

**غەمگینە دڵم زارە لەبەر فیرقەتی نەسرین**

**پەستە دڵەکەم ئێستە لەبۆ تیبەتی نەرسرین**[٢٧]

دڵ خەمگینی و بێتاقەتی لەدەستدانی نەسرینی ڕۆڵەی شاکەلی بۆ شاکەلی یەکەم خەم و کۆتا خەمی گەورەی نابێت و بۆیە کۆچی (ئەنوەر)ی کوڕیشی دێتە سەر، پاش ئەوەی (ئەنوەر)ی کوڕی شاعیر ((لە تەمەنی گەنجیدا و لە قۆناغی سێی زانکۆی سلێمانی کۆلێژی ئاداب بەشی زمانی کوردی بوو، لە سەر ڕێگای (چوارتا و ماوەت)دا بە ڕووداوی ئۆتۆمبیل کۆچی دوایی دەکات

[٢٦] – چیمەن عەلی لەتیف، جوانکاری لە شیعرەکانی(شێخ ئەحمەدی شاکەلی)، باسی دەرچوونی زانکۆیی (زانکۆی گەرمیان)٢٠١٦، لـ١٤

[٢٧] – هاشم عاصی کاکەیی، دیوان و یاداشتی شێخ ئەحمەد شاکەلی شاعیرو خواناسی دەشتی گەرمیان،چاپی پێنجەم، لـ١٣٣

و تەرمەکەشی لە پێنجوێن بە خاك دەسپێردرێت))[٢٨]، کۆچی ئەنوەر بۆ شێخ ئەحمەد خەمێکی تر بوو کە هاوشێوەی نەسرین و بگرە زیاتر دڵی شاکەلی شەق کرد و جارێکی تر خەمی کردە میوانی دڵی (شاکەلی) و شاکەلی لەدەست دانی ئەم نەوەی خێزانەکەی پڕ بەدڵ کاریگەری دەبێت و وای لێ دەکات، کەوا لە یادەوەرییەکانیدا چەند غەزەلێکی بۆ بنوسێت و تیایدا حوزن و بێتاقەتی خۆی بە شیعر دەر دەبڕێت و هەر بە خوێندنەوەی شیعرەکانی دەردەکەوێت، کەوا کۆچی(ئەنوەر) بۆ شاعیر چەند کاریگەر بووە، خەمی شاعیر زیاتر لەم شیعرەیدا دەبینرێت، کە بەناوی (هاتنەوەی پایز و نەهاتنەوەی ئازیز) لە دیوانەکەی چاپ کراوە و دەڵێت:

**گەرمی گەرمیان نەما تەئسیری**

**ئەبەخشێ ژیان هەوای دڵگیری**

**لە پێنجوێن خۆشتر دەشتی شاکەلە**

**چاوەڕێی ڕێگەی شاگوڵی گەلە**[٢٩]................

بە خوێندنەوەی شیعرەکانی ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کەوا (شاکەلی) زۆر گرنگی داوە بە ژیانی خێزانی، چونکە هەر لەگەڵ ڕوودانی ڕووداوێك بەسەر ژیانی خێزانی خۆی و شاکەلییەکان، یەکسەر ئەو خەمەی بە شیعر تۆمار کردوە و بۆ هەمیشە لەبەر چاوی ئێمەیشدا ماوەتەوە، تەنانەت گەر ئەندامێکی خێزانی شاکەلیەکانیشی لێ دوور کەوتبێتەوە، گەرچی بۆماوەیەکی کاتیش بێت، ئەوە هەر کاریگەری لە دڵی (شاکەلی) کردوە و پێی خەمبار بووە و دیسان بە شعیر ئەو خەمەی دەربڕیوە، بۆنموونە کاتێك باوکی (فەرهاد شاکەلی) واتا (محەمەد شێخ سلێمان) کە (شێخ سلێمان) ئامۆزای شاعیر (شاکەلی)دەکات، کاتێك حیزبی بەعس خێزانی حەمەی شێخ سلێمان دەگرن و ڕایان دەگوێزنەوە بۆ (کەربەلا) و لەوێ بۆ ماویەکی زۆر لە زینداندا دەبن و شێخ ئەحمەد دەردی دوری و خەمی دورکەوتنەوەی ئەو بەشەی خێزانی شاکەلیەکان بە شیعر دەردەبڕێت و دەڵێت:

**"شاکەل"م نایە بەبیرا هام لە بیری کەربەلا**

**چاوەکانم وەك فوراتن بۆ ئەسیری کەربەلا**[٣٠]

---

[٢٨] – گفتوکۆ لەگەڵ (شێخ سەعید شاکەلی) کوڕی بچووکی شاعیر شێخ ئەحمەدی شاکەلی سەبارەت بە ژیانی خێزانی شێخ ئەحمەدی شاکەلی، بەرواری ٢٠١٧/٥/١٧

[٢٩] – هاشم عاصی کاکەیی، دیوان و یاداشتی شێخ ئەحمەد شاکەلی شاعیرو خواناسی دەشتی گەرمیان، چاپی پێنجەم، لـ١٤٥

هەروەها لە ژیانی خێزانیدا گەلێك شیعری تری بۆ نەوەی شاكەلییەكان نووسیوە، لەوانە شین بۆ (مەحموودی كوڕی شێخ سلێمان) و هەروەها وەسفی (ئەمجەدی كوڕی مەحەمەدی كوڕی شێخ سلێمان) و (فەرهاد شاكەلی) كە بەناوی شیعر بۆ (ئەنوەری حەمە)وە نووسیویەتی، هەروەها شیعری بۆ (شێخ سەعیدی شاكەلی) كە كوڕی بچووكی ( شێخ ئەحمەدی شاكەلی)یە نوسیوە كە هەموو ئەمەی لەچاپی پێنجەمی دیوانەكەیدا هەن.

لە ژیانی خێزانیدا شێخ ئەحمەد زۆر گرنگی بەوە داوە، كەوا نەوەكانی هەمیشە بخاتە بەر خوێندن و نووسین و گرنگی بە خوێندەواری بدەن و ببنە چرای ڕۆشنكەرەوە بۆ داهاتووی میللەتیان، بەهۆی ئەوەی كەوا لەو دەمەی شاكەلییدا خوێندن هەر لە مزگەوت و حوجرەكاندا بووە پاشان قوتابخانەیەك كراوە تەوە و شاكەلی بۆخۆی زمانی فارسی و عەرەبی بەباشی زانیوە و ئەمەیش وای كردوە، نەوەكانی لەوە وە فێری فارسی بن، لەلێدوانێكمدا سەبارەت بە ژیانی شاكەلیەكان لەگەڵ (شێخ محەمەد شاكەلی) كوڕی گەورەی شێخ ئەحمەدی شاكەل، باسی ئەوە دەكات كە بەهۆی ئەوەی باوی هەمیشە خەریكی خوێندن و هەروەها هانی ئەویشی داوە كەوا بخوێنێت و فێری خوێندن بێت و ئەشڵێ منیش هەر بە گوێگرتن و سەیر كردنی دەستی باوكم(شێخ ئەحمەدی شاكەلی) فێری زمانی فارسی بووم.

### ٣- مردنی (شاكەلی)

(شاكەلی) پاش ئەوە ئیتر لەسەر ڕێبازی نەقشبەندی تەواو تێكەڵ دەبێت، ئیتر ئەوكات تاقە یارێكی هەبوو ئەویش (شێخ عوسمانی نەقشبەندی) بوو، شێخ ئەحمەدیش پیاوێكی عیرفان و بە تەسەوف بوو، عاشقی ڕێبازی نەقشبەندی بوو، بە بۆنەی ئەم عیشقەوە بۆتە شاعیرێكی ناسك خەیاڵ و بەرزی عیرفان، شاكەلی پلەیەكی گرنگی تەسەوفی بڕی بوو، كە بەشێوەیەك خۆی مردنی خۆی پێش بینی كردبوو، پەیوەندی و خۆشەویستیەكی زۆری بۆ شێخ عوسمان هەبوو، شەو ڕۆژ لە یادی ئەو پیاوە مەزنە خواناسەدا بوو، تا دواجار كە شێخ سەعید بۆی باسكردم كە(( بەدیداری شێخەكەی شاد دەبێتەوە و زۆر دڵ خۆش دەبێت پێكەوە لە ماڵی شاكەلی دادەنیشن و كاتی نان خواردن و سفرەی نان ڕازاوەتەوە و شێخ ئەحمەدی شاكەل بە شێخ عوسمان دەڵێ: قوربان من ئەم غەزەلەم بۆ ووتووی و ناتوانم بە خۆم بۆت بڵێمەوە و بەدەنگی خۆم تۆمارم كردوە و دامناوە بۆ ڕۆژێكی

---

[٢٠] – هاشم عاصی كاكەیی، دیوان و یاداشتی شێخ ئەحمەدی شاكەلی شاعیر و خواناسی دەشتی گەرمیان،چاپی پێنجەم، لــ١٢٠

وا، ئیجازە هەیە گوێی بۆ ڕاگرن، شێخ عوسمانیش خۆشحاڵی خۆی بۆ گوێگرتن لە شیعرەکەی شێخ ئەحمەد دەردەبڕێت))[31] و گوێ دەگرێت، کە بەم شێوەیە:

**گوڵاڵەی ژینی من ئازیز بەبێ تۆ تازە نابێتۆ**

**ئەگەرچی ڕۆژی نەورۆزە گوڵشەن ئەپشکێتۆ**

**خەیاڵی حوسنی دیدارت لەسەحنی سینە گوڵزارە**

**چە خۆشە مەنزەرەی کاتێ بە ئاوی چاو ئەشۆرێتۆ...............**

**بەهاری (شاکەل) بێتۆ گەڵاڕێزانی پایزە**

**بەڵی نەورۆز ئەو ڕۆژەیە تۆی تیایا ببینێتۆ**[32]

لەگفتوگۆیەکماندا لەگەڵ (نەسرین شاکەلی) کوڕە زای شاعیر شێخ ئەحمەدی شاکەلی، ڕاستی مردنەکی دووپات دەکاتەوە کەدەڵێ: (( کاتێك باپیرم شیعرەکەی خوێندەوە لەبەر دەم شێخ عوسمان کە کاتی نان خواردن بوو لەگەڵ نانخواردنەکەیدا و بردنی پارووییەك بۆ دەمی، ئیتر ڕەنگی تێك دەچێ و ئیتر هەر ئەوە دواساتی تەمەنی بوو))[33]، هەروەها شێخ عوسمانیش وەك لە چاپی پێنجەمی دیوانەکەیدا ئاماژەی پێداراوە دەڵێ: کە گوێمان لەم شیعرە ڕاگرتبوو سەرنجم دا شێخ ئەحمەد ڕەنگی تێکچوو لەوکاتەیشدا کە سفری نان خواردن دانرابوو و نانیان ئامادەکردبوو بۆ خواردن کە شێخ ئەحمەد ویستی پارووییەك ببات بۆ دەمی، بینیم شێخ ئەحمەد چاوی پڕبوو لە فرمێسك لە ئازارا، داخی گرانم هەر بەو ئازاروە فەوتی کرد.

(شاکەلی) جیاواز لە زۆرێك لە شاعیرانی تری کوردی، ساڵی لە دایکبوون و مردنی ڕێك و دیارە، تەنها ئەوە نەبێت، کە لە دیوانەکانی و ئەو نووسینانەی کە لەسەری کراون، چەند ساڵێکی کەم لە لەدایکبوونەکەی دواخراوە، بەندەیش ئەوەی ڕاستکردوەتەوە، لەوەزیاتر ئیدی لێڵی یەك لە دیاریکردنی لەدایکبوون و مردنی شاعیردا نییە، شاعیر هەر لەخزمەتی شێخ

[31] – گفتوگۆ لەگەل(شێخ سەعید شاکەلی)کوڕی بچوکی (شێخ ئەحمەدی شاکەلی) سەبارەت بە مردنی شاکەلی، بەرواری ٢٠١٦/٥/١٧

[32] – – هاشم عاصی کاکەیی، دیوان و یاداشتی شێخ ئەحمەد شاکەلی شاعیرو خواناسی دەشتی گەرمیان، چاپی پێنجەم، لـ٤٩

[33] – گفتوگۆ لەگەڵ (نسرین شاکەلی) کوڕەزای ( شێخ ئەحمەدی شاکەلی) سەبارەت بە مردنی شاکەلی، بەرواری ٢٠١٦/٧/٢٠

عوسمانی بیاره له ڕۆژەی (١٤/٢/١٩٨٢) له تەمەنی ٨٠ساڵیدا بۆ ئەو پیره خۆشەویستەی پارچه هۆنراوەیەك دەخوێندەوە، ڕۆحی پاكی دای له شەقەی باڵ كۆچی دوایی دەكات.

مردنی شاعیر بۆ هاوەڵانی گەلێك ناڕەحەت بوو، دۆسته نزیكەكانی وەك ( شێخ عوسمانی بیاره و مامۆستا عەبدولكەریمی مودەریس و حاجی برایمی شاتری ...هتد) لەپاش مردنی گەلێك لاواندنەوه شیعریان بۆ كۆچی دوایی شێخ ئەحمەد نوسیوە، كه هەموویان گوزارشت له خەم دەربڕینی هاوەڵانی دەكات بۆ ( شاكەلی)، كه ئەمەی خوارەوە چەند نموونەیەكن لەو پار شیعرانەی كەوا بۆ كۆچی دوایی (شاكەلی) لەلایەن چەند هاوڕێ و دڵسۆزێكیەوه نووسراوە:

– شیعری شێخ عوسمانی نەقشبەندی بەبۆنەی كۆچی دوای شێخ ئەحمەدی شاكەلی:

**هەزار ئافەرین كۆی نوری ئیمان**

**نەشئەی نەسیمەی ئیمان نەسیمان**

**دیانی ڕوخسار چهرەی گوڵ گوڵی**

**گوڵاڵە سورەی دەشتی شاكەلی**

**جەماڵت نموونەی شەهیدانی بەدر**

**ڕۆحت ئەحیا بی نەلیلەتول قەدر**[٣٤]

– شیعری مامۆستا عەبدولكەریمی مودەریس بەبۆنەی كۆچی دوایی شێخ ئەحمەدی شاكەلی:

**من دڵ سوتاوی مەرگی ئەحمەدم**

**سوتاو به هیجران موو جەسەدم**

**كێ بێ یاد بكەم له گەرمیانا**

**بێته حوجرەكەم لەبەر بەیانا.........**

**ئاخ له ئازاری تیرەكەی ئەجەل**

**داخ بۆ دڵداری شێخەكەی شاكەل**[٣٥]

---

[٣٤] – هاشم عاصی كاكەیی، دیوان و یاداشتی شێخ ئەحمەد شاكەلی شاعیرو خواناسی دەشتی گەرمیان، چاپی پێنجەم، لــ٢٦٧

[٣٥] – هاشم عاصی كاكەیی، (هـ.س.)، لــ٢٧١

- شیعری حاجی برایمی شاتری به بۆنەی کۆچی دوایی شێخ ئەحمەدی شاکەلی:

**سەلامت لێ بێ قوتبی گەرمیان**

**ماڵ ئاوایت کرد بەجارێ لێمان..........**

**قوربان تۆ ڕۆییت بۆ جێگەی تازە**

**خزم و دۆستانت هەموو بێنازە**

**موبارەکت بێ تازە هەوارت**

**جێگای ئەبەدیی دار القرارت**[٣٦]

**تەوەری دووەم/ ڕۆشنبیری و سۆفیگەریتی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی شاکەلی**

**١- ڕۆشنبیریی (شاکەلی)**

(شاکەلی) ئەو شاعیر و خواناسە بەناوبانگەی دەشتی گەرمیانە، کە دەمێکە ناوبانگی بە ناوچەکەدا بڵاو بووەتـەوە، خـەڵکانێکی زۆر ئەویان ناسیوە، چ لە ڕیگای ئەدەبیاتەوە بێت، یان لە ڕێگای خواناسی و هاموشۆی تەکیە و مزگەوتی شاکەلییەوە بێت، ئـەو پیاوە بەدینە ئاشقی شێخ عوسمانی دووەم و ڕێڕو ڕێچکەی نەقشبەندیان بووە، هەروەك شاعیری گەورە(مەولەوی).

ئەم شاعیرە بەرهەمەکانی (مەولەوی، نالی، مەحوی) لە ژیان و بەرهەمەکانی کاریگەرییان دیارە، شارەزایی باشی لە شیعر و ئەدەبیاتی (کلاسیك)* ی فارسیدا هەبوو ، بەتایبەتی شیعرەکانی (سەعدی، حافز، مەولانا جەلالـەدینی ڕۆمـی)، کە ئەو کاریگەرییەی بە نوسین دەردەکەوێت و چەند پارچە غەزەلێکی بەزمانی فارسی نوسیوە و ئەمی خوارەوە نموونەیەکـە لـە شیعری شاکەلی بە زمانی فارسی:

---

[٣٦] - هاشم عاصی کاکەیی، دیوان و یاداشتی شێخ ئەحمەد شاکەلی شاعیرو خواناسی دەشتی گەرمیان، چاپی پێنجەم، لـ٢٧١

*- کلاسیك: لەسەردەمی سەرهەڵدانی ڕێبازی کلاسیکی نوێ، واتا لەسەدەی حەڤدەیەمی زاینی، ڕابەرانی کلاسیکی نوێ کۆمەڵێك ڕێساو بنەمای پتەویان بۆ کاری ئەدەبی دانا، مەرجی شاعیری چاك لەو سەردەمەدا ئەوە بوو لاسایی پێشینانی کریگ و ڕۆمانی بکاتەوە، ئەمە هەم لە جۆرە ئەدەبیەکان و هەم لە(دەربڕین، تەکنیك، شێواز، کێش، سەروا، هونەرەکانی ڕەوانبێژی)، بڕوانە، زمانی شیعر و ڕەخنەی ئەدەبی نوێ(ئەزموونی شاعیرانی هەشتاکانی هەولێر بەنموونە)، بڕوانە: محەمەد عەبدولکەریم ئیبراهیم، نامەی ماستەر(زانکۆی سلێمانی)، ٢٠٠٩، لـ١٤

**تار تاری زلف سنبل است این یاسمین موست این**

**حلقه دامی بلا یا پیچش گیسوس این**

**خنجر فولاد یا شمشیر یاخود نشتر است**

**قبله دلهاست یا محراب یا ابروست**

**جنس ادم یا پری یا حوری باغی ارم**

**گاوس است این فریشته کبل یا اهوست این**[٣٧]

لێرەدا ئالودەو گیرۆدەیی خۆی بە شۆخەکە دڵاوێزانەکەی دەربڕێت و بەجوانی و سحروای بەژنی یاردا دەڵێت کە تاڵـەکانی قـژی چۆن دروست بووە! ئەمە سنبول یاسەمینی بۆن خۆشە، یاخود خەنجەرو شمشێر و چـەقی قەسـابە، سـەری سـوڕماوە لـەجوانی یاری و بۆیە دیسان دەڵێت: خڕو کەوانەی بری یار وەك میحرابە و قیبلەی دڵانە، کە شـاعیر لێـردا لەوبـەڕی جـوان بـینی خۆیـەوە دەڵێت ئەم شۆخەی من ڕەگەز و خەڵقی ئادەمە یان پەری فریشتەی ئیلاهی و ئاسمابییە، هتد..

(شـاکەلی) بەرهەمـەکانی کـاتی خـۆی لـە گۆڤـاری (گەلاوێـژ و هـەتاو)دا بڵاوکراونەتـەوە، هەڵوێسـتی شـاعیر تـا کۆتـایی ژووانـی پشتگیریکردنی مافە ڕەواکانی گەلەکەی بووە ، لە ناو کۆڕ و کۆمەڵدا بە نووسین و وتار خەڵکی ئاراستەی خۆشەویستی نیشتمان و یەکگرتن کردووە، زۆر پەرۆشی بڵاوکردنەوەی خوێندن و خوێندەواری بووە لە وڵاتدا، کە هەموو ئەمـەی بـە شـیعر دەر بڕیـوە، تەنانەت ئەو هەستە نیشتمانیەی کـە بـۆ خوێنـدن و نووسـین هـەیبووە، زۆر پەرۆشـانە بـووە، کـە مەگـەر هـەر بـە خوێندنـەوەی شیعرەکانی ئەو پەرۆشـی و خـەمـە گـەورەی شـاکەلی ببیـنین، لـە شـیعرێکیدا کـە هـانی منـداڵ و گـەورە دەدات، کـە بخـوێنن تـا پێشکەون و باسی دواکەوتووی و خراپی نەخوێندەواری دەکات، کە تیایدا دەڵێت:

**کاتی خوێندنە وادەی خەو نەما**

**ڕووناکی ڕۆژە ڕەشی شەو نەما**

**نووسین فێربن تیشك ئەهاوێژێ**

**ڕەشایی قەڵەم چاوت ئەڕێژێ**[٣٨]

---

[٣٧] – هاشم عاصی کاکەیی، دیوان و یاداشتی شێخ ئەحمەدی شاکەلی شاعیرو خواناسی دەشتی گەرمیان، چاپی پێنجەم، لـ١٨٥

[٣٨] – جەمال محەمەد محەمەد ئەمین، دیوانی شاکەلی (شێخ ئەحمەد محەمەدی گەرمیانی)، مطبعة الامة(بغداد)، چاپی یەکەم ١٩٧٩، لـ١٥٤

یان دەڵێت: **گیانە بخوێنن بەڵکو پێشکەون**

**تاکەی ئەسیری لانکە و بێشکەون**[39]

کە تەواوی شیعرەکەی لەسەر خوێندن و گرنکی خوێندن و نوسینە، شاعیری لە ژیانیدا گەلێك چەوساوەتەوە ئەو چەساندنەوەیەیش لای هەموو کوردێك ڕەنگی داوەتەوە و هەستێکی بەگڕوتینی درووستکرد، جا ئەم هەستە هەریەك بە شێوەیەك دەری بڕیوە ، بۆیە شاعیریش وەکو ڕۆشنبیرێکی نەتەوە و نیشتمانەکەی ئەو هەستەی بە شیعر دەربڕیوە، وەك ڕۆشنبیرێکی ئەو دەمە خۆی بە بەرپرسیار زانیوە لەبەرانبەر ئەو زووڵم وزۆرە کە بەرانبەر بە نیشتمان و نەوەکانی نیشتمانەکەی دەکرێت و بە ئەرکی خۆی زانیوە لە نێو شیعرەکانیدا گرنگی پێ بدات و باسی لێوە بکات، چونکە لەو باوەڕەدا بوو، کە هەر داگیرکردن و زوڵم و زۆرێك لەگەڵ نەتەوەی ژێردەستە بکرێت، ئەمیش وەك ڕۆشنبیر بەرپرسیارە لەوەی کە ڕوویداوە، هەر بۆیە شاعیر وەك ڕۆشنبیرێکی ئەو سەردەمەی نەتەوەکەی، خۆی بە بەرپرسیار دەزانێت بەرامبەر چەوسانەوەی نەتەوەکەی و چەوساندنەوەی نەتەوەکەی بە وێنەی شیعری جوانەوە دەخاتە سەر کاغەز بۆمان و ئەرشیفی دەکات و وێنە ناخۆشییەکانی چەوساندنەوەی نەتەوەی ئەو سەردەمەمان بۆ پێشان دەدات.

بێگومان کاتێك ناوی ڕۆشنبیر دەنێن لە شاعیر، چونکە لەو سەردەمەدا بە شێوەیەکی گشتی کۆمەڵی کوردەواری تا ڕادەیەکی زۆر بووە، بۆیە لەو سەردەمەدا کەسانێکی کەم نەبێت کە کوڕی ئاغا و بەگ یان کوڕێ بنەماڵەیەکی ناودار یان شێخ و مەلا نەبوونایە توانای ئەوەیان نەبوو بخوێنن، لەوکاتەشدا سەرچاوەی فێربوونی خوێندن تەنیا لە مزگەوتەکانەوە بووە، کە (شاکەلی)یش خوێندکارێکی زیرەکی حوجرە بووە، بەوەی توانیویەتی زمانی عەرەبی و فارسی و ئەدەبی ئەو دوو زمانە بەباشی فێر ببێت و بزانێت.

(شاکەلی) پەیوەندی پتەوی بە کۆمەڵگای خۆیەوە هەبووە و لە سەردەمی لاوێتیدا بەشداری بزووتنەوەی ڕزگاری گەلەکەی کردووە، کاتێك پرسیارمان لە ژیانی سیاسی (شاکەلی)کرد لەگەڵ شێخ محەمەدی کوڕی، ئەوەی پێ ووتین کە((شاکەلی لەڕووی سیاسییەوە ئەندامێکی چالاکی (حیزبی هیوا)بووە ، لەوکتێبانەی کەباسی مێژووی هیوا و بزووتنەوەی ڕزگاری خوازی کورد دەکەن هەمووی باسکراوە ، شاکەلی لەو حیزبەدا کەسێکی دیاربووە و لە کۆبوونەوەکاندا بەشداری کردووە، تاکاتێك تەمەنی هەڵچوو ئیدی وازی لە سیاسەت هێناو خەریکی دینداری و عیبادەت بوو پاش خۆیشی کوڕەکانی لە جێگەی ئەو بەردەوام

[39] – – سالح هەلاج، گوڵبژێرێك لە شیعر و شاعیرانی گەرمیان، لـ٦٦

بوون))[٤٠] ، ئیتر پاش ئەوەی کە ماوەیەك وەکوو ئەندامێکی حیزبی (هیوا) بەشداری هەوڵ و تێکۆشانی ئەو ڕێکخراوەی کردووە، ((پاش تێکچوونی هیوا لەساڵی(١٩٤٤) ئیتر ڕاستەوخۆ تێکەڵاوی ژیانی پارتایەتی نەبوو، هەرچەندە هەمیشە لەگەڵ ویست و ئازاری گەلەکەدا بووە))[٤١]، هەر لەبارەی ژیانی و ڕۆشنبیرییەتی شاعیرمان (شێخ ئەحمەدی شاکەلی)یەوە مامۆستا نەریمان لە کتێبی (ئەدەب و نووسەرانی کفری و دەوروپشتی) دەڵێت:" ( لە ساڵانی ١٩٤٤– ١٩٣٦) کە مامۆستای قوتابخانەی کەلار بووم، ئاشنایەتیم لەگەڵ ئەم زاتەدا پەیدا کردووە، کە پیاوێکی ڕاست و دروست بوو، بۆیە (کەریم بەگی فەتاح بەگی جاف) کردبوویە وەکیلی هەموو ئاواییەکانی"، شاعیرمان پیاوێکی کوردپەروەر بوو ، هەروەها سەبارەت بە(شێخ ئەحمەد و شێخ عەلی ئامۆزای شاعیر) بە دوو بولبولی خۆشخوانی دەشتی شاکەل و شێروانە ناویان دەبات و دەڵێ: "زۆرم هاندان شیعریان بڵاوبکەنەوە هاتم لە گۆڤاری (دەنگی گێتی تازە) ژمارە ٢٥ ی ساڵی ١٩٤٦، بە شیعرە بەهارییەکەی شێخ ئەحمەدم بە نموونە هێنایەوە، خۆی پاش ساڵێك ناردییەوە بۆ گەلاوێژ و بڵاوکرایەوە"[٤٢] کە ئەمەی خوارەوە پارچەیەك لەو شیعرە بەهارییەی (شاکەلی)یە کە بلاو کراوەتەوە کەهاوکات هونەرمەندی کوردی گەرمیانی ( مەحموود شێخ وەهاب)یش بەئاوازێکی خۆش کردویە بەگۆرانی ، شێخ ئەحمەد لەو شیعرەیدا دەڵێت:

**بەهاران و ئێوارەی دەشتی سیروان**

**ببارێ جار بەجارێ تاوێ باران**

**بەسەر بەرگی گوڵ و چڵدا بچۆڕێ**

**جلی سەرمای زستانی بگۆڕێ**

**کە عەکسی لێ ئەدا تیشکی خۆراوا**

**گوڵ و گیا ئەچنە بەرگی بوك و زاوا**[٤٣]

[٤٠] – گفتوگۆ لەگەڵ (شێخ محەمەد شاکەلی)کوڕە گەورەی شێخ ئەحمەدی شاکەلی، لەسەر ژیانی سیاسی شاکەلی، بەرواری ٢٠١٦/٦/١٠

[٤١] – هاشم عاصی کاکەیی، دیوان و یاداشتی شێخ ئەحمەد شاکەلی شاعیرو خواناسی دەشتی گەرمیان، چاپی پێنجەم، لـ١٣

[٤٢] – مستەفا نەریمان، ئەدیب و نووسەرانی کفری و دەوروبەری، لـ١٨٢

[٤٣] – لاوان ئەحمەد، شێخ ئەحمەدی شاکەلی شاعیر و خواناسی دەشتی گەرمیان، ژمارە (٢)ی گۆڤاری( هەڵمەت)، لـ٦

مامۆستا نەریمان ئەوەیش دەڵێت :"کە شاکەلی لەو سەردەمەدا زیاتر بە لای کوردایەتیدا دای ئەتاشی، بەڵام (شێخ عەلی) ئامۆزای لەسۆفیگەریدا مەلەوانی دەکرد و دووره پەرێز بوو هەمیشە بەرماڵ بە کۆڵ بوو، دوایی ڕۆژ هات و ڕۆژ چوو، پاش بیست ساڵێك شێخ ئەحمەدیش هەمان ڕێبازی سۆفیگەری گرتەبەر"[٤٤] و ئیتر وازی لە خۆشی و ئەمراتی دنیا هێنا و ببووە بولبولی خۆش خوانی دینی و موریدێکی بەوەفای شێخانی نەقشبەندی و تکیەیی بیارە.

## ٢- (شاکەلی) و ڕێبازی سۆفیگەری

سۆفیزم وەك بزوتنەوەیەکی ئیدۆلۆجی پراکتیکی دوای ئەوەی بەرهەمی ئەدەبی بەرزی عالەمی هێنایە کایەوە لە جموجۆڵ کەوت و وەك تیۆرێك لەناو لاپەڕەکانی کتێب مایەوە، ئەمە ماوەیەکی لەبار بوو بۆ خەلیفە و کاربەدەست و مەلاکانی پارێزەری شەریعەت بزوتنەوەکە بکەن بە داردەست و لەگەڵ شەریعەت بیگونجێنن.

دەتوانین ((شێخ محەمەدی نەقشبەندی) بە دامەزرێنەری ڕێبازەکە دابنەێین لەجیهان و هەروەها (شێخ خالیدی شارەزوی نەقشبەندی) بەیەکەم کەس دانەین کە وەك ڕێکخراوێك ڕێبازەکەی هێناوە کوردستان))[٤٥]، مەلانا خالیدی نەقشبەندی ((هەرلەتەمەنی بالّغ بوونەوە رووی کردوەتە خوێندنی زانستی ئیسلامی لە ساڵی ١١٩٣ی کۆچی، لەگوندی قەرەداخی سەرەبەقەزای مەڵبەندی سلێمانی لەدایکبووە))[٤٦]،.

تائێستایش لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستاندا گرنگی بە ڕێبازەکانی (قادری و نەقشبەندی) دەدرێت، زۆربەی سەیدەکانی بەرزنجی نەقشبەندین و ماڵی شێخ محمودی حەفید و ماڵی کەسنەزان و ئەوانەی لای قادر کەرم و لای ئاکرێ و بەرەبابی شاکەلیەکان، واتا باپیرە گەورەی شاکەلیەکان دۆستی نزیکی (مەولانا خالیدی نەقشبەندی) بووە، لەبەر ئەوە سەر بەڕێبازی نەقشبەندین، هەرچەندە زۆربەی خزمەکانی (شاکەلیەکان بە وتەی (شێخ محەمەد شاکەلی) سەربە ڕێبازی قادرین،ئیدی ئەم بەرەبابەی شاکەلییەکان بوون بە نەقشبەندی کەوتنە ژێر کاریگەریی نەقشبەندییەکان موتەئسیر بوون بەئەفکاری مەولانا و هەروەها خەڵکێکی خوێندەوارو مەلابوون، گەرچیش هەندێك ململانێی فکری هەبووە لەنێوان ئەو دوو ڕێبازەدا (نەقشبەندی و

---

[٤٤] – مستەفا نەریمان، ئەدیب و نووسەرانی کفری و دەوروبەری، لـ١٨٢

[٤٥] – مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی(بەرگی سێیەم)، چاپخانەی ئاراس (هەولێر)، چاپی دووەم ٢٠١٠، لـ٣٨

[٤٦] – سەید محەمەد تاهیر سەید زادەی هاشمی، مەولانا خالید و تەریقەتی نەقشبەندی، چاپخانەی قانع، چاپی یەکەم ٢٠٠٤ (سلێمانی)، لـ٣٣

قادری)، شاکەلییەکان پەیوەندییەکی فکرییان لەگەڵ مەولانا خالید هەبووە تا ئیستەش لەڕووی ئیلتیزامەوە، بنەماڵەی شاکەلییەکان هەر پەیوەندیان بە ڕێبازی نەقشبەندییەوە هەیە، شێخ ئەحمەدی شاکەلیش زۆر عەلاقەمەند بوو بە مەرحومی (عەلائەدینی باوکی شێخ عوسمانی سیرجادینی دووەم)، ئیتر ئەو پەیوەندییە ڕۆحییە لەگەڵ (شێخ عوسمان) بەردەوام بوو، (شێخ عوسمان) جگە لەوەی شێخێکی تەریقەت بوو، پیاوێکی خوێندەوارو شاعیر و ئەدیبیش بوو، ئەمەش یەکێك بوو لەو هۆکارانەی کەلەیەکی نزیکی دەکردنەوە، سەرەتای پەیوەندی (شاکەلی) بە تەریقەتەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دەمەی کە بە ڕێکەوت شاکەلی چاوی بە (شێخ عوسمانی نەقشبەندی) دەکەوێ و دەبێت بە موردی و دەچێتە سەر ڕێبازی نەقشبەندی، یان بەپێی گفتوگۆمان لەگەڵ (شێخ محەمەدی شاکەلی) دەتوانین بڵێین: ((شێخ ئەحمەدی شاکەلی سەرەتای پەیوەندی بە تەریقەتەوە دەگەڕێتەوە ساڵەکانی (١٩٤٦ و ١٩٤٧) و دۆستایەتی نێوانیان گەلێك باش و خۆش دەبێت))[٤٧]، کۆمەڵێك هەڵبەستی دەربارەی ستایش و پیاهەڵدانی ئەو زاتە و ناوچەی هەورامان هەیە، کە هەموو هەڵبەستەکانی دڵبزوێنی و دڵبەندی و عەشقی سۆفیانەی شاعیرە بۆ شێخەکەی، کە وەك لەم چەند دێڕە بە جوانی دەری دەبڕێت:

**ڕێگەکەت پەرژینەکەم تا شاکەل و شێروانە بۆت**

**حەیفە بۆچی تۆ نەبینی دەشتە سەوز و شینەکەم**

**شینەکەم بۆ شاکەلی کەم زارو ئاوە، شۆرەزار**

**شاکەلی قوربانی تۆ بێ شێخەکەی نەقشینەکەم**

**شێخەکەی نەقشینەکەم قوربانی تۆبێ ژینەکەم**

**حازری ئەفکاری تۆ بووم بۆ ویقایەی دینەکەم**[٤٨]

پەیوەندی سۆفیگەرییانەی شاکەلی پەیوەندییەکی ڕۆحی بووە و تەواو تێکەڵ بووە و لەگەڵیدا و هەر لەگەڵ تێکەڵ بوون بۆ دنیای سۆفیگەری ئیتر شاکەلی واز لە خۆشی وئیموراتی دنیا دێنێت و تەواو تێکەڵ و عەشقی ئیلاهی و دنیای خوا پەرەستی دەبێت و هەمیشە بەرمال بەکۆڵ و هەروەها وەك موریدێکی ڕێبازی نەقشبەندی عیشقی شێخەکەی دەبێت لە بیارە، جگە لە رووە ڕۆحیەکەیش هاوکات تێکەڵی و دۆستایەتیەکی زۆر پتەو لە نێوان و خۆی شێخەکەی دەبێت، ئەم دۆستایەتیە رۆحیەی نێوانیان

---

[٤٧] – گفتوگۆ لەگەڵ(شێخ محەمەد شاکەلی)کوڕی گەورەی شاعیر(شاکەلی)، بەرواری ٢٠١٦/٦/١٠

[٤٨] – هاشم عاصی کاکەیی، دیوان و یاداشتی شێخ ئەحمەد شاکەلی شاعیرو خواناسی دەشتی گەرمیان، چاپی پێنجەم، لــ٦٩

وای کردوە، کەوا سەر بۆ دنیای ئەدەبیش ببات و پەل بۆ جوانی ئیستاتیکای شیعری سۆفیانە بهاوێت و چەندین پارچە غەزەلی جوان لە نیوان شەکەلی و شێخی بیارەدا لەدایك بێت و پایەیی ئەدەبی کوردی زیاتر پێ دەوڵەمەند ببێت، کە هەر جارە و لە نامە گۆڕینەوەکانی نێوانیان بەچەندین پارچە شیعری جوان وەڵامی یەکیان داوەتەوە، ئەم چەند دێرە شیعری خوارەوە یەکێکن لەو شیعرانەی کەوا پاش دڵبەند بوونی شاکەلی بە دنیای سۆفیگەری بۆ شێخەکەی دەنوسێت و دەڵێت:

**رابەری دنیاو دینم کاکە عوسمانی عەلا**

**چیم لە دووری دوڕوە، گەر تۆلە سینەی شاکەلا**

**شاکەلی شادە بەحاڵت شاهی ئێمە تۆی ئەوێ............**

**بۆ ئەوە وا ڕوو لە تۆیە کۆمەڵێ سۆفی و مەلا**

**پێمە زنجیرو ئەسیری ئارەزو و نەفس و هەوا**

**تا هەوا مابێ لەسەرما وام لە هەورو دوکەڵا**[٤٩]

هەروەها شێخ عوسمانی نەقشبەندین چەندین پارچە شیعری تایبەتی بۆ شاکەلی نوسیوە و وەسفی موریدەکەی کردوە، کە چ سۆفیەکی بە ئەمەکی خانەقای بیارە بووە و ئەم وەسفەشی بەهەمان شێوەی شاکەلی بە شیعر دەر بریوە و بۆ شێخی شاکەلی ناردوە، کە پاش ئەوەی ئەڵێ: ((جەنابی زۆر موحتەرەم زۆر خۆشەویستی هەردوو دیەم ئەدیبی ئەدیب شاکەلی، شاگوڵی ئودەبا و ڕەونەقی بەزمی مەجالیسی عورەفا، بولبولی گۆیای ڕومووزی شوعەرا ))[٥٠].

هەروەها شاکەلی پایەی شیعری سۆفیگەرییەکەی زۆر جوان دەردەکەوێت لە ناو شیعرەکانیدا، چونکە چ وەك ئەزموون، کاتێك بەوە دەستی کردوە بە نوسینی، کەوا پێشتر شیعری بۆ چەند مەبەستێکی تر نووسیی بوو، کەئەمەیش یاریدەی داوە بتوانێ دەست و بیری زیاتر ڕابێ لە نوسین و هۆنینەوە، هەروەها خۆشەویست و شێخەکەیشی هۆکارێکی تری بوو، کەوا جوانتر و هونەرییانەتر شیعر بنوسێت و وێنەی هونەری جوانی بەبەردا بکات.

[٤٩] – هاشم عاصی کاکەیی، دیوان ویاداشتی شێخ ئەحمەدی شاکەلی شاعیر و خواناسی دەشتی گەرمیان،چاپی پێنجەم، لـ٣٤

[٥٠] – بروانە:دەست نووس و نامە و یادشتەکانی نێوان شێخ عوسمانی نەقشبەندی و شێخ ئەحمەدی شاکەلی و بروانە چاپی پێنجەمی دیوانی شاکەلی،لـ٤١٧

(شاکەلی) پاش جێگیربوونی لە دێی (سەیدە)* زۆربەی کاتی خۆی بە خواپەرستی و ڕۆشنبیر و ئـەدەب دۆسـت و سـۆفیگەرییەوە خەریك بووە. لاو و پیر لە شارەکانی بەغداد و کەرکووکەوە سەردانیان دەکرد و وەکو سەرچاوەیەك لە شیعر و ئەدەبی کـوردی و فارسی کلاسیك و سۆفیگەری سوودیان لێ وەرگرتووە، چونکە شـاکەلی خوێنـدنی حـوجرەی ئـەوکاتی تـەواو کـرد و خوێنـدن لـە حوجرەی ئەو دەمە زۆر باوبووە زۆرێك لە فێرخوازانی ناو حوجرەکان دوانزە عیلم بوونە و هەروەها شارەزایی باشیان لە ئەدەب و نوسینی فارسی و عەربی هەبووە، ئەمە جگە لەوەی شاکەلی بەهۆی پەیوەندە بە خانەقای بیارەوە توانیوەیەتی بە هـەورامیش شیعر بنوسێت، هەر بۆیە خەڵکێکی زۆر لە دەورو بەری گەرمیانەوە هاتوونە لای وەك سەرچاوەی شیعری کلاسـیکی سـودیان لـێ بینیوە.

هەروەها سەبارەت بە پایەی دینی و ئەدەبی شاعیر لە چاپی پێنجەمی دیوانەکەیدا هاتووە کەوا شێخ عوسمان لە چاچی دووەمی دیوانی شاعیر، لەبارەی شێخ ئەحمـەدەوە وتوویـەتی:" شـاکەلی مرۆڤێکـی گـەورە و ناسـراو بـوو لـە ناوچـەی گـەرمیان، لـەپاش وەرگرتنی تریقەتی تەسەوف، وازی لە ئموراتی دنیایی هێناوە، زۆربەی کاتی لە ڕێی خواناسی و ئموراتی دینیـدا بردوەتـە سـەر، عرفان تەسەوف هەروەها عەشقی بەسلوك و سۆفیایەتی، پلەیەکی گرنگی ڕێگەی عەشقی ئیلاهی کەشـاعیر بەسـەری بـردوە، وە بەبۆنەی ئەم عیشقەوە بۆتە شاعیرێکی ناسك خەیاڵ و بەرزی عیرفان و تەسەوف و مەحبوبی حەزرەتی باوکم (شێخ عەلائەدین) و زۆر خۆشەویستی منیش بووە، تاڕادەیەك پلەکانی گرنگی تەسەوفی بـڕی بـوو، کـە خـۆی مردنـی خـۆی پـێش بینـی کردبـوو"[51]، سۆفیگەری دنیایەکی سەربەستی خواناسییە، عیشقێکە عاشق تێدا مەلەوانی دەکات، ئەوانەی کە لە دەریای تەسـەوفدا مەلـەوانن هەمیشە چاویان لە دەستی ساقی مەیخانەیە، بەڵکو جامی سـەرفرازی ڕۆحیـان بنۆشـن و مەسـتێکی هەمیشـە مەسـت بـن، بۆیـە (شاکەلی) لەم بارەیەوە دەڵێت:

**سەروماڵم فیدای جامی ساقی**

**کە ئێمە (فانی)و ئەو جامە (باقی)**

**بنۆشە سا لەدەس ساقی تۆ جامێ**

**بە(ساقی) دڵ بدە شەوقت ئە ئەوێ**[52]

*- سەیدە: یەکێکە لە گوندەکانی دەشتی شاکەلی لە گەرمیان کە سەر بەقەزانی کەلارە

[51] - بڕوانە: چاپی (دووەم) و (پێنجەم)ی شێخ ئەحمەدی شاکەلی شاعیروخواناسی دەشتی گەرمیان

[52] - هاشم عاصی کاکەیی، دیوان و یاداشتی شێخ ئەحمەد شاکەلی شاعیرو خواناسی دەشتی گەرمیان، چاپی پێنجەم، لـ٩.

### ٣- پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی (شاکەلی)

شاکەلی پیاوێکی کۆمەلاتی و خۆش خوان بووە و هەمیشە لەسەردانی هاوەڵ و دۆست وخـزم و هاورێیـانی بـووە، ڕەنگـە لێـرەدا بتوانین ئەوەیش بڵێین کە لە نێو شاکەلییەکاندا لەو دەمـەدا هـەر شـێخ ئەحمـەد پەیوەنـدی پتـەوی کۆمەڵایـەتی هـەبوبێ، چ لـە نێوخۆدا و چ لە دەرەوەی بنەماڵەی شاکەلیەکانیش، کە بەشێوەیەك (شێخ سلێمان)ی ئامۆزای وەك ئەم نەبووە و هەروەها(شێخ علی) کە شاعیر بووە و ناسراو بووە بە (غالب)، ئەمەیش زۆر داخـرا و ڕوو لـە خـەڵك نـەبووە، سـۆفی و بـەرماڵ بـە کـۆڵ بـووە و هاتوچۆی خەڵکی نەبووە، تەنانەت مستەفا نەریمان لە کتێبی ئەدیب و نووسەرانی کفری و دەوروپشتی دا دەڵێت:" کـە (غالـب)* لەو دەمەیدا پیاوێکی سۆفیگەری بەرماڵ بەکۆڵ و دوورە پەرێز بوو بەڵام شێخ ئەحمەدی شاکەلی پەیوەندی زۆر و پتـەوی هـەبوو لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵك و دەوربەرەکەیدا، بەشێوەیەك پەیوەندییەکەی پەل و پـۆی هاوێشـتوە بـۆ زۆر شـوێن"[٥٢] و ئـەوەی زیـاتر جێـی ئامـاژە و گرنگـی پێـدان بێـت، پەیوەندییـەکانی شـاکەلی لەگـەڵ ئـەوەی پەیوەنـدیی کۆمەڵایـەتی بـووە، هاوکـات ئـەو پەیوەندییانەیشی بووە بە هۆی بەهێز کردنی پایەی ئەدەبی شیعری شاعیر، کە وای کردوە لە نێو پەیوەندییەکانیدا شیعری زیاتر و جـوانتر بێتـە نێـو شـیعرەکانی (شـاکەلی)یەوە، هەنـدێکی تـری بـەهۆی پایـەی دینـی شـاعیرەوە بووە،کـەوا بـەهۆی ڕێبازەکەی(نەقشبەندی) و پەیوەندی لەگەڵ سەرداری ئەم ڕێبازەدا، وای کـردوە، کـە بەشـێوەی نامـە و هـەواڵ پرسـین چـەندین شـیعری نـاوازە دروسـت بـبن، لـە دیـارترین ئەوکەسـانەی کـە شـێخ ئەحمـەد پەیوەنـدی لەگـەڵیان هـەبووە و هاوکـات لەگـەڵ پەیوەندییەکە کۆمەڵایەتی و دین و هەواڵ پرسینیەکانیشی، هەروەها پەیوەندییەکە بە شیعر ڕازێندراوەتەوە، دیاریترینیان بریتی بوون لە (شێخ عوسمانی کوڕی سیراجەدینی بیارە، مامۆسـتا عەبدولکـەریمی مـودەریس، دیلانـی شـاعیر، شـاعیر حـاجی برایمـی شاتری، شاعیر مەلا ئەحمەدی دەککە، تۆفیق ئاغای گلاڵی...)یـن، کـە لـەنێوان ئـەم کەسـایەتیانەدا کۆمـەڵێك نامـە گۆڕینـەوەی هەواڵ پرسینی کۆمەڵایەتی و شیعری زۆر جوانی تێدایە،کە هەوڵ دەدەیـن، بەشـێك لـە نامـە شـیعرییەکانی نێـوان شـاعیر و ئـەم کەسایەتیانە ئاماژە پێ بدەین.

---

*- غالب، نازناوی شاعیر شێخ علی شاکەلیە، کە ئامۆزای شێخ ئەحمەدی شاکەلیە، بڕوانە، مستەفا نەریمان ، ئەدیب و نووسەرانی کفری و دەوروبەری، لـ١٨٥.

[٥٢] - مستەفا نەریمان، ئەدیب و نووسەرانی کفری و دەوروبەری، لـ١٨٥.

شێخ ئەحمەد لەگەڵ یارو یاوەردا زۆر بە وەفا بووە((سەر ڕاست و بێ پێچ و پەنا بووە، ئەم حەقیقەتە لەنێو یاداشتەکانیدا بەرچاو دەکەوێت، هەست ناسك و قسە خۆش و ڕوو خۆش و حەق بێژ بووە، شێخ عوسمان لەم بارەیەوە لەسەر شێخ ئەحمەد ئەڵێت: "ئافەرین سەد جار لە تەبعی باوەفا و ئولفەتت، وەفا سوعبەیەکە لە ئیمان، بەڵکە نموونەی ئیمانە، الحمد لله وەفات هەیە، مەعلوم غالبەن وای لەفیکرما و لەفیکرم دەرناچی"))[٥٤].

لەپێشەکی چاپی پێنجی دیوانەکەیدا(شاکەلی)دا باسێکی گشتی لەسەر نەقشبەندییەکان پەیوەندی بەستنی شێخ ئەحمەد بەو ڕێبازەوە دەکات، کە بوونی تەریقەتەکان لە کوردستان بەگرنگ و زانینیان هاوشانی زانین لە ئەدەبی کلاسیك ئاماژە پێدەکات کە ئەوەی تۆزێك شارەزای هەبێت لە ئەدەبی کلاسیکی، شارەزایشی لە تەریقەتەداندا هەیە، چونکە ئەم دوو شتە زۆر لەیەکەوە نزیکن و بەبێ یەکتر نەژیاون، بەکورتی شێخەکانی تەوێڵەو بیارە سەرچاوەیەکی ڕوونی ئەم ڕێبازەن، کە بەهۆی مەولاناخالیدی نەقشبەندییەوە هاتووەتە کوردستانی عێراقەوە و لە پاش ئەوەی چووەتە هیندستان و دوو ساڵ لای (شێخ عەبدوڵلای دەهلەوی) مایەوە بە گەڕانەوەی مەولانا بۆ عێراق، تەریقەتی نەقشبەندی زیاتر پەرەی سەند، لە دوای مەولانا چەند زاتێکی ناوداری تر بەدوای یەکدا ئیرشادیان کردوە، لەوانە

١- شێخ عوسمانی تەوێڵە (سەراجەدین): (١٧٧٥م- ١٨٦٧م)

٢- شێخ مەحەمەدی تەوێڵە (بەهادین): (١٨١٩م- ١٨٨٠م)

٣- شێخ عومەری تەوێڵە (چیاو الدین): (١٨٣٩م- ١٩٠٠م)[٥٥]

٤- شێخ نەجمەدین: ( ١٨٦٢- ١٩١٨ز )

٥- شێخ عەلادین: ( ١٨٢٤ - ١٩٥٠ )

٦- شێخ عوسمانی دووەم - کە لەژیاندا ماوە و دانیشتووی گوندی ( دوو ڕووە)، مەبەست لە ناو بردنی ئەم زاتانە ئەوەیە( شاکەلی) خۆی پەیوەندی بە شێخ عەلادینی بیارەوە بووە و سەرەتای شیعر ووتنی ئەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی یەهێز بوونی پەیوەندی لەگەڵ نەقشبەندییەکاندا، هەروەك چۆن شاعیر مەولەوی( عەبدولڕەحیمی تاوەگۆزی)، سەرچاوەی ئیلهامی شیعری لە شێخ عوسمانی تەوێڵەوە وەرگرتووە، شێخ محەمەدی مەحوی، خەلیفەی شێخ بەهادینی کوڕی شێخ عوسمان بووە،

---

[٥٤] - دەفتەری یادەوەرییەکانی (شێخ ئەحمەدی شاکەلی) لە کتێبخانەکەی شاکەلیدایە لە گوندەی سەیدە لە گەرمیان.

[٥٥] - مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی (بەرگی سێیەم)، لـ٤١.

شاکەلیش یەکێکە لەو سۆفیە بەرزانەی سەر بەنەوەکانی ئەم شێخانەیە کە شێخ عوسمانی بیارەیە و لە پێشتریش باسمان لە چۆنیەتی پەیدا بوونی پەیوەندی نێوان شێخ ئەحمەد و شێخ عوسمان کردوە، کە ئەویش لە ساڵی (١٩٤٧ز) دا بووە لە ناوچەی کفری و شاکەل، شاعیر شاکەلی خۆی لە شیعرەکانیشیدا ئەوە بە خوێنەر دەڵێت: کەوا خۆی پەروەردەی دەستی شێخ عوسمانە و ئیلهامی شیعری لەوانەوە وەرگرتوە و پلەو مەقاماتی لەوانەوە وەرگرتوە و لای ئەوان تەواوی کردوە وەك دەڵێت:

**من یادگاری دەستی ئەوانم**

**پەروەردەی شاهی دەستی عوسمانم**[٥٦]

لەگفتوگۆیەکمدا لەگەڵ (شێخ محەمەد شاکەلی)ی کوڕی گەورەی شاعیر(شێخ ئەحمەدی شاکەلی) سەبارەت بە پەیوەندییەکۆمەڵایەتییەکانی شاعیر لەگەڵ شێخ عوسمانی بیارە، ئەوەی ووت:" کەوا چەندجارێك شێخ عوسمان هاتووە بۆلای شێخ ئەحمەد لە سەعید ئاواو سەردانی باوکی کردووە، باوکیشی سەردانی ئەوانی کردووە، لەگەڵ هەموو سەردانەکانیشدا شیعریان بۆ یەکتری نوسیوە"[٥٧].

(شاکەلی) پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ نەقشبەندییەکاندا هەبووە و تیایدا چەندین نامەی شیعری لە نێوان خۆی وشێخ عوسماندا هەیە و کە ئەمەی خوارەوە نموونەی ئەو نامە شیعریەیە کە لەنێوان شێخ ئەحمەد و شێخ عوسماندا بووە، کە شێخ عوسمان بۆ (شاکەلی)دەڵێت:

**چە حاجەتەن دەر پەی قەلەم بەردەن**

**یادم نمەشی چەنێ ویاد کەردەن**

**چە حاجەتە دەس بۆ قەڵەم بردن**

**لەیادم ناچی لەگەڵ یاد کردن**[٥٨]

---

[٥٦] – هاشم عاصی کاکەیی، دیوان و یاداشتی شێخ ئەحمەد شاکەلی شاعیرو خواناسی دەشتی گەرمیان، چاپی پێنجەم، ل٢٢.

[٥٧] – گفتوگۆ لەگەڵ (شێخ محەمەد شاکەلی) کوڕی گەورەی شاعیر (شاکەلی)، بەرواری ٢٠١٦/٦/١٠.

[٥٨] – هاشم عاصی کاکەیی، دیوان و یاداشتی شێخ ئەحمەد شاکەلی شاعیرو خواناسی دەشتی گەرمیان، چاپی پێنجەم، ل١٩٧.

(شاکەلی)ش لە وەڵامی شێخەکەیدا ئەڵێت:

**شاکەلی قوربان سەروی باڵاتە**

**سەرگەردی سەودای باڵای ئاڵاتە**

**سەجدەی وەمیحراو کەعبەی کەماڵتە**

**چاوی پڕ لە ئاو شەوقی جەماڵتە**[٥٩]

هەروەها شاکەلی لەبەر بوونی پەیوەندی و دڵبەندی لەگەڵ تەریقەتی نەقشبەندی و بەتایبەتی شێخ عوسمان، گەلێك شیعری تری بۆ نوسیوەو هەر بەخوێندنەوەیان ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کەوا ئەم شێخە چەند وابەستە و دڵبەندی ڕیبازەکە و شێخ عوسمان بووە، ئەو خۆشەویست و دڵبەندیەشی بەشیعر دەربڕیوە(بڕوانە: چاپی پێنجەمی دیوانی شاکەلی).

(شاکەلی) بەهۆی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکەی و هەروەها بەهۆی بوونی پایەی بەرزی سۆفیگەرییەوە بەهۆی پێگەیشتن و کامڵ بوونی لە مەقام و ڕێبازەی دینیەکەی نەقشبەندی و قاڵ بوون لە ناو بەحری ئیمانداری و سۆفیگەری خواناسیدا، بەم هۆیەوە (شێخ عوسمان)ی بیارە بڕیاری داوە، هەروەها لەنامەیەکدا بە خەڵکی گەرمیانی ڕاگەیاندوە کە (شێخ ئەحمەدی شاکەلی) ببێتە جێ نیشنی خۆی لە ناوچەی گەرمیان و ((خەڵکی دەڤەری گەرمیان و دەروپشتی بۆ وەرگرتنی تەریقەت و چوونە ناو تەریقەتی نەقشبەندییەوە، ڕوو لە گەرمیان و لای(شاکەلی) بکەن و لای ئەو تەمەسوك بکەن و بەعیتی دینی بدەن و بچنە ناو ڕێبازی نەقشبەندییەوە))[٦٠]، بەخشینی ئەم پلەیە بە شاکەلی شاعیر دوای ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و ڕۆحیە دێت کە هەیبووە لەگەڵ نەقشبەندییەکان و هەروەك بەشێکی بۆ سەر ڕاستی و بەئەمەکی شاعیر دەگەڕێتەوە.

شاعیر کەسێکی زۆر بەوەفا بووە لەگەڵ دۆست و یارو یاوەرەکانیدا، قسە حەق و دەم ڕاست بووە، من کە خۆم یاداشتەکانیم خوێندەوە، ئەم ڕاستییەم بەدی کرد، بۆ نوسینەوەی ئەم لێکۆڵینەوەیەم، هەموو یاداشت و دەست نووس و نامەی شیعری و هەموو ئەو نووسینانەی کەلەسەر شاعیر نووسراون لەگەڵ هەموو چاپی دیوانەکانی شاعیر، هەموویم کۆکردەوە و پاش خوێندەوەیان ئەو ڕاستیەم بۆ دەرکەوت، کەوا شاعیر سەر ڕاست بووە و پەیوەندییەکی زۆر باشی کۆمەڵایەتی هەبووە، کە ئەوەی زیاتر جێی سەرنج بوو لام شاعیر زۆرێك لەپەیوەندییەکانی دواتر بووە بە هۆی بەهێز کردنی پایەی ئەدەبی شیعری و

---

[٥٩] – هاشم عاصی کاکەیی، دیوان و یاداشتی شێخ ئەحمەد شاکەلی شاعیرو خواناسی دەشتی گەرمیان، چاپی پێنجەم، لــ٢٠١.

[٦٠] – گفتوگۆ لەگەڵ (شێخ محەمەد شاکەلی) کوڕە گەورەی (شێخ ئەحمەدی شاکەلی) سەبارەت بە ژیانی کۆمەڵایەتی شاعیر، بەرواری ٢٠١٦/٦/١٠.

بەهۆی ئەو پەیوەندییە دین و رۆحی کۆمەڵایەتییانەوە چەندی شیعری جوان و تەڕ لەو نێوەندەدا لەدایکبوون، پەیوەندیی کۆمەڵایەتی (شاکەلی) لەگەڵ کەسایەتییە ناودارە دینییەکانی کوردستان و تەنانەت کەسایەتییە ناوچەییەکانی دەڤەری گەرمیان، وای کردوە، کە شاعیر زیاتر مرۆڤێکی بە ئەمەك و بەوەفا بێت، جگە لە (شێخ عوسمان) کە وەسفی وەفا و ئیمانداری(شاکەلی) دەکات و سوپاسی خوادەکات دەڵێ" ئافەرین سەد جار لەتبعی با وەفا و ئولفەتت، وەفا شوعبەیەکە لە ئیمان، الحمد لله وەفات هەیە و لەفیکرم دەناچی، هەروەها مامۆستا(عەبدولکەریمی مودەریس)یش لەچەندین نامەی ئاڵو گۆڕی نێوانیان دان بەو ڕاستیەدا دەنێت و شاکەلی بەمرۆڤێکی بەئەمەك و بەوەفا ناوزەد دەکات"[٦١]، شاعیرمان لەگەڵ مەلا عەبدولکەریمی مودەریس دا پەیوەندییەکی دین و کۆمەڵایەتی زۆر بەهێز و باشی دەبێت و ئەم پەیوەندییە دین و کۆمەڵایەتییە سەر هەڵدەدات بۆ لەدایك بوونی چەندین شیعری جوان لە نێوانیاندا، کەوا هەرکات نامەی هەواڵ پرسین هاتبێت لە هەرکامیانەوە، ئەوە لەگەڵیدا شیعرێکی جوانیش نووسراوە، مامۆستا عەبدولکەریمی مودەریس پەیوەندی و ئاشنایەتی زۆی هەبووە لەگەڵ شاکەلی شاعیردا، بەشێوەیەك بەردەوام نامە گۆڕینەوە هەبووە لە نێوانیاندا.

مامۆستا عەبدولکەریم لە نامەیەکدا پاش هەواڵ پرسینی شاعیر و هەواڵ پرسین لە منداڵانی شاعیر، دوعای خێر و سەرکەوتنی زۆر بۆ شاعیر دەکات و باسی سیحەتی خۆی بۆ شاکەلی دووپات دەکاتەوە و دەڵێ جگە لە خەمی دوری بینینی تۆ نەبێ، هیچ خەم و دەردم نییە، هەروەها دووعای بەیەك شاد بوون و یەك بینین دەکات و لە ناو نامەکەشیدا مامۆستا عەبدولکەریم ئەم شیعرەی خوارەوەی بۆ شاکەلی نوسیوە، کە دەڵێ:

**ئازیز شاکەل، ئازیر شاکەل**

**دەرخشان وێنەی نوور ئەفشانی کەل**

**جەژنە شادیەن موبارەك بادی**

**سەیرە سەفایە گەردن ئازادی.............=**

---

[٦١] – هاشم عاصی کاکەیی، دیوان و یاداشتی شێخ ئەحمەد شاکەلی شاعیرو خواناسی دەشتی گەرمیان، چاپی پێنجەم، لـ١١.

**ئەشنێ تای گیسوی لولاو لوول**

**بۆ پەریشانی دڵداری مەلوول**[٦٢]

زۆرن ئـەو نامـە دەسـت نـووس و شـیعریانەی کـەوا مامۆسـتا عەبدولکـەریم بـۆ شـێخ ئەحمـەدی شـاکەلی نـاردوە و تێـدا هـەواڵی تەندروستی و ماڵ و مناڵی شێخ ئەحمەد و هەواڵی دین و رۆژانەی پرسیوە و هەروەها مامۆستا عەبدولکـەریم لـە کـاتی نووسـینی نامە و شیعرەکانی بۆ شێخ ئەحمەدی شاکەلی، ئەوەی بە شێخ ئەحمەدی شاکەلی وتوە: کەوا شیعرەکانی من لە چاو شـیعرەکانی تۆ میعرن نەك شیعر، گەرچی ئەمە بۆ ڕەوشت بەرزی مامۆستە عەبدولکەریم دەگەڕێتەوە، هاوکـات دان نانـە بـە بـەرزی نوسـینی شیعری شاکەلی، هەروەها هەمیشە لەکۆتای نوسینەکانیدا (نووسینی نامەکانی)دا لە کۆتاییەکەیدا لە هـەرکوێ بێـت، چ لـە بیـارە یاخود تەکیەی تاڵەبانی لە کەرکوك و یاخود سلێمانی، ئەوەی تۆمارکردوە لەئەوەی خۆیشی بە مەلا و مودرەیس نـەزانیوە و نـاو نەبردوە هەمیشە لە هەرکوێ بێت نووسیوەیەتی (برات عەبدولکەریم لە...).

مامۆستا عەبدولکەریم زۆر شاکەلی خۆشویستوە ،بۆیە زۆرجار نامەی شیعری بۆ ناردوە و هەواڵی پرسیوە، ئەمە جگە لەو نامانەی کەوا شاکەلی بۆی ناردوە، لە شیعرێکدا کە وەصفی (شاکەلی) و بەرزی ئەخلاقی شاکەلی دەکات و دەڵێت:

**شاکەلی بەشای شیرین گوفتاران**

**بە بەرزی ئەخلاق عالی رەفتاران**

**وەی هەر دڵشاد بی (ئەحمەد شاکەلی)**

**بە شەوقی وەلی و بە عەشقی عەلی**[٦٣]

یان لە شوێنێکی تر مودەریس بۆ شاکەلی دەڵێت:

**شێخی پایە بەرز نەتەوەی عەلی**

**ئەحمەدی ئەمجەد بەناو شاکەلی**

**محبەت نامەت گەیشت بە (نامی)**

**دڵی ڕزگار کرد لە شێوەی خامی**[٦٤]

[٦٢] – هاشم عاصی کاکەیی، دیوان و یاداشتی شێخ ئەحمەدی شاکەلی شاعیر و خواناسی دەشتی گەرمیان،چاپی پێنجەم، لـ٢٠٨.

[٦٣] – هاشم عاصی کاکەیی، (هـ.س.)، لـ٢١٥.

لە نامەیەکیدا پاش نووسینی ئەو چوارینیەی سەرەوە بۆ شێخ ئەحمەی شاکەلی، پاشان لەوەصفی (شاکەلی)دا لەسەر شیعرەکانی و پایەی شاعیر ئەوە دەڵێت بە شاعیر:"برا گەورەکەم باوەڕم پێ ئەفەرمووی شیعرە جوانەکانی تۆ مرۆڤ دێنیتە شیعر وتن، ئەگەر نا ئێمە شاعیر نین، بەڵام باوەڕم وایە، ئەگەر چەرخ چەرخی ئەدیبان بوایە، تۆ شاعیرێکی نامی(ناودار) ئەبووی"[٦٥]، ئەم نوسینانەی مامۆستا عەبدولکەریم دیسانەوە ئەو ڕاستیەمان بەبیر دێنێتەوە کەوا ئەدەبی نوسینی شیعری (شاکەلی) لە پایەیەکی بەرز بووە و هیچی لە شاعیرانی تری سەردەمەکەی کەمتر نەبووە و بگرە زیاتریش بووە، بەڵام وەك مامۆستا عەبدولکەریم درکی پێ کردوە کەوا گەر دەورو زەمانە بواری هەبووایە ئەوە ئێستا (شاکەلی) زیاتر ناسراو دەبوو، کە کەم ناسینی ئەم شاعیرە بەشێکی زۆری بۆ دوورە دەستی شوێنی نیشتەجێبوونی شاعیرە لەو ناوەندی دەسەڵاتی ئەو دەمەی بابانییەکان دەگەڕێتەوە،کە هێندە گرنگیان بە ناوچەی نیشتەجێبوونی شاعیر نەداوە.

دۆستایەتی نیوانیان لەوکاتەوە دێت کە شاکەلی(( لەسەردانەکانیشیدا بۆ بیارە لەگەڵ مەرحوم مەلا عەبدولکریمی مودەریس بوو بە دۆست، چونکە مەلا عەبدولکریم مودەڕسی یەکەمی بیارە بووە کە ساڵانە(٦٠–٧٠) فەقێ تەخەروجیان دەکردو دەبوونە مەلا، خانەقای بیارە وەك چۆن خەڵك لەزانکۆی ئەزهەری میسر دەیانخوێندوو دەبوون بە عولەما لە دەروسی دینی و ئەدەب و ...هتد،))[٦٦] خانەقای بیارەش هەروابووە و وە ئێستەش هەروایە، ئەو حوجرەی خانەقای بیارە کە وەك زانکۆیەکی گەورە بووە و ئێستەش هەروایە مامۆستا مەلا عەبدولکریم مودەڕسی گەورەی ئەوێ بوو تا کاتی مردنیشی لەگەڵ شێخ ئەحمەدی شاکەلیدا هەر پەیوەندییان بەردەوام بووە، جگە لەوەش (شاکەلی) لەگەڵ ژمارەیەك شاعیرانی تر و مەحەلیشدا لەوانە(حاجی برایمی شاکەلی و محەمەد بەگی جاف، تۆفیق ئاغای گەلاڵی...)، و ژمارەیەك کەسایەتی دیکەدا پەیوەندییان هەبووە نامەی شیعری و هەواڵ پرسینیان بۆ یەکتری نوسیوە ئەوکاتانە نامە زۆر باوو بووە، کە چەند نموونەیەکی شیعری نێوان (شاکەلی) و ئەو شاعیرانەی تر کە پەیوەندییان هەبووە دەخەینە ڕوو.

شێخ ئەحمەدی شاکەلی لەگەڵ (حاجی برایمی شاتری) کەسایەتی دیاری عەشیرەتی (شاتری)دا پەیوەندی زۆرباشی دەبێت و نامە گۆڕینەوەی زۆر لە نێوانیان هەبووە، کە حاجی برایمی شاتریش بۆخۆی شاعیر بووە، نامە گۆڕینەوەی نێوان هەردوولا

---

[٦٤] – هاشم عاصی کاکەیی، دیوان و یاداشتی شێخ ئەحمەد شاکەلی شاعیرو خواناسی دەشتی گەرمیان، چاپی پێنجەم، لـ٢١٩.

[٦٥] – بروانە: یاداشت و پەیوەندییەك کۆمەڵایەتیەکانی شاکەلی لە چاپی پێنجەمی دیوانە کەیدا، لـ٢٧٣.

[٦٦] – گفتوگۆ لەگەڵ(شێخ محەمەدی شاکەلی)کوڕی گەورەی (شێخ ئەحمەدی شاکەلی) سەبارەت بە ژیانی کۆمەڵایەتی شاعیر، بەرواری ٢٠١٦/٦/١٠.

زۆربەی بە شیعر بووە و تێدا هـەواڵی یـەکتر و خۆشەویسـتی و بـیری خۆشەویسـتی نێوانیـانی تێـدا نووسـراوە و خۆشەویسـتی و ئەحواڵ پرسین و هەواڵی دەغڵودان و ناوچەی یـەکتری دەپرسـن و دووعـای خێـرو چـاکەکاری بەشـیعر، وەك لـەم چـەند دێـرەدا هاتووە، کە (حاجی برایمی شاتری) بۆ (شاکەلی) نووسیوە و دەڵێت:

**شاکەلی وەشای دەرون پڕ جۆشان**

**بە سۆزی سینەی سافی دەروێشان........**

**لەدونیای رۆشن باش وبەقیمەت**

**رێگەر بی لەسەر ڕێگەی شەریعەت**[٦٧]

یاخود لە نامەیەکی تری شیعری حاجی برایمی شاتریدا بۆ شاکەلی دەڵێت:

**دۆستە ڕاستەکەی دنیاو دینەکەم**

**جێی ڕاز و نیاز خۆشی ژینەکەم**

**بەراستی قوربان دایم موشتاقم**

**کەیف و ئارەزوو زەوق و مەزاقم**[٦٨]

لەنێو شیعر و نامەکانی (حاجی برایمی شاتریدا) دووبارە ئەو ڕاستییە بەدیدەکرێت، کەوا (شاکەلی)شاعیرێکی نیشـتمان پـەروەر و بەتەنگ خەم و دەردی گەلەکەیەوە بووە و هەمیشە وتار و شیعری جوانی بۆ خۆشی و جوانی نیشـتمانی کوردسـتان نوسـیووە و ڕێگەی ڕاست و جوانی پێشانی خەڵکی داوە، وەك لەم چەند دێڕەی خوارەوەی حاجی برایمی شـاتری کـە بـۆ (شـاکەلی) نوسـیوە دەبینرێت:

**کاکە گیانەکەم ڕۆحی ڕەوانم**

**قەزات لە سەد ماڵ کورد و گۆرانم**

**یاخوا هەر بژیت بۆ ووتاری جوان =**

---

٦٧ – هاشم عاصی کاکەیی، دیوان و یاداشتی شێخ ئەحمەد شاکەلی شاعیرو خواناسی دەشتی گەرمیان، چاپی پێنجەم، لـ٢٣٣.

٦٨ – هاشم عاصی کاکەیی، (هـ.س.)، لـ٢٣٩.

**بۆ دەرخستنی خۆشی کوردستان**

**بۆ هانە هانەی گەلی کەساست**

**بۆنیشاندانی چەن ڕێگای خاست**

**ئەگەر کوردستان بەختی یار ئەبوو**

**چەن کەسی وەك تۆی تیا دیار ئەبوو**[٦٩]

لەنێوان (شاکەلی) و (جاحی برایمی شاتری)دا گەلێك نامەی شیعری جوان هەیە، کە بۆیەکیان نووسیوە و تیایدا گەلێك مەبەستی ڕۆژیان تاوتوی کردوە بە شیعر، ئەم نامە گۆڕینەوەی شاعیرمان( شاکەلی) لەگەڵ کەسایەتییەکانی سەردەمی خۆیدا هەمیشە هەبووە بەهۆی بەرزی نووسینی شیعری شاکەلی، زۆرێك لە کەسایەتییەکانی کە نامەی شیعری( شاکەلی)یان پێگەیشتوە، ئەوانیش گەرچی شاعیر نەبووبن، ئەوە وشە جوانەکانی شیعری شاکەلی وای کردوە، ئەوانیش تامی شیعر بکەن و دەستیان بێتە جووڵە بۆ نووسینی شیعر و وەڵامی نامەکانی شاکەلی جەگە لە نووسین و دەربڕینی سادە، هەروەها بە شیعریش وەڵامەکە بدەنەوە.

( شاکەلی) لەگەڵ (تۆفیق ئاغای گەلاڵی) کەسایەتی گەورە و دیاری عەشیرەتی (گلاڵی)دا دۆستایەتی زۆر باشی دەبێت ئەم دۆستایەتیەی نێوانیان سەری هەڵداوە بۆ نووسینەوە چەندین نامەی شیعری جۆراو جۆر و تیایدا ئەحوال و هەواڵ پرسینی یەك و ستایشی یەکیان کردوە بە شیعر، کە دواتر هەموو ئەمانە دەکرێت لە خانەی ئەدەبی کوردی بە گرنگەوە لێی بڕواندرێت، چونکە نووسینە ئەدەبیەکان دەبنە بەهێز کردنی بیری شاعیر و هەروەك دەشبێتە دەوڵەمەندکردنی خانەی ئەدەبی کوردی، (تۆفیق ئاغای گلاڵی) لەگەڵ (شاکەلی)دا نامە گۆڕینەوەی زۆر لەنێوانیاندا هەبووە، ئەمەی خوارەوە نامەی تۆفیق ئاغای گلاڵی و عەشیرەتەکەیەتی بۆ (شاکەلی) کە دەڵێت:

**وە هەوای سەیران شکاری شاکەل**

**بوینم وەچەم جەیرانان گەل گەل......... =**

[٦٩] – هاشم عاصی کاکەیی، دیوان و یاداشتی شێخ ئەحمەد شاکەلی شاعیرو خواناسی دەشتی گەرمیان، چاپی پێنجەم، لــ٢٤٠.

**بەڵ ئاسەف جایی نەتیجەی پاکان**

**ئاوەدان کەرێ شاکەل چون جاران**[٧٠]

هەروەها وەڵامی شیعری (شاکەلی) بۆ تۆفیق ئاغای گلاڵی بەم شێوە یە:

**کزەش خست نە جەرگ دڵەی غەمبارم**

**موزاعەف کەردەن دەردوو ئازارم............**

**مەزانۆ ئێسته دەردت کاریەن**

**کەیفەکەت رەمیان نادیاریەن**[٧١]

هەروەها لەگەڵ یەکێکی لە ناودارانی گەرمیان کە (مەلا ئەحمەدی دەککە)دەبێت، بۆ هەواڵ پرسین نامەی جۆراوجۆری چ بە نووسین و چ بە شیعر بێت بۆیەك نووسیوە، کە ئەمەی خوارەوە نامەیەکی (مەلا ئەحمەدی دەککە)یە کە بۆ شاکەلی نووسیوە و تیایدا خەم و کەفوکوڵی خۆی دەردەبڕێت بەرانبەر زەمانە و بەقەڵەمی کولی ئەم چەند دێڕە بۆ شێخ ئەحمەدی (شاکەلی) دەنوسێت:

**چیبکەم چی بنوسم قەڵەم کوله وەکو زوان**

**کاتم زەدەی پا بەسته منم لەمبەری سیروان**[٧٢]

(شاکەلی) یەکێکه لەو شاعیرانه کە توانیویەتی بەئاسانی جێگەی خۆی لە دڵی هەم دۆست و شاعیرانی دەروەبەری خۆیدا بکاتەوە، هەروەها شیعرەکانیشی هیچی لە شاعیرانی تر کەمتر نییە و گەر لێکۆڵینەوە بکەین، ئەوە بە روونی ئەو دەبینین، چونکە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی شاعیر گەواهی دەری ئەو ڕاستییەن، ئەو شیعرانەی کەوا (شاکەلی) بۆ دۆست و هاوەڵانی نووسیویەتی چ بۆ مناسەبەت بێ یاخود یاد و بەسەرکردنەوە، چ لەباری خۆشی بێت یاخود ناخۆشی، بەشێوەی بەرز نووسیونی و لەگەڵ خوێندنەوەیاندا تام و چێژی شیعری لێ دەبنین، هەر لە وێنەی هونەری شیعری جوان و زمانی شیعری و ڕەوانبێژی و ناوەڕۆکی جوان.

---

[٧٠] – هاشم عاصی کاکەیی، دیوان و یاداشتی شێخ ئەحمەد شاکەلی شاعیرو خواناسی دەشتی گەرمیان، چاپی پێنجەم، لـ٢٦٢.

[٧١] – هاشم عاصی کاکەیی، (هـ.س.)، لـ٢٦٣.

[٧٢] – هاشم عاصی کاکەیی، (هـ.س.)، لـ٢٥٨.

هەروەها شاکەلی لەگەڵ (دیلان)ی شاعیردا پەیوەندی و ئاشنایەتی زۆرباشیان دەبێت و ئەو پەیوەندییە نێوانیان وای کرد، کەوا دیلانی شاعیر لە نامەیەکد شیعرێك بۆ دەشتی شاکەل و ئاسکەکانی شاکەلدا بنووسێت، کە دەڵێت:

**سەرچنار ڕەشە ڕەشتر ئاسمانی**

**پرچی ژاکاوە چرە زەبەنگە**

**پشکۆ تەمیی نارد بۆ ئارارات**

**هەناو ئەزمەڕ بە کاژاو بەنگە**

**ڕەوە ئاسکەکەی شیروانە و شاکەل**

**قەبرغەباریك سیس و بێ ڕەنگە**[٧٣]

پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی شاکەلی بەهۆی تێکەڵبوونی خۆی بە هاوەڵانیەوە زۆربوون و ئەمانەیشی سودی زۆری هەبووە بۆ بیرتێژکردنی شاعیر، هەتا بتوانێت وردتر و جوانتر شیعرەکانی دەربڕێت، هەروەها (شاکەلی) لەگەڵ زۆر کەسی تری ناوچەکەی پەیوەندی دۆستانەی هەبووە و ئەوانیش هەم بەسوود بوون بۆ شیعرەکانی شاکەلی، کە هەموو ئەم راستیانە لە چاپی دیوانەکانیدا بەرجەستە بووە و خوێنەان و ئەدیبان دەتوانن زیاتری لەسەر بخوێننەوە.

شاعیر لەگەڵ شیعر نوسینەکەیدا ئەدەب دۆست و ((پەیوەندی بەتینی لەگەڵ خەڵکی ناوچەکە و دەروبەریدا هەبووە، لەبەر ئەوەی شاعیر پیاوێکی ڕاستگۆ و لەخواترس و بەوەفا بووە، جێگای ڕێز و خۆشەویستی خەڵکی بووە))[٧٤]، سەردانیکردنی ئەو ڕۆشنبیرانەیش زیاتر پەیوەندییەکۆمەڵایەتیەکانی شاعیری بەهێزتر دەکرد کە دواجار گوڕی زیاتری پێدەدا لەسەر نوسینی شیعری جوان بەردەوام بێت.

---

[٧٣] – هاشم عاصی کاکەیی، دیوان و یاداشتی شێخ ئەحمەد شاکەلی شاعیرو خواناسی دەشتی گەرمیان، چاپی پێنجەم، لـ٢٦٤.

[٧٤] – ابراهیم باجەلان، سێ ساڵ تێپەربوون بەسەرکۆچی دوایی شاکەلی شاعیری گەرمیان، ژمارە(١٥٩)ی گۆڤاری بەیان،تەموزی ١٩٨٥.

**بەشی دووەم/**

**تەوەری یەکەم/ ڕوخساری شیعری شاکەلی**

**١- کێشی شیعری شاکەلی**

**١-١- کێشی عەرووز لای شاکەلی**

**١-٢ کێشی بڕگەیی لای شاکەلی**

**٢- سەروای شیعری شاکەلی**

**٣- وێنەی شیعری**

**٤- زمانی شیعری**

**تەوەری دووەم/ قاڵبە شیعرییەکانی شاکەلی**

**١- غەزەل**

**٢- قەصیدە**

**٣- مەسنەوی**

**٤- موسەممەت**

**٥- چوارین (دووبەیت)**

**تەوەری یەکەم/ ڕووخساری شیعری (شاکەلی)**

لە پێناسەکانی شیعردا بەدیار دەکەوێت کە شیعر لە تەنها توخمێك پێك نایەت، شیعر وەك (ئاو)نییە، کە لە دوو توخمی هایدرۆجینی پێك بێت، بەڵکو شیعر تێکەڵە و ئاوێتەیەکە لە چەند ڕەگەزێك پێکهاتووە، بەو ڕەگەزانەوە ماهیەت و جوانی و هەست بزوێنی شیعرەکان بەدەر دەکەون و بەبوونی ئەو پێکهێنەرانە، خوێنەر مەلی خەیاڵی دەدا لە شەقەی باڵ و بەرە و دنیای جوانی و خەیاڵی هەست و نەستی دەڕوا، یاخود دەتوانین بڵێین ڕووخسار بەشێکی سەرەکی شیعرە.

ئەوەی پەیوەندی بە ڕووخسارەوە هەیە هەر ئەوەیە کە لە چەند ڕەگەزی وەك کێش و سەروا و هونەرەکانی ڕەوانبێژی و کورتی و درێژی دێڕەکان و ئاوازی دەنگ لە کۆتایی ووشەکان پێك دێت، هەروەها ڕووخسار ڕوویەکی گرنگی ئەدەبی شیعر نوسینە، کە(( بەشێوەیەکە بەبێ گرنگی پێنەدان، ڕووی شیعری ناتەواو دەکات، بەبێ بوونی ڕووخسار شیعر نابێت، ئەدەب جوانی و مەعریفەیە، ڕووخساری شیعری کە بەشێکە لە ئەدەبی شیعر نووسین، رەگەزێکی ئامانجدارە، هاوکات ئەم رەگەزە تەنها بەگێڕانەوەی ئاسایی ئامانجی خۆی ناپێکێت، بەڵکو بەهۆی تەکنیکی ئیستاتیکیەوە دەی پێکێت، شاعیری داهێنەر وەك چۆن لە توخمە پێکهێنەرەکانی دیکەی شیعردا باڵادەستی خۆی دەسەلمێنێت، هەروەها دەتوانێت لە کێش و سەروادا باڵا دەستی خۆی بسەلمێنێت، کە دوو بەشی سەرەکی ڕووخساری شیعرین ))[٧٥]، هەندێك لە ڕەخنەگران وەك (هێربێرت ڕید Herbert Read) ((ڕووخسار و ناوەڕۆك لە یەکدی جودا دەکەنەوە و لە ڕوانگەی ئەمە، ناوەڕۆك بیگومان بەها و گرنگی خۆی هەیە، بەلام لە جیهانێکی تر جگە لە ئیستاتیکا، کە ئەویش جیهانی سوود و خێر و خۆشییە ...هتد، بەلام ڕووخسار ڕەنگدانەوەی جەوهەری جوانییە))[٧٦]، کە ئێمە لەم بەشەماندا تیشك وباسمان دەخەینە سەر ڕووخساری شیعر و بەتایبەت ڕووخساری شیعری شێخ ئەحمەدی شاکەلی لەگەڵ چەند نموونەیەکدا.

ڕووخسار یاخود شێوە (فۆرم)ی شیعری: ((لەدایك بونێکی هەمیشەییە، فۆرمی شیعری زیندوو ئەوەیە کە هەمیشە لە تەشکیل و بونێکی بەردەوامدا بێت، لەو کاتەوەی کە پەیوەندی مرۆڤ و شیعر پەیدا بووە، هەتا ئێستا، شیعر ڕووخساری شیعری قالبی شیعری و کەرەستە جۆربەجۆرەکانی، لە گۆڕان وپێشکەوتنێکی بەردەوامدان، وەستانیان نییە، ڕەنگە لای شاعیرێك سەرا پا، یان

---

[٧٥] – محەمەد کوردۆ، گەڕان بەدوای شیعر و جیاوازیدا، بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بلاوکردنەوەی سلێمانی، ساڵی چاپ ٢٠٠٦، لـ٩١.

[٧٦] – جەبار ئەحمەد حسێن، ئیستاتیکای دەقی شیعری کوردی – کوردستانی عێراق ( ١٩٥٠–١٠٧– )، چاپخانەی سەردەم، چاپی یەکەم، ساڵی چاپ ٢٠٠٨، لـ٧٣.

بەزۆری یەك شێوە، قاڵبە شیعرێك خۆی دووبارە بكاتەوە، چەند مەبەستی جیاواز بەشێوەیەكی وەك یەك دووبارە ببێتەوە، بەڵام یاسای گشتی ڕووخسار وەك یاسای گشتی ژیانە، لە شێوە وقاڵبێكدا نامێنێتەوە، هەمیشە دەگۆڕێت وپێش دەكەوێت))[77]، بەدیوێكی تر دەتوانین بڵێین ڕوخسار ئەو قاڵبەیە كە ناوەڕۆكەكەی تێدا دادەڕژێ.

(شاكەلی) شاعیریش وەك شاعیرانی تری كلاسیكی گرنگی زۆرباشی بە ڕووخساری شیعرەكانی داوە وەك ئامرازێك بۆ جوانكردنی شیعر بەكاری هێناوە، كە ئەم ڕەگەزەیش بەشێكی دیارە و لەڕێگەیەوە توانیویەتی نەمری و جوانیەكی دڵبەر بە شیعرەكانی بدات و باڵادەستی خۆی هاوشێوەی شاعیرانی سەردەمەكەی بنوێنێت.

## ١- كێشی شیعری (شاكەلی)

ڕەگەزێكی دیاری ڕوخساری شیعرییە، كێشی شیعری بنەمایەكی گرنگی لێكدانەوە و بنەڕەتێكی گرنگی پێكهێنانی هەڵبەستەكەیە((بایەخدان و گرنگی دان بە كێشی هەڵبەست هەمیشە بووەتە دیاریدەیەكی هەرە دیاری ئەو لێكۆڵینەوە و لێدوانانەی كە دەربارەی هەڵبەست ئەنجام دراون، بەو پێیەی كە كێش بنكەی پێكهێنانی چەمكەكەیەتی و بنەڕەتێكی گرنگی پێكهێنانی ئاوازەكەیەتی، كۆنترین پێناسەی كێش لەلایەن (ئەستۆكسنوس تانتی-سەدەی ٤پ.ز) ئەنجامدراوە بەلایەوە كێش ڕێكخستنیكی دیاری كراوە بەپێی كات))[78]، یاخود ((كێش: كەرەستەیەكی جوانكاری شیعرە و ڕووخساری دەڕازێنێتەوە))[79]، یان بریتییە: ((لەسەرجەمی ئەو پێیانەی دێڕە هەڵبەستێك دروست دەكەن))[80] شێخ ئەحمەدی شاكەلیش وەك (نالی و سالم و ناری و مەحوی..) و شاعیرانی تری كلاسیكی زۆرێك لە شیعرەكانی لەسەر یاسای كلاسیكی و لەسەر عەروزی عەرەبی هۆنیوەتەوە و سەروادارن و وێنە وئاوازی جوانیان تێدا دەبینرێت و بەهۆی وابەستە بوونی بە دنیای سۆفیگەرییانەی و دڵبەند بوونی بە خانەقای نەقشبەندییەكان لە هەندێك لە شیعرەكانیدا كێش و قافیەی دلگیر و تۆز و بای سۆفیگەرییانەی و ناوەڕۆكی ئیمانداری ئاوێزان دەبن و خۆشی و هزر جواڵان و لەزەتێك تایبەت ئەدەن بە خوێنەر، وەك ئاماژەمان پێدا زۆرێك لە شیعرەكانی

[77] - ئومێد ئاشنا، شێوە و ناوەڕۆك- كۆمەڵێك لێكۆڵینەوە لە ئەدەبی كوردی، چاپخانەی ئاراس، چاپی یەكەم ٢٠٠٧، لـ٧٨.

[78] - دڵشاد عەلی، بنیاتی هەڵبەست لە هۆنراوەی كوردیدا، چاپخانەی ڕەنج(سلێمانی)، ساڵی چاپ ١٩٩٨، لـ١٢٠.

[79] - مستەفای سەید مینە، پایەی وەفای لە ناو شاعیرانی سەدەی نۆزدە هەمی كرمانجی خواروودا، لـ٣٩٢.

[80] - حوسێن غازی كاك ئەمین، ڕەوتی نوێكردنەوەی شیعری كوردی لەباشوری كوردستان لەساڵانی (١٩٨٠-١٩٩١)دا، نامەی دكتۆرا، ساڵی ٢٠٠٩، لـ٧٤.

شاکەلی بە یاسای عەرزوی عەرەبی بنیات نراون، لەو ڕۆژگارەی کە شاکەلی هەنگاوی بەرەوە نێو جیهانی شیعری ناوە، بەگشتی دوو چەشنە کێش لە ئارادا بوون (عەروز، برگەیی)، هەرچی عەروزەکەیە بۆخۆی بنەمای بنیاتنانی دەق بووە، لە ڕێبازی کلاسیکی دا و شاکەلی یەکێك بووە لە پەیڕەو کەرانی و سەرەتای شیعرەکانی لەسەر ئەم جۆرە کێشە بنیاد ناوە، بەتایبەتی قەسیدە و غەزەلەکانی، ئەمەیش لە بنیاتی زۆربەی دەقە شیعرییەکاندا دیارە، شاکەلی لەژێر کارتێکەری شاعیرانی کلاسیکی و خۆشی وەك شاعیرێکی کلاسیکی، لە (٧١) دەقی شیعریدا[٨١]، عەروزی عەرەبی بەکارهێناوە و کە بەشێوەیەك لەسەر سێ جۆر کێشی (ڕەمەڵ و هەزەج و موزاریع) چەند قاڵبە شیعرێکی هۆنیوەتەوە کە ژمارەیان (١٣) قاڵبەکێشە و دەتوانین بڵێین: تاکە نوسەر (عەزیز گەردی) لە لێکۆڵینەوەیەکی ئەدەبیدا بەناوی (ڕابەری کێشی شیعری کلاسیکی کوردی) لە پاڵ (٨١) شاعیری تردا بە باشی توانیوەتی شیکردنەوەیەکی ورد و جوان بۆ شیعرەکانی شاکەلی بکات و کێشی شیعرە عەروزییەکانی دیاری بکات وەك لەم نەخشەی خوارەوەدا لەگەڵ چەند نموونەیەکی شیعرەکانی ڕوونی کردوەتەوە:

| ژمارە | کێش | | قاڵبە کێش | ژمارەی شیعرەکان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ڕەمەل | | | ٣٧ | ٥٢.١١٢ |
| | | أ | ڕەمەلی هەشتی مەحزوف | ٢٥ | ٦٧.٥٦٧٪ |
| | | ب | ڕەمەلی هەشتی مەقسور | ٩ | ٢٤.٣٢٤٪ |
| | | ج | ڕەمەلی هەشتی مەخبونی مەحزوف | ٢ | ٥.٤٠٥٪ |
| | | د | ڕەمەلی شەشی مەقسور | ١ | ٢.٧٠٢٪ |
| ٢ | هەزەج | | | ٣٠ | ٤٢.٢٥٣٪ |
| | | أ | هەزەجی هەشتی تەواو | ١٧ | ٥٦.٦٦٦٪ |
| | | ب | هەزەجی شەشی مەحزوف | ٥ | ١٦.٦٦٦٪ |
| | | ج | هەزەجی هەشتی ئەخرەبی مەکفوفی مەحزوف | ٥ | ١٦.٦٦٦٪ |

[٨١] – بۆلێکۆڵینەوە لە ڕێژەی کێشی شیعرەکانی شاکەلی، عەزیز گەردی چاپی ساڵی ١٩٧٩ی (جەمال محمد محمد امین)ی بەکارهێناوە، کە ئەوسا تەنها (٧١) دەقی شیعری لەخۆ گرتبوو، لەچاپە نوێیەکاندا گۆڕانی بەسەرداهاتووە.

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | د | هەزەجی شەشی مەقسور | ١ | ٣.٣٣٣٪ |
| | | هـ | هەزەجی هەشتی موسەببەغ | ١ | ٣.٣٣٣٪ |
| | | و | هەزەجی هەشتی ئەخرەبی مەکفوفی مەقسور | ١ | ٣.٣٣٣٪ |
| ٣ | موزاریع | | | ٤ | ٥.٦٣٣٪ |
| | | أ | موزاریعی هەشتی ئەخرەب | ٢ | ٥٠٪ |
| | | ب | موزاریعی هەشتی ئەخرەبی موسەببەغ | ١ | ٢٥٪ |
| | | ج | موزاریعی هەشتی ئەخرەبی مەکفوفی مەخزوف | ١ | ٢٥٪ |
| | ٣ | | ١٣ | ٧١ | |

**ژمارەی و ڕێژەی کێشە شیعرییەکانی شاکەلی**[٨٢]

لێرەدا پێش ئاماژەکردن بە قاڵبەکێشەکانی شاکەلی، بەپێویستی دەزانین کە سەرنج بۆ ئەوە ڕابکێشین، کەوا ئەم سێ دەریایەی (هەزەج، ڕەمەڵ، موزاریع) کە شاکەلی شیعرەکانی لەسەر نووسیوە، ئەمانە لە ڕێگەی تەفعیلەکانی ((مفاعیلن)و(فاعلاتن)ەوە بنیات دەنرێت، کە یەکەمیان واتا (مفاعیلن) لە دووبارە بوونەوە (مفاعیلن) و دووەمیان(فاعلاتن) لە دووبارە بوونەوە (فاعلاتن) پێکدێت))[٨٣] کە لە خوارەوەیش چەند نموونەیەکی شیعری شاکەلی لەسەر ئەم تەفعیلانە جودا دەکەینەوە و دەیخەینە ڕوو:

– ئەو شیعرانەی شاکەلی کەلەسەر کێشی (**ڕەمەل**) نوسراون، ئەمانەی خوارەوە چەند نموونەکەیەتی :

**قاڵبەکێشی (ڕەمەلی هەشتی مەحزوف )، ئەمەی خوارەوە نموونەکەیەتی:**

هەر ئەڵێی لێوو دەمی جانانە غونچەی گوڵ هەنار          نەرگسی شەهلا بەمەستی، ئەو لەچاوی یار ئەکا[٨٤]

ئەم بەیتە شیعرییەی شاکەلی لەسەرەوە بەشێکە لە غەزەلێکی (نۆ) بەیتی، ئەم غەزەلە لەسەر دەریای (ڕەمەل) چێ بووە، سەرەتا بۆ نوسینی شیعرێکی کلاسیکی پێویستە شاعیر شارەزاییەکی وردی لە بازنەو کێشە عەروزییەکاندا هەبێت، چونکە

[٨٢] – عەزیز گەردی، رابەری کێشی شیعری کلاسیکی کوردی، چاپخانەی دێکان(سلێمانی)، ساڵی چاپ ٢٠٠٣ ، لــ٣٦٥.

[٨٣] – فەرهاد قادر کەریم، هەندێك لایەنی هونەری شیعرەکانی شاکەلی، پاشکۆیەکی ڕۆژنامەی(گەرمیانی ئەمرۆ)، ئایاری ٢٠٠٧، لــ١.

[٨٤] - هاشم عاصی کاکەیی، دیوان و یاداشتی شێخ ئەحمەد شاکەلی شاعیرو خواناسی دەشتی گەرمیان، چاپی پێنجەم،ساڵی چاپ ٢٠١٣، لــ٨٧.

شیچوەی ڕیزبوونی پیتەکان لەنێو دێڕە شیعردا گۆڕانگای زیحاف و عیللەی دروست دەکات، بەورد بونەوەمان لە دێڕە کلاسیکییەی شاکەلی، لێهاتووی و ماندوبونی شاکەلیمان بۆ دەردەکەوێت لە نوسینی هۆنراوە کلاسیکییەکانی، دروست بوونی ئەو بەیتەی سەرەوە لای شاکەلی بەمشێوەیە بووە:

بڕگەکانی بەیتەکە:

هەر/ ئە/لێی/ لیَ/ وو/ دە/ می/ جا/ نا/ نە/ غون/چەی/ گولَ/ هە/نار

نەر/ گ/ سی/ شەهـ/لا/ بە/ مەس/ تی/ ئەو/ لە/ چا/ وی/ یار/ ئە/ کا

پێیەکانی بەیتەکە:

هەر ئەلێی لیَ// وو دەمی جا// نانە غونچەی// گولَ هەنار

نەرگسی شەهـ// لا بەمەستی// ئەو لەچاوی// یار ئەکا

وەك دەبینین بەیتە شیعرییەکە (١٥) بڕگەیە و هەر بڕگەیەك لازمە پیتێکی بزوێنی تێدا بێت، بەپێی ناسین لە شیعری کلاسیکی بۆ بەیتی شیعری، نیوە دێڕی یەکەم پێی دەلێن (سەدر) و نیوەی دووەمیش (عەجز)، سەدر لە هەرسێ بەشی (سەدر، حەشو، حەشو. عەروز) و هەروەها نیوەی دووەم عەجزیش بریتی دەبێت لە هەرسێ بەشی( ئیبتیداء، حەشو، حەشو، زەرب)، وەك عەزیز گەردی دەلێت: بینای کێش لەسەر زەربە و کێشی لەسەر ڕۆدەنرێت[٨٥] ئەم دێڕە شیعرەی شاکەلی حەزفی چووەتە سەرو توشی خەزف* بووە.

هەروەها تەواوی عەزەلەکە لەسەر دەیاری (ڕەمەلْ) هۆنراوەهەوە لەسەر پێی (فاعلاتن) کەڕەمزەکەی دەکاتە( ــ ب ــ ــ) و بەکارهێنانی دەریای ڕەمەلْ لەنێو شیعری کلاسیکی کوردیدا بە ڕێژەی دووەم دێت لەپاش دەریای (هەزەج) کەشاعیران شیعرییان لەسەر هۆنیبێتەوە، بەشێوەیەك ٣٩٪ی شیعری کلاسیکی کوردی لەسەر ئەم دەریایە نوسراوە و لای شاکەلی شاعیریش پێچەوانەی شاعیرانی تر ئەم دەریایەی بەکار هێناوە کەبەپلەی یەکەم دێت شیعرەکانی لەسەر نوسی بێت کە دەتوانین بلێین ٥٢٪ی شیعرەکانی شاکەلی لەسەر ئەم دەریایە هۆنراوەتەوە، پێیەکانی ئەم کێشە(ڕەمەل) لەدووبارە بوونەوەی پێی (فاعلاتن) و

---

[٨٥] – عەزیز گەردی، فەرهەنگی کێشناسی، دەزگای چاپ و پەخشی نارین، چاپی یەکەم، سالی چاپ ٢٠١٦، لـ٩٦.

*حەزف: لابردنی بڕگەی درێژی کۆتایی پێیە لەسەبەبدا، واتا لابردنی سەبەبی سوکی کۆتایی پێیە و ئەو پێیە حەزفی چوەتە سەرو بۆیە پێی دەگوترێت مەحزوف، بڕوانە: عەزیز گەردی، کێشناسی کوردی، چایخانەی نارین، چاپی یەکەم، سالی چاپ٢٠١٤، لـ٤٠.

بەمشێوەیە هێما کراوە ( ــ ب ــ ــ )، وەك لەسەرەوە ئاماژەمان پێدا ئەم غەزەلەی شاکەلی لەسەر دەریای (ڕەمەڵ) بونیاتنراوە و خەزفی چوەتەسەر و (١٥)بڕگەیە و بۆیە دەکرێت پێی بڵێین (ڕەمەڵی هەشتی مەحزوف)، بنواڕە خشتەکە:

( فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن ) ( رەمەلی هەشتی مەحزوف )

| | | | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| هەر<br>نەر | ئە<br>گ | لێی<br>سی | لیّ<br>شەهـ | وو<br>لا | دە<br>بە | می<br>مەس | جا<br>تی | نا<br>ئەو | نە<br>لە | غون<br>چا | چەی<br>وی | گوڵ<br>یار | هە<br>ئە | نار<br>کا |
| ــ | ب | ــ | ــ | ــ | ب | ــ | ــ | ــ | ب | ــ | ــ | ــ | ب | ــ |
| فا | عـ | ـلا | تن | فا | عـ | ـلا | تن | فا | عـ | ـلا | تن | فا | عـ | ـلن |
| فاعلاتن | | | | فاعلاتن | | | | فاعلاتن | | | | فاعلن | | |
| ٤ برگە | | | | ٤ برگە | | | | ٤ برگە | | | | ٣ برگە | | |
| ١٥ برگە | | | | | | | | | | | | | | |

ئەمەی خوارەوەیش نموونەی تەواوی غەزەلەکەیە:

**دڵ لەناوی سینەما بولبول سیفەت هاوار ئەکا**

**ئارەزووی غونچەیی لێوو دەمی دڵدار ئەکا**

**هەر ئەلێی لێوو دەمی جانانە غونچەی گوڵ هەنار**

**نەرگسی شەهلا بەمەستی، ئەو لەچاوی یار ئەکا**

**چاوی کاڵ و لێوی ئاڵ و خاڵی شینی گوڵگەشی**

**دەك بەقوربانی خودابم چونکە وا ڕوخسار ئەکا**

**گەر لەبی لەعلی شەکەر باشی بخاتە پێکەنین**

**غونچە دڵ تۆتۆ ئەکاتۆ، چاوی گوڵ خونبار ئەکا=**

**دڵ بەغەمزەی چاوی بیماری دڵدارم خەستەیە**

**مات و حەیرانم کە خۆی بیمارە چۆن بیمار ئەکا**

**ڕشتەی ئەگریجەکەی بۆ گرتنی من با ئەدا**

**گەر بڵێم زولفی لەمیسك و عەنبەری تاتار ئەکا**

**چاوەنواڕی ڕۆینو شێوەی خەرامانی تۆم**

**ئاسکی شاکەلە کەوا بەولەنجەیە ڕەفتار ئەکا**

**دڵ ئەوەندە موشتاقی شێوەی چاوی کاڵی دولبەرە**

**بۆیە بەتعریفی چاوی شیعرەکانم سوار ئەکا**

**شیوەن و گریان و ئاهی بولبولی سەد پارە دڵ**

**هەر لەناڵەی حەمدی* ی بێ تاقەت و زامار ئەکا**[٨٦]

ئیتر هەر لەم چەشنە قاڵبەکشێەکانی تری دەریای ڕەمەلی نوسیوە و لەخوارەوە ئاماژەمان بەچەند قاڵبەکێشێکی کردوە.

**قاڵبەکێشی (ڕەمەلی هەشتی مەقسور)، ئەمەوەی خوارەوە نموونەکەیەتی :**

یا ڕەسولەللا ئەگەرچی ڕووڕەشی دیوانی تۆم        گەر نەبم خۆ هیچ نەبێ ڕیزە خورێکی خوانی تۆم

(فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلان)  (ڕەمەلی هەشتی مەقسوور)[٨٧]

---

*حەمدی: لێرەدا ناوهێنانی حەمدی، مەبەستی لە شاعیر خۆیەتی، کە سەرەتای دەست کردن بەشیعر نوسینی و لەتەمەنی لاوێتیدا، بەهۆی کاریگەری شیعرەکانی حەمدی شاعیرەوە، ئەمیش نازناوی حەمدی بۆخۆی هەڵبژاردبوو، دواتر گۆڕای بۆ شاکەلی.

[٨٦] - هاشم عاصی کاکەیی،  دیوان و یاداشتی شێخ ئەحمەد شاکەلی شاعیرو خواناسی دەشتی گەرمیان، چاپی پێنجەم،ساڵی چاپ ٢٠١٣، لـ٨٨.

[٨٧] – عەزیز گەردی، رابەری کێشی شیعری کلاسیکی کوردی، لــ٣٦٠.

| | | | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| یا<br>گەر | رە<br>نە | سو<br>بم | لەڵ<br>خۆ | ڵا<br>هیچ | ئە<br>نە | گەر<br>بێ | چی<br>ڕی | ڕوو<br>زە | ڕە<br>خۆ | شی<br>ڕێ | دی<br>کی | وا<br>خوا | نی<br>نی | تۆم<br>تۆم |
| – | ب | – | – | – | ب | – | – | – | ب | – | – | – | ب | – |
| فا | عـ | لا | تن | فا | عـ | لا | تن | فا | عـ | لا | تن | فا | عـ | لان |

**قاڵبەکێشی (ڕەمەلی هەشتی مەخبونی مەحزوف )، ئەمەی خوارەوە دوو نموونەن:**

خاکی شێروانە کەوا پڕ بتی یی مونتە خەبە گەردشی چەرخ گەر بێلیٚ بەڵێ جێگەی تەرەبە

(فاعلاتن فعلاتن فعلاتن فعلن) (ڕەمەلی هەشتی مەخبوونی مەحزووف)[٨٨]

| | | | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| خا<br>گەر | کی<br>د | شێر<br>شی | وا<br>چە | نە<br>رخ | کە<br>گەر | وا<br>بێ | پڕ<br>لێ | ب<br>بە | تی<br>لێ | بێ<br>جێ | مون<br>گەی | تە<br>تە | خە<br>رە | بە<br>بە |
| – | ب | – | – | ب | ب | – | – | ب | ب | – | – | ب | ب | – |
| فا | عـ | لا | تن | فـ | عـ | لا | تن | فـ | عـ | لا | تن | فـ | عـ | لن |

**قاڵبەکێشی (ڕەمەلی شەشی مەقسور )، ئەمەی خوارەوە نموونەکەیەتی:**

ئەسسەلام ئەی ڕەوزەیی خەیرولئەنام ئەسسەلام ئەی مەسکەنی عالی مەقام

(فاعلاتن فاعلاتن فاعلان) (ڕەمەلی شەشی مەقسوور)[٨٩]

[٨٨] – عەزیز گەردی، رابەری کێشی شیعری کلاسیکی کوردی، لــ٣٦٢.

[٨٩] – عەزیز گەردی، (هـ.س.)، لــ٣٦٣.

| | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەس ئەس | سە سە | لام لام | ئەی ئەی | ڕەو مەس | زە کە | یی نی | خەی عا | رول لی | ئە مە | نام قام |
| – | ب | – | – | – | ب | – | – | – | ب | – |
| فا | عـ | لا | تن | فا | عـ | لا | تن | فا | عـ | لان |

– ئەو شیعرانەی شاکەلی کەلەسەر کیشی ( **هەزەج** ) نووسراون چەند پارچە شیعرێکن و لەسەر چەند قاڵبەکێشێك نووسیویەتی بەمشێوەیی لای خوارەوە :

**قاڵبەکێشی (هەزەجی هەشتی تەواو ) ،کە ئەمەی خوارەوە نموونەکەیەتی:**

لەچاومدا پەیەن دەرپەی هەزار ئەندەر هەزار ئەڕوا      سروشکی ئاڵی گوڵ ڕەنگم وەکوو تاوی بەهار ئەڕوا[٩٠]

وەك پێشتر لەپێناسەی کێشدا ئاماژەمان پێدا، کەوا کێش کەرەستەیەکە بۆ جوانکردنی شیعرەکان و ڕوحسارەکەی پێدەڕازێنرێتەوە و شاعیرانی کلاسیك و شاکەلی زۆر گرنگییان بە کێی شیعری و ڕووخساری شیعرەکانیان داوە، هەتا کاتی خوێندنەوە ئاوازی خۆش و ڕێك بە دڵ و مێشکی خوێنەردا بدەن، کە هەرخۆی کێشی هەزەج کێشێکی باوی ناو شاعیران و ئەدەبی شیعری کلاسیکی کوردییە کە((بەپلەی یەك لە شیعری کلاسیکی کوردیدا بەکارهاتووە و ٢١قالب (لق)ی جیاجیای لەنێوشیعرەکوردییەکاندا بەکارهاتووە، کە نزیکەی ٤٩٪ی شیعری کوردی پێنوسراوە))[٩١] لەسەر ئەم دەریایە شاکەلی چەند لقی بەکارهێناوە و لەم باسەماندا چەند نموونەیەکمان داناوە، ئەوبەیتەی سەرەوە، بەشێکە لە (غەزەل)* ـێکی شاکەلی کە ناوەرۆکیکی دڵداری و خۆشەیوستی هەیە و کۆی غەزەلەکە بریتییە لە (٧) بەیت، لە ڕووی ڕوحسارەوە، ڕووحسارێکی کلاسیکی هەیە برگەو پێیەکانی بەمشێوەیە دروست بوون:

لە/ چا/ وم/ دا/ پە/ یەن/ دەر/ پەی/ هە/ زار/ ئەن/ دەر/ هە/ زار/ ئەڕ/ وا

س/ روش/ کی/ ئا/ ڵی/ گوڵ/ ڕەن/ گم/ وە/ کوو/ تا/ وی/ بە/ هار/ ئەڕ/ وا

[٩٠] – هاشم عاصی کاکەیی، دیوان و یاداشتی شێخ ئەحمەد شاکەلی شاعیرو خواناسی دەشتی گەرمیان، چاپی پێنجەم،ساڵی چاپ ٢٠١٣، لـ٨٩.

[٩١] – عەزیز گەردی، کێشناسی کوردی، چاپخانەی نارین، چاپی یەکەم، ساڵی چاپ٢٠١٤، لـ٦٤.

لەچاومدا// پەیەن دەرپەی// هەزار ئەندەر// هەزار ئەڕوا

سروشکی ئا// لی گوڵ ڕەنگم// وەکوو تاوی// بەهار ئەڕوا

بەیتەکە (١٦)بڕگەی تەواوە و لەکاتی جیاکردنەوەی بڕگەکان پێویستە بەوردی ئاگاداری بڕگەکردنەکەی بین و ئەو ئاگادارییەش هەر بەپێی شیعرەکە لای شەکەلیدا ڕەنگی داوەتەوە، چونکە پێش دیاریکردنی بڕگەکان، پێویستە شاعیر شارەزاییەکی وردی لەسەر پیتەکانی زمانی کوردی هەبێت و هەموو پیتەبزوێن و نەبزوێنەکان بە جوابنی بناسێتەوە لەگەل ڕەچاوکردنی بزێنی کورتی (i)" چونکە لەکاتی دیاریکردنی بڕگەکان لازمە هەر بڕگەیەك پیتێکی بزێنی تێدابێت و درێژی و کوردی پیتەبزوێنەکان کورتی و درێژی پێیەکانمان بۆ دەنیشان دەکان، کە ئەم ئاگاییەیش لای شاکەلی بوونی هەبووە، بۆنموونە ئەو بەیتەی سەرەوەلە نیوەدێڕی یەکەم و لە پێی یەکەمی سەدرەکەی، ( لەچاومدا) ئەمانە (لە/ چا/ وم/ دا)هەیە، ڕەمزی نیشانەی کورت و درێژی ئەم بڕگانە بەمشێوەیە( ب ـــ ـــ ـــ ) کەلەدووبارە بونەوەی پێی (مفاعیلن)ەوە دروست بووە، کە تەواوی درێڕەکە دەبێتە( هەزەجی هەشتی تەواو)، بنوارە خشتەکە:

(مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن) (هەزەجی هەشتی تەواو)

| لە | چا | وم | دا | پە | یەن | دەر | پەی | هە | زار | ئەن | دەر | هە | زار | ئەڕ | وا |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| س | روش | کی | ئا | لی | گوڵ | ڕەن | گم | وە | کو | تا | وی | بە | هار | ئەڕ | وا |
| ب | ـــ | ـــ | ـــ | ب | ـــ | ـــ | ـــ | ب | ـــ | ـــ | ـــ | ب | ـــ | ـــ | ـــ |
| مـ | فا | عیـ | ـلن | مـ | فا | عیـ | ـلن | مـ | فا | عیـ | ـلن | مـ | فا | عیـ | ـلن |
| مفاعیلن | | | | مفاعیلن | | | | مفاعیلن | | | | مفاعیلن | | | |
| ٤ بڕگە | | | | ٤ بڕگە | | | | ٤ بڕگە | | | | ٤ بڕگە | | | |
| ١٦ بڕگە | | | | | | | | | | | | | | | |

تەواو غەزەلەکە بەمشێوەیە:

**لەچاومدا پەیەن دەرپەی هەزار ئەندەر هەزار ئەوڕوا**

**سروشکی ئالی گوڵ ڕەنگم وەکوو تاوی بەهار ئەڕوا =**

ئەبارێ لوئلوئی لالە بەنیساری ئەو باڵاّ

لەشیعرم گەوهەری واڵاّ قەتار ئەندەر قەتار ئەڕوا

لەچاوانم تکەی ئەسرین شەبیهی کۆمەڵێ پەروین

بەیادی ماهی دڵ سەنگین هەمیشە وەك سەیار ئەڕوا

عەجەب ماوم بۆ ئەوباڵاّ چەخۆش هەڵسا لەدووساڵاّ

لە هەڵچونا قەدی (ڕەعنا)وەکو سەروچنار ئەڕوا

وەکو شەونم لەچاوانم لە هیجری ماهی تابانم

ئەڵێی لەعلی بەدەخشانە لەبۆ ئیساری یار ئەڕوا

بەتەخویلاتی ئەم چەرخە مەچەر خەوخۆت مەڕەنجێنە

کە ئاڵو گوڕی هەر ساڵێ وەکو پێراورپار ئەڕوا

چییە ئەم ڕەنگتە(حەمدی) دڵت حۆشە کەبێڕەنگی

کە هەرکەسێ تالبی ڕەنگە بەبێ نەقش و نیگار ئەڕوا[92]

ئیتر بەم چەشنە هەمووقاڵبەکانی تری هەزەج لای شاکەلی هەروایە و وەکو ئەو شێوازەی سەرەوەیە.

**قاڵبەکێشی (هەزەجی شەشی مەحزوف )، ئەمەی خوارەوە نموونەکەیەتی:**

چ ڕەمزێکی بەڕیزە ئەم مناڵە        عەجەب یاد ئاوەرێکی بێ میساڵە

(مفاعیلن مفاعیلن فعولن)  (هەزەجی شەشی مەحزووف)[93]

| | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| چ | ڕەم | زێ | کی | بە | ڕێ | زە | ئەم | م | نا | ڵە |
| عە | جەب | یاد | ئا | وە | رێ | کی | بێ | می | سا | لە |
| ب | – | – | – | ب | – | – | – | ب | – | – |
| مـ | فا | عیـ | ـلن | مـ | فا | عیـ | ـلن | فـ | عو | لن |

[92] – هاشم عاصی کاکەیی،  دیوان و یاداشتی شێخ ئەحمەد شاکەلی شاعیرو خواناسی دەشتی گەرمیان، چاپی پێنجەم،ساڵی چاپ ۲۰۱۳، لـ۸۹.

[93] – عەزیز گەردی، رابەری کێشی شیعری کلاسیکی کوردی، لــ٣٦٤.

**قاڵبەکێشی (هەزەجی هەشتی ئەخرەبی مەکفوفی مەحزوف )، ئەمەی خوارەوە نموونەکەیەتی :**

ئەی دەردی گرانم کەچەبێ یارە بیارە        چاوم لەتەما کەیلە کەنادیارە بیارە

(مفعول مفاعیل مفاعیل فعولن)  (هەزەجی هەشتی ئەخرەبی مەکفووفی مەحزووف)[٩٤]

| | | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەی<br>چاو | دەر<br>وم | دی<br>لە | گ<br>تە | را<br>ما | نم<br>کەی | کە<br>لە | چە<br>کە | بێ<br>نا | یا<br>دیا | رە<br>رە | بی<br>بی | یا<br>یا | رە<br>رە |
| ـ | ـ | ب | ب | ـ | ـ | ـ | ب | ـ | ـ | ـ | ب | ـ | ـ |
| مفـ | عو | ل | مـ | فا | عیـ | ـلن | مـ | فا | عیـ | ـلن | فـ | عو | لن |

**قاڵبەکێشی (هەزەجی شەشی مەقسور )، ئەمەی خوارەوەیش نموونەکەیەتی:**

بەهاران و ئێوارەی دەشتی سیروان        بباریَ جار بەجاریَ تاوی باران

(مفاعیلن مفاعیلن فعولان)  (هەزەجی شەشی مەقسوور)[٩٥]

| | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| بە<br>ب | ها<br>با | را<br>رێ | نو<br>جار | ئێ<br>بە | وا<br>جا | رەی<br>رێ | دەش<br>تا | تی<br>وێ | سیر<br>با | وان<br>ران |
| ب | ـ | ـ | ـ | ب | ـ | ـ | ـ | ب | ـ | ـ. |
| مـ | فا | عیـ | ـلن | مـ | فا | عیـ | ـلن | فـ | عو | لان |

**قاڵبە کێشی (هەزەجی هەشتی ئەخرەبی مەکفوفی مەقسور )، ئەم پارچە شیعرەی خوارەوە نموونەکەیەتی:**

غەمگینە دڵم زارە لەبەر فیرقەتی نەسرین        پەستە دڵەکەم ئێستە لەبۆ تیبەتی نەسرین

---

[٩٤] – عەزیز گەردی، رابەری کێشی شیعری کلاسیکی کوردی، لـ٣٦٠.

[٩٥] – عەزیز گەردی، (هـ.س.)، لـ٣٦٤.

(مفعول مفاعیل مفاعیل فعولان)   (هەزەجی هەشتی ئەخرەبی مەکفووفی مەقسوور)[٩٦]

| | | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| غەم<br>پەس | گی<br>تە | نە<br>د | د<br>ڵە | ڵم<br>کەم | زا<br>ئێس | رە<br>تە | لە<br>لە | بەر<br>بۆ | فیر<br>تی | قە<br>بە | تی<br>تی | نەس<br>نەس | رین<br>رین |
| ـ | ـ | ب | ب | ـ | ـ | ـ | ب | ـ | ـ | ـ | ب | ـ | ـ. |
| مفـ | عو | ل | مـ | فا | عیـ | ـلن | مـ | فا | عیـ | ـلن | فـ | عو | لان |

– هەروەها شێخ ئەحمەدی شاکەلی لەسەر کێشی (**موزاریع**) چەند پارچە شیعرێکی لەسەر چەند قاڵبەکێشێك نوسیوە، بەهەمانشێوەی دوو دەریاکەی پێشوو ( ڕەمەل، هەزەج) لێرەیشدا نموونەیەکی ورد دەکەینەوە و ئەوانی تریش چەشنی هەمان نموونە دەبن بۆ خوێنەر.

لەناو ئەدەبیاتی شیعری کلاسیکیدا، شاعیرانی کورد لەکۆی (١٦) دەریاکەی (خلیل کوڕی ئەحمەدی فەراهیدی) تەنها (١٢) دەریایان بەکارهێناوە کە ئەمانەن: (هەزەج، رەمەل، موزاریع، رەجەز، خەفیف، موزجتەس، موتەقاریب، بەسیت، سەریع، کامیل، مەدید، تەویل)

کێشی موزاریع بەپلەی سێیە م دێت لای شاکەلی کەلە شیعرەکانیدا بەکاری هێناوە و ئەم بەکارهێنانەیش لای شاعیرانی تری پەیڕەوی کەری کلاسیکی هەمان شێوەیە و ((ئەم کێشە شەش پێیە (٣+٣=٦)و لە دوو پێی جیاواز پێك دێت (مفاعیلن، فاع لاتن، مفاعیلن))[٩٧] ئەمەی خوارەوە نموونەیەکە لە (قەصیدە)*یەکی شاکەلی کە (٢٥)بەیتە و ناوەڕۆکێکی سۆفیگەری دینیانەی هەیە و لەخوارەوە بڕگەوپێیەکانی جودادەکەینەوە:

[٩٦] – عەزیز گەردی، رابەری کێشی شیعری کلاسیکی کوردی، لـ٣٦٢.

[٩٧] – عەزیز گەردی، فەرهەنگی کێشناسی، دەزگای چاپ و بەخشی نارین، چاپی یەکەم، ساڵی چاپ ٢٠١٦، لـ١٧١.

**حاجی لەپاشی کەعبە ڕووکە لەشاری دڵبەر        تاسەرفراز و بیَ غەم ڕووکەی لەدەشتی مەحشەر**[٩٨]

حا/ جی/ لە/ پا/ شی/ کەع/ بە/ ڕوو/ کە/ لە/ شا/ ری/ دڵ/ بەر

تا/ سەر/ ف/ را/ ز و/ بیَ/ غەم/ ڕوو/ کەی/ لە/ دەش/ تی/ مەح/ شەر

**حاجی لە// پا شی کەعبە// ڕووکە لە// شاری دڵبەر**

**تاسەرف// راز و بیَ غەم// ڕووکەی لە// دەشتی مەحشەر**

ئەم بەیتەی شاکەلی لەسەرەوە لە (١٤) بڕگە پێك دێت و وەك وتمان پییەکانی دەریای موزاریع بەمشێوەیە (مفاعیلن، فاع لاتن، مفاعیلن) و بنواڕە خشتەکەی خوارەوە:

(مفعول فاع لاتن مفعول فاع لاتن)      (موزاریعی هەشتی ئەخرەب)

| | | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| حا<br>تا | جی<br>سەر | لە<br>ف | پا<br>را | شی<br>زو | کەع<br>بیَ | بە<br>غەم | ڕوو<br>ڕوو | کە<br>کە ی | لە<br>لە | شا<br>دەش | ری<br>تی | دڵ<br>مەح | بەر<br>شەر |
| – | – | ب | – | ب | – | – | – | – | ب | – | ب | – | – |
| مف | عو | ل | فا | ع | لا | تن | مف | عو | ل | فا | ع | لا | تن |
| مفعول | | | عاع لاتن | | | | مفعول | | | فاع لاتن | | | |
| ٣ بڕگە | | | ٤ بڕگە | | | | ٣ بڕگە | | | ٤ بڕگە | | | |
| ١٤ بڕگە | | | | | | | | | | | | | |

[٩٨] – هاشم عاصی کاکەیی، دیوان و یاداشتی شێخ ئەحمەد شاکەلی شاعیرو خواناسی دەشتی گەرمیان، چاپی پێنجەم،ساڵی چاپ ٢٠١٣، لـ٧٢.

چەند بەیتێکی تر لە قەصیدەکەی سەرەوە:

**جاحی لە پاشی کەعبە رووکە لەشاری دولبەر**

**تاسەرفرازوبیێ غەم رووکەی لە دەشتی مەحشەر**

**حیرەت ئەکەم لەوانە ئەچنە تەوافی خانە**

**ناڕۆنە ئاستانەی "خیر الوری"ی پەیەمبەر**

**گەر خواهیشت خودایە، لەم عەمرەوو سەفایە**

**مەقسودت مستەفایە، خالق لە حەجی ئەکبەر**

**"لەولاك"وهەم "لعمرك"دووشاهیدن تەبەروك**

**بەس بۆ جەنابی ئەوبوو ئەوەی کرا موقتەدەر**

**ڕووکە لەڕێی مەدینە ڕێگایێ تر مەبینە**

**ئەم ڕێگە ڕەسمی دینە گەر پێم ئەکەی تۆ باوەڕ**

**بەسوزی پڕ لەسینە ئاهێ لەدڵ دەرێنە**

**دەرونت هەڵگرێنێ خۆشتر لەناری مەجمەر**

**ئەم مانگە تەرکی خەوکە، بەشەو لەخەو تۆ ڕەوکە**

**دڵ پڕ لەشەوقی ئەوکە دەمت الله اکبر**

**کەچویتە ماڵی مەکە، عەزمی مەدینە جەم کە**

**تەحقیقی دینی تیایە مەدینەیی منەووەر**

**گەر لەفزو گەرمەکانی دیقەت کە تۆ نیهانی**

**دینی موبینی تیایە ئەسڵ لەوایە موغمەر**

**یەعنی شەفیعی مەحشەر نوری خودا پەیەمبەر**

**ئەرزوسەما موسەبەب بۆئەو کرا مسەووەر**[99] ..........

[99] – هاشم عاصی کاکەیی، دیوان و یاداشتی شێخ ئەحمەد شاکەلی شاعیرو خواناسی دەشتی گەرمیان، چاپی پێنجەم،ساڵی چاپ ٢٠١٣، لـ٧٢.

نموونەکانی تری خوارەوەیش هەر چەشنی ئەم شێوازەی سەرەوەیە لە دەریای موزاریع لای شاکەلی.

**قاڵبەکێشی ( موزاریعی هەشتی ئەخرەبی موسەببەغ )، ئەمەی خوارەوە نموونەکەیەتی:**

ڕووکەم لەیاری زێڕین یەعنی نیگاری ڕەنگین        دەسمایەکەی دڵ و دین عوسمانی شێوەی شیرین

(مفعول فاع لاتن مفعول فاع لاتان)   (موزایعی هەشتی ئەخرەبی موسەببەغ)[100]

| | | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕوو | کەم | لە | یا | ری | زێ | ڕین | یەع | نی | نی | گا | ری | ڕەن | گین |
| دەس | ما | یە | کەی | د | ڵو | دین | عوس | ما | نی | شێ | وە | شی | رین |
| – | – | ب | – | ب | – | – | – | – | ب | – | ب | – | –. |
| مفـ | عو | ل | فا | ع | لا | تن | مفـ | عو | ل | فا | ع | لا | تن |

**قاڵبەکشێی (موزاریعی هەشتی ئەخرەبی مەکفوفی مەخزوف )، ئەمەی خوارەوە نموونەکەیەتی:**

چ بکەم نەما کەسێ کەدەرم کا لەناکەسی        تاماچی خاکی بەری پێی بکەم لەجێی دەسی

(مفعول فاع لات مفاعیل فاع لن)  (موزاریعی هەشتی ئەخرەبی مەکفووفی مەحزووف)[101]

| | | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| چب | کەم | نە | ما | کە | سێ | کە | دە | رم | کا | لە | نا | کە | سی |
| تا | ما | چی | خا | گی | بە | ری | پێی | ب | کەم | بە | جێی | دە | سی |
| – | – | ب | – | ب | – | ب | ب | – | – | ب | – | ب | – |
| مفـ | عو | ل | فا | ع | لا | ت | مـ | فا | عیـ | ل | فا | ع | لن |

[100] – عەزیز گەردی، رابەری کێشی شیعری کلاسیکی کوردی، لــ٣٦٠.

[101] – عەزیز گەردی، (هـ.س.)، لــ٣٦٣.

کێش بنەمایەکی گرنگی شیعرە و لە شیعری هەموو زمانێکدا هەیە،((زۆر جار کێش دەبێ بە ڕەگەزی جیاکەرەوەی شیعر لە ژانەرەکانی تری ئەدەبدا، کێش ئاوازی دەرەوەی شیعر لەگەڵ ئاوازی ناوەوەیدا پێك دێنێ))[١٠٢]، لەزمانی کوردیدا تا ئێستا بەگشتی چەند جۆرێکی بەکار دەهێنرێت، کە ئەوانیش کێشی (عەروز، برگەیی، کێشی ئازاد)ە، ئیتر لای هەر شاعیرێك بەکارهێنانیان بە پێی سەردەمەکەی جودایە، شاکەلی بەهۆی ئەوەی سەردەمەکەی کەوتبووە نێوان هەردوو کۆن و نوێ یاخود نێوان پەیڕەوکردنی کێشی عەرووز و کێشی برگەیی، بۆیە بۆ هەردوو جۆرە لەکێشی(عەروز، برگەیی) شیعری نوسیوە، بەڵام زیاتر لەسەر کێشە عەروزەکە شیعری بنیاد ناوە و لەخوارەوە بەکورتی ئاماژە بەو دوو جۆر کێشە شیعرییەدەکەین لای شاکەلی:

**١-١- کێشی عەروز لای (شاکەلی):** ئەم جۆرە کێشە لەسەر دەستی (خلیل کوڕی ئەحمەدی فەراهیدی)دۆزراوەتەوە، کورد بە دەستکارییەوە بەکاری هێناوە و ڕاستەوخۆ لەعەرەبەوە وەری نەگرتوە،((ماوەیەکی درێژە لە شعیری کوردیدا بەکار هاتووە، بەتایبەتی شیعری کلاسیکی کوردی و هەروەها لای هەندێك لە شاعیرانی نوێیش بەکارهاتووە))[١٠٣]،وەك پێشتر ئاماژەمان پێکرد (شاکەلی) لەسەر هەر سێ کێشی (هەزەج و ڕەمەڵ و موزاریع) شیعرەکانی نوسیوە، هەروەها لە شیعری کوردیدا دەرکەوتووە بەکارهێنانی ئەم سێ کێشە لە هەمووان زیاترە، ((ئەمەیش تایبەتییەکی شیعری کوردییە و سروشتی زمانی کوردی هێناویەتییە بەرهەم، ڕێژەی(٩٣٪) شیعری کلاسیکیی کوردی لەسەر ئەو سێ دەریایە بنیاد نراوە، لەگەڵ ئەوەیشدا دەکرێت، سەرنج بۆ تایبەتییەکی شاکەلی ڕابکێشین لەگەڵ مامەڵە کردن بە ڕادەی بەکاهێنانی ئەو سێ دەریایەدا، بەو پێیەی لای زۆربەی شاعیران، کێشی (هەزەج) لە (ڕەمەڵ) زیاتر بەکار هاتووە، بەڵام لای شاکەلی پێچەوانەیە))[١٠٤]، بەم شێوەیە:-

| لای شاکەلی | لە شیعری کوردیدا | دەریاکان |
|---|---|---|
| ٪٤٢ | ٪٤٨ | هەزەج |
| ٪٥٢ | ٪٣٩ | ڕەمەڵ |
| ٪٦ | ٪٦ | موزاریع |

[١٠٢] - جیهان عەبدولوەهاب ئەحمەد، کامران بەدرخان و نوێکردنەوەی شیعری کوردی، نامەی ماستەر(زانکۆی صەلاحەدین)، ساڵی ٢٠٠٨، لـ٧٧.

[١٠٣] - جیهان عەبدولوەهاب ئەحمەد، (هـ.س.)، لـ٧٨.

[١٠٤] - فەرهاد قادر کەریم، هەندێك لایەنی هونەری شیعرەکانی شاکەلی، پاشکۆیەکی ڕۆژنامەی(گەرمیانی ئەمرۆ)، ئایاری ٢٠٠٧، لـ١.

بەهۆی بەکارهێنانی تەفعیلەی ئەم سێ دەریایە لای (شاکەلی)، وای کردوە، کەوا لە چوار چێوەی چەند ئاوازێکدا بسوڕێتەوە.

لەناو ئەو دەریایانەیشدا (شاکەلی) چەند قاڵبە کێشێکی دیاری کراو نەبێ ئەوانی تری بەکار نەهێناوە، بۆنموونە دەیاری (هەزەج) لەشیعری کوردیدا نزیکەی (١٢) قاڵبەکێشی جیاوازی بەکارهاتووە، بەڵام شاکەلی تەنها شەش قاڵبیانی بەکارهێناوە، هەروەها لە دەریای رەمەل و موزاریعیشدا چەند قاڵبەکێشی دیاری کراونەبی زیاتری بەکار نەهێناوە.

نموونەیەك لە کێشی عەروزی شاکەلی:

**چاوەنواڕی لوتفی تۆم دەرکا لەجیسمم لەرزوتا**

**چاوەڕێی قاپی عیادەم پێم نەکەی (رب العلی)**[١٠٥]

| | | | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| چا | وەن | وا | ڕی | لوت | فی | تۆم | دەر | کا | لە | جیس | مم | لەر | زو | تا |
| چاو | وە | ڕێی | قا | پی | عی | ا | دەم | پێم | نە | کە | رب | ال | ع | لی |
| کێشی رەمەڵی هەشتی مەحزوف | | | | | | | | | | | | | | |

**١-٢- کێشی بڕگەیی لای (شاکەلی):** پێشتر ئاماژەمان بەوە کرد، کەوا لەو ڕۆژگارەی شاکەلی هەنگاوی بەرەو شیعر نووسین ناوە و شیعری تێدا نووسیوە، زیاتر هەر سێ کێشی (عەروزی و بڕگەیی، تێکەڵ)بەکارهێنراوە، یاخود لە قۆناغی گواستنەوە و کاڵبوونی ڕێبازی کلاسیکی و هەنگاونان بوو بەرەوە نوێبوونەوەی شیعری، کەوا بیرکرایەوە، شیعری کوردی دەبێت بە شێوازێك بنووسرێت ئیدی دورکەوێتەوە لە ئاڵۆزی و هەموو خەڵك بتوانێت لێی تێبگات، خوێنە بەخوێندنەوەی حەزی لا دروست ببێ و حەز بەخوێندنەوەی بکات و چێژی لێوەربگرێت، ((ئەم کێشە مۆسیقایەکی ڕەوان و ڕاستەوخۆی هەیە، کەوا لە شیعرەکە دەکات لە مێشکی خوێنەردا بمێنێتەوە و بەئاسانی لەبەر بکرێت))[١٠٦] ،کێشی بڕگەیی دڵگیرە و بەکێشی خۆماڵیش ناودەبرێت، کێشی خۆماڵی نزیکترە لەزمانی خەڵکی لەسەر بنەمای ژمارەی بڕگە بنیاد دەنرێت، لەگەڵ بنەما و خاسیەتە تایبەتییەکانی زمانی کوردی دەگونجێت، ((دوای نوێ بوونەوەی شیعری کوردی شاعیرانی نوێخواز بەزۆری خۆیان کێشی عەرزی دورخستەوە و ئەم

[١٠٥] – عەزیز گەردی، رابەری کێشی شیعری کلاسیکی کوردی، چاپخانەی دێکان(سلێمانی)، ساڵی چاپ ٢٠٠٣ ، لـ٣٥٩.

[١٠٦] – حوسێن غازی کاك ئەمین، ڕەوتی نوێکردنەوەی شیعری کوردی لەباشوری کوردستان لەساڵانی (١٩٨٠-١٩٩١)دا، نامەی دکتۆرا، ساڵی ٢٠٠٩، لـ٧٥.

جۆرەیان بەکارهێنا))[١٠٧]، بەڵام (شاکەلی)ش یەکێك بووە لە پەیڕەوی کەرانی کێشە عەروزییەکە و سەرەتای شیعرەکانی لەسەر کێشە عەروزییەکە بنیاد ناوە، بەڵام دواتر چەند شیعری تر دەنووسێت کە بە کێشە بڕگەییەکەن، ڕەنگە لێرەدا پرسیارێك بێتە ئاراوە، بە بینین و خوێندنەوەی ئەو شیعرانەی کە لەسەر کێشە بڕگەییە نووسراون و شاکەلیش زیاتر لەبوارە کلاسیکیەکە هەژمار دەکرێت و بەتەواوی نەکەوتوە نێوی سەردەمی شیعری نوێوە، ئەمە چۆن ڕوون دەکرێتەوە؟، ئاشکرایە ڕادەی بەکارهێنانی کێشی بڕگەیی لای شاعیر لە نزیکەی (٢٩)دەقدا دەبینرێت، هۆکاری بەکارهێنانی ئەم چەشنە کێشەیش جگە لە پەیڕەوکردنی ئەو گۆڕانەی کە لە سییەکانی سەدەی (٢٠)دا بەسەر شیعری کوریدا هات و ڕووکرایە کێشی بڕگەیی کە ئەم حاڵەتە یەکێك بوو لە سیماکانی نوێکردنەوەی شیعری کوردی، لەلایەکی ترەوە کاریگەر بوونی شاکەلییە بەشیعری شاعیرانی هەورامان بەگشتی و شیعرەکانی (مەولەوی) بەتایبەتی کە کێشی بڕگەیی یەکێك بووە لە تایبەتییەکانی، هەروەك خۆشەویستی شاکەلی بۆ پیرانی تەریقەتی نەقشبەندی و گوزارشت کردن لەو هەستەی کە بەرانبەریان هەیەتی وای کردوە شاکەلی باوەڕی بەوە هەبێت کە بەکارهێنانی شێوازی هەورامی و پەنا بردنە بەر کێشی بڕگەیی و بەتایبەتی (١٠)بڕگەیی باشترین ڕێیە بۆ گوزارشت کردن لەو هەستە سۆفیگەرییانە، هەر بۆیە لەناو هەموو کێشە بڕگەییەکاندا تەنها (١٠)بییەکە دەبینرێت، بۆیە بەبڕوای (د.فەرهاد قادر):((ڕووکردنی شاکەلی بە کێشی بڕگەیی زیاتر وابەستەیی و کاریگەرییەتی بەشیعری شاعیرانی هەورامانە و کەمتر بەهۆی ئەو گۆڕانەویە کە بەسەر شیعری کوردی لە چارەکەی یەکەمی سەدەی (٢٠)دا هات، چونکە بەڵگە بۆ ئەمەیش قەتیس مانی شاعیرە لە کێشە (١٠ بڕگەی)(*)یەکە و بەکارنەهێنانی جۆرەکانی ترە کەلای گۆڕانی شاعیر و نوێخوازەکانی تر بەکار هاتوون))[١٠٨]، ئەمەی خوارەوە نموونەیەکە لە کێشە بڕگەییەکەی شاکەلی:

---

[١٠٧] – صافیە محەمەد ئەحمەد، شێوازی شیعرە کوردییەکانی پیربال مەحموود، نامەی ماستەر/ ساڵی ٢٠٠٩، لـ٣٦.

[١٠٨] – فەرهاد قادر کەریم، هەندێك لایەنی هونەری شیعرەکانی شاکەلی، پاشکۆیەکی ڕۆژنامەی(گەرمیانی ئەمڕۆ)، ئایاری ٢٠٠٧، لـ١.

* – کێشی (١٠) بڕگەیی: یەکێکە لە کێشە ڕەسەن و کۆنەکانی فۆلکلۆری کوردی، لەشیعری فۆلکلۆریدا بەشێوەیەکی فراوان بەکارهاتووە، لای شاکەلی دەستە پێی (٥+٥) باوترین بووە و لە چەند شیعرێکیدا بەکار هاتووە، بڕوانە، جیهان عەبدولوەهاب ئەحمەد، کامران بەدرخان و نوێکردنەوەی شیعری کوردی، نامەی ماستەر، ساڵی ٢٠٠٨، لـ٨٣.

**سەفای دەشتەکەی پای هەردەی شاکەل        لیت ئەپرژێنێ خۆشاوی ئەمەل**[109]

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| کەل | شا | دەی | هەرد | پای | کەی | تە | دەش | فای | سە |
| مەل | ئە | وی | شا | خۆ | نێ | ژێ | پر | ئە | لێت |
| کێشی (١٠) بڕگەیی (٥+٥) | | | | | | | | | |

**٢- سەروای شیعری (شاکەلی)**

سەروا یاخود (قافیـە) لـە شـیعردا بەهـەمان شـێوەی کـێش (وەزن) دەوری بینیـوە، کـە لـە بنچینەکانی شـیعری کلاسـیکی، بـە وردبوونەوە لە بەشێك لەسەرچاوەکان، زۆرێکیان ئاماژە بەوە دەکەن، کەوا سەروا زۆری لەسەر نەنوسراوە  ووەك کێش بە باس و لێکۆڵینەوە دەوڵەمەند و تێرو تەسەل نەکراوە، وەك شتێکی سادە و پاشکۆ لەو کتێبانە باسکراون، کـەوا بـاس لـە کێشـی شـیعر دەکەن، ((سەروا لە شیعری عەرەبیدا لەسەر پیتێکی بنچینەیی دادەڕێـژرێت و دروسـت دەبێـت، کـە پێـی دەڵـێن: (الـروی)، واتـا ڕەوی پیتی نەبزوێنی کۆتایی دێڕە شیعرە و شیعر و چامەی لەسەر دروست دەبێت، هەر بەناوی ئەوە دەبری و وەك ئەوەی بڵێی چامەی میمیەکە و یاخود چامە نونیە و دالیەکە، یاخود بەواتایەکی تر شیعر قەت نـابێ بـەبێ ڕەوی بێـت، ئەمانـە وەك یاسـایەك تائێستایشی لەگەڵ بێت لەشیعری کلاسیکی عەرەبی هەر باوە و لە ڕووی پێکهاتنیشەوە (سەروا) ئەو دەنگە یـەکگرتووە ڕەنگـاو ڕەنگانەن کەلە کۆتایی هەموو دێڕە شیعرەکاندا دووبارە دەبینەوە))[110] لەشیعری کوردیشدا سـەروا بەشـێوەیەکە کـەوا دەتـوانین بڵێین: بریتییە لە دەنگێك یاخود کۆمەڵە دەنگ و وشەیەك لە کۆتایی شیعرەکە، (شاکەلی) دەڵێت:

**ڕابەری دنیاو دینم کاکە عوسمانی عەلا**

**چیم لە دووری دووڕوە گەر تۆ لە سینەی شاکەلا =**

[109] - هاشم عاصی کاکەیی، دیوان و یاداشتی شێخ ئەحمەدی شاکەلی شاعیر و خواناسی دەشتی گەرمیان، چاپی پێنجەم، لـ١١١.

[110] - د.عەبدواڵا خدر مەولود، لێکۆڵینەوەیەك لەشیعری حەمدی، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری(هەولێر)، ساڵی چاپ ٢٠٠٤، لـ١٦٤.

**شاکەلی شادە بەحاڵت شاهی ئێمە تۆی ئەویٚ**

**بۆ ئەوە وا ڕوو لە تۆیە کۆمەڵێ سۆفی و مەلا**[111]

وەك ئاماژەمان پێدا سەروا لە شیعری کوردیدا بریتییە لە دووبارە بوونەوەی دەنگ و پیتێك یاخود چەند پیتێك لە کۆتایی وشەی شیعرەکەدا، وەك ئەو نموونەی سەرەوەی شاکەلی بە دووبارە بوونەوەی بڕگەی (ەلا) سەروایەکی یەکگرتوی بۆ شیعرە دروست کردوە.

هەروەها هەر لەگەڵ دەرکەوتن و سەرهەڵدانی شیعری کلاسیکی کوردی و شاعیرانی پەیڕەوی کەری ئەو قوتابخانەیە، هەمیشە هەوڵیان داوە بەشێوەیەك شیعرەکانیان بنوسنەوە، کە جێی سەرنج و تێڕامانی خوێنەر و ڕەخنەگران بێت، (نالی) سەرداری شیعری کلاسیکی کوردی پاش دەست بردن بۆ ئەو کارە گەورەیەی کە بریتی بوو لە بەکارهێنانی وشەی کوردی لە نێو شیعری کلاسیکیدا، هەر سەرەتا دەیزانی کەوا ڕووبەڕووی ڕەخنە و تێڕوانینی جیا دەبێتەوە، بەڵام لەگەڵ نوسینی شیعرەکانیدا و لەسەر بنەمای یاساکانی شیعری کلاسیکی و بەکارهێنانی وشەی کوردی لە نێو شیعرەکانیدا، هەر زوو توانی میرنیشینێکی شیعری هاوشێوەی میرنیشینی بابان کە خۆی لەو سەردەمەدا بوو، پێکبهێنێت و ئەم کارەی ببێتە داهێنان و باڵا دەستی لە شیعری (نالی)دا، لەپاش نالی ڕێچکە وەرگری شیعری کلاسیکی پەرەی سەند و شاعیران بەگشتی هەمیشە لە هەوڵی نووسینی شیعری جوان بوون و هاوکات لە هەوڵی ئەوەدا بوون کە باڵا دەستی لەنێو شیعرەکانیاندا بنوێنن، ئەم شێوازە لە نوسین بەردەوام بوو درێژبووەوە بۆناو شاعیرانی کلاسیکی و تا دەگاتە شاعیرمان (شاکەلی)، بە سەرنج دان لە نێو شیعرەکانی شاکەلیدا دەکرێت بەچەند خاڵێك باس لە باڵادەستی شاعیرەکەی دەشتی گەرمیان (شاکەلی) بکەین لە شیعری کوردیدا:

١- سەروا (قافیە): بەکارهێنانی ئەم تایبەتمەندییە لە شیعری (شاکەلی)دا هەمەڕەنگیەکی داوە بەشیعرەکانی، دیارترین سەروایش سەروای عەرووزی بنیاتی ناون و دووەمیشیان لەو دەقانەدا بەکاهێنراوە، کە بەکێشی بڕگەیی داڕێژراون، قافیەی یەکگرتوویش بریتییە: لە دووبارە بوونەوەی هەمان قافیەی دێڕی یەکەم لە هەموو دێڕەکانی تردا تا کۆتایی هاتنی غەزەل یان قەسیدەکە، وەك لەم چەند دێڕەی شاکەلیدا دەردەکەوێت:

**شێخی من شاهێکە ڕووخساری ئەڵێی دەستە گوڵە**

**نەشئەی شەهلایێ چاوی شەربەتی دەردە دڵە =**

[111] – هاشم عاصی کاکەیی، دیوان و یاداشتی شێخ ئەحمەدی شاکەلی شاعیر و خواناسی دەشتی گەرمیان، چاپی پێنجەم، لـ٣٤.

سوورەت و سیما لەتیفە وەك مەلائیك بێ خەتا

ئەم مەلەك ئەو سافە گۆیا مەنشەئی ئاوو گڵە

روو گوڵە، موو سونبولە، سینەی دەبستانی مەعان

لێڵ بۆ چاوی عەدو ئازارە نێشی پەیکوڵە

خواردن و خاوی بەڕاستی هەر وەنەووزو چەشتنە

پەیڕەوی (خیرالوری)یە بۆیە سەدری مەحفەلە

سەبرو ئارامی بڕاوە بۆ دەمی دیاردی تۆ

چی لە باڵندەی دڵم کەم لەم چڵۆ بۆ ئەوچڵە[١١٢]

ئـەم غەزەلـە تـا کۆتـایی لەسـەر بڕگـەی (ڵـە) ئـەڕوات و قافیەیـەکی یـەکگرتووی پێکهێنـاوە، ئـەوەی لـە باسـی ئـەو دەنگانـەی (پیتانەی)کە کەلەلای (شاکەلی) سەروای یەکگرتوویان دروست کردوە، سەرنج ڕادەکێشن ئەوەیە شاعیر لە کۆی پیتەکانی زمـانی کوردی(سۆرانی)، تەنها چەند پیت یان دەنگی بەکارهێناوە، کە ئەوانیش: (أ، ە، ۆ، و ،ی، ێ ،م ، ر)ن، ئەمە لەکاتێکدایە کە زۆر لەو ژمارەیە زیاتر لای شاعیرانی تری کلاسیك دەنگەکان بوونەتە سەروای دەق، لەشـیعرەکانی (شـاکەلی)دا ڕێـژەی بـەکارهێنانی ئەم دەنگانە بەم شێوەیە: ((ە – لە ١٤ دەقدا)، (م – لە ٦ دەقدا)، (ی – لە ٦ دەقدا)، (أ – لە ٥ دەقدا)، (ر – لە ٤ دەقدا)، )، (ن – لە ٤ دەقدا)، (ێ – لە ٢ دەقدا)، (ۆ – لە یەك دەقدا)، (و – لە یەك دەقدا))[١١٣]، هەر لێردە پێویستە وەك تێبینیـەك ئـەوە بخەینە بەردەست، کەوا ڕێژە و جـۆری بـەکارهێنانی ئـەو دەنگانـە لای شـاعیرانی تـری کلاسـیکی جیـاوازە لـەم مامەڵـە کردنـەی (شاکەلی) لەگەڵ ئەو دەنگانە کە دەکرێت ئەمەیش وەك تایبەتییەك لە شیعری شاکەلی دابنرێت.

٢- هەرچی قافیەی مەسنەوی لە شیعری شاکەلی، کە هەر دێڕەو بۆ خۆی سەروایەکی هەیە، ئەوا بەپلەی دووەم هـاتووە و لە (٢٥) دەقدا بەدی دەکرێت، کە ((ئەو دەقانەن لەسەر کێشە (١٠) بڕگەییەکە بنیاد نراون، هـەروەك ئـەم دوو تایبەتیـە (کێشـی بڕگەیی، قافیەی مەسنەوی) بۆخۆیان زمانێکی پاراوتر دەکەنە بەری دەقە شیعرییەکە))[١١٤]، کە جیاوازە لەو زمانە پـڕ لـە وشـەی

[١١٢] – هاشم عاصی کاکەیی، دیوان و یاداشتی شێخ ئەحمەد شاکەلی شاعیرو خواناسی دەشتی گەرمیان، چاپی پێنجەم، لــ٤٩.

[١١٣] – فەرهاد قادر کەریم، هەندێك لایەنی هونەری شیعرەکانی شاکەلی، پاشکۆیەکی ڕۆژنامەی(گەرمیانی ئەمڕۆ)، ئایاری ٢٠٠٧، لــ١.

[١١٤] – فەرهاد قادر کەریم، (هـ.س.)، لــ١.

عەرەبی و فارسیەی کەلە دەقە عەرووزی و قافیە یەکگرتووەکاندا بەدیدەکرێت، بۆ ئەم مەبەستەیش با ئـەم دوو دێـڕە بڕگـەیی و مەسنەوییە بەرانبەر بکەین لەگەڵ دوو دێڕی عەرووزی یەکگرتوودا:

( أ )

**چاوەنواڕی لوتفی تۆم دەرکا لە جیسمم لەرزوتا**

**چاوەڕێی قاپی عیادەم پێم نەکەی (رب العلی)**

**سەجدەی شوکرت بکەم تۆبە هەر ئەنایەت پیشەکەم**

**ڕوو لە قاپی تۆبکەم پشت کەم لە بابی بێ وەفا**[115]

(کێشی ڕەمەڵی هەستی مەحزوف و قافیە)

یەکگرتوو و دەنگی دووبارە ( أ ) ە

( ب )

**پێشکەش بۆ گیانی خاوێنی ئەنوەر**

**پێشکەش بۆ لاشەی خوێنینی**[116] **ئەنوەر**

**پێشکەش بەوانەی بەمەرد مردن**

**لەڕێی ڕاسیا سەر لەسەر بەردن**[117]

( کێشی ١٠ بڕگەییە و سەروا مەسنەوییە )

تێبینی بکەین لە دەقی یەکەمدا چەندین وشەی عەرەبی دەبینرێت وەك ( لوتف، جسم، عیادە، رب العلی، سەجدە، شـوکر، بـاب … )، دەقی دووەمیش بەزمانێکی کوردی پاراو درێژراو.

[115] – جەمال محەمەد محەمەد ئەمین، دیوان وی شاکەلی، چاپخانەی الامە(بغداد)، چاپی یەکەم، ساڵی چاپ ١٩٧٩، لـ٢٤.

[116] – جەمال محەمەد محەمەد ئەمین، (هـ.س.)، لـ١٣٧.

[117] – هاشم عاصی کاکەیی، دیوان و یاداشتی شێخ ئەحمەد شاکەلی شاعیرو خواناسی دەشتی گەرمیان، چاپی پێنجەم، لـ١٤٩.

٣- دیاریدەیەکی تر کە دەکرێت لە چوارچێوەی سەروادا باسی بکەین و لەنێوان شیعرەکانی (شاکەلی)دا دەبینرێت، یەکێکیان بوونی (پاش سەروایە)، وشەیەك یان دەستەواژەیەك یان ڕستەیەکی شاعیرانی تری کلاسیکی بەدیدەکرێت، هەر بابا تاهیری هەمەدانیە، لەبارەی گرنگی ئەم سەروایە (د.عەزیز گەردی ) دەڵێت :((هێنانەوەی پاش سەروا لەکۆتایی هەموو لەت یان دێڕە شیعرێکدا کۆتێکی ترە لەملی شاعیر، چونکە دەبێت پاش سەروایەکی وا هەڵبژێرێت لەگەڵ مانای سەراپای دێڕەکانی هۆنراوەکەدا بگونجێ، شاعیر لەیەکەم لەت یان دێڕە شیعر پاش سەروایەکی هێنا هیچ سەربەستی هەڵبژاردنی پاش سەروایەکی تری بۆ نامێنێتەوە، دەبێ هەر دەست بەو پاش سەروایەوە بگرێ، تا هۆنراوەکە کۆتایی دێت و لە هەموو دێڕەکاندا دەبێت مانای دێڕەکە بەجۆرێك دابڕێژێت لەگەڵ پاش سەرواکەدا یەك بگرێتەوە))[118]، هەر بۆیە هێنانی پاش سەروا نیشانەی باڵا دەستی شاعیرە، لەم بوارەیشدا دەکرێت باڵادەستی بدەیتە پاڵ (شاکەلی)، چونکە لە (١٨)دەقی شیعری ناو دیوانەکەیدا ئەم جۆرە سەروایە بەکارهاتووە، ئەو پاش سەروایانەیش کە بەکاری هێناون بەگشتی لەمانە پێکهاتوون: ( ئەکا، نەما، پێخۆشە، تۆ، نەسرین، چوو، بێ، هەیە، ڕۆیی، تر، بۆچیە، کەربەلا، بکەم، من، بکا، ئەڕوا )ن، گەر دیقەت بدەین بەشێوەیەکی زۆر پاش سەرواکان کوردی ڕەسەنن و ئەمانەیش پێیان دەگوترێت پاش سەروای ڕەسەن، وەکو لەم چەند نموونەی (شاکەلی)دا:

( أ )

**وا دیارە من لەمەولا ڕێشی یارم پێ خۆشە**

**ناڵە و شین و چریکەی قەلبی زارم پێ خۆشە**

**بۆ ئەوەی تاکو نەکێشم منەتی ساقی و شەراب**

**ڕوو بە ڕووی جانانە چاوی ئەشکبارم پێ خۆشە**[119]

( ب )

**ئەسیری ئارەزووی حیرسم لەدەس نەفسی دێوا چیبکەم**

**کە دەردەم کاری و سەختە لە دکتۆر و دەوا چیبکەم**

**نەبێتە نووری چاوانم سیراجەدین و هەم دونیا**

---

[118] – عەزیز گەردی، ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا (بەرگی یەکەم)، چاپخانەی کاکەی فەلاح(بەغدا)، ساڵی چاپ ١٩٧٢، لـ٩.

[119] – هاشم عاصی کاکەیی، دیوان و و یاداشتی شێخ ئەحمەد شاکەلی شاعیرو خواناسی دەشتی گەرمیان، چاپی پێنجەم، لـ٧٥.

**بەبێ شەمعێکی کافووری لەتاریکی شەوا چیبکەم**[120]

( ج )

**لە چاوم دا پەیەن دەرپەی هەزاران ئەندەر هەزار ئەڕوا**

**سروشـــکی ئاڵی گوڵ ڕەنگم وەکو تاوی بەهار ئەڕوا**

**ئەبـــارێ لوئلوئـــی لالـــە، لەبـــۆ نیپاری ئەو بـــالا**

**لەشیعرم گەوهەری والا هەتار ئەندەر قەتار ئەڕوا**[121]

لێرەدا هەریەك لە سەروا و پاش سەرواکان بەمشێوەیە:

- ((لە پارچەی ( أ )دا سەرواکە ( ارم )یەو پاش سەروا ( پێ خۆشە )یە.
- لە پارچەی ( ب )دا سەرواکە ( وا ) یەو پاش سەروا ( چیبکەم )ە.
- لە پارچەی ( ج )دا سەرواکە ( ار ) و پاش سەرواکە ( ئەڕوا )یە))[122].

٤- هەروەها دەکرێت دیاریدەیەکی تر لە بالادەستی (شاکەلی) لەشیعرەکانیدا بەوە دەربخەین، کەوا بوونی سەروای (ئەڵقە بەندە) لە شیعرەکانیدا، ((کە ئەمەیش لە شیعرەکانیدا دوو دێڕ پێکەوە گرێ دەدات و بریتییە لە دووبارە بوونەوەی وشەی سەروای لەتی دووەم چ وەك خۆی و چ بە گۆڕانێکی کەم، ئەمە بۆخۆی ئاوازێك بۆ ناوەوەی دەقەکە زیاد دەکات و شیعرەکە مۆسیقی تر دەکات))[123]، ئەم جۆرەی شاکەلی لە (٧) دەقی شیعریدا بەکاریهێناوە، بەمەیش دەسەڵاتی خۆی نواندوە، وەك لەم نموونەدا دەردەکەوێت:

**هەرکە دێتە نازو خەندە لێوی غونچەی گوڵشەنی**

**وەختە گیانم دەربچێ بۆ ماچی کوڵم و گەردنی =**

[120] – هاشم عاصی کاکەیی، دیوان و یاداشتی شێخ ئەحمەد شاکەلی شاعیرو خواناسی دەشتی گەرمیان، چاپی پێنجەم، لـ٨٠.

[121] – هاشم عاصی کاکەیی، (هـ.س.)، لـ٨٩.

[122] – فەرهاد قادر کەریم، هەندێك لایەنی هونەری شیعرەکانی شاکەلی، پاشکۆیەکی ڕۆژنامەی(گەرمیانی ئەمڕۆ)، ئایاری ٢٠٠٧، لـ١.

[123] – فەرهاد قادر کەریم، (هـ.س.)، لـ١.

گەردنی بێ گەرد و نازك پەمپەیی سور و سپی

وەرگەڕێ زوانم ئەگەر بیکەم بە لۆکسی جەرمەنی

لۆکسی جەرمەنی هێندە کە ڕووناکە لایا من بلێم

مەردوومی چاومە دیارە یاخو خاڵی سەوسەنی

سەوسەنی خاڵ و خەتی گوناهی ئاڵی پەمبەیی

چاو خەواڵوی ڕەش و لێوی عەقیقی مەعدەنی[١٢٤] ....................

هەر بژی سەربەرز و ئازا بە عیشقی عوسمان و عەلی

چون لە دڵتایە پەژارە و پیری هۆزی شاکەلی

شاکەلی داوای لە خوایە دەرکەویت و سەرکەویت

سەرکەویتە سەرسەران و دەس بخەیتە سەرملی

سەرملی بووکی تەرەقی قۆڵی تۆ گەردن بەنی

یا نیکاحی کا لە تۆ ئەحمەد بە قەوڵی حەنبەلی

حەنبەلی حەولێ بدا ئەمجارە بۆ دیداری تۆ

ڕۆحەکەم بێ غەمبە بۆمن شاکەلی و میکایلی[١٢٥]

ئەم جۆرە شیعرانەی شاکەلی وا لە خوێنەر دەکات، هەر لەگەڵ خوێندنەوەی یەکەم دێڕی شیعرەکە ئیتر ببەسترێتەوە و تا کۆتایی شیعرەکە بڕوات و بەشێوەیەك دڵبەند ببێت، کە نەتوانێ تا کۆتایی وازی لێ بێنێت، ئەم جۆرە لە سەروا (ئەلقەبەند) گروتینێکی تایبەت و مۆسیقا و ڕیتمێکی تایبەت دەکەن بە بەری شیعرەکەدا، کە لەگەڵ خوێندنەوە نەتوانین تاکۆتای شیعرەکە بەردەوام نەبیت، چونکە بەدوو بارە بوونەوە وشەکان لە کۆتایی نیوە دێڕەکان و دەست پێکردنی هەمان وشە لەسەرەتای نیوە دێڕێکی تر، جۆرە سیحرێکی ڕاکێشان لە ئاوازەکە دروست دەکات، کە لەگەڵ خوێندنەوەکەیدا بیرو هۆشمان پەلکێشی ناو وێنەی

[١٢٤] – هاشم عاصی کاکەیی، دیوان و یاداشتی شێخ ئەحمەد شاکەلی شاعیرو خواناسی دەشتی گەرمیان، چاپی پێنجەم، لـ٩٠.

[١٢٥] – هاشم عاصی کاکەیی، (هـ.س.)، لـ٢٤٦.

شیعرەکە دەکات، کە ئەم جۆرە دارشتن و هۆنینەوەیە نیشانەی باڵادەستیی شاعیرە و (شاکەلی)یش لەم ڕووەوە باڵادەستی و تایبەت مەندێتی خۆی نواندوە.

هەر لەگەڵ پێناسەکانی قافیەدا کۆمەڵێ پێناسەی تری جیاواز لەسەر بنەڕەتی پیت و وشەی کۆتایی بەیتی هەڵبەستی عەرەبی هاتوەتە ناوەوە، یەك لەو پێناسانە ئەوەیە کە دەڵێت قافیە بریتییە: ((لە دوا وشەی بەیت بەو بەڵگەیەی کە ئەگەر مرۆڤ داوای قافیەی هەڵبەستێکی کرد، ئەوا دوا وشەی بەیتەکانی دەخرێتە بەردەست و لەوە زیاتر هیچی تری پێناوترێت، یاخو بریتیە: لە پیتی (رەوی) بەو پێیەی ئەو تیپەیە کە هەڵبەستەکەی پێدەناسرێتەوە))[126] ، یان لەڕووی بەکارهێنانەوە((هەرچەندیش پیتەکانی سەروا لە وەك یەکی زۆر و نزیك بن، ئەوەندەیش شیعرەکە لە سەر زمان و ووتن و وەرگرتن ئاسان دەبێت، بەمە ئاواز و سۆزێکی وا دەخولقێنێ دڵ و دەرون و مێشك لە ئاستیاندا بکەونە ئەندێشە و خۆشی و حەسانەوە))[127]، (شاکەلی) شاعیر لەم نزمە جوانەی سەروا بێ بەش نییە و کۆمەڵ شیعرێکی رێك سەروا یاخود نزیکی و گونجانی پاش سەروای وا جوان ڕێکخستووە، هەر حەزەکەی لەکاتی خوێندنەوەیدا دووبارەی بکەیتەوە و ئاوازێك دێنن بە دڵ و مێشکی بیسەردا، کە تامەزرۆی دوبارە بوونەوەی بکات، لە وەسفی شێروانەکەی گەرمیاندا شاکەلی دەڵێت:

**بەهاران و ئێوارەی دەشتی سیروان**

**بباریٰ جار بەجاریٰ تاوێك باران**

**بەسەر بەرگی گوڵ و چڵدا بچۆریٰ**

**جلی سەرمای زستانی بگۆریٰ**

**کە عەکسی لیٰ ئەدا تیشکی خۆرئاوا**

**گوڵ و گیا ئەچنەوە بەرگی بوگ و زاوا**[128]

بە دووبارە بوونەی پیتی بەیتەکانی کۆتایی هەر نیوە دێرێك، خوێندنەوە وجۆری سەروا کە جووت سەروایە بیستن و بێ گرێ و سوك دێنە بەرگوێ و سەر زمان و وتن، (شاکەلی) دیوانەکەی بە شیعر دەوڵەمەندە و زۆرێك لە مەبەست و هونەرەکانی شیعری

---

[126] -دڵشاد عەلی، بنیاتی هەڵبەست لە هۆنراوەی کوردیدا، لـ٩٧.

[127] - عەبدوالآ خدر مەولود، لێکۆڵینەوەیەك لەشیعری حەمدی، لـ١٦٤.

[128] - لاوان ئەحمەد، شێخ ئەحمەدی شاکەلی شاعیر و خواناسی دەشتی گەرمیان، ژمارە (٢)ی گۆڤاری( هەڵمەت)، لـ٦.

بەکار هێناوە، جگە لەزمانە کلاسیکییەکە بە زمانێکی وا سادە و پەتی کە هەر لەگەڵ خوێندنەوەیاندا تام و چێژی کوردەوارییانە بکەیت.

### ٣- وێنەی شیعری (ڕوونبێژی) لای (شاکەلی)

ئەگەرچی وێنەی شیعر هەر لە کۆنەوە لەگەڵ شیعر دا هاتووە و پەیوەست بوون بەیەکەوە، زیاتر لە ڕوانگەی ڕەوانبێژییەوە خۆی دیوەتەوە ، بەڵام وەك بزوتنەوەیەکی ئەدەبی لەسەرەتای سەدەی بیستەمەوە پێی ناوە قۆناغێکی بابەتی و پەیوەندییەکانی فراون بوو، ئەویش بەهۆی ئەو پێوەرە ڕەخنەییانەی کە شتە نهێنییەکانی جیهانی ناوەوەی دەقیان ئەدۆزییەوە، وێنەی شیعری لای زۆربەی ڕەخنەگران و کتێبە ڕەخنەییەکان، بەچەند جۆرێك ناوی هاتوە، بەڵام ئەوەی لەم تەوەرەماندا باسی دەکەین، باسکردنە لە وێنە و وێنەی ڕوونبێژی لای (شاکەلی)دا.

بۆ لەدایکبوون و نوسین و دروست بوونی شیعرێکی جوان و هەست بزوێن پێویستە شاعیران وێنەیەکی ڕوونبێژی جوان وەك کاڵایەك بکەن بەبەری شیعرەکانیاندا تا خوێنەر بخەنە ناو خەیاڵی جوانی سروشت و جوانییە نەبینراوەکان، لە سروشتی دروستکردنی وێنەی هونەری یاخود وێنەی ڕوونبێژی شاعیراندا مەلی بەرزە فڕی درێژ باڵ و پەروازەی خەیاڵی دەدات لە شەقەی باڵ و لەئاسمانی پان و فروانی خەیاڵدا سەربەستانە بە هەموو لایەکدا دەسوڕێتەوە، تا وێنەیەك وەك کاڵایەکی جوانی دڵ فڕێن دەدۆزێتەوە، کاڵایەك کە تانو پۆکەی لە تاڵی هەودای لێکچواندن و خوازە و خوستە و درکە..هتد، بێت، ئەوسا بەتاسەوە دەگەڕێتەوە و خێرا دەیهێنێتەوە و دەیکات بەبەری بیرەکەیدا، ئەوکات دەیخاتە ڕوو، ئیتر بەو شێوەیە کە خەڵك لە دەوری شیعرە لەدایکبووەکەی کۆ دەبنەوە و بازاڕی چاکیشی دەبێت،ئەمەیە (وێنەی ڕوونبێژی).

وێنەی شیعری ((چەند لە وەسفی دیوی دەرەوەی شتەکان تێپەڕێت و بکاتە نێو قوڵایی و چەند پشت بە خوازە و خواستن و درکە و هێما و لێکچواندن ببەستێت و گەرم و گوڕ ترو مایەی سەرسوڕمانی زیاتر و ڕامانی قوڵتر بێت، ئەوندەیش لای خوێنەر بەدەنگەوە چوونی زیاتر دەبێت))[١٢٩]، بەم شێوەیە دەشتوانین ئەوە بڵێین ((کە یەکێك لە خاسیەتە گرنگەکانی شیعر گوزارشت کردنە بە وێنە، نەك بە قسەی وەسفی ڕووت و درێژ دادڕانە، هەر بۆیە سەیر نیە کە (وێنە کێشان بە ووشە) یەکێك بێت لە

---

[١٢٩] - سیامەند کەریم محەمەد، گۆڤاری هەڵمەت، چاپخانەی ڕەهەند ،ژمارەی (٤)ی چاپی ٢٠١٥ ، لــ٣٥.

پێناسەکانی  شیعر، چونکە شیعر هەر خۆی وێنە کێشانی بزوتنەوەی نهێنی دەرونییە))[١٣٠]، لەبینادی شیعردا، ئەبێ ئەوەیش بزانین کە((وێنەی شیعری وەك ئامرازێکی ڕەخنەیی و پێوەرێکی گرنگ بەکاردێت، کە ڕێگا بە ڕەخنەگر ئەدات، بە ناخی دەقدا تێ پەڕ بکات و نهێنیەکانی دنیای دەق بەدی بکات))[١٣١]، هەروەها وێنەی هونەری سەرئەنجامی تاقیکراوە و هەستکردنی وێژەرە، ((وێژەر لەژیانیدا شتومەکەکانی جیهانی هەست پێکراو و لەیادی خۆی تۆمار دەکات و لەڕوانگەیەکدا چەشنەکانی زانیاری ڕوون نووس دەکات، کەسەرەستەیەکی تایبەتی بۆ خۆی وەدەست دەهێنێ، با لە بەرەنگاری سۆز و هەڵچونێکی خۆی و زاتی بێت))[١٣٢] ،هەڵبەتە کاتێ گوێمان لە شیعر دەبێت، ڕاستەوخۆ لەبەر ڕیتم و مۆسیقاکەی لەزەتی لێ وەردەگرین، بەلام لەزەتە ناڕاستەوخۆکەی هی وێنەکەیەتی، بەلام ((وێنە دەتوانێ ئاواز، بۆن و ئەزموونی پەیوەست بە هەستی دەست لێدان، وەك سەختی، شێداری یان سەرما، بگەیەنێ، هەروەها دەتوانێ دەربڕی هەستێکی دەروونی وەك برسێتی، تینوێتی یان باری هێڵنجدان بێ و یان لە جوڵان و جوڵاندنەوەی ماسولکە و جومگەکان بدوێ))[١٣٣]، لەسەردەمی کلاسیکیشدا بەهەمان شێوە بووە و وێنەکان وا نیشاندراون، کەوا حاڵی بوونی سادەی هەبێت بۆ خوێنەر و کار لە ئاوەزی خوێنەر بکات و وای لێ بکات لەگەڵ هەموو ئەو بیرو بۆچوون و ئایدیایانەی کەلەپشت وشەکانەوە شاردراونەتەوە، پەیوەندی لەگەڵیان پەیدا بکات و پێیان ئاشنا ببێت، کە لەبنەرەتدا جەخت لەسەر گەیاندنی واتای سادەی وێنەی شیعری دەکاتەوە، هەروەها هەندێك جار وابیر کراوەتەوە کە وێنەی شیعری(( پیشەیەکی ئیستاتیکاییە و تەنیا بۆ ڕازاندنەوە و جوانکاری بەکار دێت، ئەمەیان لەو کاتەدا ڕاستە کە لە ڕەوانبێژی کۆن و وشکدا تێپەڕێنێت، لای کلاسیکەکان وێنە، وێنەی ڕق هەڵهاتوو و بێ ڕۆح نەبووە، هەروەها لەلایەنی بونیادی زمانەوانی و ڕەوانبێژییەوە هێندە سادە و ساکاریش نەبووە))[١٣٤]، هەروەها ئەو وشانەی لە پێکهێنانی وێنەی ڕوونبێژیدا بەشداری دەکەن،

---

[١٣٠] – جمال حبیب عبدالله (بێدار)، دەروازەی شیعر ناسین، چاپخانەی نارین، چاپی یەکەم هەولێر ٢٠١٣، لـ٥٣.

[١٣١] – عەبدولقادر محەمەد ئەمین، وێنەی شیعری لە ڕێبازی ڕۆمانسیی کوردیدا، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی ٢٠٠٢، لـ١٢.

[١٣٢] – ڕێزان ساڵح مەولود، ئەندێشەی شیعری لەنێوان ڕێبازی کلاسیکی و ڕۆمانتیکی کوردی لە کرمانجی خوارووداا، چاپخانەی شەهاب، چاپی یەکەم هەولێر ٢٠٠٩ لـ١٠٤.

[١٣٣] – لۆرانس پیرین، شیعر چییە؟، وەرگێڕانی لە فارسیەوە (ئەبو بەکر خۆشناو)، چاپخانەی پیرەمێرد، چاپی یەکەم٢٠٠٨، لـ٣٣.

[١٣٤] – ئازاد ئەحمەد مەحموود، بونیاتی زمان لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا ١٩٨٥–٢٠٠٥، چاپخانەی حاجی هاشم (هەولێر)، چاپی دووەم، ساڵی چاپ ٢٠١٢، لـ٢١.

هەموویان وشەی ئاسایین، بەڵام لەئەنجامدا و بەهۆی بیری شاعیرەوە پێکهاتەیەکی نائاسایی دروست دەکەن، واتە وێنە لەشیعر و ئەدەبدا بەگشتی، شتی نامۆ وەرناگرێت بۆ وشەی باو، بەڵکو بەپێچەوانەوە شتی ئاسایی دەگۆڕێت بۆ کاری نامۆ.

((شاعیرانی کلاسیك ئەوەیان بەلاوە گرنگ بووە کە ئەو وێنەیەی دروستی دەکەن بە خەیاڵ زیاتر لە وێنەی ڕاستی بچێت، زۆر بە وردی گرنگییان بە ڕەگەزەکانی بنیادی شیعری داوە، کە گرنگترینیان زمان و شێوەکانی ڕونانی و مۆسیقا بەکێش و ڕیتمەوە هەروەها هێما و ئاماژە و ئەو هەست و ڕوانگە بێ سنورانەی لێوەی هەڵدە قوڵێن))[١٣٥]، وێنەی شیعری لە شیعرە کلاسیکەکاندا ڕۆڵێکی گرنگ و کاریگەری هەیە و هەندێك جار سەرتاپای شیعر دەگرێتەوە و دەبێتە تاکە ڕێگەی ئافراندن لە شیعردا، (شاکەلی) لە شیعرێکدا بە دروستکردنی وێنەیەکی جوان کە وەسفی قەڵای شێروانەی لە گەرمیان کردوە و لە ((گۆڤاری (گەلاوێژ) و لە ژمارە (پێنج)ی گۆڤارەکەدا لەساڵی ١٩٤٣دا بڵاوکراوەتەوە، کە ئەم شیعرەی شاکەلی لەقوتابخانەی کەلاردا لە کەلار بەشێوەی سرود هەموو بەیانیانێك لەلایەن قوتابیەکانەوە وتراوەتەوە لەماوەی نێوان چلەکان تا پەنجاکانیش))[١٣٦] ، کە دەڵێ :

**بەهاران و ئێوارەی دەشتی شێروان**

**بباریٰ جار بەجاریٰ تاویٰ باران**

**بەسەر بەرگی گوڵ و چڵدا بچۆڕیٰ**

**جلی سەرمای زستانی بگۆڕیٰ**

**کە عەکسی لیٰ ئەدا تیشکی خۆراوا**

**گوڵ و گیا ئەچنە بەرگی بوك و زاوا**[١٣٧]......................

لەم پارچە شیعرەی شاعیر کە وەسفی جوانی قەلای شێروانە و دەشتی کەلار و (شاکەل) و بەهاری دەشت و دەری ناوچەکە دەکات، هەست ناسکی شاعیر، وردەکارییەکانی لە نەخشاندنی وێنەی هونەری بۆ شیعرەکە گوزارشتو چواندن و نەخشاندنی تابلۆی ڕەنگاو ڕەنگ دێتە پێش چاو، کە هیچی لە وێنە هونەرییەکانی شاعیرانی تری کلاسیکی کەمتر نییە.

[١٣٥] – جەبار ئەحمەد حسێن، ئیستاتیکای دەقی شیعری کوردی– کوردستانی عێراق ( ١٩٥٠ – ١٩٧٠ )، چاپخانەی سەردەم، چاپی یەکەم، ساڵی چاپ ٢٠٠٨، لـ٩٥.

[١٣٦] – هاشم عاصی کاکەیی، دیوان و یاداشتی شێخ ئەحمەدی شاکەلی شاعیرو خواناسی دەشتی گەرمیان، چاپخانەی حاجی هاشم (هەولێر)، چاپی چوارەم ، ساڵی چاپ ٢٠٠٩، لـ١٨.

[١٣٧] – نەسرین شاکەلی، دیوان وی عارف ربانی شێخ ئەحمەدی شاکەلی، چاپخانەی محەمەدی، چاپی دووەم، ساڵی چاپ ١٩٩١، لـ٥.

شیعر دۆستان و ئەدیبان و ئەوانەی کە ئارەزوومەندی شیعرن، لەهەر کوێی دنیا بن، هەر بە خوێندنەوە و ورد بوونەوە لەم پارچە شیعرەی (شاکەلی)، جوانی و دیمەنی دلڕفێنی بەهاری دەشت گەرمیان و چەمی سیروان بە وێنە دێتە پێش چاوی و دەی بینێت، یان دەڵێ :

**بەشوعلەی شەمعی ڕوخسارت وەکو پەروانە سوتاوم**

**لەهیجرت خوێن ئەرژێنێ دوو چاوی پڕ لە خوێناوم**[١٣٨]

لەوێنەی شیعریدا، وێنەی ڕوونبێژی کە چالاکترین بەشی ڕەوانبێژیە و ڕۆڵێکی دیاری لە بنیادی شیعردا دەبینێت، شاعیران هەمیشە و لە هەموو سەردەمێکدا بەنایان بۆ بردوە و کردویانە بە ئامرازێك و بۆ گەیاندنی مەبەستەکانیان بە خوێنەران، واتا ((ئەو زانستەیە کە چەند ڕێگەیەکی جیاواز یەك واتامان بۆ دەردەبڕێت و ڕوونکردنەوە لەسەر واتا و مەبەست دەدات، یاخود دەتوانین بلێین ئەو زانستەیە کە ئەرکی لابردنی دەمامکە لەسەر واتاکان و ئاشکرا کردنی مەبەستەکانی دەبینێت))[١٣٩]، هەروەها دەشتوانین بلێین کە وێنەی ڕوونبێژی ئەوەیە کەوا شاعیر ووشەی ئاسایی ڕۆژانە بەشێوازێك لە پاش و پێش خستن و لێکچواندن، وێنەیەکی نوێمان پێدەدات و بەرکی جوانتر دەکات بەبەری ووشەکاندا، ڕێگا جیاوازەکان لەهونەری وێنەی ڕوونبێژیدا هەریەکە و مەبەستێك یاخود جۆرێك لە وێنە پێك دێنن، (شاکەلی)شاعیریش لەو هونەر (ڕەوانبێژییە) زۆر باڵادەستە و وێنەی جوان و تازەی داهێناوە کە لەخوارەوە باسێك لە ڕەوانبێژی لای شاعیر و هەروەها بەپێی هونەرە ڕوونبێژییەکان چەند جۆرێك وێنەی ڕوونبێژی لای (شاکەلی) دیاری دەکەین:

کاتێك گوێبیستی شیعری کلاسیکی دەبین، دەبینین هەستێکی قوڵ و پرتاسە و نهێنیەکی سەرنج ڕاکێش و تاسەیەکی دلگیر بە هزر و مێشکماندا دێت و حەزدەکەین زیاتر لە جارێك شیعرەکە گوێداری بکەین، ئەم جەوهەرییە موگناتیسیەی شیعری کلاسیکی و نهێنییەکەی دەگەڕێتەوە بۆ لایەنە ڕەوانبێژییەکەی.

ڕەوانبێژی: ((یەکێکە لە ڕەگەزە گرنگەکانی بنیادی شیعر و هەر لە کۆنەوە بایەخی پێدراوە، وەك زۆربەی زانستەکان تر دەگەڕێتەوە بۆ لای یۆنانیەکان، کە وەك هونەرێك بۆ داهێنانی گوتار و دواتریش بۆ هەموو دەربڕینێکی زمانی سودی لێوەرگیرا،

[١٣٨] – نەسرین شاکەلی، دیوانی عارف ربانی شێخ ئەحمەدی شاکەلی، چاپخانەی محەمەدی، چاپی دووەم، ساڵی چاپ ١٩٩١، لـ٨٥.

[١٣٩] – د.فەرهاد قادر کەریم، بنیاتی وێنە لەشیعرەکانی حەمدیدا، چاپخانەی ڕۆژهەلات(هەولێر)، چاپی یەکەم، ساڵی چاپ ٢٠١٢، لـ١٩٦.

تاوای لێهات بەهاوبەشی لەگەڵ هونەرە شیعرییەکانی تر توانی بۆ هەموو ئەدەب درێژببێتەوە)) [١٤٠] لەسەرەتادا و لای یۆنانیەکان ڕەوانبێژی بۆ ووتارەکان بەکارهاتووە و دواتر بۆ دەربڕینەکانی تر و تا زیاتر پەرەی سەند و بۆ ووتەشیعرییەکانیش بەکار هات، ئەوەی گرنگتر بێت ئەوەکە((لە دوای یۆنانییەکان تاکە میللەتێك کە بە چڕی و بەفراوانی گرنگییان بە زاراوە و زانستەکانی ڕەوانبێژی دابێت، عەرەب بووە، ئەم زانستە وای لێهاتووە لە مێژووی ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبی عەرەبیی دا ناوێکی دیارو ناسراوی هەبێت، نوسینێکی زۆر و گەلێك لیکۆڵینەوەو کتێبی لەبارەوە بنوسرێت و بە بەراورد بە ئەدەبی نەتەوەکانی تر، بەنمونە ئەگەر ئەدەبیاتی فارسی و ئینگلیزی وەربگرین کە دوو نموونەی دیاری ئەدەبی ڕۆژهەلآت و ڕۆژئاوان دەبینرێت،زاراوە و هونەرەکانی ڕەوانبێژی لە فارسیدا هەمان زاراوە و هونەرەکانن کە لە ئەدەبی عەرە بیدا هەنگ)) [١٤١] ڕەوانبێژی لەئەدەبی شیعری کوردیدا کلاسیکیدا وەك چۆن فەرز بووە و هاوکات جێگەی گرنگی پێدانی زانایانی ئەدەبیش بووە، ((ڕەوانبێژی زانستێکی زۆر کۆن و بەتەمەنە، وشە و کەرەستە و چوارچێوە کۆنەکان تازە دەکاتەوە، گرێ کوێرەکان ناهێڵێ و شتە شاراوە و نهێنیەکانی ژیان و دواڕۆژ ئاشکرا دەکات و پەردەیان لەسەر هەڵدەداتەوە)) [١٤٢]، هەر لەبارەی ڕەوانبێژییەوە زۆرێك لە زانایان لە بارەیەوە دوواون و وتویانە: بریتیە ((لە درێژ بڕی بێ زیاد و کەم و کورت بڕی بێ کەمی، یاخود هارونی رەشید ووتویەتی: ڕوونبێژی دوورکەوتنەوەیە لە درێژبڕی و نزیك بوونەوەیە لە مەبەست و گەیاندنی واتا بە وشەی کەم و واتای زۆر، لەم پێناسانەدا دەردەکەوێت کە ڕەوانبێژی لە خانەی کورتبڕی جوان لە دەربڕینی و گەیشتنی واتای تەواوی زۆرتر لە وشەکان، لەگەڵ درێژبڕی جوان و واتای تەواوی کەمتر لە وشەکان، لەگەڵ یەکسانی لەنێوان قەوارەی وشە و واتادا کروتکراوەتەوە، هەیشە گرنگی بەوێنەدا و لەم ڕووەوە گوتوویەتی: ڕەوانبێژی هیچ نییە، ئەوە نەبێت، واتا بە باشترین وێنەی کۆکراو بگەیەنێتە دەرون، وەك ڕەوانبێژ و ڕەخنەگرەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە)) [١٤٣] وەك سەرچاوەکانی بواری ڕەوانبێژی ئاماژەی بۆدەکەن ((ڕەوانبێژی وەك زانستێکی سەربەخۆ دەکرێتە سێ بەش و هەر بەشێك ئەرکی لێکدانەوەی لایەنێکی ئەدەب دەگرێتە ئەستۆ، زانستەکانی ڕەوانبێژی بریتین: لە (ڕوونبێژی، جوانکاری، واتا ناسی)) [١٤٤]،کە هەریەك لەم بەشانە بەشی سەرەکین لە زانستەکانی ڕەوانبێژی و

---

[١٤٠] – صدیق ئەوڕەحمان عەلی، حەقیقی شاعیر–ژیان و بەرهەمی، نامەی ماستەر(زانکۆی سلێمانی ٢٠١٥)، لـ٢٠٧.

[١٤١] – هەژار فەقێ سلێمان، ڕونبێژی لە شیعری مەحویدا، نامەی ماستەر(زانکۆی سلێمانی٢٠١٣)، لـ١٣.

[١٤٢] – د. عەبدوڵڵا خدر مەولوود، لێکۆڵینەوەیەك لە شیعری حەمدی، لـ١٤٧.

[١٤٣] – د. ئیدریس عەبدوڵڵا مستەفا، لایەنە ڕەوانبێژییەکان لە شیعری کلاسیکی کوردیدا، چاپخانەی حاجی هاشم( هەولێر، ساڵی چاپ ٢٠١١، لـ١٨.

[١٤٤] – عەزیز گەردی، ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا (بەرگی سێیەم)، چاپخانەی کاکەی فەلاح(سلێمانی)، ساڵی چاپ ١٩٧٩، لـ٥.

گرنکی و مانا و شیکردنەوە لێکگەشتنی تایبەت و جودایان هەیە، کە ئێمە لەم تەوەرەماندا تیشک دەخەینە سەر (وێنەی ڕوونبێژی) لای شاعیر (شاکەلی).

پێش ئەوەی بچینە سەر وێنەی ڕونبێژیی و چەند نموونەیەك بێنینەوە، بەکورتی لەسەر ناسینی ڕەوانبێژی لای کورد دەدوێین:

لای کوردەکانیش بەهۆی ئەوەی زیاتر لە عەرەبەکانیان وەرگرتووە و پێناسە و هزری عەرەب لەم ڕووەوە زاڵترە بە سەریدا و قسەگەلی زۆریان لەبارەوە کردوە، بەلام وەك عەزیز گەردی لە بەرگی یەکەمی ڕەوانبێژ لە ئەدەبی کوردیدا بۆ ناسینی ڕەوانبێژی ئاماژە بە پەندێکی کوردی دەکات و دەڵێ: ((قسە بیگێژە، بیبێژە، بیوێژە))، واتا گەر ویستت قسە بکەی ئەوە وەك چۆن گەنم ئەکەن بەئاشا و ئەیگێژن و لە پاشان ئەیکەن بە بێژنگدا و ئەیبێژن و ئەو وەختە پوخت دەبێت، و کەڵکی ئەوە ئەدات، کە لە گەرۆمەی ئاش بکریێ و بکرێ بە ئارد))[١٤٥]، واتا قسە کردن لە ڕەوانبێژیشدا دەبێ وابێت و مرۆڤ کە قسەی کرد، دەبێت پێشان جوان بیری لێبکاتەوە و پاشان بەوردی دەری ببڕێت و بی هەڵە و کەم و کورتی و بێ زیادەیی لە شوێنی ئاشکرا و بێ کەم و کورتی لە شوێنی شارەوەدا و گرنگیدان لە کورت بڕی بێ کەم و کورتی و درێژبڕی بێ زیادە، باشترین نموونەیش بۆ ئەمە، پێشینانی کورد بووە، کە زۆربەی قسەکانیان لە ڕێگەی پەندی کورت و پوخت و وشەگەلی کەم و پرواتا، واتا دەر بڕینی کەم و واتای زۆرەوە دەردەکەوێت، لە نێو شاعیرانی کوردیشدا گرنگیەکی ئەو تۆ بە لایەنی ڕەونابێژی لە شیعرەکانیاندا دراوە بە تایبەتی شاعیرانی کلاسیك هەر لە (مەلای جزری) لە کورمانجی سەرو و (نالی) لە کورمانجی خوار، وەربگرین، دەبینین گرنگیەکی زۆرباشیان بە ڕەوانبێژی داوە و ئەم دوو شاعیرە بە دوو ڕابەری ئەو هونەرە دادەنرێن لە ئەدەبی کلاسیکی کوردیدا، زانیاری و ئاگاییەکی زۆر باشیان هەبووە لە بەکارهێنانی ئەم هونەرەدا، لەپاش ئەمان و بەتایبەتی لەنێو شاعیرانی کورمانجی خواروودا پاش ئەو دوو ڕابەرە، ئیتر وردە وردە بووبە جێی گرنگی پێدان و وەك یاسایەك لە نێو شیعرەکانیاندا بەکاریان هێناوە و گرنگییان پێدواە، گومانیش لەوەدا نیە کە ئەدەبی کوردی خاوەنی چەندین دەنگی شیعری تری کلاسیکە، کە بەهەمان ڕێچکەی ئەو ڕابەرانەدا ڕۆشتوون، و گەلێك بەهەرمی ڕەوانبێژیان خستوەتە بەدەست، هەندێك لەو شاعیرانە بەهۆی باردوخە جیاوازەکانەوە بەرهەمەکانیان نەگەشتون بە ئێمە و هەندێکی تریش خۆشبەختانە پێمان گەیشتوون و بەهۆیانەوە زیاتر ئاشنای بەرهەمی شاعیران و هونەری ڕەوانبێژی لە شاعیران بووین، (شاکەلی) شاعیری دەشتی گەرمیانیش یەکێکە لەو شاعیرانە کە بەهەوڵی بنەماڵەکەی توانراوە بەرهەم و سەرگوزەشتەکانی ئەم شاعیرە لەفەوتان بپارێزرێت و بگاتە نەوەی ئێستا، بەمەیش بەرهەمەکانی

---

[١٤٥] – عەزیز گەردی، ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا (بەرگی یەکەم)، چاپخانەی کاکەی فەلاح(بەغداد)، ساڵی چاپ ١٩٧٢، لـ١٤.

دەچنە سەر خەرمانی شیعری کوردی بەگشتی و گەرمیان بە تایبەتی، بەلام ئەوەی جێی نیگەرانی بێ، تـا ئێسـتا بـەوردی بـاس لەم زانستە یـاخود بـاس لـەم هونەرە(وێنـەی ڕوونبێژی)یـەی شـاکەلی نـەکراوە، ئەوەیشـی کرابێـت، هـەوڵی زۆرکـەم بوونـە و لـە چوارچێوەی چەند هەوڵێکی کەم تێپەڕ نابن، بەگشتی (شاکەلی)ش وەك شاعیرانی تری کلاسیکی گرنگیەکی زۆرباشی بەم لایەنـە داوە و لەنێو شیعرەکانیدا ئەم هونەرە ڕەنگی داوەتەوە، لەم تەوەرەدا زیاتر تیشـك دەخەینـە سـەری و گرنگـی ئـەم هونـەرە لـە بابەتی رەوانبێژیدا و ئەم لایەنەیش وەك لای شاعیرانی تری کلاسیکی بەهەمان شێوەی لەلای (شاکەلی)یش ڕەنگی داوەتەوە.

وێنەی ڕوونبێژی: لەڕووی وشەییەوە ((ڕوونبێژی وشەیەکی لێکدراوە، پێکهاتووە لە (ڕوون) کە سیفەتێکە تایبەتـە بـە (ئـاو)، کـە دەگوڕێت (ئاوێکی ڕوونە)، واتا بێ گەردە و هیچ تۆز و خۆڵ و گەرد و پیسیەکی تێدا نییە، لەگەڵ (بێژی) ئەمەیش پێکهاتووە لـە (بێژی) ڕەگی چاوگی (بێژن)و (ی)دروستکەری (ناوی واتایی).. بەم شێوەیە بەسەر یەکەو (ڕوونبێژی) دروست دەکـەن))[١٤٦]، کـە واتای ئەو وتن و ئاخاوتنەی کە لەڕووی واتـاوە ڕوون و ئاشـکرایە و بـێ گرفـت و ئاڵۆزییـە، زانایـان پێناسـەی زۆریـان بـۆ وێنـەی ڕوونبێژی کردوە، هەیە گوتوویەتی: ((زانستێکە بە هۆیەوە گەیاندنی تاکە واتا بە ڕێگەی لەیەکدی جیا و لە ڕووی واتـاوە ڕوون و دەزانرێت، واتا زانستێکە بەهۆیەوە خەڵکی فێری گەیاندنی تاکە واتایـەك دەبـن بـە ڕێگـەی لەیـەك جیـا، بـە ڕوون و ئاشـکرایی و بەشێوازێکی جوان))[١٤٧]، هەرچـەندە لـە زانسـتی ڕەوانبێـژی کۆنـدا بەهەرسـێ بەشی(واتاناسـی و ڕوونبێـژی و جوانکـاری وتـراوە ڕوونبێژی)ئەمەش لە ڕوانگەی ناونانی گشت بە ناوی بەشێکییەوە بـەکارهێنراوە، بـەڵام دواتـر وێنـەی ڕوونبێـژی وەك بەشـێك لـە ڕەوانبێژی لە پاڵ واتاناسی و جوانکاری دەستنیشان کراو چەند هونەرێکی گرنگی لـەخۆگرت لەوانە(چـواندن، خواسـتن، خـوازە، درکە..) ،هونەری خواستنیش کە لە ئێستادا وەك دیارترین و گرنگترین و بەهێزترین هونەری ڕوونبێـژی دادەنرێـت وەك جـۆرێکی سەرەکی هونەری خوازە دادەنرێت لە پاڵ خوازەی زمانیدا، (جاحظ) لـە کتێبـی (البیـان والتبـین)دا دەڵێـت: وێنـەی ڕوونبێـژی، ناوێکە هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە کەواتای شاراوەت بۆ ئاشکرا دەکات، ئەوەی لەو پێناسەیەدا دەبینرێت وێنەی ڕوونبێژی کار لەسەر ئاشکرا کردنی بابەتەشاراوەکان دەکات هـەر چـەندە لـە ئێسـتادا لـە ڕێگـای هونـەرەکانی ڕوونبێژییـەوە شـاعیران توانـای

[١٤٦] – عەزیز گەردی، ڕەوانبێژی لەئەدەبی کوردیدا(بەرگی یەکەم)، لـ٩.

[١٤٧] – ئیدریس عەبدوڵلا مستەفا، لایەنە ڕەوانبێژییەکان لە شیعری کلاسیکی کوردیدا، لـ١١٢.

جوانکردن و درووستکردنی وێنەی هونەری نوێیان هەیە لەگەڵ بەرجەستەکردن و باسکردنی شتە واتاییەکان و گەلێك ئەرکی تـری جوانکردنی واتایی.

هەروەها لە کتێبی (الطراز) دا ڕاوبۆچوونی (شیخ عبدالکریم) هـاتووە کـە خـاوەنی کتێبـی (التبیـان)ە، بـەم شـێوەیە پێناسـەی دەکات و دەڵێت:((وێناکردنی ڕاستەقینەی شتێکە تا وات لێدەکات وا دەزانی شتێکە و تەماشای دەکـەیت))[١٤٨]، یـاخود دەکرێـت بڵێین ((وێنەی ڕوونبێژی ناوێکە هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە کە واتـای شـاراوەت بـۆ ئاشـکرا دەکـات))[١٤٩] ئـەم زانسـتە بەشـێکی گرنگی ڕەوانبێژییە و پێناسەی زۆرتری بۆکراوە، بەوەی کە چالاکترین بەشی رەوانبێژییە و ڕۆڵێکـی دیـارو کاریگـەری لـە بنیـادی وێنەی شیعریدا دەبینێت و لەو زاراوە بەجێماوانەیە کە لە توانای وێنە نزیك دەبێتەوە، ئەم زانستە هەمیشـە شـاعیران لـە هـەموو سەردەمێکدا پەنایان بۆ بردووە، کردویانەتە ئامرازێك بۆ گەریاندنی مەبەستەکانیان بە خوێنەران، واتا ئەو زانستەیە کـە بەچـەند ڕێگەیەکی جیاواز یەك واتامان بۆ دەردەبڕێت و ڕوونکرنەوە لەسەر واتای مەبەسـت دەدات، یـاخود دەتـوانین پێـی بڵـێین: ((ئـەو زانستەیە ئەرکی لابردنی دەمامکە لەسەر وشەکان و ئاشکرا کردنی مەبەسـتەکانیانە)) [١٥٠] ،لێـرەدا بـەپێی هونـەرە ڕوونبێژییـەکان چەند جۆرێکی لای شاعیرمان (شاکەلی) دیاریدەکەین:

### ٣-١-	وێنەی لێکچواندن

زۆر پێناسە بۆ ئەم جۆرەی ڕوونبێژی کراوە، چونکە سەرتایی ترین هونەرە لە شیعرا، یاخود هەندێکی تـر لـەو بـاوەڕەدان، کـەوا نەك بەتەنها لەشیعر، بەڵکو لە قسەی ئاسایی ڕۆژانەییشدا و لەکاتی ئاخاوتنی ئاسایشدا بەکاردەهێنرێت، (لێکچواندن) یەکێکە لە (( بنەڕەتە هەرەدیارەکانی ڕوونبێژی و ڕەوانبێژی و ئاسانترین جـۆری ئـەو پێکهێنـەرە ڕەوانبێژییانەیـە کـە وێنـە بنیـات دەنێت، شاعیریش زیاتر سەربەست دەبێت و مەودای فراوانتریشی لەبەردەمدا دەکرێتەوە)) [١٥١] یاخود دەکرێت ناسینی بکـەین بـەوەی کـە ((چواندن بەستن و پەیداکردنی وێکچوونێکە لە نێوانی دووشتا بەهۆی هاوبەشی بوونیان لەیەك سیفەتدا یـان زیـاتر بۆمەبەسـتێك یان چـەند مەبەسـتێکی دیـار))[١٥٢]، لێکچـواندن شـتی نـەزانراو و نەناسـراو ئاشـکرا دەکـات و وێنـەی بەرانبـەر دروسـت دەکـات ،

---

[١٤٨] – هەژار فەقێ سلێمان، ڕونبێژی لە شیعری مەحویدا، نامەی ماستەر، (زانکۆی سلێمانی٢٠١٣)، لــ٢٠.

[١٤٩] – صدیق ئەورەحمان عەلی، حەقیقی شاعیر–ژیان و بەرهەمی، نامەی ماستەر( سلێمانی ٢٠١٥)، لـ٢٠٨.

[١٥٠] – د. فەرهاد قادر کەریم، بنیاتی وێنە لە شیعرەکانی حەمدیدا، لــ١٩٦.

[١٥١] – هەژار فەقێ سلێمان، ڕونبێژی لە شیعری مەحویدا، نامەی ماستەر(٢٠١٣)، لــ٣٣.

[١٥٢] – عەزیز گەردی، رەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا (بەرگی یەکەم)، لــ٢٢.

هەروەها((دەبێت لە وێنەکە خۆی جوانتربێت بۆ ئەوەی جوان وەسف بکرێت و زیرەکی و هونەرمەندیی شاعیر ڕوونبکرێتەوە))[153] ،لەمەوە بۆمان دەرکەوت، کەوا لێکچواندن بەراوردکارییەکی ئەندێشەییە لە نێوان دووشتدا، کە دەرکەوتووترین هونەری ڕەوانبێژییە و هەمیشە شاعیر سەر بە هەر ڕێبازێکی ئەدەبی بێت ناتوانێ دەستبەرداری ئەم هونەربێت، ((ئەم هونەرە ڕێگەیەکی دووباڵە لەبەردەم شاعیردا لەلایەك بۆ دەربڕینی بیر و بۆچوونەکانی، لەلایەکی تریشەوە بۆ بەخشینی جوانی و ڕازاندنەوەی دەق کە ئامانجی شیعری کلاسیکی بووە))[154]، لێکچواندن چەندین دابەشکردنی بۆکراوە و چەندان جۆری لێ جیاکراوەتەوە، لەوانەیش ((بەپێی هەبوون و نەبوونی بنەڕەتە سەرەکیەکان،بەپێی ئەقڵی هەستی و دوولایەنەکانی لێکچواندن، بەبەرچاوگرتنی ژمارەی لێچوو و لەوچووەکان،لێکدراو، پێچراو، بڵاو، ئاوەژوو...))[155] یاخود (د.فەرهاد قادر) لە پاشکۆیەکی ڕۆژنامەی گەرمیانی ئەمڕۆدا لە نوسینێکی لە ژێرناوی (هەندێك لایەنی هونەری شیعرەکانی شاکەلی)دا بەم شێوەی جۆرەکانی جیاکردوەتەوە( درێژ، قوڵ، جەختاو، ڕەوان، وێنەیی، کۆ، پەسەندیدە، ئاوەژوو)، ئەوەیش دەڵێت: کە ئاشکرایە قسە کردن لەسەر ئەم جۆرانە دۆزینەوەیان لە شیعرەکانی (شاکەلی)دا باسێکی درێژ وتەواوی دەبێت، بۆیە ئێمەیش لێرەدا ئاوڕ لە و جۆرانە دەدەینەوە کە بەپێی چۆنیەتی (لێچو و لەو چوو) جیاکراونەتەوە، کە ئەوانیش (ئاوەژوو، پەسەندیدە، وێنەیی، لەناویەك)ن لە نێو شیعرەکانی (شاکەلی)دا، ئەم جۆرانەیش چ لەلای (شاکەلی) و چ لەلای هەموو شاعیرانی تر، بنیاتی وێنە و دەسەلات و باڵا دەستی شاعیر دەردەخەن و لەپێکێنانی وێنەی شیعری جواندا ڕۆڵیان هەیە:

### ٣-١-١- وێنەی لێکچواندنی ئاوەژوو

بریتییە: لەوەی ((کە (لێچوو) بکرێت بە (لەو چوو)، بەبیانوی ئەوەی کەوا (ڕووی لێکچوون) لە ئەودا بەهێزتر و دیارترە))[156]، گەر بەوردی لە شیعری شاعیرانی کلاسیکیدا ورد بینەوە، دەبینین بوونی ئەم جۆرە لێکچواندنە لەچاو جۆرەکانی تردا کەمترە، لەم بەشەدا (شاکەلی) سەرکەوتوانە لەچەندین دێڕە شیعریدا (لێکچواندنی ئاوەژوو)ی بەکارهێناوە، وەك لەم دێڕەیدا دەڵێت:

---

[153] – مستەفای سەید مینە، پایەی وەفای لە ناو شاعیرانی سەدەی نۆزدە هەمی کرمانجی خوارودا، لــ٣٠٥.

[154] – د.فەرهاد قادر کەریم، هەندێك لایەنی هونەری شیعرەکانی شاکەلی، پاشکۆیەکی ڕۆژنامەی(گەرمیانی ئەمرۆ)، ئایاری ٢٠٠٧، لــ١.

[155] – د. ئیدریس عەبدوڵلا مستەفا، لایەنە ڕەوانبێژییەکان لە شیعری کلاسیکی کوردیدا، لــ١٢٠.

[156] – د.ئیدریس عەبدوڵلا مستەفا، (هـ.س.)، لــ١٣٩.

**هەر ئەڵێی لێو دەمی جانانە، غونچەی گوڵ هەنار**

**نەرگسی شەهلا بەمەستی، ئەو لە چاوی یار ئەکا**[157]

غونچەی گوڵ هەنار ------ لێچوو

لێو دەم ------ لەوچوو

هەر ئەڵێی ---- ئەوزار

سوری و کرانەوە و ناسکی ------ رووی لێکچوونە

(لێچکواندنی ئاوەژو)

نەرگسی شەهلا ------ لێچوو

چــاوی یار -------- لەوچوو

ئـــەو ------ ئەوزار

سپێتی ------ رووی لێکچوونە

(لێکچواندنی ئاوەژوو)

ئەوەی جوانکارییە لەم دێرەی سەرەوەدا، سەرباری ئاوەژووکردنەکەی شاکەلی، لەیەکەمدا دووشتی وەك ((لێـو و دەم) هێنـاوە و (غونچەی گوڵ هەنار)ی پێچواندوە، لەلایەکی تریشەوە بەپێی دابەشکردنی تر پێی دەگوترێت (لێکچواندنی کۆ))[158] ،هەروەها لـە نیوەی یەکەم و دووەم ئەوزارەکانی (هەر ئەڵێی، ئەو) بەهایـەکی جـوان و ئیسـتاتیکی بـە شـیعرەکە بەخشـیوە لـەرێی دووپـات کردنەوەوە.

لێکچواندنی ئاوەژوو هەر بەناوەکەیدا دیارە کەوا هەڵگەڕاوە و پێچەوانەی واقیـع دەگەیـەنێت، ئەمـەیش گـەر بەسـەر ئـەو دێـڕەی سەرەوەدا بسەپێنین ، دەبینین هەمیشە (لێو و دەم) بە (غونچە) چـوێنراوە و هـەروەها (چـاو) بـە (نێـرگس) نـەك بـەم شـێوەی

[157] – هاشم عاصی کاکەیی، دیوان و یاداشتی شێخ ئەحمەد شاکەلی شاعیرو خواناسی دەشتی گەرمیان، چاپی پێنجەم، لـ٨٧.

[158] – د.فەرهاد قادر کەریم، هەندێك لایەنی هونەری شیعرەکانی شاکەلی، پاشکۆیەکی رۆژنامەی(گەرمیانی ئەمرۆ)، ئاباری ٢٠٠٧، لـ١.

(شاکەلی) کردوەیەتی، چونکە: هەموو مرۆڤێك سوری وناسکی و جەم بچووکی خونچە و جوانی نێرگسی لەلا ئاشکرایە، بەلام هەموو کەسێك ئاشنای (دەم و لێو) و (چاو)ی ئەو یارە نیە کە شاعیر وەسفی دەکات، جا ئەو یارە ڕاست بوبێت، یاخود بە خەیاڵ هاتبێتە بەرهەم، کە ئەمەی دوایی زیاتر ڕێی تێدەچێت، چونکە زۆرێك لە شاعیرانی تری کلاسیکی تارمایی یاریان بۆخۆیان دروست کردوە، تاوەکو لەپەنایاندا توانای شاعیرێتی خۆیانیان پێ دەرخستوە، هەروەك شیعری دڵداریشیان هێناوەتە بەرهەم کە کۆڵەیەکی سەرەکییە لە شیعری کلاسیکی کوردیدا، هەروەها ((لە ڕووی مێژووی و دێرینیەوە، پێ جوانی و ناسکی ئەو یارە (مەبەست لە دایکبوونیەتی ) جوانی وناسکی خونچە و نێرگس هەبووە و دوای نەمانی جوانی یاریش ئەوان هەر دەمێنن و سەرلەنوێ و لە هەموو بەهارێکدا نوێ دەبێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا شاعیر بەم ئاوەژوو کردنەوەیە قەشەنگی و ناسکی و جوانیەکی بێ وێنەیی بە (یار) بەخشیوە)) [159].

لە ڕەوانبێژیدا وابووە، کە ((هەمیشە شتی کەم بە زۆر بچوێندرێت و شتی نزم بە بەرز و بچوك بەگەورە، خۆ ئەگەر لێکچواندنەکە بە پێچەوانەوە هات، ئەوە ناشرین دەبێت و وێنە هەڵگەڕاوەکەی تێدا دیار ناکەوێت، بۆنموونە: خەڵکەکە خەوتن وەك ئەوە وایە مردوون، ئەمە گونجاوە، بەڵام کە بڵێی خەڵکەکە مردوون وەك ئەوەی نوستبن)) [160]، ئەوە شیاو نییە.

(شاکەلی) لە شیعرێکی تری ئاوەژوودا دەڵێت:

**چاوەنواڕی ڕۆینو شێوەی خەرمانی تۆم**

**ئاسکی شاکەل کەوا بەو لەنجەیە ڕەفتار ئەکا** [161]

ئاسکی شاکەل ----- لێچووە

تۆ (یار) ----- لەوچووە

شێوە ------ ئەوزار

لەنجە و ڕریشتن ----- ڕوی لێکچوونە

(لێچواندنی ئاوەژوو)

---

[159] – فەرهاد قادر کەریم، هەندێك لایەنی هونەری شیعرەکانی شاکەلی، پاشکۆیەکی ڕۆژنامەی(گەرمیانی ئەمڕۆ)، ئاياری ٢٠٠٧، لـ١.

[160] – ئیدریس عەبدوڵڵا مستەفا، لایەنە ڕەوانبێژییەکان لە شیعری کلاسیکی کوردیدا، لـ١٣٩.

[161] – هاشم عاصی کاکەیی، دیوان و یاداشتی شێخ ئەحمەد شاکەلی شاعیرو خواناسی دەشتی گەرمیان، چاپی پێنجەم، لـ٨٨.

**٣-١-٢- وێنەی لێکچواندنی پەسەندیدە**

جۆر و بەشێکە لە زانستی ڕونبێژی و ((وا ئەبێ ئەوکاتەی کە ئەتەوێ شتێك بە شتێکی تر بچوێنی لێچوو پەسەندتر بکەی لە لێچوو))[١٦٢]، ئەم جۆرە لە دروستبووندا لێکچواندنێکی ئاساییە، ((بەڵام لەدوای درووست بوونی شاعیر پەشیمان دەبێتەوە لەوەی کە ووتی، دەربڕینێکە دەری دەخات، کە چوێنراو لە پێچوێنراو پەسەندترە،لەم جۆرەدا شاعیر شتێك بەشتێکی تر دەچوێنێ لەدواییدا دەگەڕێتەوە چوێنراو لە پێچوێنراو پەسەندتردەکات))[١٦٣]، یاخود ئەمیش وەکو لێکچواندنی ئاوەژوو سیفەت و ئەندامەکانی یار لە شتە سروشتیەکان بەلای شاعیرەوە بەرز و پیرۆزتر و جوانترن، ((بەلام ئەم کارە تەنها پەسەند کردنێکی شاعیرەکەیە، نەك هەموو مرۆڤێك وەك لەو دێرانەی پێشوودا شاعیر ڕای دەگەیاند، واتا لێرەدا شاعیر (لێچوو) و (لەوچوو ) شوێن گۆڕکێ پێ ناکات، تەنها لەشوێنی خۆیانەوە، پەسەندی (لێو) بەسەر (لەوچوو)دا دەدات))[١٦٤]، (شاکەلی)دەڵێت:

**گەردنی بێ گەرد و نازگ پەمبەیی سوورو سپی**

**وەرگەڕێ زوانم ئەگەر بیکەم بە لۆکسی جەرمەنی**[١٦٥]

گەردن ---- لێچوو

لۆکسی جەرمەنی ـــــ لەوچوو

ئەگەر ----- ئەوزار

ناسکی و سور و سپی وبێگەردی ----- ڕووی لێکچواندنە

(لێکچواندنی پەسەندیدە)

لێرەدا شاعیر لە ڕێگەی دەربڕینی (وەرگەڕێ زوبانم) کارەکەی کردوە، واتا (گەردنی) پەسەند کردوە بەسەر (لۆکس)دا، لەهەمانکاتیشدا بەهێنانی ووشەی (ئەگەر) و کرداری (بیکەم) جوانیەکی تری بەخشیوە بە شیعرەکە و لێکچواندنی شیعرەکە.

[١٦٢] – عەزیز گەردی، ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا (بەرگی یەکەم)، لـ٤٨.

[١٦٣] – هەژار فەقێ سلێمان، ڕونبێژی لە شیعری مەحویدا، نامەی ماستەر، (زانکۆی سلێمانی٢٠١٣)، لـ٧٥.

[١٦٤] – فەرهاد قادر کەریم، هەندێك لایەنی هونەری شیعرەکانی شاکەلی، پاشکۆیەکی ڕۆژنامەی(گەرمیانی ئەمڕۆ)، ئایاری ٢٠٠٧، لـ١.

[١٦٥] – هاشم عاصی کاکەیی، دیوان و یاداشتی شێخ ئەحمەد شاکەلی شاعیرو خواناسی دەشتی گەرمیان، چاپی پێنجەم، لـ٩٠.

### ٣-١-٣- وێنەی لێکچواندنی وێنەیی

گەر لەبەشەکانی تردا لێچواندنەکە لەنێوان وشەیەك و یان زیاتر بوو بێت بەپێی هەردوولا(لێچوو، لەوچوو)، یاخود دەکرێت بە لێکچواندنی تاکیش ناوی ببەین، بەلام لێرەدا و لە بەشەدا وێنە بە وێنە دەچوێنرێت، واتا لێرەدا باس لە جۆرە لێکچواندنێکی تر دەکەین کە (لێکچواندنی وێنەیی )یە، لەم جۆرەدا لەجیاتی ئەوەی کە شتێك بەشتێکی تر بچوێنرێ، وێنەیەك بە وێنەیەکی تر ئەچوێنرێت، مەبەستیش لە وێنە ((ئەوەیە کەلە چەند پارچەیەکی زۆر پێکهاتبێ و ئەو پارچانە بەڕەنگێکی وا تێك هەڵکشابن کە بووبن بەیەك شت و وێنەیەکیان دروست کربێت))[١٦٦]، بۆیە دەکرێت بەمشێوەیەیش پێناسەی بکەین: ((ئەو چواندنەیەکە تیایدا وێنەیەك بە وێنەیەکی تر دەچوێنرێ، هەر وێنەیەکیش لەچەند پارچەیەك یاخود لە چەند چوێنراو و پێچوێنراوێك پێکدێت، لێرەدا مەبەست ئەو شتانە یا ئەو پارچانە کە ئەوپارچانەپێکدێنن واتە(لەجیاتی ئەوەی شتێك بەشتێکی تر بچوێنرێ وێنەیەك بە وێنەیەکی تر دەچوێنرێ، مەبەست لە وێنەکە ئەوەیە لەچەند پارچەیەکی زۆر پێك هاتبێت، ئەم جۆرە یەکێکە لەجۆرە هەرەگرنگەکانی چواندن بەو هۆیەی شاعیر لێرەدا وەك وێنەکێشێك دەردەکەوێت، نوسین و بۆهاتنی ئەم جۆرە تەکنیکە کات وساتێکی دەوێت و وردبینییەکی خۆڕسکانەشی دەوێت، لە لێکچواندنی وێنەییدا، شاعیر لە پێناو چواندنی تاکە شتێك بە شتێکی تر وێنەیەك بە وێنەیەکی تر دەچوێنێ و یەك لەم وێناە دەبنە (لێچوو) و شەوی تریان دەبێتە (لەوچوو))[١٦٧]، (شاکەلی) دەڵێت:

**هاتووم بۆ ماچی کوڵمت با زوڵفیشت لانەدەی** ←── وێنەیەکەم (لێچوو)

**بۆ ئومێدی نۆشی شەربەت نێشی مارم پێ خۆشە**[١٦٨] ←── وێنەی دووەم (لەوچوو)

لێرەدا وێنەی یەکەم بۆخۆی نیوە دێڕێکە و وێنەیەکە و دەوری (لێچوو) دەبینێ، ئەم وێنەیە چوێنراوە بە وێنەی دووەم، کەلە نیوە دێڕی دووەمدایە و (لەوچوو) ە، واتا بەتاك نەهاتووە کە تەنها (ماچ بە شەربەت) و (زوڵف بەمار) بچوێنێ، بەڵکو تێکڕای وێنەکەی نیوەی یەکەمی بە نیوەی دووەم چواندوە.

---

[١٦٦] – عەزیز گەردی، ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا (بەرگی یەکەم)، لـ٥.

[١٦٧] – فەرهاد قادر کەریم، هەندێك لایەنی هونەری شیعرەکانی شاکەلی، پاشکۆیەکی ڕۆژنامەی(گەرمیانی ئەمرۆ)، ئایاری ٢٠٠٧، لـ١.

[١٦٨] – هاشم عاصی کاکەیی، دیوان و یاداشتی شێخ ئەحمەد شاکەلی شاعیرو خواناسی دەشتی گەرمیان، چاپی پێنجەم، لـ٧٤.

### ٣-١-٤- وێنەی لێکچواندنی لەناو یەك

بەشەکانی لێچواندن بە پێی هەردوو لا زۆر ورد و پێکەوە نزیکن و گەر بەوردییەوە ئاگاییمان نەبێت، ڕەنگە نەتوانین ڕێك بین لە دەستنیشان کردنیان، لەم بەشەماندا جۆرەێکی تر هەیە ئەویش ((لێکچواندنی لەناو یەکە، لەم جۆرەدا (لێچوو) یەك واتا شتێك بە شتێکی تر (لەوچوو) دەچوێنرێت، پاشان هەموو پێکەوە، واتا (لێچوو، لەوچوو) پێکەوە دەبنە (لێچوو) دەچوێنرێن بە شتێکی تر))[١٦٩] بۆنموونە (شاکەلی) دەڵێت:

**لەچاوم دا پەین دەرپەی هەزاران دەر هەزارئەڕوا**

**سروشکی ئاڵی گوڵ ڕەنگم وەکو تاوی بەهار ئەڕوا**[١٧٠]

سروشك ---- لێچوو

گوڵ --- لەوچوو

لێچوو ـــــ تاوی بەهار (لەوچوو)

وەکو ---- ئەوزار

ئاڵی ---- ڕووی لێکچواندنە

### ٣-٢- وێنەی خوازەیی

زانایان هەر لەگەڵ باسی (خوازە)دا، باسێك لەسەر ناساندنی واتای (دروست) دەکەن بۆ ووشە، بۆ ئەوەی لە خوازە تێبگەین، ((دروست کە وشەی (الحقیقه)ی پێ دەگوترێت و زاراوەیەکە لە وشەی (حق)ەوە وەرگیراوە، (حق)یش واتایەکی چەسپاو و نەگۆڕی هەیە، واتا بە کارهێنانی هەر وشەیەك بەو حەقەی کەلە بنەڕەتدا هەیە، واتا بەکارهێنانی وشە و دەربڕینە بۆ واتای دروستی خۆیان، لە زمانی کوردیشدا (دروست) پێچەوانەی هەڵەیە و گەر وشەیەك بەکارهێنرا و واتای خۆی بوو، ئەوە دروستە و گەرنا هەڵەیە))[١٧١] ، هەر وشەیەك لە هەر زمان و شێوەیەکدا و بەلای هەر نەتەوە و هۆزێکدا کە دانراوە، بۆ مانایەکی تایبەتی

---

[١٦٩] - فەرهاد قادر کەریم، هەندێك لایەنی هونەری شیعرەکانی شاکەلی، پاشکۆیەکی ڕۆژنامەی(گەرمیانی ئەمڕۆ)، ئایاری ٢٠٠٧، لـ١.

[١٧٠] - هاشم عاصی کاکەیی، دیوان و یاداشتی شێخ ئەحمەد شاکەلی شاعیرو خواناسی دەشتی گەرمیان، چاپی پێنجەم، لـ٨٩.

[١٧١] - ئیدریس عەبدوڵڵا مستەفا، لایەنە ڕەوانبێژییەکان لە شیعری کلاسیکی کوردیدا، لـ١٦٠.

دانراوه  جا ((دروست– الحقيقه بريتيه: لەو مانايەی كە وشەكە لە بنجدا بۆی دانراوه بێ هیچ پێچ و پەنا و هێنان و بردنێك))[١٧٢] ، بۆیە لێرەوه دەتوانین ئیتر پێناسەی خوازه بەوه بكەین كە (خوازه) ئەو ووشەیەیە بۆ واتایەكی جیا لە واتای ڕاستەقینەی خۆی بەكاربهێنرێت كە نیشانەیەك هەبێت ئاماژه بۆ ئەوه بكات و ئەو واتا تازەیە پەیوەندی بە واتا كۆنەكەوه هەبێت، یان بریتییە: ((لەوەی كە  هەر ووشەیە ماناكەی فراوان بكرێت و بۆ مانای تر بەكار بهێنرێت))[١٧٣]، دەشێ (لای عەرەب ئەبولفەتح كوڕی عوسمانی) ناسراو بە (ئیبن و جننی) یەكەم ڕەوانبێژبێ، هاتبێ كە پێناسەی بۆ (خوازه) كردبێ، ئەو زاراوەی لەبەرانبەر (دروست) بەكارهێناوه، گوتوویەتی :(دروست — حقیقەت) ئەوەیە كەلە بەكارهێناندا بۆ ئەوه بەكارهێنرابێ، كە لەبنجدا لە زماندا بۆی دانراوه، بەلاّم خوازه پێچەوانەی ئەوەوە بێت، یاخود پێناسە دەكرێت بەوەی كە خوازه بریتییە: ((لەو وشە بەكارهێنراوەی بۆ بێجگە لەواتای دروستی خۆی بەكارهێنراوه، واتا سەبارەت بە ڕاستەقینەكەی خۆی بۆ شتێك بەكارهێنراوه، بێجگە واتای خۆیەتی))[١٧٤] ئەم جۆرەی لێكچواندن بەشێك لە شیعرەكانی (شاكەلی) دەگرێتەوە و وەك دەلێت:

**گیانە پێ بگرن بەڵكە پێشكەون**

**تاكەی ئەسیری لانكە و بێشكەون**[١٧٥] ⟵(خوازەی زمانی بەرەلاّ)

كە ئەڵێ (گیانە پێ بگرن) لێرەدا شاعیر پێگرتنی بۆ مانا دروستەكەی خۆی بەكار نەهێناوه، بەڵكو بۆ ئەوه بەكاری هێناوه ،كەوا منداڵ و گەورە و پێكەوە هەستن و خەبات بكەن لەپێناو سەركەوتن و بەدیهێنانی ئامانج و مافی ڕەوایی خۆیان.

یان كە دەڵێت:

**گیانە بخوێنن بەڵكە پێشكەون**

**شێرانە نەژین وەك كەروێشك ئەون**[١٧٦] ⟵(خوازەی زمانی بەرەلاّ)

لێرەیش خواستنی شاعیر بۆ هەر دوو وشەی (شێر و كەروێشكە) كە بۆ مەستێكی تر و دور لە مەبەستە بنچینەییەكەی خۆی بەكارهێنراوه، واتا مەبەستی لە شێر بۆ ئازاییە و كەروێشكیش بۆ بن دەستی و تەمبەلییە.

---

[١٧٢] – عەزیز گەردی، رەوانبێژی لە ئەدەبی كوردیدا (بەرگی یەكەم)، لـ٦٥.

[١٧٣] – مستەفای سەید مینە، پایەی وەفای لە ناو شاعیرانی سەدەی نۆزدە هەمی كرمانجی خوارودا، لـ٣٠٧.

[١٧٤] – ئیدریس عەبدوڵلا مستەفا، لایەنە ڕەوانبێژییەكان لە شیعری كلاسیكی كوردیدا، لـ١٦٣.

[١٧٥] – هاشم عاصی كاكەیی،  دیوان و یاداشتی شێخ ئەحمەد شاكەلی شاعیرو خواناسی دەشتی گەرمیان، چاپی پێنجەم، لـ١٨١.

[١٧٦] – هاشم عاصی كاكەیی، (هـ.س.)، لـ١٨٢.

**ئەوەی لە دنیا بیٚ دەست دامابیٚ**

**لەبەر بیٚ کەسی سەری دانابیٚ**

**داماو و کەساس سوك و ڕسوابیٚ**[177] ⟵ (خوازەی زمانی بەرەڵا)

لەم بەیتەی (شاکەلی)، بەکار هێنانی (بیٚ دەستی) کە واتای بنجی وشەکە خۆی لە بنەڕەتدا بۆ نەبوونی بەشێك لە ئەندامی جەستەیە، بەڵام کاتێك لەم ناو بەیتەکەدا بەکاری هێناوە خوازەیی پێداوە و بۆ مانایەکی تر بەکارهاتووە.

**٣-٣- وێنەی خواستن**

لە ڕووی وشەییەوە (خواستن) بریتییە: ((لە وەرگرتنی شتێك لە یەکێکەوە بۆ ئەوە بۆ پێویستیەکی دیکە و لە شوێنێکی دیکە بەکاربهێنرێت))[178] ، یاخود بریتیە: ((لەبەکارهێنانی وشەیەك بۆ دەربڕینی مانایەکی تر بێجگە لە مانای دروستی وشەکە بەمەرجێك پەیوەندی نێوانیان مانای دروست و مانای خوازەیی وشەکە وێچوون بێت، ئەبیٚ نیشانەیەکیش هەبیٚ کە ئێمە مەبەستمان بەم ووشەیە مانا خواستراوەکەیە نەك مانا دروستەکە))[179]، بۆنموونە قەڵەمێك لەبرادەرێك دەخوازی و دەی هێنی و نوسینەکانی خۆتی پیٚ دەکەیت دواتر دەڵێی :ئەم قەڵەمەم لە فلان کەس خواست، ((هەروەها بۆ خواستنی کچێك لە ماڵە باوکییەوە داوای دەکەیت، کە کوڕێك دەیخوازێت و دیهێنێتە ماڵەکەی خۆی، وەکو خێزان و دایکی منداڵەکانی ئیدی وەك و ماڵی خۆی مامەڵەی لەگەڵ دەکات، دواتر دەڵێی ئەو کچەمان لە فلانی خواست، کەوایە بەمشێوەیە (خواستن) مەبەست لێی خواستنی وشەیەکە بۆ مانایەکی جیاواز لە مانا دروستەکەی خۆی، واتا لەبەکارهێنانی ووشەیەك بۆ دەربڕینی مانایەکی تر بێجگە لەمانا دروستی ووشەکە خۆی))[180]، وەك لەسەرەوەیش ئاماژمان پێکرد بەمەرجێك پەیوەندی نێوان مانای دروست و مانای خوازەیی وشەکە وێچوون بێت، خواستن ڕادە و ڕۆڵی ئەم هونەرە لە شیعری کلاسیکی کوردیدا لە دوای لێکچواندنەوە دێت و وەك لە پێناسەکانی سەرەوەدا ڕوونکراوەتەوە کە کارەکەی خواستنی شتێکە وبەخشینیەتی بەشتێکی تر و پێویستە ئەم دوو شتە واتا

---

[177] - هاشم عاصی کاکەیی، دیوان و یاداشتی شێخ ئەحمەد شاکەلی شاعیرو خواناسی دەشتی گەرمیان، چاپی پێنجەم، لـ١٧٨.

[178]- ئیدریس عەبدوڵلا مستەفا، لایەنە ڕەوانبێژییەکان لە شیعری کلاسیکی کوردیدا، لـ١٨٤.

[179] - عەزیز گەردی، ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا (بەرگی یەکەم)، لـ٦٩.

[180] - صدیق ئەورەحمان عەلی، حەقیقی شاعیر، ژیان و بەرهەمی، نامەی ماستەر(٢٠١٥)، لـ٢١٠.

(شت لێ وەرگیراو و شت بەخشراو پەیوەندی لێکچواندن لە نێوانیاندا هەبێ)، واتا لە لێکچواندنەوە نزیک بێت، بەلام ئەو دوو بنەڕەتەی کەلە لێکچواندن سەرەکی بوون (لێچوو، لەوچوو) لە خواستندا یەکێکیان دێت، بۆنموونە (شاکەلی) دەلێ:

**لەچاوانم تکەی ئەسرین شەبیهی کۆمەلێ پەروین**

**بەیادی ماهی دلْ سەنگین هەمیشە وەك سەیار ئەڕوا**[181]

خواستن لە دەربڕینی (ماهی دلْ سەنگین)دایە، کە وەکو (یار– مرۆڤ) بە (ماه) چوێنراوە، بەلام مرۆڤەکە ناوی نەهاتووە کە (بۆخواستراو)ە، لە جیاتی نیشانەکەی خواستراوە و وەرگیراوە کە ( دلْ )ە و داویەتی بە (مانگ) کە (لێخواستراو)ە، ئەم کارە بە ئاشکرا لە ورد بوونەوەی دێرەکەدا دەردەکەوێت، هەروەها لە (شاکەلی) لە دێڕێکی تردا دەلێت:

**غونچەی ئالی دەمی رەشکی گولی ناوچەمەنە**

**ڕەونەقی ماه ئەبا عاریزی نازگ بەدەنــــــێ**[182]

لەم شیعرەی شاکەلیدا دیسان (ماه) خواستنە، کە مەبەست لە (ڕووخسار)ە، ناوی نەهێنراوە، (عرین)یش نیشانەی خواستنە، و شیعرەکە هەمووی خواستنی ئاشکرایە، یاخود لە دێڕێکی تریشدا شاکەلی خواستنی درکاوی ئەندێشەیی بەکارهێناوە کە پێچەوانەی جۆری یەکەمە و لەمیاندا (بۆخواستراو) دێت لەگەلْ نیشانەیەکی پەیوەست بە (لێخواستراو)ەوە و خودی (لێخواستراو) نەهاتووە، بۆنموونە شاکەلی دەلێت:

**دەنگی ئازادی هەموو دنیای بەجارێ دا لەبەر**

**مانەوەی ئێمە لە ناو کاری جەهل و غەفلەتە**[183]

ئازادی ---- بۆخواستراو

مرۆڤ ---- نەهاتووە و (لێخواستراو)ە

---

[181] – هاشم عاصی کاکەیی، دیوان و یاداشتی شێخ ئەحمەد شاکەلی شاعیرو خواناسی دەشتی گەرمیان، چاپی پێنجەم، لـ٨٩.

[182] – هاشم عاصی کاکەیی، (هـ.س.)، لـ٩٥.

[183] – هاشم عاصی کاکەیی، (هـ.س.)، لـ١٢٢.

لەم شیعرەی شاکەلیدا لەسەرەوە (دەنگ) نیشانەی خواستنە بۆ مرۆڤ وەرگیراوە و دراوە بە (ئازادی) بەمەیش خواستنی درکاوی ئەندێشەیی دروست بووە.

لێرەدا ڕەنگە بپرسین چۆن شاعیرانی کلاسیك ئەم جۆرانە و چەند جۆرێکی تری لێکچواندنیان بەکارهێناوە ؟

گومان لەوەدا نیە زۆرێك لە شاعیرانمان پەروەردەی مزگەوت و حوجرە و ناوەندە فێرکارییە ئایینیەکان بوونە، لەو ڕێگەیەوە زانستی ڕەوانبێژییان لە پاڵ زانستەکانی تردا خوێندوە، ئەمە لەلایەك و لەلایەکی تریشەوە سەرباری ئەو شارەزا بوونەشیان بە لاسایکردنەوەی ئەدەبیاتی کلاسیکی فارسی و عەرەبی و لەوانیشدا هونەرەکانی ڕەوانبێژی پانتاییەکی زۆریان داگیر کردوە، بۆیە دەگەینە ئەو ڕاستیەی کە شاعیرانی کلاسیکی ئەم هونەرانەیان بە وردی و شارەزایی و ووشیارانەوە بەکارهێناوە، چونکە شیعری کلاسیکی بۆخۆی سەنعەتە پێش دەربڕین، لەبارەی گرنگی ڕەوانبێژیشەوە شاعیران گەلێ نموونەیان خستوەتە بەردەست، ئەوەتا (نالی) لە دێڕێکدا دەڵێت:

**یا لەمەیدانی فەصاحەتدا بە میسلی شەهسوار**

**بێ تەئەممول بەهەموو نەوعێ زوبانی ڕادەکا**[184]

((لێرەشدا وشەی (فەصاحەت) بۆخۆی (ڕەوانبێژی) دەگەیەنێ هەر وەك لە دێڕێکی تردا پەردە لەسەر جۆرە لێکچواندن لا دەدات کە (پێچان و کردنەوەیە))[185]، ئەمەیش بەڵگەی ئەو پەڕی شارەزایەتی نەك هەر لە ڕەوانبێژی بەڵکو لەهەموو هونەرەکانی تردا.

### ٣-٤- وێنەی درکەیی

جۆرێکی ترە لە هونەرەکانی ڕوونبێژی و زانستێکی ترە لە ڕەوانبێژی لە شیعری کلاسیکی کوردیدا، ((لە ڕووی وشەییەوە عەرەب (کینایە)ی پێ دەڵێت، لای ئەوان مەبەست لە (کینایە) ئەو گوتەیە کە قسەکەر دەری دەبڕێت و مەبەستی واتایەکی دیکەیە، نەك

[184] – مەلا عەبدولکەریمی مودەریس و فاتیح عەبدولکەریم، دیوانی نالی، بڵاوکردنەوەی(انتشارات کردستان)، چاپی هەشتەم١٣٩١، لـ١٠٣.

[185] – فەرهاد قادر کەریم، هەندێك لایەنی هونەری شیعرەکانی شاکەلی، پاشکۆیەکی ڕۆژنامەی(گەرمیانی ئەمڕۆ)، ئایاری ٢٠٠٧، لـ١.

واتای وشەکانی گووتەکەی خۆی))[186] هەروەها ((درکە ئەو دەستەواژەیە کە مەبەست لێی واتا دروستەکەی نیە، هەر چەند دەشێت مانا ڕاستە قسنەکەیشی مەبەست بێت، چونکە هیچ نیشانەیەك نیە کە ڕێگری بکات لەوەی مانا ڕاستەقینەکەی مەبەست بێت،یاخود دەکرێت بەکورتی و ڕونتر ئەوە بڵێین کەوا درکە ئەوەیە کە شتێك بڵێین و مەبەستمان شتێکی تر بێت))[187]، یاخود دەتوانین ناسینی بۆبکەین بەوەی کە درکە بریتیە:((لە وشەیەك، تەعبیرێك یان ڕستەیەك کە بۆ مانایەکی جیا لە مانا بنەڕەتیی خۆی بەکار بهێنرێت، بەبێ ئەوەی هیچ نیشانەیەك هەبێت بۆئەوەی کە مانا بنەڕەتیەکەی مەبەست نییە))[188]، (عەزیز گەردی) لە بەرگی دووەمی (ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا) لەم بارەویە دەڵێت:((درکە ئەوەیە کە ڕاستەو ڕاست ناوی شتێك نەبەی، بەڵکو بچی ناوی شتێکی تر ببەی کە پەیوەندی بە واتای یەکەمەوە هەبێت، بۆئەوەی پیاو لە مانا باسکراوە بۆ مانا مەبەستە هێما بۆکراوەکە بچێت))[189]، ئەم زانستە لەگەڵ (خوازە) جوداییەکی هەیە ئەوەیش ئەوەیە لە (درکە) کاتێك دەڵێ: (کوڕەکە باڵای بەرزە) لێرەدا دەتوانرێت بڵێت هەر مەبەستی ئەوەیە کەوا کوڕەکە باڵای بەرزە و تەواو، واتا بێ ئەوەی بۆ مانا درکاوەکە بچی ئەوە وەربگریت کە باڵاکەی درێژە، بەلام لە (خوازەدا) ئەمەیان تەواو پێچەوانەیە، چونکە لە (خوازە)دا نیشانەیەك، هێمایەك هەیە ، کە ڕێگرە لەوەی لە دەربڕینەکەدا مانا ڕاستەقینەکەمان مەیەست بێت، بۆنموونە کاتێك (شاکەلی) ئەڵێین:

**عەماری کەس نیە ورگم قسەی ڕاسی ئەبێ بکرێ**

**ئەگەر ڕۆژێ پەتیش بکرێم لەبەر دەرکی سەرای شاری**[190]

عەماری کەس نیە ورگم ⟵ درکەیە لە سیفەتی درکاندن

پەتیش بکرێم ⟵ درکەیە لە سیفەتی بەستنەوە

---

[186] – ئیدریس عەبدوڵلا مستەفا، لایەنە ڕەوانبێژییەکان لە شیعری کلاسیکی کوردیدا، لـ٢٠٤.

[187] – صدیق ئەوڕەحمان عەلی، حەقیقی شاعیر–ژیان و بەرهەمی، نامەی ماستەر(٢٠١٥)، لـ٢١٠.

[188] – مستەفای سەید مینە، پایەی وەفای لە ناو شاعیرانی سەدەی نۆزدە هەمی کرمانجی خوارودا، لـ٣٠٦.

[189] – عەزیز گەردی، ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا (بەرگی یەکەم)، لـ٨٨.

[190] – هاشم عاصی کاکەیی، دیوان و یاداشتی شێخ ئەحمەد شاکەلی شاعیرو خواناسی دەشتی گەرمیان، چاپی پێنجەم، لـ١٢٩.

یان دەڵێت:

**ڕۆژی عومرم گەییە ئاخر چاوم ئاوی تیانەما**

**ئەی خودا وەجهی چی بێ ئاخیری بەردی شاخسار**[191]

چاوم ئاوی تیانەما ←—— درکەیە لە سیفەتی کوێر بوون

**٤- زمانی شیعری (شاکەلی)**

شیعری کلاسیکی کوردی جیا لە هەموو جۆر و شێوەی داڕشتن و بنیادی هونەری ژانەرەکانی دی شیعر ((خاوەنی چەندین هەل و مەرج و خەسڵەتی تایبەتە، ئەو خەسڵەتانەشی سیمایەکی خودی تایبەتی بەرگێکی هونەری پێ پۆشیوە))[192]، زمان ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە ژیانی مرۆڤدا، هەروەها بووەتە بەشێك لە پێداویستیەکانی ڕۆژانەی مرۆڤ و لێی جیا نابێتەوە، بوونی زمان کۆمەڵگای مرۆڤایەتی و شارستانیەت بنایت دەنات، چونکە ڕێگایەکە بۆ گەیاندنی کلتوری میللەتان بە یەکدی، لەلایەکی تریشەوە لە لێکۆڵینەوە ڕەخنەییەکاندا ((بەتایبەتی ئەوانەی لەبارەی بنیاتی شیعرەوە ئەنجام دراون زمانی شیعرییان بەڕەگەزێکی سەرەکی شیعر داناوە، لەبەر ئەوەی زمان وەکو دیاریدەیەکی هونەری ڕۆڵی بنیادنەر دەگێڕێ لە هەیکەلی شیعردا، واتا لە ڕووی فۆرمەوە، بەهۆی ئەو بەها و ڕەهەندانەی کە ووشە لە شیعردا هەیەتی، ئەوەندنەی تر مەسەلەی زمانی شیعری گرنگی لای ڕەخنەگران پەیدا کردوە و بووەتە هۆی سەر هەڵدانی چەندە تیۆری بە کەڵك لەم بارەیەوە، زمان پەیڕەوێکی دەنگییە بۆ لەیەکتر گەیشتن، بەهۆی ڕستەی جۆراو جۆر و گوتن و بیستنەوە، کە بەهۆی بەکارهێنانی، نیشانە و هێما، لە ڕۆناندا بۆ دروست کردنی وانەی واتایی بەرجەستە دەبێت، واتا کۆمەڵێك شێوازی جیایە کە هەر بارە و شێوازی تایبەتی خۆی هەیە، هەروەها لەنێو زمانیشدا جیاکارییەك هەیە، بۆ نموونە زمانی زانست و تەکنەلۆجیا، لایەنی سۆزداری لە زماندا نیە و لەدەستی دەدات و نامێنی،

[191] – هاشم عاصی کاکەیی، دیوان و یاداشتی شێخ ئەحمەد شاکەلی شاعیرو خواناسی دەشتی گەرمیان، چاپی پێنجەم، لـ٥٧.

[192] – کاروان عوسمان خەیات ( ڕێبین)، بەشێك لە دیوانی سالم، چاپخانەی چوارچرا، چاپی یەکەم، ساڵی چاپ ٢٠١٢، لـ١٦.

بەلام زمانی شیعری شێوەیەکی هەرە بەرزی زمانی سۆزە))[١٩٣]، شیعرو ئەدەبیاتیش لایەنێکی زیندوو و کاریگەریی ژیانی هەر میللەتێکن‌و ((زمان ڕەگەزێکە لە ڕەگەزەکانی بنیاتی شیعریدا، بۆیە ئەو زمانە شیعرییەی شاعیر بەکاریدەهێنێ، زمانێکی گرانەو پێویستی بە دەسەلات‌و توانایەکی گەورە هەیە، جا لەبەر ئەوەی ئەم تواناو دەسەلاتەش لای هەموو کەسێك نییەو لە دەست هەموو کەسێك نایەت، کە بەم شێوە تایبەتییە زمان بەکاربهێنێ))[١٩٤]

هەموو شاعیر و هەموو شیعر دۆستێکیش، زۆر باش ئەزانێت کە زمانی شیعر زمانێکی تایبەتیە و هەڵگری کۆمەڵێك تایبەتمەندییە کە لەزمانی ئاسایی ڕۆژانەی ناو ماڵ و بازاڕ و کارگە و کێڵگە و تەنانەت زانست و فەلسەفە و لۆژیك جیا ئەبێتەوە، ئەرکی قسەکردنی ئاسایی تەنها دەر بڕین و لەیەکتر گەیشتن دەگرێتەوە ئەستۆ و دوورە لە تاریك و لێڵی ئارایشدان، کەچی زمانی شیعر جگە لە دەر بڕین و لەیەکتر گەیشتن، چەند ئەرکێکی تری هەیە.

لەگەڵ ئەوەشدا ((ئەبێ شیعر دابنرێت بە هۆیەکی گورج و گۆڵ و بەهێزی گەشەکردنی زمان، لەو ڕووەوە کەواتای وا دێنێتە ناوەوە لەوانەیە پێشتر لە ئارادا نەبوو‌بێت))[١٩٥]، لەزمانە شیعرییەکەدا ((باشترە کەموکورتی و زێدە ڕەوی نەکرێت، چونکە گەر هەموو وشەکان ئاڵۆزبن، ئەوە دەبێتە مەتەڵ و هەروەها هەموو وشەکان هاوردەبن، ئەوە دەبێتە ئاڵۆزی و تێکەڵی))[١٩٦]، ((زمانی شیعری ئامرازێکی گەیاندنە، بەلام چەند سیستمێکی زمانەوانی هەن، کە مەبەستی عەمەلی تیایاندا ڕۆڵی لاوەکی دەبێت، هەرچەن بەتەواوی لەبەین ناچن، و ڕەگەزە زمانەوانییەکان لەبەین ناچن))[١٩٧] بە گرنگی نەدان بە زمانی شیعرە کە، ئەوە شیعرەکە لەگەڵ قسەی ئاسایی ڕۆژانە جیا نا بێتەوە، یاخود دەبێتە پەخشان و ڕاپۆرت.

دەتوانین بڵێین زمانی شیعر دەبێتە هۆی تێکدان زمانی ئاسایی تا بەچەند شێوە و جۆرێکی ترەوە بینای بکاتەوە، بۆیە ((زمانی شیعری، شاعیر دەکاتە خاوەنی تەکنیکی تایبەت و تازە و بەبنیاتێکی نوێوە وێنەکانی هەڵگری وێنەی ژیان و مرۆڤ و شتەکان ئەبێت و نهێنییەکانی دەق ئاشکرا دەکات و واقعی کۆمەڵگە دواکەوتووەکەیش ئەگۆڕێت))[١٩٨]، شیعر کەرەستەی وشەیە، چەند

---

[١٩٣] – سەعد فاروق یوسف شێخ بزێنی، بنیاتی هونەری لەشیعری ئەحمەد موختار بەگی جافدا، چاپخانەی ڕۆشنبیری، چاپی یەکەم هەولێر ٢٠١١، لـ٣٣.

[١٩٤] – ئومێد بەرزان برزۆ، زمانی شیعری لە شیعرەکانی شاعیر(شێخ ئەحمەدی شاکەلی)دا، پاشکۆیەکی ڕۆژنامەی گەرمیانی ئەمڕۆ، ئابی ٢٠٠٧.

[١٩٥] – جمال حبیب الله (بێدار)، دەروازەی شیعر ناسین، لـ ٤٣.

[١٩٦] – ئەرەستۆ، هونەری(شیعر) ناسین، وەرگێڕانی لە ئینگیزیەوە (عەزیز گەردی)، چاپخانەی گەنج ، سلێمانی ٢٠٠٤ ، لـ٨٣.

[١٩٧] – محەمەد بەکر، پەخشانە شیعری کوردی، بلاوکراوەکانی ئاراس، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر– ٢٠٠٤، لـ٣٧.

[١٩٨] – عبدولقادر محەمەد ئەمین، وێنەی شیعر لە ڕێبازی ڕۆمانسیی کوردیدا، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی ٢٠٠٢، لـ٢٨.

شاعیر فەرهەنگی ووشەی دەوڵەمەندتر بێت، ئەوە ئەوندە توانای دارشتنی شیعری زۆرتر دەبێت، چەند ووشەکاری ڕەنگا و ڕەنگ بن، ئەوەندە جوانتر تابلۆی شیعرەکە دەنەخشێت.

لە زمانی شیعری لای شاعیراندا ((وەك چۆن وێنە كێشێك جۆرەها ڕەنگی لەبەردەم بێت و بە ئارەزوی خۆی دەتوانێت بە نووکی فڵچەکەی لە هەموو ڕەنگەکان وەربگرێت، هەر ڕەنگە و بۆ شوێنی خۆی بەکار بهێنێت، ئەوسا تابلۆیەکی هەمەڕەنگ و جوانی لێدروست دەبێت، زمانی شیعریش تا چەند دەوڵەمەند بێت، شاعیر دەتوانێت شیعری بەپێز و جوان دارێژێت))[199] هەروەها وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا کە زمانی شیعر لەگەڵ زمانی ئاسایی ڕۆژانەدا جودایی هەیە و دەشكرێت زمانی شیعر بەشێوەیە بناسێنین و بڵێین ((شۆڕشێکی ڕیکخراوەیی و شارەزایانەیە بۆسەر زمانی ڕۆژانە، چونکە زمانی شیعر هێنانە گۆڕ و تێکەشتنی واتا بێ ئەژمارەکان والاّ دەکات))[200] ئەرکی زمانی شیعر ئەرکێکی نائاساییە، چونکە((زمانی شیعری دەتوانێ شتە ناسازەکان، بە ساز نیشان بدات و ناسازییەکانیشیان داپۆشێ، ئەم ئەرکە نا ئاساییەی زمانی شیعر کەوا بەزمانە ئاساییەکە دەکات لە دارشتنە هونەرییەکاندا بە دیار دەکەون))[201] زمان لای خەڵك شتێکی ئاسایی ڕۆژانەیە، هەر لەسەرەتای بونیانەوە هۆکاری هاوبەشی لەیەکگەیشتن و بیرکردنەوەیان بووە، بەڵام ((لای شاعیرانی کلاسیك و لەشیعرەکانیاندا تایبەتمەندی وەرگرت بەوەی ئەرکی شاعیر بەرزکردنەوەی زمانە لەشێوە گشتییەکەیەوە بۆ دەنگێکی تایبەی کەلە ڕێگای جیهانبینی و بەهرەی خۆیەوە لە کاریگەرترین شێوەدا ڕێکی دەخات و دەبێتە هۆی بەرهەمێنانی نیشانەکانی و دەنگەکانی و ئاوەزەکانی بەشێوەیەکی ناوازە))[202]، شاعیران بونیادێکی زمان بەزمان پێك دێنن، زمانی دژایەتیش لەگەڵ زمانی ئاسایی جیاوازە، شاعیرانی کلاسیك بەزمانێکی زۆر باڵا و پڕ لە دەسەڵات بۆ بابەت و ناوەرۆك دەڕوانن، وەك ئەم نموونەی (شاکەلی):

**ئیتر ناڵێنی تۆ ئەحمەد بە تەئسیرە هەتا مردن**

**<u>دەمت</u> گەرم و <u>دەمت</u> پڕ دەم هەتا ئاخر <u>دەمت</u> وایە**[203]

---

[199] – هاوژین سلیوە عیسی، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری شێرکۆ بێکەس دا، چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم سلێمانی ٢٠٠٩، لـ٤٠.

[200] – بابەك ئەحمەدی، پێکهاتەو ڕاڤەی دەق، وەرگێڕانی (مەسعود بابایی)، چاپخانەی ڕەنج، چاپی یەکەم هەولێر ٢٠٠٤، لـ٨٧.

[201] – سعید فاروق یوسف شێخ بزێنی، بنیاتی هونەری لە شیعری ئەحمەد موختار بەگی جاف دا، لـ٤٣.

[202] – ئاسۆ عومەر مستەفا، بەها ئیستاتیکیەکانی شیعر، چاپخانەی خانی (دهۆك)، چاپی یەکەم، ساڵی چاپ ٢٠٠٩، لـ٨٣.

[203] – هاشم عاصی کاکەیی، دیوان و یاداشتی شێخ ئەحمەدی شاکەلی شاعیروخواناسی دەشتی گەرمیان، چاپی پێنجەم، لـ١٣٦.

ئەم بەیتەی سەرەوەی شاکەلی کە کۆتا بەیتی قەسیدەیەکیەتی و لە نیوە دێڕی دووەمیدا سێ جار وشەی (دەم)بەکار هـاتووە و هەرجارە و بۆ مەبەست و واتایەکی جـودا بـەکارهاتووە، بەشـێوەیەك یەکـەمجار بـەواتای (هەناسـە)ی و دووەم بـەواتای (دەم)ی عەرەبی (خوێن) و لە سێیەمدا بەتاوای (کات) دێ، بەڕاستی ئەمەیە ئاست بەرزی زمانی شیعرییەکەی شاکەلی، سـەرباری ئـەوەی نیشانەی بەرزی زمان و فەرهەنگی شاکەلی نیشان دەدات، کە چۆن وشەکانی ساز کردوە و بەرگێکی شیعری نوێی بەبەردا کردوە، کەواتە ((شیعر تەنها مەودای پێوەندییەکی رووپێوی بە وشەوە نییە، یاخود تەنیا بەمەبەسـتی حـاڵات بـەکار ناهێنـدرێت، بـەڵکو لەڕێگای خزمەتکردندا دەبوژێندرێتەوە و دەبێتە سەرچاوەی واتا بەخش))[٢٠٤] ، لەسەردەمی ڕێبازی کلاسیکیدا، رابـەرانی کلاسـیك کۆمەڵێك رێساو بنەمای پتەوییان بـۆ کـاری ئـەدەبی دانـا، کـە مـەرجی شـاعیری چـاك لـەو سـەردەمەدا ئـەوە بـوو ، کـە لاسـایی پێشینانی گریگ و رۆمانی بکاتەوە، ئەمەیش هەم لە جۆرە ئەدەبییەکان و هەم لە زمانی دەربـڕین و تـەکنیك و شـێواز و کـێش و سەروا و هونەرەکانی رەوانبێژی،((واتا زمانی شیعری لەسەردەمی کلاسیزمدا زمانێکی چڕ و پڕسـەنعەتە، بـەلام لـە هـەمان کاتـدا روون و بێ تەم و مژە، زمانێکی باڵایە بەجۆرێك ڕەنگدانەوە چینی ئەرستۆکراتی پێوە دیارە))[٢٠٥].

دیارە کەزمانی شیعر زمانێکی بەرزو کاریگەرە و لە سەروی توانای ئادەمیزادی ئاساییدایە، بۆیە ((عەرەبەکان شـاعیرەکانیان بـە مرۆڤی جنۆکەدار داناوە، ئەمەیش ئەوە دەگەیەنێ کە شیعر جۆرە زمانێکە و هەموو کەسێك دەستی نایگاتێ، تەنها ئەوانـە نـەبێ کە جۆرە توانایەکی نموونەییەکان تایبەتیان هەیە، لای شاعیرانی کلاسیکیش شیعر پەیوەست بووە بە زمانەوە و پەیوەندییـەکی پتەو لە نێوانیاندا هەبووە، هەروەها (ئەرستۆ)یش پێی وایە کە زمانی شیعر جیایە لەزمانی گفتوگۆ، بەڕای ئـەو زمـان لـە شـیعردا دەبێ روون بێ ، نابێ پەرپووت بێ))[٢٠٦] ، زمانی شیعری لای (شاکەلی) هەروەك شاعیرانی تری کلاسیکی زمانێك بووە کە جیا بوە لە زمان و قسەی ئاسایی ڕۆژانە و مۆرك و تایبەتمەندییەکانی شیعری تێـدا بەرجەسـتە کـراوە، زمانێـك بـووە، پـڕ بـووە لـە وشـە وسەنعەت کاری، ئەمە جگەی لەوەی زمانی ڕەسەنیشی بەکارهێناوە، شاکەلی لە شیعرەکانیدا بایەخێکی زۆری بە زمـانی شـیعری داوە، کە ڕێکخستن و پاش پێ کردنی یەك وشە بۆ چەند واتا و مەبەستێك، مەگەر هەر (شاکەلی) و شاعیرە بەرزەکانی وەك نالی و

---

[٢٠٤] – ئازاد ئەحمەد مەحموود، بونیاتی زمان لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا، چاپخانەی حاجی هاشم (هەولێر)، چاپی دووەم، ساڵی چاپ ٢٠١٢، لــ١٠.

[٢٠٥] – محەمەد عەبدولکەریم ئیبراهیم، پێکهاتەی زمانی شیعری لە ڕوانگەی ڕەخنەی ئەدەبی نوێوە ئەزموونی شاعیرانی هەشتاکانی هەولێر وەك نموونە، چاپخانەی موکریانی(هەولێر)، چاپی یەکەم، ساڵی چاپ ٢٠١٢، لــ٢١.

[٢٠٦] – خانزاد عەلی قادر، زمانی شیعری حاجی قادری کۆیی و مەحوی و شێخ ڕەزای تاڵەبانی، چاپخانەی حاجی هاشم (هەولێر)، ساڵی چاپ ٢٠١٢، لــ٨.

سالم و... هتد ی کلاسیکی بتوانن ئەو زمانە ڕێك و گونجاوە بەکار بێنن لە شیعردا، کە بەشێوەیەك مانـدوو بـوونی شـاعیری تێـدا دەبینرێت و هەروەها پایە بەرزی شاعیریش دەردەخات لە ڕووی زمانی شیعرییەوە کە چەند گرنگی پێ داوە:

**لەرزین لەترسی سەرما ترسی نەما لەسەرما**

**برکی ئەدەم لەبەرما بەرگی گرانی سەرما**[٢٠٧]

ئەمەیش پایە بەرزی و ماندوێتی شاعیر بەدیار دەخات لەم شیعرەیدا کە چۆن گرنگی بەزمانی شیعری داوە لە شـیعرەکانیدا، کـە لەبەیتەکەدا دووجار وشەی (سەرما)ی بەکارهێناوە و هەرجارە و بۆمەبەستێك و جارێك مەبەسـتی لـە کـەش و هـەوای سـاردییە و جارێکیش مەیەست لەسەری خۆیەتی، (شاکەلی) مرۆڤێکی دلگەورە و شاعیرێکی خاوەن قەڵەمی بەبڕشت و بەتوانا بێ خواسـت و ویست و ئارەزووی ئەو یان ئەم شـیعری ووتـبێ، شـیعرەکانی و هەڵوێسـتەکانی ڕوەو لوتکـە بڵنـدەکانی دینـای ئـەدەبی کـوردی بەردەوام ڕوو لەبەرزی و هەڵکشان بوون، یان لە شیعرێك تری بە ناوی (هانای دووەم) کە بۆ (شێخ عوسمانی)ی نوسیوەو دەڵێ :

**من ئەو موخلیسەمساڵی بەهارێ**

**بۆ لای تۆم نووسی عەرزی هاوارێ**

**ئێسەش باقییە ئەو هاوارمە**

**بۆ پرسینەوەت ئینتزارمە**

**شاکەل شاکەلی فیداکارتە**

**دڵ چاوەنواڕە بیکەی وەمەنزڵ**

**مەعمورەی تۆیە هەر تۆی نەتۆی دڵ**

**بیکە وەمەنزڵ سوبحو ئێوارە**

**دەستم دامانت پیری بیارە**

**نەقشێ بنوسە لە گۆشەی جەرگا**

**بەکاری من بێ لەکاتی مەرگا**[٢٠٨]

---

[٢٠٧] – هاشم عاصی کاکەیی، دیوان و یاداشتی شێخ ئەحمەدی شاکەلی شاعیروخواناسی دەشتی گەرمیان، چاپی پێنجەم، لــ١٠٨.

(شاکەلی)یش وەك زۆرێك لە شاعیرانی تری کلاسیکی وشـەگەلێکی زۆری بیـانی بـەکار هێنـاوە لـە زمانـەکانی فارسـی و تـورکی و عەرەبی و بەتایبەت فارسی، کە ئەم جۆرە لە نوسین لە شیعری شاعیرانی کلاسیکیدا، وەك پایە بەرزی شاعیران لێی دەڕوانـدرا و شاکەلیش بەهەمان شێوە بوو.

شاکەلی ((بەهۆی شەڕوشۆڕی جەنگی جیهانی یەکەمەوە، خێزانەکەیان ئەچێتە ناو جافەکانی ئێرانەوە و پاش داگیرکردنی عێـراق و کوردستان لەلایەن ئینگلیزەکانەوە دەگەڕێتەوە بۆ ناوچەی کەلار وکفـری))[٢٠٩]، ئـەو مـاوەی کـە لـەناو جافـەکانی ئێـران بـووە، شاکەلی حەز وخولیای بەبەرهەمی ئەدەبی ئێرانی زیادی کردو بەرهەماکانی (حافزی شیرازی) و (خانای قوبادی) و چەند شـاعیر و ئـەدیبێکی تـری ئێرانـی ...هتـد، شـاعیر لەبـەکارهێنانی وشـەدا دانـەماوە و زۆرجـاریش بـیری لـەڕیزکردنی وشـەکانی نێـو دێـرە شیعرەکانی نەکردوەتەوە، بەڵکو ئەوەی لە دڵەوە هەڵقوڵاوە ئەوی داڕشتوەتە سەر کاغەز و بۆ نموونەی لەم شیعرەدا کە ئەڵێ:

**من لە (مەولا) پشت بە (مەولا) ڕوو لەڕێی (ئەولا) بکەم**

**شاکەلی عەیبە لە دیوانی خودا حیلە و درۆ**[٢١٠]

بەهۆی بەرزی پایەی شیعری، زۆر بەجوانی توانیویەتیی وشەیەك بۆ دوو مانا بەکاربهێنی و لەشوێنی گونجاوی خۆیشی دای بـنێ، زمانی بەرزی شاعیر وای کردوە، ئەم دێرە شیعرە جوانە بهۆنێتەوە، کـە دەبیـنـین وشـەی (مـەولا)ی لـە درێکـدا و بـۆ دوو واتـا و مەبەست بـەکارهێناوە، کـە جارێـك وشـەی (مـەولا ) ی وەك ئـەوە بـەکارهێناوە کـەبڵێ کـە ئـیتر مـن لـە ئێسـتاوە ، لـەم کاتـەوە بەدواوە... ، بـەڵام لەهـەمان دێـردا (مـەولا)ی بـۆ واتـای مەبەسـتێکی تـر بـەکارهێناوە، ئـەویش مەبەسـتی (خودا)یـە و لـەدێرە شیعرییەکەدا ئەوەمان پێ ڕادەگەیەنێ، ئیدی لەو کاتەوە بەپشتیوانی خوادی مەزن ڕوو لەڕێگەی ڕاسـت و حـەقی خـۆی دەکـات، یان دەڵێ :

**موبتەلا هیچ کەس نەبێ وەك من بەدوای تەبعەوە**

**وەك (بەلا) ئالا بە (پێما) ، (پێمە) زنجیری (بەلا)م**[٢١١]

---

[٢٠٨] – هاشم عاصی کاکەیی، دیوان و یاداشتی شێخ ئەحمەدی شاکەلی شاعیرو خواناسی دەشتی گەرمیان، چاپی چوارەم، لـــ٥٩.

[٢٠٩] – مەحەمەد ئەحمەد سەعید (کەساس جەباری)، کەرکوك و بزافی شیعری کوردی، چاپخانەی سەردەم، چاپی یەکەم، ساڵی چاپ ٢٠٠٨، لـــ٢٣١.

[٢١٠] – هاشم عاصی کاکەیی، دیوان و یاداشتی شێخ ئەحمەدی شاکەلی شاعیروخواناسی دەشتی گەرمیان، چاپی پێنجەم، لـــ١٩.

[٢١١] – هاشم عاصی کاکەیی، (هـ.س.)، لـــ١٩.

ئەم دێرە شیعرییانەی (شاکەلی) هەتا لێی وردبیتەوە جوانی و سەرنج ڕاکێشی تێدا دەبینی، هاوکات ماندووبوونی شاعیریشی پێوە دیارە، چونکە دانانی وشەیەك لە ناو دێرە شیعرێکدا بۆ دوو واتا مەبەست، مەگەر هەر (شاکەلی و شاعیرە مەزنەکانی کلاسیکی، بتوانن بەوشێوەی بهۆننەوە، کە لەم دێرەشیاندا دەبینین کە چۆنن ماندوو بوونی شاعیر لەبەکارهێنانی زمانی شیعری و داڕستنی وشەکاندا دیارە و ئاستی بەرزی ئەدەبی (شاکەلی) و بەرزی زمانی شاعیریش بەدەردەخات، یان لەشیعرێکی تردا دەڵێت:

**ئەی دەردی گرانم کە چبێ یارە بیارە**

**چاوم لە تەما کە یلە کە نادیارە بیارە**

**بێ تۆیە ، لەبۆ تۆیە ، کە تۆ تۆیە ئەناڵێ**

**پڕیە لە مەراق و ئەسەفی سەف سەفێ ئەو یارە بیارە**

**سەوز و سوری تیانەماوە شینە دەشت و هەردەمان**

**دوور لە تۆ هەر شینە شێوەی ژینی بێ پەرژینی من**[٢١٢]

شاعیرمان (شاکەلی) زمانەکانی فارسی و عەرەبی بەباشی زانیوە، ئەمە جگە لە زمانە کوردییەکەی خۆی هاوکات شێوەزاری (ماچۆی باجەلان)ی گۆران شارەزا بووە، (شاکەلی) هۆنراوەی بە کوردی فارسی زۆرە و هەروەها بەکار هێنانی وشەی عەرەبی لە ناو زۆربەی هۆنراوەکانیدا دیارە، هاوکات دەتوانین ئەوە بڵێین کە (شاکەلی) زۆر شارەزای نوسینی فارسی و خەتی شکستەی فارسی بووە، تابڵێی خۆشنوس و خەت جوان بووە، لە لێکۆڵینەوە و ورد بوونەوە و خوێندنەوەی شیعرەکانی بۆمان دەردەکەوێت، کە (شاکەلی) ئیلهامی خۆی لە شاعیرانی وەك نالی و مەحوی و مەولەوی و ناری وەرگرتووە ، پاشان دەکرێت ئەوەیش بخەینە بەرباس، کە بەشێك لە شیعرەکانی (شاکەلی) خۆ لە شانی شیعرەکانی (نالی، مەحوی)دەدات، بەتایبەتی لەبەکارهێنانی وشەی ڕەوانبێژی و جوانکاریدا، (شاکەلی) گەرچی بەزۆری لەسەر قوتابخانەی کلاسیکی بووە وەك شاعیرانی پێش خۆی، بەڵام ئەم ڕازاندنەوە جوانەی دێڕە شیعرییەکان بە وشە کوردییە ڕەسەنەکان و وەرگرتەی عەرەبی و فارسی زیاتر ڕەونەقی داوەتە ناوەڕۆك و مەبەست، وەك ئەم غەزەلە شیعرەییەی کە بۆ مەبەستی خۆشەویستی دڵدارانەی نووسیوە و بەزمانی فارسی ئەڵێ:

---

[٢١٢] – هاشم عاصی کاکەیی، دیوان و یاداشتی شێخ ئەحمەدی شاکەلی شاعیر وخواناسی دەشتی گەرمیان، چاپی پێنجەم، لـ١٩.

**تار تاری زولف سنبل است این یاسمین موست این**

**حلقه دامی بلا یا پیچش گیسوس این**

**خنجر فولاد یا شمشیر یاخود نشتر است**

**قبله دلهاست یا محراب یا ابروست**

**جنس ادم یا پری یا حوری باغی ارم**

**گاوس است این فریشته کبل یا اهوست این**[٢١٣] ......................

وەك پێشتر ئاماژەم پێدا، كە شاعیر بەهۆی ئـەوەی ماوەیـەك لـەناو جەفـەكانی ئێـران و لـەناو ئـەدەبیاتی ئێـران بـووە، زمـانی فارسیشی بە جوانی زانیوە و شارەزای باشیشی لە زمان و نوسینی فارسیدا هـەبووە و زۆربـەی دەسـت نووسـەكانی و نامـە ئـاڵو گۆڕەكانی نێوان خۆی و شاعیران و ئەدبیانی سەردەمی خۆی و بەتایبەتی ناوچەی هەورامان، زۆرێكی بە خەتی شكستەی فارسی بووە، بۆیە چەند غەزەل و پێنج خشتەكی بەزمانی فارسی نووسیوە، لەگەڵ ئەوەیشدا وەنەبێ هەر تەنێ زمانە فارسیەكەی زانـی بێ ، بگرە لە زمانی عەرەبیشدا بەهۆی ئـەوەی شـاكەلی خوانـاس بـووە و زۆر تـەوەكولی بـە خـودا و پێغەمبـەر و قورئـانی پـیرۆز و حەدیسەكان هەبووە، ئەوانەیش بە زمانی عـەرەبی نوسـراون، هـەروەها دۆستایەتیشـی لەگـەڵ عـەرەبی زمانـەكان، وای كـردوە، زمانێكی پاراوی لـە عـەرەبی هـەبێت و بـەكارهێنانی وشـەی عـەرەبیش لـە نـاو شـیعرەكانیدا بەتـەواوی ڕەنـگ بداتـەوە ئـەوەش خەسڵەتێكی دیاری شعری كلاسیكی كوردییە، وەك ئەم نموونەی خوارەوە :

**(شفیع المزنبین) رەخمت مەگەر بۆ ئێمە چارێ كا**

**وەیا (نائیب المنابیك)ت عیلاجی زامدارێ كا**

**خودا بەم شاهە بمبەخشە كەناوی رەونەقی عەرشە**

**لەگەڵ ناوی خۆتا نەقشە لەوحی بەقدارێكا**

**حەبیبی تۆیە ناوی ئەو ، كەچوون مەحبوبی بێچوونە**[٢١٤]

---

[٢١٣] – هاشم عاصی كاكەیی، دیوان و یاداشتی شێخ ئەحمەد شاكەلی شاعیرو خواناسی دەشتی گەرمیان، چاپی پێنجەم، لـ١٨٥.

[٢١٤] – هاشم عاصی كاكەیی، (هـ.س.)، لـ٦٣.

کەلە شیعرەکەدا ئەوە دەبینین کە (شاکەلی) ووشە عەرەبیەکانی (شفیع المـژنبین، نائیـب المنابیـك، عـیلاج، رونـق، عـرش، لـوح، قدار، حبیب، محبوب)ی تێکەڵکێش بەشییعرەکەی کردوە، بەهۆی ئەو کاریگەرییانەی کە زمـانی عـەرەبی لەسـەری هـەبووە، وای کردوە شیعرەکانی لە کاریگەری زمانی عەرەبی بێبەشن نەبن.

شێوازی زمانی بەرز لای (شاکەلی)، واتا زمانی ئەدەبی کلاسیکی، ئەو زمانەی کـەوا شـاعیرانی کلاسـیکی لایـان پـەسـەند و گـرنگ بووە و جێی بایەخیان بووە، بەجۆرێك لە نێو شیعرەکانیاندا زۆر جار دەبوە تێکەڵەیەك لە زمانی کوردی و زمانەکانی تری بیانی، ئەمە جگە لە پەیڕەوی کردنی چەند یاسایەکی تری ڕێباز و قوتابخانەی کلاسیکی، کە دەبوو پەیڕەوی عەروزی عەرەبی و ئاڵۆزی لە دەستەواژەکاندا بکرێت، وەك نیشـانەیەك بـۆ دەسـت ڕۆیشـتن و بـەرزی ئاسـتی هونـەری نوسـینی شـاعیر لـە شـیعرەکانیدا، (شاکەلی) دەڵێ:

**ئەی قوبەی سەوز و سپی ئارمگاهی ئەولیا**

**پڕ تەوی نوورت ئەگاتە بارەگاهی کیبریا**[٢١٥]

هەروەها جگە لە زمانە کوردییەکە ووشەی (قوبە، ئەولیا کیبریا)ی عەرەبی و وشەی (ئارامگاە، بارەگاە)ی فارسی بەکار هێنـاوە، کە ئەم وشە عەرەبی و فارسیانە لە زمانی سادە و ئاسای ڕۆژانەی خەڵکی بەکار نایەت، ئەم شیعرەی دەربڕینێکـی کلاسـیکییە و بەشێوەیەك دەکرێت بڵێت تەنها کەسانی بەئەموونی لە بواری شیعر و تێگەشتوو لە زمانی عەرەبی و فارسی دەتوانن بە وردی لە مانا و مەبەستی شیعرەکەی (شاکەلی) بگەن، ئەمە نـەك بـۆ شـاکەلی بگـرە لای زۆربـەی شـاعیرانی کلاسـیکی زمـانی نوسـین بـەم شێوەیە باو بووە و بە مایەی ئاست بەرزی لە نوسین و ڕۆشنبیرییەتی شاعیریان داناوە، کە ئەمەیش لە شیعرەکانی شاکەلیدا بـە روونی دەبینرێت ، وەك لەم شیعرە سۆفیگەرییەدا دەڵێت:

**سەرو ماڵم فیدای جامی ساقی**

**کی ئێمە (فانی) و ئەو جامە (باقی)**

**بنۆشە سا لە دەس ساقی تۆ جامێ –**

---

[٢١٥] – هاشم عاصی کاکەیی، دیوان و و یاداشتی شێخ ئەحمەدی شاکەلی شاعیروخواناسی دەشتی گەرمیان، چاپی پێنجەم، لــ٦٥.

**بە مەستی بابچیٚ هەر سوبح و شامیٚ**

**ئەوەندە مەی بنۆشە تۆ لە جۆشا**

**مەگەر سوبحی قیام بیٚتۆ بە هۆشا**[٢١٦]

بەهۆی کاملٚ بوون و پیٚگەیستنی پایەی ئەدەبی و ئایینی شیٚخ ئەحمەد و برِینی پلـە گرنگـەکانی سـۆفیگەری کـە وەك لـە چـاپی دووەمـی دیـوانی شـیٚخ ئەحمـەدی شـاکەلیدا ، شـیٚخ عوسمـانی بیـارە لـەبارەی (شـاکەل)یەوە دەلٚیـت : (بەشـیٚوەیەك پلـەکانی تەسـەوفی برِیـوە کـەوا خـۆی مردنـی خـۆی پـیٚش بینـی کردبـوو)، سـۆفیگەرییەتی شـاکەلی دنیایـەکی سەربەسـتی خواناسـیە و دەیارییەکەی بی بنە و شاکەلیش مەلەوانیٚکیماندو نەبووی ئەو دەریایە بوو، کە عیشی بۆی بلٚیسەی گرتبوو، ئەو تیٚکەلٚ بوونەی (شاکەلی) بە عیشقی ئیلاهی لە شیعرە سۆفیگەرییەکانیدا رِەنگی دابوویەوە و دەبینرا، کە وەك لەو شیعرەی سەرەوەدا لەدەریای سۆفیگەرییەکەیدا و وەك سەرمەستیٚکی دینی، هەمیشە چاوی لە دەستی ساقی مەیخانەیە بەلٚکو جامی سەرفرازی رِۆحی بنۆشـیٚ و مەستیٚکی هەمیشەیی مەست بیٚت، یان لە شیعریٚکیدا بۆ شیٚخ عوسمانی نەقشبەندی دەنوسیٚت دەلٚیٚت:

**ئەی چرای شەوقی جەمالٚت شەمعی حوجرەی سینەکەم**

**دینەکەت ئاوی رِەوانی مەزرەعەی ئایینەکەم**

**مەزرەعەی ئایینی تاعەت کاتی نەورۆزە و کزە**

**مەرحەمەت کە رِوو لەمن بە ئاوی دین و ژینەکەم**[٢١٧]

ئەم پارچە شیعرەی کە بۆ شیٚخ عوسمانی نەقشبەندی نوسیوە، لەکاتیٚکدا وەك موریدیٚکی خانـەقای بیـارە دەچـیٚت، بـەلاٚم ئـەو تەنها شیٚخ عەلائەدین دەبینیٚت و شیٚخ عوسمان نـابینیٚ و وەك خـۆی لـە یاداشـتەکانیدا ئامـاژەی پیٚـدەکات، ئـەم شـیعرەی وەك شکاتیٚ پیٚشکەشی کردوە، بەلاٚم ئەوی جیٚی باس و گرنگی ئیٚمەبیٚ ئەو خامە رِەنگینیەی شاکەلییە، کەوا لەم پارچـە شـیعرییەیدا بەکارهیٚناوە، کە بە زمانیٚکی بەرز و ویٚنەیەکی جوانی سۆفیگەری پیٚشکەش کردوین، هەمووی لە پایـە بـەرزی و خامـە رِەنگـی و دەولٚمەندی فەرهەنگی شاعیرەوە سەرچاوەی گرتووە.

---

[٢١٦] – هاشم عاصی کاکەیی، دیوان و یاداشتی شیٚخ ئەحمەدی شاکەلی شاعیروخواناسی دەشتی گەرمیان، چاپی پیٚنجەم، لـ٩.

[٢١٧] – هاشم عاصی کاکەیی، (هـ.س.)، لـ٦٩.

شاعیرمان (شاکەلی) یەکێکە لەشاعیرانی دەشتی گەرمیان، بێگومان گەرمیانیش شێوە زارێکی تایبەتی هەیە، بۆیە ئەم شێوەزارەیش لەنێو شیعرەکانی شاکەلیدا بەڕوونی دەبینرێت، ئەم لایەنەی زمانی شیعری شاکەلی کە بەشێوەزاری گەرمیانی و وشەی گەرمیانی پەتی بەکار هێناوە لەناو شیعرەکانیدا و لەگەڵ بەکارهێنانیان، تام و چێژ و بۆ و بەرامەی شیعرەکانی نەگۆڕیوە و بەشێوەیەك دەست و بیر رەنگینی خۆی داپڕشتون کە زمانی شیعر و ئەدەبەکەی پێ زیاتر بالاّ و گەورە بووە و هەروەك پایە بەرزی شاعیریش دەنوێنێ، وەك لەم پارچە شیعرەی خوارەوەدا دەڵێ :

**ئەی سروەی نەسیم وەی کزەی شەماڵ**

**باوەشێنم کەن بووم بە کۆی زوخاڵ**

**ئەگەر نەورۆزە و گیا و گوڵ خێزە**

**بۆچی گوڵزاری من گەلاّڕێزە**

**غونچە بکرێتۆ گەلاّ بڕزێنێ**

**چۆن دڵی بولبول بۆی ناگرێنێ**

**شولەی ئاری شەوق تەم بتاوێنێ**

**پەروانە ڕۆحی چۆن نوسوتێنێ**[٢١٨]

یان لە شیعرێکی دەردە دڵیدا دەڵێ :

**هەژارێکی پیر لات و ناتەواو**

**پشتی کۆماوە چاوی پڕلە ئاو**

**ڕیشێکی سپی وەك کللوی لۆکە**

**شپتێکی چەماو ئەو وت گالۆکە**

**تۆزی مەینەتی بەسەر ڕیشەوە**

**یەکجار لاواز بوو بەدەس ئیشەوە** =

[٢١٨] – جەمال محەمەد محەمەد ئەمین، دیوان وی شاکەلی، لـ٩٤.

**برسی و تامەزرۆ خێزانە خێو بوو**

**لێوە لەرەی بوو بۆ شێو پەشێو بوو**

**بەدرێژی هاوین بەو گشتە گەرما**

**ئەجولا بۆ نان بۆ بەرگی سەرما**[219]

کە هەردوو پارچە شیعرەکە ووشەکەلێکی زۆری کوردی پەتی بەکارهێناوە، کە هەمووی بۆن و بەرامەی ڕەسەنیەتییان لێ دێت، (شاکەلی) و شیعرەکانی گەرچی خۆی وەك قوتابخانە لە سەردەمی کلاسیك بووە، بەلام شیعرەکانی زۆر بەزمانێکی خاوێن و ڕوون نوسیوە و زۆرجار بەئاسانی و بێ گیر کردن دەتوانین لێیان بگەین و هەست بە دلگەشی بکەین و بەهۆی جوان نوسینی شیعرەکانی بمانخاتە ناو ئەو سەردەمەی کە شیعرەکەی بۆ نوسیوە، لەو دوو شیعرەی سەرەوە شاکەلی چەند وشەیەکی گەرمیان وەك (زووخاڵ، بکرێتۆ، کللۆی لۆکە، ئەو ووت گالۆکە، بەدەس، لێوە لەرە، بەو گشتە گەرما) ئەم وشە و دەستەواژانە گە لێیان ورد بینەوە، گەرمیانیەکان لە گوفتار و قسەی ڕۆژانەیان زۆری بەکار دێنن، هەروەها هەر بە خوێندنەوەی شیعرەکان ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کەوا شاعیر چەند بە تەنگ نووسینی شیعرەوە بووە، هێندەیش خەمی بووە، کەوا شیعرەکانی بە زمانێك بنووسێت کە هەموو خوێنەر و شیعر دۆستێك لێی تێبگات، بۆیە زۆرجار بە زمانێك شیعرەکانی نووسیوە ،کە هەموو کەسێکی خوێندەوار لێی تێ بگەن.

لەشیعری شاکەلیدا شێوازی سادە لە قسەی خەڵکی بەشێکی تایبەتن و ئەمەیش واتا بەکارهێنای زمانێکی سادە و ڕوون و بێ تەمومژ، نەوەك هەمیشە بەکاهێنانی زمانێکی توکمە و قورس، کە تەنیا توێژێکی ئەرۆستوکراتی تایبەت لێی تێبگات لە ڕۆشنبیری و خوێندەواری بەرز، گەرچی ئەم جۆرە بەکارهێنانەی زمان لە لای زۆرێك لە شاعیران، بەتایبەتی شاعیرانی کلاسیکی، لەبەهای شیعری کەم دەکاتەوە، چونکە پێیان وابوو ئەم جۆرە بەکارهێنانە لە زمانی شیعریدا زۆر جار لەبەهای شیعری کەم دەکاتەوە و لە قسەی ڕاستەوخۆی ڕۆژانەی نزیك دەکاتەوە، کە شیعر دەبێت دووربێت لە قسەی ئاسایی ڕۆژانە و بەزمانێك بنوسرێت و وێنەیەك بکرێت بەبەریدا جیاوازبێت لەو زمانە سەرپێییەی خەڵکی، ئەمەیش پەیوەندی بەتوانای هەر شاعیرێکەوە هەیە کە بتوانێ هەر وشەو دەستەواژەیەك بەکاربهێنێت دەبێت گونجاندی زمانی شیعر لەگەڵدا بکات گەرچی وشەی سادەشی بەکارهێنا ئەوە تام و چێژی شیعری لەدەست نەدات، بۆنموونە شاکەلی لە دیوانەکەیدا چەند پارچە شیعری دەبینین، کەوا

[219] – هاشم عاصی کاکەیی، دیوان و یاداشتی شێخ ئەحمەدی شاکەلی شاعیروخواناسی دەشتی گەرمیان، چاپی پێنجەم، لـ١٥١.

تیایاندا هەم وشە و هەم دەستەواژەی زمانی سادەی خەڵكی بەكارهێناوە لە داڕشتنەوەی شیعرەكەیدا، كە تەنانەت كەسانی نەخوێندەواریش هەر بەبیستنی لێی تێدەگەن، بەڵام ئەم شێوازەی لەبەكارهێنانی سادەی لە دەستەواژە و وشەكاندا، نەبوەتە هۆی كەمكردنەوەی لە لە بەهای جوانی شیعرەكەی چ لە ڕووی وێنەی شیعری و هەمیش لە ڕووی زمانی شیعرییەوە، كە بەشێوەیەك توانیوەتی لەو زمانە سادە و ووشە و دەستەواژە سادانە وێنەی شیعری زۆر جوان دروست بكات و وەسفی زۆر ورد بۆمەبەست و بابەتەكانی ناو شیعرەكانی بكات، بۆنموونە گەر سەرنجێك لە وشە و دەستەواژەكانی ناو ئەم چەند پارچە شیعرانەی خوارەوە بدەین :

**لازمی وەسف نیە قامەتی (ڕەعنا)ی كە بكەم**

**لەغەمی قەدی بڵندی خەمە سەرەی چەمەنێ**

**جووتە مەمكی كە ڕواوە لەسەر ئەو سینە سافە**

**هەر ئەڵێی سورە هەنارێكە لە قەد نارەوەنێ**

**سافە ئەمسالی بلورە خڕە مانەندی هەنار**

**ئەتوێتۆ لە چنا ئەم بەیە گەر دەستی خەنێ**

**كۆهی سیمینە وەیا كاسە بلورێكە وەیا**

**خەرمەنی نەستەرنە سمتی خڕی چاو فەتەنێ**[٢٢٠]

یان لە شیعرێكی تردا دەڵێ:

**ڕەشكی دەشتی دەككە، خاسە دێكەی سەرچەمە**

**پڕ بە سەرحرا سەوز و شینە زەردو سورو پرچەمە**

**فەرشی شین و ڕەنگی ئاڵ و نەقشی سەحرا موختەلیف**

**ئەم هەموو ئارایشە ئەسیری بادەی سوب دەمە**[٢٢١]

---

[٢٢٠] – هاشم عاصی كاكەیی، دیوان و یاداشتی شێخ ئەحمەدی شاكەلی شاعیروخواناسی دەشتی گەرمیان، چاپی پێنجەم، لـ٩٥.

[٢٢١] – هاشم عاصی كاكەیی، (هـ.س.)، لـ٩٤.

یان لەم شیعرەیدا دەڵێت:

**هاتووم بۆ ماچی کوڵمت باکە زولفیشت لانەدەی**

**بەئومێدی نۆشی شەربەت نێشی مارم پێ خۆشە**[222]

یاخود:

**من وەکو ماسی تۆ بەحری علومی بێ حەساو**

**هەر ئەسورێمۆ لە ئاوا سك ڕەش وسینەم سوتاو**[223]

ئەگەر سەرنج لەو چەند پارچە شیعرەی سەرەوە بدەین ، دەبینین چەندین وشە و دەستەواژەی سادەی بازڕی و ناوخەڵکی سادەی تێدایە وەك (جووتە مەمك، سینەی ساف، ئەتوێتۆ لە چنا، سمتی خڕ، سەوز و شین و زەرد و سورد، فەرشی شین، ماچی کوڵم، وەکو ماسی، هەر ئەسورێمۆ...)، گەرچی (شاکەلی) ئەم وشە و دەستەواژە شادانەی بەکارهێناوە، بەڵام هەر ئەمانەیش بوون بە بنەغای زمانە شیعرییەکەو وێنەی جوانی لێ دروست کردون بۆ ئەو چەند پارچە شیعرەی، بە دروستکردنی ئەو وێنە جوانانەی لە شیعرەکانیدا، تەنها شاعیری ورد دەتوانێت بەو ووشە و دەستەواژە سادانە وەسفی وردی وا سازبکات، کەوایە لێرەدا ئەوەمان دێنێتەوە، خەیاڵ کە دەڵێت ((هونەرمەند چاوەکانی خۆیمان دەداتێ، تاوەکو جیهانی پێ ببنین ))[224] لەم بابەتەوە دەگەینە ئەو بڕوایەی کەوا شاعیر سەرکەوتووانە لە کەرەستە خاوە سادانەی زمان، دەتوانێت داهێنانی شیعری جوان بەرهەم بێنێت، هەروەها ئەوەیشی دووبات کردوەتەوە کەوا ووشە و دەستەواژەکانی ناو زمان هەموویان یاخود زۆربەیان گونجاون بۆ دروستکردنی وێنەی گونجاوی شیعری بەپێی توانای شاعیرەکە، کە شێخی شاکەلی لەم بارەیەشەوە دەست ڕەنگی و خامەی باڵای هەبووە.

[222] – هاشم عاصی کاکەیی، دیوان و یاداشتی شێخ ئەحمەد شاکەلی شاعیرو خواناسی دەشتی گەرمیان، چاپی پێنجەم، لـ٧٥.

[223] – هاشم عاصی کاکەیی، (هـ.س.)، لـ٥٥.

[224] – هیمداد حوسێن، دەروازەیەك بۆ ڕەخنەی ئەدەبی کوردی، چاپخانەی خانی(دهۆل)، چاپی یەکەم، ساڵی چاپ ٢٠٠٧، لـ٢٧٨.

**تەوەری دووەم/ قاڵبە شیعرییەکانی (شاکەلی)**

شاکەلی پاش وابەستە بوونی بە دنیای سۆفیگەرییەوە ئیدی بەشی زۆری شیعرەکانیشی ناوەڕۆکی سۆفیگەرییانەی هەبوو، واتا دینی ئیسلام کاری لەئەدەبیشی کردووە هەروەها چەند قاڵبێکی بۆ شیعرەکانی بەکاهێناوە، کە دەتوانین بڵێین بەگشتی بریتین لە (غەزەل وقەسیدە و مەسنەوی موسەممەت و چوارین یان دووبەیت).

ڕەنگە کۆنترین دووبەشیان لەشیعری کوردیدا غەزەل و قەسیدە بێت بەوەی ((ئەم هونەرە شیعرییانە لە ئەنجامی تێکەڵبوونی مەدەنیەتی نەتەوە موسڵمانەکان، بەتایبەتی (کورد و تورك و فاس و عەرەب)پەیدا بوو، لەسەر دەستی مەلای جزری لە باوکوری کوردستاندا گەیشتە پلەیەکی بەرز))[٢٢٥] ئیتر وردە وردە گەشتە باکور و لای شاعیرانی باکوریش سەری هەڵدا و بۆ هەموو هونەر و قاڵبەکان شاعیرانی کلاسیك شیعرییان لەسەر هۆنیوەتەوە ،کە (شاکەلی) شاعیریش بێ بەش نەبووە لە بەکار هێنانی ئەم قاڵبانە و دەوڵەمەند کردن و جوان کردنی شیعرەکانی، کە بۆ زیاتر ئاشنا بوونی ئەم قاڵبانە و گرنگیان لای (شاکەلی)، چەند نموونەیەکی شیعری لەسەر چەند قاڵبە شیعرێکی کوردی دێینەوە، بەم شێوەیە:

١- غەزەل

غەزەل ((هونەرێکە ڕەگێکی قووڵی لە مێژووی ئەدەبی کلاسیکی کوردی و وڵاتانی دروسێدا داکوتاوە، قاڵبێکی هونەرییە لە فۆرمی شیعری کلاسیکیدا))[٢٢٦]، ئەم بابەتە شیعرییە لای شاکەلی جۆرێکە لە هۆنراوەی کلاسیکی بەشێوەیەکی ستونی دێتە خوارەوە، چونکە ((قافیەی یەکگرتوو و لەسەر سیستمی یەك قافیە بەڕێوەدەچێت و لەڕووی کێشەوە لەسەر کێشی عەروزی عەرەبی دەنوسرێت، و قافیەکەشی یەکگرتووە))[٢٢٧] ، لەغەزەلدا ((شاعیر باسی خۆشەویستی و جوانی و سروشت دەکات و بابەتی مەدحی زۆری تێدایە، جائیتر بابەتی وەسفەکە خۆشەویستی بێت، یاخود وەسفی سۆفیگەری بێت))[٢٢٨] ...هتد، یاخود دەگوترێت غەزەل واتە گفتوگۆی عاشقانە، لە زاراوەییدا بەو قاڵبە شیعرییە دەوترێت کە نیوەبەیتی یەکەم و هەموو نیوەبەیتە جووتەکانی تری لە سەروادا یەکسانن، ژمارەی بەیتەکانی ئەم قاڵبە شیعرییە لە پێنج بەیتەوە دەست پێ دەکات تا پانزە بەیت.

---

[٢٢٥] – مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی (بەرگی دووەم)، چاپخانەی ئاراس (هەولێر)، چاپی دووەم ٢٠١٠، لـ٤٥٤.

[٢٢٦] – ئاری صبحی أحمد، غەزەل و قەسیدەکانی (حاجی قادری کۆیی) لەژێر تیشکی لێکۆڵینەوەدا، نامەی ستەر، ٢٠٠٦، لـ٧.

[٢٢٧] – دڵشاد عەبدوڵڵا، نالی خۆرێك هەمیشە بەسەر سەرمانەوە ژیان و بەرهەمی، گۆڤاری ڕۆڤار، ژمارە ٦٤ ، چاپخانەی ئاراس ، لـ٣.

[٢٢٨] – جاسم محەمەد کەلاری، راپۆرتێك لەسەر شاعیری دەشتی گەرمیان شێخ ئەحمەدی شاکەلی، زانکۆی صلاح الدین، ساڵی خوێندنی ١٩٩٩–٢٠٠٠ ، لـ١٧.

ئەم جۆرە قاڵبە لە شێوەی سەرواییدا لە قەسیدە دەچێت، غەزەل زیاتر بۆ دەربڕینی دەروونی ڕاز و نیازی عاشقانە یا بیری عارفانە و فەلسەفی و کۆمەڵایەتی و سیاسی بەکاردەبرێت

ڕۆشنبیرانی ئەدەب لەجۆرەکانی شیعردا باسی غەزەلیان کردوە و خۆشەویستییان خستوەتە نێو بابەتەکانیانەوە، بۆیە دەتوانین لێرەدا بڵێین کە شیعری خۆشەویستی بەشێکە لە غەزەل، شاکەلی شاعیریش بەشێکی زۆری شیعرەکانی (غەزەل)ن و زۆریشی پاڕانەوەی دینی و سۆفیگەری و مەدحی پیرانی تەریقەتی نەقشبەندییە.

نموونەی شیعرێکی غەزەلی (شاکەلی) کە مەدحی خۆشەویستیەکەی دەکات و دەڵێن:

**تەماشای چاوی ئەم شۆخە شەبیهی چاوی دڵدارە** ــــــــــــــ ا

**بەمیسلی چاوی فەتانی ئەمیش مەخمور و بیمارە** ــــــــــــــ ا

**وەکو نێرگس سەرئەفگەندە و وەو تابوی ئەم چاومەس** ــــــــــ ب

**لەبەر چاوی سیاهی ئەو ئەمیش خاوو سەرەو خوارە** ــــــــــ ا

**مەلەکە سەرخۆش ئەکا نەشئەی نیگاهی چاوی دڵدارم** ــــــــــ ج

**مەڵێن ئەم شاعیرە عاشقە بەدایم مەست و مەیخوارە** ــــــــــ ا

**بەسەر جەرگی بریندارا خۆمم کێش کرد و واهاتم** ــــــــــــ ج

**بەئومێدی ئەوەی بێژی ئەمیش جەرگی بریندارە**[٢٢٩] ........................

یان لە شیعرێکی تریدا کە غەزەلە و پاڕانەوەی شاکەلییە لە پێغەمبەر(د.خ) :

**یا رسوا الله ئەگەرچی ڕووڕەشی دیوانی تۆم**

**گەر نەبم خۆ هیچ نەبێ ریزە خۆری خوانی تۆم**

**سەهووە، ناماقوڵییە خۆم کردە کەلبی کوی تۆ**

**چون سەگێکی پاسەوانی موخلیسی ئاستانی تۆم**

**لەو سەگی ئەسحابی کەهفە من ئومێدم زیاترە** =

---

[٢٢٩] – هاشم عاصی کاکەیی، دیوان و یاداشتی شێخ ئەحمەدی شاکەلی شاعیر و خواناسی دەشتی گەرمیان، چاپی پێنجەم، لـ٨٦.

**بۆئەوە من تولە هەڵتووتاوەکەی دەربانی تۆم**

**من کە ڕووزەرد و زەعیف و زامداری غەفڵەتم**

**ناتەواوم، ناڕەوایە، فۆن بڵێم قوربانی تۆم**

**تۆ ڕەئوف و مونعیم و من موفلیس و بێ زادی ڕێ**

**ڕێبوارێکی هیلاکم هەر ئەڵێم میوانی تۆم**

**ئەی شەفیعی موزنبین موحتاجی شێوی ئەم شەوم**

**بێ دەس و بێ کەس ئەمێنم چاو لەڕێی ئیحسانی تۆم**

**یارسول الله چە خۆشە سەر قەدەم کەم تا حزوور**

**گەر بژیم دووبارە ژین و بشمرم قوربانی تۆم**

**کەس نیە وەك من لەدەشتی غەفڵەتا وێڵ و مەلوول**

**ڕوو ڕەشی ڕۆژی جەزام و شەرمنەی یارانی تۆم**

**ئەی فیدای ئەوخاکەبم ئەسحاب تۆ پێ یا ئەچوو**

**گیان فیدای سیدق و فاروپ و عەلی و عوسمانی تۆم**

**ئاخ لە داخی کاخی جەهلا حەپسی تاریکەی خەتام**

**چاوە چاوی نوری عیلم و پرتەوی عیرفانی تۆم**

**توخودا ڕۆژی جەزا کاتی ڕەجا ئەکەی مولتەجا**

**(شاکەلی) بێ بەش مەکە حەیفە سەرگەردانی تۆم**[٢٣٠]

**٢- قەسیدە**

قەسیدە زاراوەیەکی عەرببە و (قصیدە) لە (قصد)ەوە هاتوە و بە مانای(ڕاستی ڕێگا)دێت، یان دەشگوترێت بە (قصد) بڵێین واتە: نیاز، نییەت، تەما. بە زاراوەیش، قاڵبە شیعرێکە نیوە بەیتی یەکەم و نیوە بەیتی دووەمی هەموو بەیتەکانی تری

[٢٣٠] – هاشم عاصی کاکەیی، دیوان و یاداشتی شێخ ئەحمەد شاکەلی شاعیرو خواناسی دەشتی گەرمیان، چاپی پێنجەم، لــ٣٥.

هەموویان لەگەڵ یەکدا هاوسەروان، ژمارەی بەیتەکانی قەسیدە بەگشتی ماملناوەندین و لە پەنجا تا شەست بەیت خۆیان دەبینێتەوە، بەڵام ئەم ژمارانە جێگیر نییە و هەندێ جار خۆی لە (٤٠٠) بەیتدا خۆی دەبینێتەوە.

لەبارەی قەسیدە بۆچوونی جودا هەیە و ڕەخنەگرانی عەرەب پێیان وایە کە قەسیدە لەچەند بەیتێکی هونراوە پێکدێت کە قافیەیەکی بەکگرتوویان هەیە، لە قەسیدەدا هێندە گرنگی بە ژمارەی بەیتەکان دراوە هێندە گرنگی بە یەکێتی نێو بابەتەکان نەدراوە کە، هۆنراوەی فارسیش کە پەیوەندی و ئاشنایەتی لەگەڵ ئەدەبی عەرەبیدا بەستوە و ڕاستەوخۆ کەوتوەتە ژێر کار تێکردنی هۆنراوەی عەربیەوە و زیاتر لە یانزە سەدەیە لەگەڵ هەندێك گۆڕانکاریدا ئەو چەشنانەی هۆنراوەی خودی عەرەبییان گرتوەتە بەر و وەك قاڵبێکی شیعری بەکاریانهێناون، بەتایبەتی قەسیدە و غەزەل و موسەممەت، (د.دڵشاد عەلی) لەبەرهەمی (بنیادی هەڵبەست لە هۆنراوەی کوردیدا) باس لە بۆچوونێکی (شمس قیس الرازی)دەکات، کە دەڵێ:((ئەگەر ژمارەی بەیتەکان لە پانزە یان شانزە بەیت زیاتر بوو بە (قەسیدە)ناو دەبرێت و خۆ ئەگەر لەوەیش کەمتر بوو ئەوا دەبێ بە (قگعە)و لە قەسیدەی فارسیشدا پێویستە بەیتی یەکەمی (مصرع)(*) بێت، واتا هەردوو دێڕی بەیتی یەکەم هاوقافیە بن، چونکە ئەگەر وانەبوو دەبێت بە (قطعة)(*) با لە بیست بەیتیش زیاتر بێت))[٢٣١]، قصیدە ((لای (نالی لە هەموو ڕوویەکی ڕووخسارەوە وەکو غەزەل وایە))[٢٣٢]، بەو پێیە دەتوانرێت (غەزەل) ی درێژیشی پێ بگوترێت، بەڵام بەهۆی کەم و زۆری ژمارەی دێڕەکانیەوە جیاوازی دروست کردوە، بەڵام ئەمە لەو ڕاستیە ناگۆڕێت کە قەسیدە یەکێکی ترە لە قاڵبە شیعرییەکان و لەکۆنەوە لای شاعیران بەکار هاتووە، ئەم قاڵبە شیعرییە لە شێوە و ناوەڕۆکدا دەکرێت بگوترێت هەروەك (غەزەل) وایە، تەنها جودایی نێوان نیان لە ژمارەی دێڕەکانیاندایە، واتا غەزەل گەر لە ڕووی ڕوخسارەوە لە هەژدە دێر تێپەڕی کرد، ئەوە دەبێت بە قەسیدە، ((قەسیدە لە ناوەڕۆکەکەیدا یەکێتی بابەت لە دڵداری و نیشتمان پەروەری و شین و پیاهەڵدان گرنگە و شاعیر لە نوسینی قەسیدەکەیدا یەکسەر ناچێتە سەر بابەتی

*– مصرع: بەگشتی بەنیوە دێڕی یەکەمی ئەو شیعرانە دەووترێت بە یەك سەروا کۆتاییان هاتبێت.

*– قطعة: قاڵبە شیعرێکە نیوەبەیتی هەموو بەیتەکان لەگەڵ یەکدا هاووەزن یا لەسەر یەك سەروان، نیوە بەیتی یەکەمی بەیتی یەکەم ئەکرێت لەگەڵ نیوە بەیتی دووەمی هەموو بەیتەکانی تریدا هاوسەروا بێت یا نەبێت، ئەم جۆرە شیعرە لە سەرەتای دەستپێکی شیعری فارسیدا دەسی پێکردووە، دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ڕوودەکی شعیر. کۆی ژمارەی بەیت لەم قاڵبە شیعرییەدا تا بیست بەیت درێژەی هەیە، ناوەڕۆکی ئەم قاڵبە بریتییە لە چیرۆك (حیکایەت)، سکاڵا، پەند و ئامۆژگاری، عیشق، ستایش، داشۆرین و داخوازی، بڕوانە: فنون بلاغت و ارایی های ادبی.

[٢٣١] – دڵشاد عەلی، بنیاتی هەڵبەست لە هۆنراوەی کوردیدا، لـ٢٥.

[٢٣٢] – مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی (بەرگی سێیەم)، لـ٧٧.

مەبەستدار، یاخود یەکسەر ناچێتە سەر بابەتی سەرەکی، لەسەرەتاوە هەندێك باسی لاوەکی دێنێ، کە وەك رێ خۆشکردنێك وایە بۆ چوونە ناو بابەتەکە، ئەمە وەکو پێشەکی وایە و ئەم پێشەکیە یاخود ژمارەی بەیتی ئەم پێشەکییە بەپێی ژمارە زۆری بەیتی قەسیدەکە دەبێت))[٢٣٣]، لای (شاکەلی) رەنگە لەبارەی قەسیدەکانیەوە کاریگەرییە فارسییەکە زیاتر زاڵ بێت بەوەی کە دەبێت بەیتی یەکەم هاوقافیەبن و دواتر سەروایەکی بەکگرتوو هەبێت، شاکەلی لەم چەشنە قاڵبە شیعرییە گەلێك شیعری هەیە و قەسەیدەیەکی لەشێوەی شین بۆ (شێخ سلێمان)ی ئامۆزای نووسیوە، کە بیست و سێ دێرە بەم شێوەیە دەست پێ دەکات:

**برا ئەمرۆ لەدەست دەرچوو دەخیلە هەوڵی فەردایە ــــــــــــ ا**

**ئەوا فەردایش لەدەس دەرچێ دڵی شەو کاتی سەودایە ــــــــــ ا**

**میسالی شەمع نیوەی شەو سەراپا غەرقی ئەسرین بوو ــــــــــــ ب**

**خۆتت ریسوای سەودا کردو ئاخر ساتی سەودایە ــــــــــــــ ا**

**مەنازە بەم دوو سێ رۆژەی ژیانی ئاخری عومرە ــــــــــــــ ج**

**کە سەیلێ هات و تێپەڕ بوو لەکوێ روو بۆ بەرەو دوایە ــــــــ ا**

**دەمێ بۆ حاڵی خۆت بگری دەمێ دەم لە یەکنانە ــــــــــــــ د**

**کە بۆ نەوچوونی پەی دەرپەی دەمێکە دئبی دنیایە ــــــــــــ ا**

**دەخیلم رشتەیی عومرت بپارێزە لەدەس سەودا ــــــــــــــ خ**

**کە عومری نازك و سەودا قسەی هەودا و مەودایە.................**

**نەبوو کەسێ وەك منی بێ غەم لە دنیادا بەسەربەستی**

**فەلەك توشی غەمی کردم بەجارێ بۆم موهەبیایە**

**چ غەم ئاسیبی هیجرانی سلێمانێکی بەتەمکین**

**مقام ئاسەف گوشادە کەف نموونەی جەدی ئەعلایە**

**چ فیرقەت فیرقەتی یەکجا هەتا ئەو رۆژەی میعادە**

**لەبۆ ئەو حورمەت و راحەت لەبۆمن شۆرو غەوغایە....... =**

---

[٢٣٣] – صدیق ئەورەحمان عەلی، حەقیقی شاعیر–ژیان و بەرهەمی، نامەی ماستەر(٢٠١٥)، لـ٢٣٣.

ئیتر ناڵینی تۆ ئەحمەد بەتەئسیرە هەتا مردن

دەمت گەرم و دەمت پڕ دەم هەتا ئاخر دەمت وایە[٢٣٤]

(شاکەلی) لەم قەسیدەیەدا وە ئاماژەمان پێدا کە لە شێوەی شیوەن بۆ (شێخ سلێمانی) ئامۆزای نوسیوە، تێدا پەیڕەوی بنەما و بنیاتی شێوەی نوسینی قەسیدەی کردوە لە ڕیبازی کلاسیکیدا و دێڕی یەکەمی قەسیدەکە (موصەرەع)ە و بەکێشی عەروززی عەرەبی نوسراوە لەسەر دەیاری (هەزەج)و بە قاڵبەکێشی (هەزەجی هەشتی تەواو)نوسراوە، قەسیدەکەی سەروایەکی یەکگرتووی هەیە و بەیەکیەتی سەرواوە نوسراوە هونەرەکانی رەوانبێژی بەکارهێناوە و گرنگیەکی زۆرباشی بە زمانی شیعری و یاریکردن بە ووشەکان داوە، بە شیوەیەکی ئاسایی ژمارەی بەیتەکانی قەسیدە((قەسیدە بەگشتی لەئەدەبیاتی عەرەبییەوە سودی لێوە وەرگیراوە و پاشان فارسەکان کە وەك یەکەمین قاڵبی شیعری لەنیوەی سێیەمی هـ لە ئەدەبیاتی عەرەبییەوە وەریان گرتوە و پاشان ئەدەبیاتی کوردیش سودیان لێ بینی و کە تا ئێستای ئەو سود بینینە بەردەوامی هەیە، لەسەروی پانزە بەیتەوە و هەندێك جاریش دەکشێت بۆ (٣٠٠ و ٤٠٠) بەیتیش، هەر لەکۆنەوە تائێستا ناوەرۆکەکەی بریتی بووە لە ستایش و وەسف و پیاهەڵدان پەند و حیکمەتی عیرفانیانە))[٢٣٥].

قەسیدە یەکیکە لە جۆرە گرنگەکانی هۆنراوە ، وە هەندیك کەس بە گرنگترین بەشی هۆنراوەیان هەژمار کردووە، هەربۆیە وەك زۆرێك لە شیعری شاعیرانی تر، دەتوانین لای (شاکەلی)ش بڵێین((قەسیدە هونەرێکی شیعرییە، شاعیر خواست و مەبەستەکانی پێدەردەبڕێت لەشێوەی پشوویەکی درێژدا))[٢٣٦]، جگە لە قەسیدە، (شاکەلی) لەناو شیعرەکانی تریدا گرنگی زۆرباشی بەلایەنی رەوانبێژی داوە و ئەم گرنگیدانەی وای کردوە بەخوێندنەوەی ئەو شیعرانەی سەرنجمان ڕابکێشن.

---

[٢٣٤] – هاشم عاصی کاکەیی، دیوان و یاداشتی شێخ ئەحمەدی شاکەلی شاعیر و خواناسی دەشتی گەرمیان، چاپی پێنجەم، لــ١٣٥.

[٢٣٥] – اشنایی با ساختارو قالب های شعری، سرویس هنر اسلامی/ داود دادور ١٣٩٥،

http://www.islamicartz.com/story/0mCKDzOSRZlMVVr

[٢٣٦] – ئاری صبحی أحمد، غەزەل و قەسیدەکانی (حاجی قادری کۆیی) لەژێر تیشکی لێکۆڵینەوەدا، نامەی ستەر، ٢٠٠٦، لــ١٨.

### ٣- مەسنەوی

هۆنراوەی مەسنەوی ((بریتییە لەوەی کە هەر بەیتێك قافیەی خۆی هەبێت، وەکو هەڵبەستی تر نییە کە کۆتـایی هـەموو بـەیتێك پابەندە بە قافیەی نیوەی بەیتی یەکەم))[٢٣٧] ، هەروەها لە ((هۆنراوەی کوردیدا و لە لـە ڕێبـازی کلاسـیکیدا، زۆربـەی زۆری ئـەو هەڵبەستانەی کە بەبێچوە زاری (هەورامی)دانراون، ئەم چەشنە بنیادەیان گرتوەتە خۆیان ،کـە زیـاتر لـە شـیعرەکانی مەولەویـدا دەبینرێـت))[٢٣٨]، (شـاکەلی) شـاعیریش بـەهۆی هـۆی پەیوەنـدی لەگـەڵ ناوچـەی هـەورامان و هـەروەها کارتێکـەری شـیعرەکانی (مەولەوی) لەم جۆرە مەسنەوییانەی زۆرە و ئەمەی خوارەوە نموونەیەکە لەو جۆرە شیعرەی شاکەلی کە دەڵێت:

**ئەلا ئەی موتریبی شیرین تەرانە ___________ ا**

**بکە دەرمانی زامانی زەمانە ___________ ا**

**لەتەئسیراتی دەنگت شادمانم ___________ ب**

**بەئاوازی حەزینت شادمانم ___________ ب**

**فەراهەم کە دەف و چەنگ و چغانە ___________ ج**

**نەی و تار و سێتاری خۆش تەرانە ___________ ج**

**بەقانونێکی مەحزون بەربت وعوود ___________ د**

**بە دەنگ بێنە لە دڵ دەرکا تەموود ___________ د**

**لەدەف کەف دە ، لە نەی سەرپەنجەکانت _______ ح**

**لەبۆ ئەو تارە دەست بێرە زوبانت[٢٣٩] ___________ ح**

یاخود لە شیعرێکی تریدا لەسەر وەسفی چەمی سیراون و شاکەل و جوانی ئیوارانی دا دەڵێت:

**بەهاران و ئێوارەی دەشتی سیروان**

**بباریٚ جار بە جاریٚ تاویٚ باران =**

---

[٢٣٧] – جاسم محەمەد کەلاری، ڕاپۆرتێك لەسەر شاعیری دەشتی گەرمیان شێخ ئەحمەدی شاکەلی، لـ١٨.

[٢٣٨] – دڵشاد عەلی، بنیاتی هەڵبەست لە هۆنراوەی کوردیدا، لـ١٠٤.

[٢٣٩] – هاشم عاصی کاکەیی، دیوان و یاداشتی شێخ ئەحمەدی شاکەلی شاعیر و خواناسی دەشتی گەرمیان، چاپی پێنجەم، لـ٤٠.

**بەسەر بەرگی گوڵ و چڵدا بچڕێ**

**جلی سەرمای زستانی بگۆڕێ**

**کە عەکسی لێ بدا تیشکی خۆراوا**

**گوڵ و گیا ئەچنە بەرکی بووك و زاوا**

**لەدنیا مەنزەرەی وا بێ نەزیرە**

**فەرح بەخشی دڵی میر و ئەمیرە**

**لە ڕۆژاوایەوە تاکو بەیانی**

**ئەخاتە مێشکەوە زەوقی جوانی**

**شەوی شیروانە و داغی سوبحی سەردەشت**

**سەبینانی مەراقە بۆ دڵی ڕەشت**

**قسەی کشمیرورشەی هەردوو خەیاڵە**

**شەوی شیروانە و شاکەل مەحاڵە**[٢٤٠]

لە بنیادی هەڵبەستی شیعردا، ئەم شیعرانەی (شاکەلی) دەچنە چوارچێوەی قافیـەی هەمـەڕەنگ لـە مەسـنەویدا، بـەلای هەنـدێك ڕەخنەگریشەوە ئەم هەنگاو نانەی هەڵبەست و ئەم هەمەڕەنگی یەی قافیە، شۆڕشـێك بـوو بەسـەر فاقیـەی هەڵبەسـتدا هـاتووە، ((چونکە بەدەست هێنانی قافیە لە هەموو کات و شوێنێکدا بۆ شاعیر کارێکی ئاسان و سووکە دەست نەبووە، لەبەر ئەوە زۆرجار ئەم ئەرکە گرانەی فاقیە وای لێ کردون، کە لە هەڵبەستەکانیشیاندا باسی لێوە بکەن))[٢٤١]، بەم چەشنە دەکرێت، بڵـێن :قافیـەی هەمەڕەنگ گەلێك هۆکار بووە بۆ بنیادنانی گەلێك جۆری ئاوازەیی و (مەسنەوی)ش یەکێکـە لـەو بنیـادە هونەرییانـەی کـە ڕۆڵـی سەرەکی دەبینێت لە بنیاد نانی.

[٢٤٠] – هاشم عاصی کاکەیی، دیوان و یاداشتی شێخ ئەحمەد شاکەلی شاعیرو خواناسی دەشتی گەرمیان، چاپی پێنجەم، لـ١١٢.

[٢٤١] – دڵشاد عەلی، بنیاتی هەڵبەست لە هۆنراوەی کوردیدا، لــ١٠٤.

### ٤- موسەممەت

زاراوەی (موسەممەت) لە ڕێبازی کلاسیکیدا بۆ گەلێك مەبەست بەکارهێنراوە و لە ڕوانگەی هەمەڕەنگی قافیەوە گەلێ شێوەی ئاوازەیی جۆراو جۆری پێ ناسێنراوە، موسەممەت ((لە هۆنراوەدا ئەو بەیتە لەتکراوانەیە کە قافیەیەك کۆیان دەکاتەوە))[٢٤٢]، یان دەکرێت بگوترێت موسەممەت لە مانادا واتە: (ڕشتەی مرواری، پەتی مرواری، ئەو بەنەی لەناو تەسبیح و ئەو شتانەدایە)، لە زاراوەی ئەدەبیدا، قاڵبە شیعرێکە لە چەند ڕشتەی سەرواداری جیاواز پێکهاتووە، بەڵام سەروای نیوەبەیتی کۆتایی ڕشتەکان یەکسانە، بە نیوەیەتەکانی کۆتایی هەر ڕشتەیەك، یەك بەند ئەڵێن. موسەممەت ئەکرێ موسەددەس (شەش نیوەبەیت) یا موخەممیس یا موڕەبەع بێت، بەمشێوەیە:

ــــــــــــــــــــــــــــــ ا

ــــــــــــــــــــــــــــــ ا

ــــــــــــــــــــــــــــــ ا

ــــــــــــــــــــــــــــــ ا

ــــــــــــــــــــــــــــــــــــ ب

ــــــــــــــــــــــــــــــ ا

ــــــــــــــــــــــــــــــ ا

ــــــــــــــــــــــــــــــ ا

ــــــــــــــــــــــــــــــ ا

ــــــــــــــــــــــــــــــــــــ ب

(شاکەلی) دەڵێت:

**ئوردوی حەبەش عەسکەری چین لەشکر شاهی** ــــــــــــــــــــــ ا

**تیپ تیپە بە تەرتیبە چە ئەنواعی سیاهی** ــــــــــــــــــــــــــ ا

---

[٢٤٢] – دڵشاد عەلی، بنیاتی هەڵبەست لە هۆنراوەی کوردیدا، لـ١٠٩.

شمشێری دەستی کوردە برۆی چاوی سیاهی ------------ ا

ئاشوبەی جەهانە فیتنەی ئافاقە نیگاهی -------------- ا

وەك لەشکری تەیمور و سوپای چەنگزە جافە ------------ ب

گرتوویە سەراپای جەهان رایەتی حوسنی -------------- ا

بەم تەرحە ئەدەم شەرحی لەسەر غایەتی حوسنی ---------- ا

ئیسپاتی ئەکا سەنعی خودا شایەتی حوسنی -------------- ا

بورهانە لەسەر قودرەتی حەق ئایەتی حوسنی ------------- ا

بۆ دەعوەتی ئیسپاتی خودا موعجیزە جافە[٢٤٣] ------------- ب

بەلای زانایانەوە موسەمەت ((ئەو هەڵبەستەیە کەلە چەند بەندێکی بچووك و هاوکێشی پێنج یاخو شەش دێڕی و یان زیاتر پێك هاتبێ، کە جگە لەدوا دێڕ هەموو دێڕەکانی تری هەر بەندێك یەك قافیەیان دەبێت و دوا دێڕی هەر بەندێکیش پەیڕەوی قافیەی دوادێڕی بەندی یەکەم دەکات))[٢٤٤]، وەك ئەو نموونەی سەرەوەی (شاکەلی) کە ئاماژەمان پێداوە کە بەپێی ژمارەی دێڕەکانی دەتوانین بە موسەمەتی پێنجی دیاری بکەین.

### ٥- چوارینە (دووبەیت)

ئەم جۆرەیان بریتییە((لەوەی کەوا شاعیر هۆنراوەکەی دەکاتە چوار پارچەوە و هەر پارچەیەك واتا چوار دێڕە، قافیەی دێڕی یەکەم و دووەم و چوارەم وەك یەکن و هی سێیەم جیاوازە))[٢٤٥]، شاعیرانی ئەم قاڵبە شیعرییە خۆی لە بابا تاهیری هەمەدانی و چەند شاعیرێکی تری دەبینێتەوە. ناوەڕۆکی شیعری ئەم قاڵبە زیاتر خۆی لە بابەتی عاشقانە و عارفانەدا دەبینێتەوە، ئەم جۆرە شیعرە لە لای فارسەکان لە گوند و دەوروبەری دێکاندا باو بووە وەك ئەم نموونەی خوارەوە ی (شاکەلی) کەدەڵێت:

شەوی مەهتاو چەرخی ساف و بێ غەش ---------------------- ا

لە جاما مەی لەلاما یاری دڵگەش ------------------------ ا =

---

[٢٤٣] - هاشم عاصی کاکەیی، دیوان و یاداشتی شێخ ئەحمەدی شاکەلی شاعیر و خواناسی دەشتی گەرمیان، چاپی پێنجەم، لـ١٠٠.

[٢٤٤] - دڵشاد عەلی، بنیاتی هەڵبەست لە هۆنراوەی کوردیدا، لـ١١٠.

[٢٤٥] - جاسم محەمەد کەلاری، راپۆرتێك لەسەر شاعیری دەشتی گەرمیان شێخ ئەحمەدی شاکەلی، لـ١٨.

**ئەگەر ئەم حاڵە وەك جەننەت نەزانم ---------------------------- ب**

**بەچونی جەننەتم دڵ با نەبێ خۆەش ----------------------------- ا**

**چە بەد گۆیی ئەڵێی جانا کە ئەم جانانە بێ ئەسڵە ------------------- ا**

**مەڕەنجە نوری چاوانم کە ئەم باسانە بێ ئەسڵە ---------------------- ا**

**کەتۆ چیهرەت منەوەریێ بەزاهر عەین ئیمانی ---------------------- ب**

**بلا بەدگۆ بلێ بۆ خۆی کە ئەم ئیمانە بێ ئەسڵە[٢٤٦] ------------------- ا**

یاخود دەڵێت:

**وەقتی بەهارە سەیری سەری سەوزە کۆهسار ------------------------- ا**

**بەفری توایەوە کە ڕوواوە چنوورو نار ----------------------------- ا**

**شەق بوو تەقی چەمەن تەختی یەخی شکا --------------------------- ب**

**غونچەی بە خەندەی لالە بوو کە کرابە تاجدار[٢٤٧] -------------------- ا**

[٢٤٦] – هاشم عاصی کاکەیی، دیوان و یاداشتی شێخ ئەحمەدی شاکەلی شاعیر و خواناسی دەشتی گەرمیان، چاپی پێنجەم، لـ١٠١.

[٢٤٧] – هاشم عاصی کاکەیی، (هـ.س.)، لـ١٠٦.

## بەشی سێیەم

### تەوەری یەکەم/ سەرچاوەی شیعری شاکەلی

١- سەرچاوەی بیانی و کاریگەری لەسەر نووسینی شیعری (شاکەلی)

٢- سەرچاوەی ناوەکی و کارتێکردنی شیعری شاعیران لەسەر شیعری (شاکەلی)

### تەوەری دووەم/ ناوەڕۆکی شیعری شاکەلی

١- ناوەڕۆکی شیعری ئایینی

٢- ناوەڕۆکی شیعری دڵداری

٣- ناوەڕۆکی شیعری نیشتمانی

٤- ناوەڕۆکی شیعری پاڕانەوە

٥- ناوەڕۆکی شیعر ئامۆژگاری و هۆشیاری

٦- ناوەڕۆکی شیعری شیوەن و لاواندنەوە

٧- ناوەڕۆکی شیعری وەسف و پیاهەڵدان

## تەوەری یەکەم/ سەرچاوەی شیعری (شاکەلی)

سەرەتای باسەکەمان پێ باشە، کە تیشکێك بخەینە سەر ناسینی شیعر و گرنگی (شیعر)، ((شیعر قەوارە و شێوەیەکی دیاریکراوی نییە و دەتوانین بڵێین وەك ئاو وایە، کە بخرێتە ناو هەر شتێکەوە قاڵبی ئەو شتە وەر دەگرێت))[٢٤٨]، ئەگەر بۆ تەعریفی شیعر گوێ لە قسەی شاعیرەکان خۆیان بگرین، لە دنیایەکی جوانی خەیاڵ و ئایدیاڵدا وون ئەبین، هەندێك عیبارەت ئەبینین، کە زۆرتر مانای ستایش و پەسەندییان لێ وەرئەگیرێت، نەك تەعریف و ناونیشان هەڵدان، شیعر جۆرێك خەیاڵ کرنەوەیە، کە ژیانێکی بەرزی تێدا دەخاتە ڕوو، هەر چەند زۆر لە بارەی شیعرەوە نوسراوە، بەڵام کەمتر تونایویانە بەلای تەعریفێکی پڕ بەپێست و جەمع و مانادارردا بڕۆن، کە بەناچاری چاو بە لایەنی تردا ئەگێرن و ئەبینن، مەنتق زان و فەیلەسوفەکان باشتر لە تەعریفی ڕاستی شیعر نزیك بونەتەوە، (ئەرستۆ)ی باوکی زانستی ئەم سەردەمە، یەکەم کەسە لە مێژوودا کە ئەم بابەتەی خستوەتە بەر سەرنجی لێکۆڵینەوە، ((ئەرستۆ بەچاوی کەرتێکی ئەسڵی تەماشای وەزن و قافیە ناکات بۆ شیعر، ئەمانە بە وێنە و بەرگ دا ئەنێ و بەپێویستیان ئەزانێ تەنها بۆ هەڵبەستی (نزم) نەك شیعر، وەلای وایە زۆر هەڵبەست هەیە، هیچ بەلای شیعردا ناچێت، هەروەك زۆر قسەی پەخشانیش دەکرێت لە ڕیزی شیعری ساغدا جێگای بۆ بکرێتەوە، لای عەرەبەکان و حەکیمەکانی ئیسلامیش بەو پێیەی کە بنەڕەتی زانیاری و فەلسەفەیان لە سەرچاوەی ئەرستۆ وەر گرتووە، بۆیە هەر هەمان ئیشیان دوبارە کردوەتەوە بە هەندێك جیاوازی کەمەوە))[٢٤٩]، دەکرێت بە شیعر نووسین بگوترێت، وەکو سڵاو کردنێکی سادە و بێ گرێیە، بەڵام قووڵ و پڕ مانا و هێمایە بۆ ناسکترین پەیوەندی نێوان مرۆڤایەتی.

لەشیعردا ڕەنگە هەندێك کەس مەزەندەی خراپ بکات و وابزانێ نووسینی ئەو تەرزە شیعرانە ئاسانن و توانا و کارامەیی پێویست نییە، ئەوەیان تەواو ناڕاستە، ((وەکو چۆن هاتنی بەیانی بۆ خۆر کارێکی ئاسانە، کەچی ئەستێرە قودرەتی ئەو جۆرە کارانەیان نیە، لەگەڵ جیاوازی ئەوەی شیعر کردار نیە، بەڵکو هێزی جوڵاندنە لە ناوەوە، هەموو ئەستێرەکان خڕ ببەنەوە، توانای دەرکەوتنی بەیانیەکی درەوشاوەیان نیە، لێرەیش هەروا، ئەو توانایەی کەشاعیر هەیەتی لە دەربڕینی شیعردا، هەموو کەسێکی تر نیەتی کە لێهاتوویی شیعری نەبێت، شیعر کلاسیکی کوردی لەسەردەمی خۆی هەنگاوی باشی بڕی کە هەموو شاعیران بە گوڵبژێرێك هەموو خۆشی و ناخۆشی و نەهامەتیەکانی ڕۆژ و باسی ژیانی خۆشەویستی و کار وپیشەو و بوارە جۆر بەجۆرەکانی

---

[٢٤٨] – جەمال حبیب الله (بێدار)، دەروازەی شیعر ناسین،، لـ١٦.

[٢٤٩] – ئومێد ئاشنا، نوسین و پەخشان و وەرگێڕاوەکانی گۆران، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر– ٢٠٠٢، لـ٤٧.

ناو کۆمەڵگایان بە هەستێکی جوان و پڕ وتتا نەخشاندوە لە مێژووی شیعر و ئەدەبی کوردیدا))[250] ، زۆرجار دەگوترێت کە زمانی شیعر زمانێکی جودایە لە زمانی ئاسایی ڕۆژانە و گەرچی شیعر هەر قسە و باس و خەیاڵی ڕۆژانەبە، بەلاّم دەبێت بەرگێکی وای بکرێتە بەر کە لە قسەی ئاسایی ڕۆژانە جیا بکرێتەوە، ماوەتەوە بڵێین کە

شیعر لەهەموو قوناغەکانی ژیانی ئێمەدا هەیە، لەکاتی شادی و خۆشی و لەجیاتی گوڵەباخ و مێخەك پێشکەشی دەکەین، یاخود لە جەژنی لەدایك بووندا وەك دیاری پێشکەشی ئازیزانمانی دەکەین، لە زەماوەندا دەیکەینە شاباش و بەندی شاعیران و لەکۆڕ و کۆبوونەوەکاندا دەیکەین بە سەرگوڵ و دەست پێکەکانی پێ دەڕازێنینەوە، لە تەکیە و نوێژگەکاندا دەیکەینە سرود بۆ ڕەزامەندی خودا دەیڵێینەوە ، لەکاتی حەز لێکردوویدا، دەیکەینە بازنەیەکی زومورود و لە جومگەی گراوییەکەمانی دەکەین، لەبەرانبەر ئەو دەسەلاتەی شیعردا کە هەزارا ساڵە و بگرە پتریشی خایاندوە.

لەهەموو سەردەم و کاتێکدا شاعیران پاڵنەرێك یاخود زیاتریان هەبووە بۆ ئەوەی وەك سەرچاوەی شیعری سودی لێ ببینن و شیعرەکانیانی پێ دەوڵەمەند بکەن، پەیوەندی نێوان سەرچاوەی شیعر و شاعیران، پەیوەندییەکەی لەمێژینەو دانەبڕاوە و لەهەمووکات و سەردەمێکدا بەردەوام بووە، کەوا شاعیران هەرگیز دەستبەرداری سەرچاوەی شیعری نابن، لێرەوە باس لەسەر ئەو سەرچاوە دەرکی و ناوەکیانە دەکەین کەکاریان کردوەتە سەر (شاکەلی) و شاعیر بەهۆیانەوە بیری شیعری خۆی و مەلی خەیاڵی پێداوە لە شەقەی باڵ و وێنە و زمان و ڕووخسار و ناوەرۆکی شیعرەکانی پێ دەوڵەمەند کردوە، ئەو پاڵنەرانەی کەوایان کردوە، شاکەلی زیاتر شیعر بنوسێت، بریتین لە کارتێکردنی دەرەکی یاخود زمانی بیانی لەسەر زمانی نوسینی شیعری شاکەلی لەگەڵ پەیوەندی ناوەکی و کاریگەری شاعیرانی ناوخۆی کوردی لەسەردەمی کلاسیکی و هەروەها سەرچاوەی خودی کە زیاتر دەکەوێتە چوارچێوە خێزانییەکەی شاکەلیەوە، هەروەها ڕەنگە شوێنی نیشتەجێ بوونی شاعیر سەرچاوەیەکی دی بێت بۆ دروست بوونی شیعرەکانی، ((دەست نبشانکردنی ئەو زەوییەی شیعری لێوە هاتووە، لەوانەیە لە کارێکی سادە بچێت، بەپێیەی بەشێوە گشتیەکەی زۆربەمان بیرکردنەوەمان بۆ ئەوە دەچێت کەوا ئەو زەوی و نیشتمانە بە مرۆڤ ناو ببیەن و لە وڵامدا بڵێین

---

[250] – دلاوەر قەرەداغی، مالێك لە ناو زەریا مالێك لە تەنیشت دەریا – کۆی شیعرەکان، بلاوکراوەکانی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر – ٢٠٠٥، ل٥.

سەرچاوەی شیعری خودی مرۆڤە و بەرهەمی مرۆڤیشە))[٢٥١]، ئەمانە وایان کرد کە ببنە سەرچاوە بۆ شیعری (شاکەلی، کاتێکیش تەماشای شیعرەکانی دەکەین، ئەوە ڕاستیە ڕوون دەبێتەوە، کەوا شاکەلی تاچەند ئەو سەرچاوانە کارییان تێکردوە:

### ١- سەرچاوەی بیانی و کاریگەری لەسەر نووسینی شیعری (شاکەلی)

گومان لەوەدا نییە کاریگەرییەکی زۆری شیعر بیانی لەسەر شاعیرانی کورد و بەتایبەت ئەدەبی شیعری وولاتانی دراوسێی کورد وەك (فارس و تورك و عەرەب) هەیە ، کە هەریەکەیان بەپێی خواست و کاریگەرێتی تایبەتی بەسەر شاعیرە کوردەکانەوە، کاریگەری نواندوە.

جا گاریکەرییەکە بەهۆی داگیرکاری ولآتانی دراوسێ بووبێ بۆ کورد یان حەز و خولیای کوردەکان بوبێ بۆ ئەدەبی ئەو نەتەوە دراویسێیانە، لە هەردوو بارەکەدا ئەوەمان پێ دەڵێت کەوا کوردان و ئەدەبەکەشیان کەوتوونەتە ژێر ئەو کارتێکەرییە، لەگەڵ ئەوەشدا زمانەی شیعرەکانیان و ناوەڕۆکەکەشیان لەو دەمەوە تائێستایش گرنگتر بووە، ((چونکە لەو دەمەدا شیعری شاعیران وەك داد وەران بوونە، واتا شیعرەکانیان وەك یاسا وابوون، هەموو کەسێك لەبەرانبەریدا خۆیان بە ملکەچ دەزانن و ئەگەر لە گفتوگۆ و دوان دا بەسەر زمانی هەرکەسێکەوە بووبێ، ئەوە لایەنی براوە بووە))[٢٥٢].

هەروەها ((لەبەر ئەوەی شاعیرانی کوردی دەمی کلاسیکی خوێندەوار بوون و لە زانستەکانی ئەو دەمە زۆر چاك لە شیعری کلاسیکی ئیسلامی (عەرەبی، فارسی، تورکی عوسمانی) گەیشتبون، بۆیە هەر لەسەر ڕێگە و شوێن تاقیکردنەوەکانی ئەو دەستگایە شیعری کوردی نوێیان دامەزراند))[٢٥٣]، وەك دیارە ئەدەبیاتی بیانی، یاخود ڕۆژهەلاتی بەتایبەت (فارسی و عەرەبی) بەگشتی کارییان کردوەتە سەر تەواوی شیعری کوردی و لەوانەیش شیعری سەدەی نۆزدەهەم، چونکە لەو دەمەیدا شاعیرن و نووسەرانی کورد خوێندەواری مزگەوت بوون، کە (شاکەلی)ش بەهەمان شێوە بوو، هەروەها بەرهەمەکانی سەعدی و خافز و زۆر شاعیری تر کەلەبەردەمی خوێندەوارانی ئەو دەمەدا بوون و تەنانەت من بۆخۆم کە گفتوگۆم لەگەل کوڕە گەورەی شێخی شاکەل (شێخ محەمەد)د و هەروەها کوڕەی بچوکی شێخ احمد (شێخ سەعید)دا کردوە، ئەوەیان پێ وتوم :"کەوا شاکەلی بابیان هەمیشە خوێنەرێکی باشی بەرهەمەکانی خافز و سەعدی بووە، تەنانەت (شێخ محەمەد)ی کوڕە گەورەی (شاکەلی) لەگفتوگۆم لەگەڵیدا

[٢٥١] – مەهاباد ئازاد محەمەد، بنەما فەلسەفیەکانی ئەنتۆلۆجیای شیعر و ڕەخنەی ئەدەبی کوردی، نامەی دکتۆرا، ساڵی٢٠١٣، لـ١٥.

[٢٥٢] – ئەبوبەکر عەبدوڵلا حەسەن خۆشناو، شیعری بەرەنگاری کوردی (١٩٧٥-١٩٧١ز)، نامەی ماستەر، ساڵی ٢٠٠١، لـ١٢.

[٢٥٣] – مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی (بەرگی سێیەم)، لـ٥٤.

ئەوەی ووت:" کەوا فێربوونی زمانی فارسی ئەو دەمە فێربووە کەوا لەگەل باوکی شەوانە لەبەردەم چرا کزێکدا دانیشتوە و گوێی لێ بوە کەوا بابی شیعرەکانی سەعدی و حافز بەزمانی فارسی دەخوێنێتەوە، ئەمیش وردە وردە لەگەڵیدا بەو چەشنە فێرە فارسی دەبێت"، کە ئەمە لەلایەك و لەلایەکی تریشەوە فێربوونی زمانی عەرەبی و کارتێکردنی زمانی عەرەبی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کاتی خوێندنی حوجرەی (شاکەلی)و چوونە ناو دنیای سۆفیگەرییەوە و بەخۆی خوێندنی قورئانی پیرۆز و فەرموودەکانی ڕابەری دینی ئیسلام محەمەد(د.خ)، ئەمانەیش هۆکاری کارتێکردن و پاڵنەر بوون بۆ فێربوونی زمانی عەرەبی، کارتێکردنی ئەم دوو زمانە و بەتایبەتی فارسی وای لە (شاکەلی) کردوە، کەوا کە لەگەڵ بەهرەی خۆی هەڵیکێشێت و شاکاری جوانی شیعری لێ بەرهەم بێنێت، وەك ئەم غەزەلەی کە بەفارسی نووسیوە دەڵێ:

**تار تاری زولف سنبل است این یاسیمن یا موست أین**

**حلقەء دامی بلا یا پیچش گیسوست أین**

**خنجر فولاد یا شمشیر یاخود نشتر است**

**قبلە دلهاست یا محراب یا أبروست**

**جنس ادم یان پری دریا یا حوری باغی ارم**

**تاوس است أین فریشتە کبك یا اهوست أین**

**باشد أین پستان یارم یا حبابی روی اب**

**یا ترنج خوش مزە یا سیب یا لیموست أین**

**نرگس شهلاست یا بادم یاخود فتنە است**

**یاکە چشمی نیم مستی دلبری گلبوست أین**[٢٥٤]

وەك باسمان کرد شێخ ئەحمەد کارتێکردنی زمانی فارسی لەسەر زیاتر بووە وەك لە عەرەبی، لەدیوانەکەشیدا چەند پارچەی تایبەت بە شێوەی غەزەل و پێنج خشتەکی بەزمانی فارسی هەیە، بەڵام بۆ زمانە عەرەبیەکە تەنها تێهەڵکێشی هەیە، لەگەل ئەمانەیشدا هەر دوو زمانی (فارسی و عەرەبی) بەباشی زانیوە، ئەمەی خوارەوەیش نموونەیەکی ترە لە شیعری (شاکەلی) بەزمانی فارسی:

---

[٢٥٤] – هاشم عاصی کاکەیی، دیوان و یاداشتی شێخ ئەحمەدی شاکەلی شاعیر و خواناسی دەشتی گەرمیان، چاپی پێنجەم، لـ١٨٥.

**دەر هیوایت پیش ازین هم جان و دل می باختم**

**خویشتن را در رجعت صدره فدا میساختم**

**در خلوصت گرچه دارم کاهل بسیار لیك**

**پایەی قدرت زمانی پیش ازین بشناختم**

**گرچه بر خاکی مزلت خوار بودم سرنگون**

**رایت از شادی حاهت بر فلك افراختم**[٢٥٥]

(هۆرنلی)دەڵێ: ((زمانی کوردی و فارسی خزمی یەکترن، بەبەراورد کردن بۆ ئەم خزمایەتیە هۆرنلی دەبات بۆ ئەوەی بڵێ پەیوەندی لە نێوان کوردی و فارسی، وەك پەیوەندی نێوان شێوەی کورمانجی خوار و کورمانجی سەروی زمانی کوردییە))[٢٥٦] ، کە بێگومان ئەم بۆ چوونەی هۆرنلی زیاتر ئەوە دەگەیەنێ، کە هەردو زمان لەیەك نزیك بوون و نزیکیشیان وای کردوە کاریگەری و تێکەڵییان بۆ یەك هەبێت، بەتایبەتی ئەو دەمەی شیعر نووسینی کلاسیکی لای شاعیرانی کورد، یان لە پێنج خشتەکیەکی تردا (شاکەلی) دەڵێت:

**بی خودو در همو زارم ز غمومی هیجری نگار**

**خون فشانم نە دو چشم از أسری فراقی یار**

**چنگم رفت ز دل صبرو خرد هوش و قرار**

**بە ازین نیست کە گریم بدلی زار فکار**

**کە زوستم شدە بیرون صخی ماە غرار**

**چنکم باکە توان گفت غمی هجر کە چون است**[٢٥٧]

گومان لەوەدا نیە سێبەرێکی زۆری شیعری فارسی بەسەر شیعری کلاسیکیمانەوە دیارە، ئەمەیش دەگەڕێتەوە بۆ هاو ئایینی و هاو ڕەچەڵەکی هەردوو زمانەکە نزیکی سنوری جوگرافی و دەسەڵاتی سیاسی و خوێندنی زمان و ئەدەبیاتی فارسی لە حوجرەو

---

[٢٥٥] – هاشم عاصی کاکەیی، دیوان و یاداشتی شێخ ئەحمەدی شاکەلی شاعیر و خواناسی دشتی گەرمیان، چاپی پێنجەم، لـ١٨٦.

[٢٥٦] – مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی (بەرگی یەکەم)، چاپخانەی ئاراس (هەولێر)، چاپی دووەم ٢٠١٠، لـ١٠٣.

[٢٥٧] – هاشم عاصی کاکەیی، دیوان و یاداشتی شێخ ئەحمەدی شاکەلی شاعیر و خواناسی دشتی گەرمیان، چاپی پێنجەم، لـ١٨٩.

مزگەوتەکانی کوردستاندا بەتایبەتی شیعرەکانی حافر و سەعدی شیرازی و ئەوانی تر، ((کاریگەری ئەم ئەدەبە گەیشتوەتە ئاستێك کە بەشێك لە شاعیرانی کورد لە پاڵ نووسینی شیعری کوردیدا بەزمانی فارسیش شیعر بنووسن))[258] کە شاکەلی یەکێکە لەو شاعیرە کوردانە کەوا بەهۆی خوێندنی لە حوجرەکان و کارتێکەری زمانی فارسی و خوێندنی بەرهەم و شیعرەکانی حافز و سەعدی شیرازی، چەند پارچە شیعرێکی بەزمانی فارسی نوسیوە ، ئەمە جگە لەبەکارهێنانی ووشە گەلێکی فارسی لەنێو شیعرەکانیدا.

(شاکەلی) زیاتر پایە و بیری زمانی فارسی کاری تێکردبوو وەك لە زمانی عەرەبی، بەڵام وەك ئاماژەمان پێدا هەردوو زمانی (فارسی و عەرەبی) بەباشی زانیوە ، لە نێوا شیعرەکانیدا بەکارهێنان و نووسین بەزمانی عەرەبی زیاتر بەشێوەی تێهەڵکێش دەبینرێت، وەك لەزمانی فارسی، کە چەند پارچە شیعری پێ نوسیوە، ئەمەیش دیارە بۆ کارتێکردنی زیاتر زمانی فارسی وەك لە عەرەبی دەگەڕێتەوە لای (شاکەلی)، وەك ئەم پارچە شیعرەی خوارەوەی شاکەلی کە لەشێوەی تێهەڵکێشە و هەم پاڕانەوە و ئامۆژگارییە بۆ نەوەکانی کە دەڵێ هێندە دوونیا توند نەگرن و هەمیش هێندە خاوی نەگرن، پێیان دەڵێ: کە ژیان بکەن و پشوو بدەن و هاوکات خۆشیان بۆ ئەو دنیا بە عیبادەت ئامادە بکەن و روو لە خوا بن، وەك دەڵێ:

**ئاداب و ڕەسمی أکرم السلف**

**چۆنی ئەگۆڕێ أحسن الخلف**[259]

موسڵمانەکانی ئەو دەمەی(شاکەلی) بەسەردەستیان دەزانی کەوا ئاییینی ئیسلام و زمانی ئایین، کە عەرەبی بوو لەو دەمەدا تێکەڵی کاروبار و نوسینەکانی ڕۆژانەیان بکەن، ئەمە نەك تەنها لای (شاکەلی)، بەڵکو ((لەلای هەموو شاعیرانی پەیرەوی کەری کلاسیك ئەم بۆچوونەیان هەبوو، کە هەوڵی ئەوەبدەن لە نوسیندا زمانی عەرەبی بەکاربهێنن))[260]، تەنانەت لەنێو شیعرەکانیشیاندا ڕەنگی دابوویەوە، وەك لەم پارچەی خوارەوەدا کە لەشێوەی شینە بۆ (شێخ سلێمان)ی ئامۆزای و وشە گەلێکی زۆی عەرەبی بەکارهێناوە و دەڵێ:

---

[258] – فەرهاد قادر کەریم، بنیاتی وێنە لە شیعرەکانی (حەمدی)دا، لـ١٨١.

[259] – هاشم عاصی کاکەیی، دیوان و یاداشتی شێخ ئەحمەدی شاکەلی شاعیر و خواناسی دەشتی گەرمیان، چاپی پێنجەم، لـ١٧٦.

[260] – کامەران ئیبراهیم خەلیل مشەختی، سیمۆلۆژیای زمانی سۆفیگەری لە شیعرەکانی(مەلای جزیری)دا، نامەی ماستەر، ٢٠٠٧، لـ٦٩.

**لە پیریی ناقسی عەقڵم قسەی تەئریخەکەی پرسی**

**وتی: چاپوک لە "ألحقنا بهم" تێپەرکە ئەولایە**

**لە "ژریتهم" بگرە ڕمووزی ئەسلی تەئریخی١٣٥٥**

**کە تەفسیری پڕی تەپشیرە، ڕەمزێکی بەمەعنایە**

**ڕمووزی حەرفی تەئریخی ئیشاراتی بەشاراتە**

**موحەقیق زاتێکە ئەو ڕوتبەی "أو أدنی"یە**[٢٦١]

یاخود لە شیعرێکی تری کە بۆ دڵبەندەکەی (ڕەعنا)ی نوسیوە، کە هاوکات شاعیر بەشێکی شیعرەکانی بۆ ئەم دڵبەندەی نووسبوە و وەك دەڵێ:

**خۆش وڵاتێکە دیاری (شاکەل و شێروانە) ئاخ:**

**هیجری یاری تیا نەبوایە (جنت المأوی) ئەبوو**[٢٦٢]

شاکەلی خوێندنی حوجرەی لە گەمیاندا تەواو کردوە، ئەوە دەمەیش خوێندنی حوجرەکانیش هەر ئەدەبیات بە بەزمانی فارسی و نموونە قورئانی حەدیسیەکانیش بەزمانی عەرەبی بوو، کەوایە شتێکی ئاساییش دەبێت کەوا نووسەر و شاعیر و ڕووناکبیرانی ئەو سەردەمە بکەونە ژێر کاریگەری ئەو زمانانەوە، کە نوسین و خوێندنیان بووە، هەروەها ئاماژەمان بەوەیش کرد، کەوا (شاکەلی) زیاتر زمانی فارسیەکە کاری تێکردوە و هاوکات لە زمانی عەرەبیش بەباشی زانیوە و لەگەڵ نوسینی چەند پارچە شیعرێك بە زمانی فارسی، شیعریشی نوسیوە کە لەبەر کارتێکەری زمانی و ئەدەبی عەرەبی بێت، چونکە لە ناو شیعرەکان و بەتایبەتی ئەو نموونانەی سەرەوە ئەوە دەبینین، جگە لە تێهەڵکێش کردنی دەستەواژەی عەرەبی لە ناو شیعرەکانیدا، هاوکات بەشێکی زۆر لە وشەگەلی عەرەبی بەکار هێناوە لەنوسینی شیعرەکانیدا، کە دواجار دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لەو دەمەی (شاکەلی) و بەتایبەت لەناو شاعیرانی کلاسیکیدا بەکارهێنانی وشەی بیانی بە زمانی بیانی، مانای ڕۆشنبیرییەتی نووسەر و شاعیرانی پێشاندەدا، بۆیە بەلای شیعرانی ئەو دەمەی کلاسیکەوە شتێکی دڵخۆشکەر بوو کەوا بتوانی بە چەند زمانێك شیعر بنوسی و بڵاوی بکەیتەوە، هەربۆیە شێخی شاکەلیش بەهەمان شێوە هەمان بیر و شانازی کردوە، بەڵام ئەمەیش نەبوەتە هۆی ئەوەی کە زمانە پاراو و

[٢٦١] – هاشم عاصی کاکەیی، دیوان و یاداشتی شێخ ئەحمەدی شاکەلی شاعیر و خواناسی دەشتی گەرمیان، چاپی پێنجەم، لـ١٣٦.

[٢٦٢] – مستەفا نەریمان، ئەدیب و نووسەرانی کفری و دەورو پشتی، لـ١٨٣.

کوردییەکەی لەبیر بباتەوە، یاخود فەزڵی تەواوی ئەوان بدات بە سەر زمانە کوردییەکەی خۆی، بۆیە لە زۆربەی شیعرەکانیدا (شاکەلی) وشەی کوردی پەتی بەکاردەهێنێت و ئەمەیش وادەکات بیرمان بۆ ئەوە ببات کە بە تەنگ زمانە شیرینە کوردییەکەیەوە بووە و نەیهێشتوە لە دوو توێی شیعرەکانیدا ئەدەبی کوردی و وشەی زمانی کوردی بفەوتێت.

نموونەیەکی شیعری (شاکەلی) کە لە بۆ وەسفی جوانی و تێری بەهار و دەوران و پێچاوپێچی ڕۆژگاردا نووسیویەتی و تێدا وشەگەلێکی عەرەبی و بگرە هەندێك جار تەواوی نیوە دێری شیعرەکەی بەزمانی عەرەبییە وەك دەڵێت:

**ڕەنگبەخشی ئاسمانە کەوا سەوزە ئەتڵەسی**

**ئەم دەشتە لاجیوەردە کەوا شینە و ئاودار**

**یەك دەفعە وەك بەهەشتە نجومانی فی الخیام**

**حیجەت چیە چە لەونە لەسەر نەفی کردگار**

**هەرکام سەیر ئەکەی ئەوە ڕەشکی بەهەشتیە**

**مەخمور دیدەیە کە توحفەتە و نەهوشیار**

**القصە یەعنی حاصل مافی الکلامکم**

**بەم ڕەنگمە نەدیوە ئیدارەیە لە ڕۆژگار**[٢٦٣]

هەروەها لەڕووی نووسین و قسەکردنی ڕۆژانەی (شاکەلی) ئەم دیاریدەیە دەبینرێت و تەنانە لە زۆربەی ئەو یاداشت و نامە و دەستنووسانەی (شاکەلی) کە لە بەردەستمن، زۆرێکیان لە شێوەی خەتی نەستەعلیقی فارسی و بە وشەی زۆری عەرەبیەوە نوسراونەتەوە، کە ئەمەیش دیسانەوە هەر ئەوەمان بۆ پێشان دەدات کەوا کارتێکردنی ئەو دوو زمانە زۆر زاڵ بوون بەسەر نووسین و تەنانەت گوفتار و تەنانەت نامەگۆڕینەوەکانی (شاکەلی) لەگەڵ یارو یاوەرانیدا، کە دواتر لە بەشی دەست نوسەکانیدا چەند نموونیەك دەخەینە ڕوو لە دەست نووسەکانی شێخی شاکەل.

**٢- سەرچاوەی ناوەکی و کارتێکردنی شیعری شاعیران لەسەر شیعری (شاکەلی)**

کارتێکردنی شاعیران لەسەر (شاکەلی) و شیعرەکانی، سەرچاوەی تری شیعرین کە شاعیر بەهۆیانەوە توانیوەیەتی کۆمەڵێك شیعری جوان لەژێر ئەو کارتێکەرییانە بنووسێت، گەر سەنج بدەینە ئەم نموونەیەی (شاکەلی)کەدەڵێت:

---

[٢٦٣] – هاشم عاصی کاکەیی، دیوان و یاداشتی شێخ ئەحمەدی شاکەلی شاعیر و خواناسی دەشتی گەرمیان، چاپی پێنجەم، لــ١٠٧.

**من (مەحوی)* شەوقی دیداری تۆیم**

**هەتا کاتی ڕۆژ وە قەترەی شەونم..................**

**بۆ مەزاقی رۆح ڕابواردووی یاران**

**رەحمەتیان لێ بێ وەك تاوی باران**

**لێمان وەرگرن وە شەوقی ڕاسی**

**رۆحی (مەولەوی)* و (خالۆی کۆماسی)***

**(خانای قوبادی)* پیری ساحێب بیر**

**(ئەحمەدی خانی)* و (مەلاکەی جزیر)***

**هاوناوی مامت (حاجیەکەی کۆیە)***

**قسەی ئەوسای ئەو ئێستە بۆتۆیە**

**خۆ (پیرەمێرد)* یش لەم تاریکانە**

**ئاشنای ڕۆشنای عێلی خۆمانە**[٢٦٤]

---

* – مەحوی، محەمەد کوڕی شێخ عوسمانی باڵخیە، بڕوانە: مێژووی ئەدەبی کوردی (بەرگی چوارەم)، مارف خەزنەدار، لــ٢٠٩.

* – مەولەوی: سەید عبدوالکرحیمی تاوەگۆزی، بڕوانە: دیوان وی مەولەوی، لەچاپکراوەکانی دەزگای ڕۆشنبیری گۆران، چاپی یەکەم،ساڵی چاپ ٢٧٠٤ی کوردی، لــ٢١.

* – خالۆی کوماسی: ئەحمەد بەگ، بڕوانە: مێژووی ئەدەبی کوردی (بەرگی سێیەم)، مارف حەزنەدار، لــ٣٩٣.

* – خانای قوبادی، بڕوانە: بەشێك لەدیوانی خانای قوبادی، چاپی یەکەم، کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوەی (کاروان عوسمان هەیات"ڕێبین") ساڵی چاپ٢٠١٣.

* – ئەحمەدی خانی: ئەحمەدی خانی شێخ ئەلیاس ڕۆستەم، بڕوانە: ئینساکلۆپیدیای گشتی لە نووسینی (یاسین صابر صالح)، چابی یەکەم (سلێمانی)٢٠٠٥.

* – مەلای جزری: شێخ ئەحمەدی جزرە و بۆتان، بڕوانە: دیوانا مەلایێ جزیری، چاپخانەی هاوار، شوێنی چاپ (دهۆك)، ساڵی چاپ ٢٠٠٠.

* – حاجیەکەی کۆیە: حاجی قادری کوڕی مەلا ئەحمەدی کوڕی مەلا ساڵح، بڕوانە، دیوان وی حاجی قادری کۆیی، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی (سەردار حەمید میران، کەریم مستەفا شارەزا)، بڵاو کردنەوەی سنە(شارەکێتی میدیا).

* – پیرەمێرد: تۆفیق کوڕی مەحمود ئاغای هەمزە ئاغای مەسرەف، بڕوانە: پیرەمێردو پێداچونەوەیەکی نوێی ژیان و بەرهەمەکانی، ئومێد ئاشنا، بەرگی یەکەم،چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە (هەولێر)، ساڵی چاپ ٢٠٠١.

لەم شیعرەی شاکەلیدا ناوی هەریەك لە شاعیران (مەحوی، مەولەوی، خانای قوبادی، ئەحمەدی خانی، مەلای جزری، حاجی قادری کۆیی، پیرەمێر)ی هێناوە، ناوهێنانی ئەم کەڵە شاعیرانی کورد، جگە لەوەی ڕۆشنبیریەتی (شاکەلی) دەردەخات بەوەی لە دەشتی گەرمیانەوە ئاشنای بەرهەم و شیعری ئەم شاعیرانە بووە، هاوکات بەرهەمی شیعری ئەو شاعیرانە کاری تێکردون و لە شیعرەکانیدا وەك سەرچاوەی شیعری سودی لیّ بینیوەن، بەهۆی پەیوەندی توندی (شاکەلی) بە ناوچەی هەورامان و شێخانی نەقشبەندی هەورامان و بوونی شاعیری گەورەی وەك (مەولەوی)هەورامی، وای کردوە کاریگەریی زۆر بکاتە سەر شیعری (شاکەلی) و بەشێك لە شیعرەکان بە هەورامی بنوسێت و ئەمە جگەلەوەی بۆخۆم لەگەڵ ماڵباتی (شاکەلی) گفتوگۆم کردوە کەوا شاکەلی بەهۆی ئەو کارتێکردنەی بە مەولەوی و نەقشیەندییەکانەوە توانیوەیەتی بەباشی هەورامی بنوسێت،(مەولەوی)ی شاعیر دیارە ناوی (شاکەلی) و دەشتی شاکەلی بیستوە و ە تامەزرۆ بووە، کە هەڵبەستی بۆ بهۆنێتەوە بە خامە ڕەنگینی خۆی، بۆیە دەڵێت:

**وادەی خاو نیەن فەسڵی شکارەن**

**دەشتەکەی پای هەرد شاکەل دیارەن**

لەژێر کارتێکەری ئەم شیعرەی مەولەوی (شاکەلی)یش چەند دێرە شیعری تری دەخاتە سەرو زیاتر دەوڵەمەندی دەکات، کە لەوەڵامی نامەیەکی (حاجی برایمی شاتری)دا کە کەسایەتیەکی دیاری ئەو دەمەی گەرمیان و عەشیرەتی شاتری بووە، (شاکەلی) ئەم دوو نیوە دێرەی مەولەوی ئاو دەدات و چەندین نیوە دێری تری لیّ بەرهەم دێت و لە وەسفی شاکەلدا پێشکە بە (حاجی برایم)ی دەکات و دەڵیّ:

**صەفای دەشتەکەی پای هەردەی شاکەل**

**لێت ئەپرژێنیّ خۆشاوی ئەمەل**

**غەرقی ڕەحمەت بیّ ڕۆحی ( مەولەوی)**

**چەن جوانی فەرموو خاڵۆی مەعنەوە**

**وادەی خاو نیەن فەسڵی شکارەن**

**دەشتەکەی پای هەرد شاکەل دیارەن** [٢٦٤]

---

[٢٦٤] – هاشم عاصی کاکەیی، دیوان و یاداشتی شێخ ئەحمەدی شاکەلی شاعیر و خواناسی دەشتی گەرمیان، چاپی پێنجەم، لـ٢٤٣.

**جروە جروەی مەل لەسەر بەرگی گیا**

**بۆت بەیان ئەکا بێ مەیلی دونیا**[٢٦٥]

هەروەها شاکەلی لەنێو شیعرەکانیدا جگە لەم کارتێکردنەی (مەولەوی) کاریگەری شاعیرانی تر دەبینرێت لەسەری و هاوکات شیعری ئەو شاعیرانە بوون بەسەرچاوەیەکی زۆرباش بۆ زیاتر برەودان بە نووسینی شیعر لای (شاکەلی)، (حەمدی) شاعیریش یەکێکی ترە لەو شاعیرانەی کەوا (شاکەلی) وەك سەرچاوەی شیعری سوودی لێ بینیوە، کە ڕەنگە ئەم کارتێکردنەی (حەمدی) لەسەر (شاکەلی) لە پاش (مەولەوی) لە شاعیرانی تر زیاتربێت، بەحوکمی ئەوەی شاکەلی سەرتای دەست پێکردن و چوونە ناو دنیای شیعر نوسینەوە، نازناوی (حەمدی) بۆخۆی هەڵبژارد و ڕەنگە هەر سەرەتا بەرهەمەکانی ئەو شاعیرەی خوێندبێتەوە و کاری تێکردبێت و بەهۆیەوە چوبێتە ناو دنیای شیعرەوە و کە ئەم ڕاستیە لە نێو شیعرەکانیدا دەبینرێت، بەجۆرێك نازناوی (حەمدی) لە نێو شیعرەکانیدا (١٨)جار ئاماژەی پێکردوە، کە مەبەست لێی خۆی بووە، وەك لەم چەند نموونەیە دەبینین کە دەڵێ:

**بەتەعریفی لەبی لەعلی وەکو توتی سەرایان بە**

**ئەگەر (حەمدی) گەرەکتە تۆ مەزاقت پڕ لەشەرکەر بێ**[٢٦٦]

یان دەڵێ:

**چۆن نەسوتێ دڵ بەشەوقی دڵبەری ئاهو نیگا**

**ئەم وەکو پەروانەیە و ئەو شەمعی درەخشانی هەیە**

**هێندە ئێشی زۆرە (حەمدی) دووریی دڵداری تۆ**

**وەك لەسەر خۆ چوون و شەیدا بوونە سوتانی هەیە**[٢٦٧]

---

[٢٦٥] – هاشم عاصی کاکەیی، دیوان و یاداشتی شێخ ئەحمەدی شاکەلی شاعیر و خواناسی دەشتی گەرمیان، چاپی پێنجەم، لــ٢٤٢.

[٢٦٦] – هاشم عاصی کاکەیی، (هـ.س.)، لــ٨٣.

[٢٦٧] – هاشم عاصی کاکەیی، (هـ.س.)، لــ٩٨.

سەرچاوە شیعرییە ناوخۆییەکانی شاعیر لەگەڵ شاعیرانی تری کلاسیکی زۆرە و ئیلهامی بەشێك لە شیعرەکانی لەوانەوە وەرگرتووە، بۆنموونە شاکەلی لە شیعرێکیدا کەوتوە ژێر کارتێکردنی شیعرێکی (هێمن)ی شاعیر و لەسەر هەمان سەروای شیعرێکی (هێمن)ی شاعیر، شیعرێکی بنیات ناوە کە (هێمن) دەڵێ:

**ئەگەرچی شەو درەنگە ساقی بۆم تێکە کەمێکی تر**

**کەوا ئەمشەو لەناخمدا سەری هەڵدا خەمێکی تر**

شاکەلیش وەك لە دیوانەکەشیدا ئاماژە بەم کارتێکردنەی کراوە و لەسەر هەمان ناوەڕۆك و سەروا، شیعرەکەی بنیات ناوە و بەم شێوەیە:

**دڵم نایێ بەدڵما بێ خەیاڵی ئەو دەمێکی تر**

**بەتاڵە هەر خەیاڵێکو مەحاڵە مەحرەمێکی تر**

**نەماوە هاودەمێکی وا دەمێ بێتاقەتیم دەرکا**

**خودا بمکا بەقوربانی زمان و هاودەمێکی تر**

**چە خۆش بوو ئەو دەمەوا من هیلاکی ڕێی (دووڕو)بم**

**خودا تۆ بمژێنێ تا ئەبینم سەردەمێکی تر**[٢٦٨]

بە ورد بوونەوە لە شیعرەکە ئەوە بە ئاشکرا دەبینرێ، کەوا (شاکەلی) ئیلهامی ئەم شیعرەی لە (مامۆستا هێمن)ی شاعیرەوە وەرگرتوە، (شاکەلی) شاعیر پەیوەندی دۆستانەی لەگەڵ (قانع)ی شاعیریشدا هەبووە، بەوەی کەجارێك لە زیندان پێکەوە بوونە گفتوگۆی ئەدەبی زۆریان کردوە، بەڵام بەداخەوە بۆخۆم لە چاوپێکەوتنەکانیشمدا لە ماڵباتی شاکەلی، لێیانم پرسیوە کەوا جگە لەو جارانەی یەکیان بینیوە، هیچ دەستنوس و شیعرێکی نێوان (شاکەلی) و (قانع)ی شاعیرم بەردەست نەکەوت، هەروەها لەلایەکی تریشەوە جگە لە شاعیران، (شاکەلی) ژیانی تایبەتی خۆیشی بووە بە سەرچاوەیەك بۆ شیعرەکانی و بەو هۆیەوە گەلێك شیعری ناوازەی لێ بەرهەمهێناوە، مردنی (ئەنوەر)ی کوڕی و (نەسرین)ی کچی و هەروەها تێکەڵی لەگەڵ پیرانی تەریقەتی نەقشبەندی و خۆشەویستی و تێکەڵی و نامە گۆڕینەوەی لەگەڵ خواناس و عالمی دین (عەبدولکەریمی مودەریس) و کەسایەتیە ناودارەکانی دەڤەری گەرمیان، تێکەڵی و پەیوەندی و لەدەستدانی ئەمانە بوون بەسەرچاوەیەکی تری شیعری شاکەلی و

[٢٦٨] – هاشم عاصی کاکەیی، دیوان و یاداشتی شێخ ئەحمەدی شاکەلی شاعیر و خواناسی دەشتی گەرمیان، چاپی پێنجەم، لـ٥٣.

بەهۆیانەوە گەلێك شیعری جوانی لێ بەرهەمهێناوە، کەلەدیوانە چاپکراوەکانی (شاکەلی)دا لەسەر ئەم سەرچاوە تایبەتییانەی (شاکەلی) گەلێك نموونەی تێدایە، نەمانویست لێرەدا دووبارەیان بکەینەوە و درێژ دادڕی بکەین.

### تەوەری دووەم/ ناوەرۆکی شیعری (شاکەلی)

مێژووی هەزار ساڵەی پڕ شانازی ئەدەبی کوردی، بەرهەمێکی جوان و بەرز و نایاب و ڕەسەنی هەمەجۆری لەسەرەتای پەیدابونیەوە تا سەردەمی تازەکردنەوەی ئەدەبی خستوەتە ناو لاپەڕەی تۆماری وشەی نەمرەوە، ((بەرهەمی ئەدەبی کوردی و ڕەنجی دڵسۆزی و هەست و نەستی ناوەوەی شاعیرانی سەدان ساڵی دوایییە، ئەدەبی نوسراوی میللی کاری گەورەی کردوەتە سەر بەرهەمی ئەدەبی کلاسیکی نوسراو))[269] بەم پێیەیش گۆڕانەکە هات و بەردەوام بوو تا ڕەنگاو ڕەنگی دا بە ڕووخسارو ناوەڕکی شیعری کلاسیکی کوردی.ناوەڕۆکی هەر شیعرێك بەرهەمی قۆناغ و سەردەمەکەیەتی، دەرخەری ئەوکات و شوێنەیە کە پێگەو ژیانی شاعیر دیاری دەکات، ((هەموو شاعیرێك وەك چۆن هەموو قۆناغێك فەرهەنگی تایبەتی خۆی هەیە و تاییدا سروشتی قۆناغ و بارە تایبەتیەکەی و ڕۆشنبیرییە باوەکەی دەردەخات، بەمشێوەیەیش ئەو بابەت و ئەرکانە دیاریدەکات کە ویژدانی شاعیر بەرجەستەیان دەکات))[270]، بۆیە ناوەڕۆکی شیعرەکانیشیان هەر بەم چەشتە سەرچاوەی گرتووە.

ناوەرۆکی شیعری بۆخۆی بریتییە: ((لەو بیر و سۆز و هەڵچوون و خەیاڵەی کەلە ڕوخسارەکەدا داڕێژراوە، یاخود بریتییە: لەو ئەندامانەی جەستەی شیعر کەلە پێستەکەیدا جێی خۆیانیان کردوەتەوە، یاخو ئەو دەنکە هەنارانەی کەلە توێکڵەکەدا بەشێوەیەکی ڕیزکراوی جوان سەقامگیر بوون))[271]، بۆیە لەم بارەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کەوا هەر دوو ڕووخسار و ناوەرۆك دوو دوانەی پێکەوە بەستراو و پەیوەندی پتەو لە نێوانیانا هەیە بەوەی کە ڕوخسار هەمان ئەو تێڕامان و هەست و بیر وبۆچوونانەیە کە لە ناوەڕۆکەکەدا هەیە و ناوەڕۆیکیش بەهەمان شێوە ڕووخسار دەور لە درووست بوونیدا دەگێڕێت و ئەو پێستەیە کە لاشەی شیعری بەهەموو بەشەکانیەوە لەخۆیدا جێ کردوەتەوە، پەیوەندی نێوان ڕوخسار و ناوەرۆکیش وەك ئاماژەمان پێدا پەیوەندییەکی پتەوە و هەر پارچە نوسینێك بگرە لە هەر کوێ بێت، دەکرێ بگوترێت لەم دوو بەشە سەرەک،یە

---

[269] – مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی (بەرگی یەکەم)، لـ١٩٤.

[270] – ئەبوبەکر عەبدوڵلا حەسەن خۆشناو، شیعری بەرەنگاری کوردی (١٩٧٥–١٩٧١ز)، نامەی ماستەر، ساڵی ٢٠٠١، لـ١٣.

[271] – جمال حبیب عبدالله (بێدار)، دەروازەی شیعر ناسین، لـ٢٥.

یاخود لەم دوو ڕەگەزە سەرەکییە پێکهاتووە، بەبێ یەکدی نایانکرێت و نەبووی یەکێکیان دەبێتە هۆی نەبوونی ئەوکەی تریان، گەر یەکێکیان نەبێ و ئەوە ئەوی تریانیش دەفە وتێ و لێردە دەکرێت ئەوە، بڵێین کە پەیوەندییەکەیان وەك لازم و مەلزومە بۆیەك ، ناوەڕۆك وەك لەش و گیانە بۆ شیعر، لەم بەشەی باسەکەماندا تیش دەخەینە سەر ناوەڕۆکی شیعری و مەبەست و بابەتە شیعرییەکانی (شاکەلی).

((وەك چون شیعر پێویستە تەماشا بکرێت و سەیری دیوی ناوەڕۆکی بکرێت، وە ئەو شاعیرەشی ئەمرۆ لەگەڵماندایە شاعیرێکی زیندو و داهێنەرە، سبەیش نەمرە و لەگەڵماندا دەمێنێتەوە، ئەوەی ئێمە زیاتر نزیك دەکاتەوە لەشیعرەکانی خەیاڵی ناوەڕۆکی دەقەکانیەتی))[٢٧٢]، لێرەوە (شاکەلی) هەموو شیعرەکانی خەمی خاك و خەمی دین و ژین و خۆشەویستی تاکو کۆی لە ناخا دیارە و هەمان شتی خستوەتە سەر کاغەز بە نوسینی شیعر، بە هزرێکی خاوێن و هۆش و بیرێکی عەقلانی ورد و فراوان و ململانێ لە لەگەڵ خەمەکانی ئاشنای گەلێ نوسینی جوانی شیعری کردوە کە سەرئەنجام ناوەڕۆکی شیعری شێخ ئەحمەدیان دەوڵەمەند کردوە، کەوایشی کردوە هەموو بابەتەکانی سۆفیگەری و ئایینی و دڵبەندی (ڕەعنا) و خۆشەویستی نیشتمانەکەیی و تەنانەت مردن و کۆچی یاران و نەوەکانی، وێنەیەکی هونەری یەخەی بگرن و ئاوێتەی ناوەڕۆکی شیعرەکانی ببن، مەبەست و ناوەڕۆکی شیعری (شاکەلی) پانتاییەکی لە هەست و هۆش و بیریدا تەنیوە و زمانە رەوان و پەتیەکەشی لە هۆنینەوەی شیعرەکانیدا جوانیەکی تری بەبەری کاڵای باڵای شیعرەکانیدا کردوە، کە لەم تەوەرەدا هەوڵدەدەین ناوەڕۆك و بەمەستە شیعرەکانی (شاکەلی) هەر بابەتێکی شیعری یاخود هەر مەبەستێکی شیعری بەجیا پێناسە بکەین و نموونەی شیعری بۆ بهێنینەوە، کە هەتا کاتی ئەنجامدانی ئەم خەباتەی ئێمە، لە هیچ شوێن و جێگەیەك لەم شێوەیە باس و جیاکاری بۆ ناوەڕۆك و مەبەستە شیعرەکانی شێخی شاکەلی نەکراوە.

ئەوانەی پێشتر لەسەر شاکەلییان نووسیوە، تەنها چەند نووسینێکی کاڵن و هەر بۆ ڕۆژنامە و گۆڤار، یاخود سیمینار و ووتارێکی سادە بوون، واتا تاکاتی دەست پێکردنی ئەم خەباتەمان لەسەر (شاکەلی) و شاکەلیەکان لە هیچ جێگایەك مەبەستە شیعرییەکانی شێخ ئەحمەدی شاکەلی جیا نەکراونەتەوە و باس بکرێت، ئەمەی ئێمە وەك یەکەم هەوڵ لەقەڵەم دەدرێت لەسەر مەبەستە شیعرەکانی شێخی شاکەل، (شاکەلی) تا پێش چوونە ناو دنیای دینی و سۆفیگەرێتی جیهانی دینداریەوە، وەك گەنج و

---

[٢٧٢] – سەباح رەنجدەر،، سێ کتێب لەبارەی شیعرەوە، چاپخانەی بینایی(سلێمانی)، ساڵی چاپ٢٠١٣، لـ٢٦١.

دڵدار کەدەستی بە نووسینی شیعر کرد، خولیاو وابەستی دنیای عیشق و دڵداری بوو، وە ئـەوکات شـیعرەکانی بـۆ خۆشەویسـتی دڵدارانە بوو، دواتر کە گەشتە تەمەنی بیست ساڵی و زیاتر، ئیتر دنیایەکی تری لە شیعر نووسین دەست پێکرد، ئەویش گرێدانی بوو بە ئایین و سۆفیگەری، لەگەڵ تێپەڕ بوونی کات و ئەوانەیش، خۆشەویستی نیشـتمان و مـردن و دوور کەوتنـەوەی ئـازیزان و جوانی سروشت، وای کرد بۆ ئەم مەبەستانەیش شیعری جوان بنوسێت، کـە دەتـوانین بـۆ ئێسـتا مەبەسـتە شـیعرییەکانی شـێخ ئەحمەدی شاکەلی بۆ سەر چەند بابەتێك دابەش بکەین و باسیان لێوە بکەین.

(شاکەلی)ش وەك شاعیرانی کلاسیکی پێش خۆی و سەردەمی خۆی، شیعری بۆ گەلێك لەو مەبەسـتانەی کـە شـیعری کلاسـیزمی کوردی بە دەرو وبەردیاندا دین و دەچن، نووسیوە، کە دیار ترین ئەو مەبەستە شیعرییانەی کە (شاکەلی) نووسیویەتی بریتین لـە (ئایینی، نیشتمانی، دڵداری، پیاهەڵدان و پێدا ووتن، لاواندنەوە، ئامۆژگاری و هۆشیاری ، پاڕانەوە ..).

## ١- ناوەرۆکی شیعری ئایینی

کورد کەوتووەتە ژێرکارتێکردنی دینی پیرۆزی ئیسلام، بۆیە ئەدەبیاتەکـەی وەك بـاقی ئـەدەبیاتی نەتـەوە موسـڵمانەکانی تـر و بەتایبـەتی لـە شـیعردا، بابـەتی ئـایینی، بابـەتێکی سـەرەکی مەبەسـتە شـیعرییەکانیان بـووە، وتـەکانی قورئـانی پـیرۆز و فەرموودەکانی پێغەمبەر (د.خ) و وتەی پیاو چاکان و خوێندن لای پیاوانی ئایینی ئەو دەمە و لە حوجرە و مزگەوتـەکان، پاڵنـەر و هۆکاری سەرکین بۆ ئەوەی مەبەستی شیعری ئایینی لە ناو مەبەستە شیعرەکاندا هەبێت و باڵدەستیشی تێدا بەدیار بکەوێت لە گرنگی پێدانی، ((مەبەستی ئاینیی لە ئەدەبیاتی شیعری کوردیدا ، پانتاییەکی دیار و بەرینی گرتوەتەوە، شاعیرانی کوردیش لەم بارەیەوە بەرهەمێکی زۆریـان بـۆ ئافرانـدوە))[٢٧٣]، هـەر بۆیـە (شـاکەلی)ش وەك شـاعیرێکی کلاسـیکی کـوردی، بەهـەمان شـێوە و مەبەست و باوەڕی ئایینی، لەلای بابەتێکی گرنگ و سەرەکی بووە لە نـاو شـیعرەکانی، (شـاکەلی) پیـاوێکی زۆر لـە خـوا تـرس بووە، هەر لە وابەستە بوون بە پیرانی تەریفەتی نەقشبەندی، ئیـدی واز لـە ئـومراتی دنیـا دێنێـت و تـەواو خـۆی وەك سـۆفیەکی هەمیشە لە حاڵدا بوو لە دین، پەیوەستی ئایین دەبـێ، لـە زۆربـەی شـیعرەکانی ئەمـە تـەواو روون دەردەکـەوێت، ((شـاکەلی زۆر پابەندی ئەو پەیمان بەستنەوە بوو کە لەگەڵ پیرانـی تەریقـەتی نەقشـبەندی بەسـتویەتی، وە زۆری (غـەزەل)ەکانی لـە مـەدحی

[٢٧٣] – محەمەد ئەحمەد سەعید (کەساس جەباری)، کەرکوك و بزافی شیعری کوردی، لـ٢٣٣.

ئەوانە))[٢٧٤] ، لەمەبەستە دینیەکانیدا شیعری بۆ خودا و پێغەمبەر نووسیوە و بەسەریاندا هەڵداوە و پاڕاویشەتەوە و داوای لێخۆشبوونی کردوە، وەك لەم شیعرە دینییەدا کە دەڵێ:

**یارسول الله ئەگەر چی ڕوو ڕەشی دیوانی تۆم**

**گەر نەبم خۆ هیچ نەبێ ریزە خۆری خوانی تۆم**

**سەهووە ، ناماقولییە خۆم کردە کەلبی کوی تۆ**

**چون سەگێکی پاسەوانی موخلیسی ئاستانی تۆم**

**لەو سەگی ئەسحابی کەهفە من ئومێدم زیاترە**

**بۆ ئەوە من توولە هەڵتوتاوەکەی دەربانی تۆم**

**من کە ڕوو زەردو زەعیف و زامداری غەفڵەتم**

**ناتەواوم ، ناڕەوایە ، چۆن بڵێم قوربانی تۆم**

**تۆ ڕەئوف و مونعیم و من موفلیس و بێ زادی ڕێ**

**ڕێبوارێکی هیلاکم هەر ئەڵێم میوانی تۆم**

**ئەی شەفیعی موزنبین موحتاجی شێوەی ئەم شەوم**

**بێ دەس و بێ کەس ئەمێنم چاو لەڕێی ئیحسانی تۆم**[٢٧٥]

مەبەستە شیعرییەکان و شیعری ئایینی، زۆر جار دەشگەڕێنەوە بۆ ئەوەی کە زۆربەی شاعیرانمان لەبەر ئەوەی لەبنەماڵە و خێزانێکی ئایین پەروەر لەدایك بوونە و پەروەردە کراون و هەر زوویش خراونەتە بە خوێندنی حوجرەکان، بۆیە ئەبینین لە زۆربەی دیوانە شیعرییەکاندا ئەم بابەتە زۆرتر شوێنی بەرچاویشی داگیر کردوە، (شاکەلی) لەبەر ئەوەی لەبنەماڵەیەکی ئایین پەروەر و شێخانی بەرزنجە و بەتایبەتی خێزانی گەورەی شێخ ئەحمەد خواناس و لە خوا ترس بونە، بۆیە ئەمە ڕەنگدانەوەی بەسەر نووسینەکانی (شاکەلی)یدا داوەتەوە و کاریگەری ئیسلام و سوفیگەری لەسەر بووە، کە هەموو ئەمانەیش ((لەسەر چاوەی

---

[٢٧٤] – جاسم محمد کەلاری، ڕاپۆرتێك لەسەر شاعیری دەشتی گەرمیان شێخ ئەحمەدی شاکەلی، لـ١٢.

[٢٧٥] – هاشم عاصی کاکەیی، دیوان و یاداشتی شێخ ئەحمەد شاکەلی شاعیرو خواناسی دەشتی، چاپی پێنجەم، لـ٣٥.

باوەری ئیسلامەوە هەڵقوڵاون، باسەکانی ناو شیعرەکانی (شاکەلی)یش دەربڕی بیر و بۆچوونی ئیسلام و ڕازونیاز و خواستی پیاوچاکان و ستایشی ئایینی ئیسلام و نزا و پاڕانەوە و ڕاگرتنی پیرۆزی ئیسلامیان پێوە دیارە))[٢٧٦]، هەموو ئەمانەیش پیرۆزی ئایین دەردەخەن کە لە ڕێگەی پەیامهێنەرە مەزنەکەی محەمەد (د.خ) کردوویانە بەرێبازی خۆیان و شیعرییان بۆ نوسیوە، ئەوەتا (شاکەلی) لە شیعرێکی تر کە لە پێغەمبەر دەپاڕێتەوە دەڵێ:

**یارسول الله دەخیلە رەهبەری دنیا و دین**

**پادشاهی لەشکری دڵ شافعی ڕۆژی یەقین**

**پاسەوانی ئاستانت ساکینانی ئاسمان**

**سایە بانی تۆ ئەکا بەو شاپەڕەی روح الامین**

**کاتی رەحمە و شەفعەتە موحتاجی لوتفی دەستی تۆن**

**دەست و پایەستەی کەمەندی مەکری شەیتانی لەعین**

**دەستی زامارم کە سی ساڵە ئەسیری بەستنە**

**تازە داخوازی لە ئەعجازت دەوایە بۆ برین**

**تو خوا هیچیم نیە تاعات و ئەعمالی قبوڵ**

**هیمەتێ بەڵکە لەمەولا ببمە بەندەی موخڵسین**

**هەر لە ڕۆژاواوە بەندەی غەفڵەت و بەندی خەوم**

**بێ بەش نیوەی شەو و بێ شۆری فەخری ساڵحین**[٢٧٧]

وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا لای (شاکەلی)دا دیارە کە پەیڕەوی دینی ئیسلامی کردوە، بە ئاشکرا ئەمە لە شیعرەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە، کە کارتێکەری باوەڕی ئەو ئاینییەی لەسەر بووە، زۆر دەقە شیعرییەکانیشی بە ستایش و وەسف و پاڕانەوە لە خودا و پێغەمبەر و یارانی تا پیاو چاکانیشەوە بەستوەتەوە، زۆر جاریش بۆ لۆمەی خۆی کردوە، کەوا هیچ نییە لە چاو گەورەیی پێغەمبەر و بچوکی خۆی بەرانبەر یارانی و ئەوەتا لە شیعرێکی ترا دەڵێ:

[٢٧٦] – محەمەد ئەحمەد سەعید (کەساس جەباری)، کەرکوك و بزافی شیعری کوردی، لـ٢٣٤.

[٢٧٧] – هاشم عاصی کاکەیی، دیوان و یاداشتی شێخ ئەحمەد شاکەلی شاعیرو خواناسی دەشتی گەرمیان، چاپی پێنجەم، لـ٤٥.

**تەماشا دەست و پەنجەی کە کە یەدی بەیزای موسایە**

**کەڕو کوێر و بەڵەك ئێژن شەریکی بەزمی عیسایە**

**کە فەرمووی عالمی ئێمە وەکو پەیغەمبەری خەڵکە**

**گەواهی سدقی ئەو شاهە سیراجی دین و دنیایە**

**بە نەجمە و تاجی سەرشانی موشیری شاهی گەیلانە**

**بە تورە و موری بەردەستی وەزیری شای بوخارایە**

**موریدی ڕاسی ئەو شاهە بکا تەسویری ئەو شێوە**

**لە بیری زوالفقار ایە    لە یادی یاری غارایە**

**شەها ڕەحمێ بە حاڵم کەچون موستەوجیبی لوتفم**

**لەژێر باری خەتا پشتم شکستە و پەست و دووتایە**

**زەلیلی ئارەزوی دنیام و دیلی سەرکەشی نەفسم**

**دەوای ئەم دەرد و ئازارە لە عەتفی تۆم تەمەننایە**

**وەکو تۆ (شاکەلی) حەیفە غەزەل هەڵدەی بە باڵایا**

**ئەدیبێ عالمێ دانا بنوسێ وەسفی ئەو شایە**[٢٧٨]

شێخ ئەحمەدی شاکەلی هەر لەگەڵ تەریقەت بەستنی بە نەقشبەندی و پەیوەندی دۆستایەتی و دینی لەگەڵ سیراجەدین و پاشان شێخ عوسمانی کوڕی، ئیدی لێرەوە عەشقی هاوڕێیەتی و دۆستایەتی نێوانیان بەهێز دەبێت و ئەم بەهێزییەی نێوانیشیان نوکی قەڵەمی (شاکەلی) زیاتر پێ دێتە جۆش بۆ نوسینی شیعری بەپێز و بە گۆڕینەوەی چەندین نامەی شیعری دینی و هەواڵ پرسین، ئەدەب و خانەی شیعری کوردییان پێ دەوڵەمەند کردوە، (شاکەلی) بە هۆی دین داری و خواناسیەکەیەوە گرنگییەکی زۆر باشیشی داوە بە نوسینی شیعری ئایینی (سۆفیزم)ی، ((ئەمجۆرە لە شیعردا لوتکەی داهێنانە، لە(یەکێتی بوون) وەردەگرێ بەڕێگەی ڕەمز و هەناسەی ڕۆمانتیکەوە، ئەم جۆرە شیعرە لەسەروی ئایین و قەومیەتەوە، کێشەی چینایەتی و چەوساندنەوەی

---

[٢٧٨] – هاشم عاصی کاکەیی، دیوان و یاداشتی شێخ ئەحمەد شاکەلی شاعیرو خواناسی دەشتی گەرمیان، چاپی پێنجەم، لـ٤٤.

ئادەمیزادی تێدا نیە، شاعیر تەنها ئیلهام لە سێ شت وەردەگرێت: (کردگار، ئادەمیزادی کامڵ، شروشت))[279]، کارکرنی بەگشتی سۆفیزمی ئیسلامی بەتایبەتی لەئەدەبی کوردیدا لە سێ شێوەدا دەبینرێت کە بریتین لە( شیعری سۆفیزمی عیرفانی، شیعری وەسفی سۆفیزم، شیعری دژی دەرویشیزم) کە شیعرەکانی (شاکەلی)ش زیاتر لە بابی یەکەم و دووەمن.

لەلایەکی تریشەوە دەتوانین بڵێین بەهۆی ئەو پەیوەندییە بەهێزەی (شاکەلی) لەگەڵ نەقشبەندییەکاندا هەی بوە و وەك لە دیوانە چاپکراوەکانیشدا هاتووە، ئەم پەیوەندییە بەهێزەی بووە بە هۆی ئافراندنی چەندین دەقە شیعری ئایینی سۆفیانەی بە پێز، وەك لەم دەقە شیعرەی کە نووسیوەیەتی بۆ شێخ عوسمانی نەقشبەندی و دەڵێ:

**ئەی چرای شەوقی جەماڵت شەمعی حوجرەی سینەکەم**

**دینەکەت ئاوی ڕەوانی مەزرەعەی ئایینەکەم**

**مەزرەعەی ئایینی تاعەت کاتی نەورۆز و کزە**

**مەرحەمەت کە ڕوو لەمن بە ئاوی دین و ژینەکەم**

**ژینەکەم قوربانی تۆیە بۆ درێژی ژینی تۆ**

**حازرم قوربان فیداکەم ڕۆحەکەی شیرینەکەم**

**ڕۆحەکەی شیرینەکەم هەر چاوە چاوی ڕێگەتە**

**حازرم شاها بە برژانگ ڕێگەکەت پەرژینەکەم**

**ڕێگەکەت پەرژینەکەم تا شاکەل و شێروانە بۆت**

**حەیفە بۆچی تۆ نەبینی دەشتە سەوز و شینەکەم**

**شینەکەم بۆ شاکەلی کەم زارو ئاوە، شۆرەزار**

**شاکەلی قوربانی تۆ بێ شێخەکەی نەقشینەکەم**

**شێخەکەی نەقشینەکەم قوربانی تۆبێ ژینەکەم**

**حازری ئەفکاری تۆ بووم بۆ ویقأیەی دینەکەم**

**بۆ ویقایەی دینی من دووروو نزیکت بۆنییە =**

---

[279] – مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی(بەرگی سێیەم)، لـ٤٥.

**کارەباڵییەکە نیگاهت بۆ سەودای سینەکەم**

**سینەکەی پڕ مەینەتم، خوم خانەیەکی قەسوەتە**

**سەفوەتی تۆ مەر بماڵیٚ قەسوەتە دێرینەکەم**[٢٨٠]

**٢- ناوەرۆکی شیعری دڵداری**

ئەم مەبەستە شیعرییە، بەشیعر زۆری لەسەر نوسراوە ((خۆشەویستی بەچەندەها زمان لەناو گەلاندا قسەی لەسەر کراوە لەو بارەبەوە وتراوە و هەر نەتەوەیەکیش بەجیاواز پێناسەی بۆ کردوە))[٢٨١] لای رۆبلیس ()ی نوسەری ئەمریکی و لە کتێبی (پێنج پەنجەکانی دووبارە) ((شیعری دڵداری و ڕۆمانسیەت، فەلسەفی ئەدەبی، ڕۆشنبیری هونەریی سەردەم و کاردانەوەی پێچەوانەی ڕۆشنبیری گشتی لەسەردەمی نۆزدە هەم کە هەست و سۆزی تایبەتی و هونەری بابەتی و مۆسیقی دەگەیەنی))[٢٨٢]، هەموو شاعیرانی کلاسیکی یاخود زۆربەیان لەناو مەبەستە شیعرییەکانیاندا وەك چۆن شیعری ئایینیان نووسیوە، هاوکات بە زۆری گرنگی و بایەخی باشیشیان بە مەبەستی شیعری دالداری داوە و شیعری زۆر ناوازەیان بۆ نوسیوە، شیعری دڵداری کە بریتیە: ((لەو شیعرییانەی پڕیانە لە هەڵڕشتنی ئاخ و داخ و سەودا سەری بە دوای یار و پێهەڵدان بەجوانی چاوی ڕەش و برۆ و زولفی ڕەشماری لول و باڵای عەرهەری و و ئەبرۆی کەوانی))[٢٨٣]...هتد، لاوێتی شێخی شاکەل و دڵبەست بوونی بە (ڕەعنا) ناوێك، جا ئەمەیان چ خواستراوبێت یاخود حەقیقی، لەو ڕاستیە کەم ناکاتەوە کە (شاکەلی) شیعری دڵداری نووسیوەو بەم هۆیەشەوە مەبەستە شیعرییەکانی پیٚ دەوڵەمەند کردوە، بۆنموونە دەڵێت:

**بڵا جەرگم بریندارى خەندەنگی چاوی دلبەری بیٚ**

**هەناویشم زەدەی غەمزە و بریقەی نوکی نەشتەر بیٚ**

**سەری زولفی دڵاوێزت بەسەر شانتا پەرێشانکە**

**دەماخی مەجلیسی روحانیان با پڕ لە عەنبەر بیٚ................ =**

---

[٢٨٠] – هاشم عاصی کاکەیی، دیوان و یاداشتی شێخ ئەحمەد شاکەلی شاعیرو خواناسی دەشتی گەرمیان، چاپی پێنجەم، لـ٦٩.

[٢٨١] – بڕوانە: ناوەڕۆکی خۆشەویستی لای نالی، لێکۆڵینەوەیەکە ئەحمەد وەکرەم و محەمەد قادر ئەنجامیان داوە بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠١١، لـ١٠.

[٢٨٢] – رۆبلیس جەیم ، پێنج پەنجەکانی دووبارە، (2005) زانکۆی کالی فۆرنیا ، باسی ٢٢.

[٢٨٣] – حەمە سەعید حەمە کەریم، دیداری شیعری کلاسیکی کوردی، چاپخانەی دار الحرية للطباعة (بغداد)، ساڵی ١٩٨٦، لـ٣٧.

**بەتەعریفی لەبی لەعلی وەکو توتی سەرایان بە**

**ئەگەر (حەمدی) گەرەکتە تۆ مەزاقت پڕ لە شەکەر بێ**[284]

لێرەدا جگە لە چەند دەربڕین و وشەگەلێکی دڵدارانە، نیشنایەکی حاشا هەڵنەگری دیارمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کەوا دەیسەلمێنن شیعرەکە دڵدارییە، ئەویش بەکارهێنانی دەستەواژەی (سەری زوڵف، بەسەر شانتا پەرێشان)ە، کە ئەمە تەنها بۆ ئافرەتە و کاتێك ئافرەت قژی نەرم و خاوی بەردەداتەوە، ئیتر بەهۆی شنە بایەکەوە بەسەر شانیا ئەشەکێتەوە و شێوەی پەرێشان پێشان دەدات.

دەبێ خۆشەویستی چی بێت و چۆن بێت وا کاریگەریی تەواوی لە بابەتە شیعرییەکانی هەموو شاعیران و (شاکەلی)یش کردوە، دەکرێت بڵێین خۆشەویستی ئەو پەیوەندییە سۆزدارییە کە مرۆڤ دوای ئەوەی هەست دەکات تەنها لەگەڵ سروشت و دەرو بەر و بەهۆیەوە هەوڵی دروستکردنی هەواڵی ئاوئاهەنگی لەگەڵ بوونی دەرەکیدا دەدات، پاشانیش بەهۆیەوە خۆی لە تەنیایی ڕزگار بکات.

د. مەحەمەد ئەحمەد سەعید لە کتێبی (کەرکوك و بزافی شیعری کوردیدا) دەڵێ: ((لە ئەدەبیاتی هەر میللەتێکدا لە شیعردا بابەتی خۆشەویستی وەك هەر ناوەڕۆکێکی تری شیعر، شوێنی جیا و بەرچاوی خۆی هەیە، چونکە پەیوەندی بەناخ و هەست و دەرونی مرۆڤەوە هەیە و بەدەگمەن شاعیرمان هەیە کە پەیڕەوی ئەم بابەتەی نەکردبێت))[285]، شاعیران لەم بوارەدا (مەبەستی دڵداری) شیعری زۆریان نووسیوە، بەلام جێی ئاماژەیە (شاکەلی) بەشێوەیەکی کەمتر بە بەراورد لە (مەبەستی ئایینی) شیعری بۆ دڵداری نووسیوە، لەبەر ئەوە زۆر کەم لە شیعرەکانی بۆ دڵداری بووە، ڕەنگە ئەو شیعرانەشی هی دەمی پێش وەر گرتنی تەریقەت بێت، ((بەلام لێرە بەڵگەی ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، کە (شاکەلی) لە نووسینی مەبەستە شیعرەکان و شیعری دڵداری دەستی باڵای هەبووە و توانی نووسینی هەبووە))[286]، لەگەڵ ئەوەیشدا لەسەر هەڵبژاردنی لایەنی دینداریەکەی و زیاتر پەیوەست بوون بە شێخانی نەقشبەندییەوە، زۆربەی شیعرەکانی پەیوەستە بە بوارە ئاینییەکان، بەلام وەك ئاماژەمان پێدا دەستی باڵای لە نووسینی شیعری دڵداریدا هەبووە، وەك لەم غەزەلەی خوارەوەدا دەبینین کە دەڵێ:

---

[284] – هاشم عاصی کاکەیی، دیوان و یاداشتی شێخ ئەحمەد شاکەلی شاعیرو خواناسی دەشتی گەرمیان، چاپی پێنجەم، لـ٨٣.

[285] – مەحەمەد ئەحمەد سەعید، کەرکوك و بزافی شیعری کوردی، لـ٢٥٩.

[286] – جاسم محمد کەلاری، ڕاپۆرتێك لەسەر شاعیری دەشتی گەرمیان شێخ ئەحمەدی شاکەلی، لـ١٣.

**تەماشا چاوی ئەم شۆخە شەبیهی چاوی دڵدارە**

**بەمیسلی چاوی فەتتانی ئەمیش مەخمور و بیمارە**

**وەکو نێرگس سەرئەفگەندەو وەو تابوری ئەم چاومەس**

**لەبەرچاوی سیاهی ئەو ئەمیش خاوو سەراوخوارە**

**مەلەك سەرخۆش ئەکا نەشئەی نیگاهی چاوی دڵدارم**

**مەڵێن ئەم شاعیرە عاشقە بە دایم مەست و مەیخوارە**

**بەسەر جەرگی برینداردا خۆمم کیش کرد و واهاتم**

**بەئومێدی ئەوەی بێژێ ئەمیش جەرگی بریندارە**

**لەسەر گۆنای مینای تەماشا خاڵی مەشکێنە**

**وەیا نوقتەی بێنمائیمە لە ڕووی ئاوێنەیا دیارە**

**لە شەوقی ڕووی دولبەر مەکەوا ڕووی هەڵگێرسا**

**لەتەئسیری منە(حەمدی) کە بولبول دەنگی غەمبارە**[٢٨٧]

.دیارە کە شاعیر هەر بەوەسفی دڵداری و خۆ کەمکردنەوەی دێتە خوار و لە نیوەدێڕی پێنجەمدا خۆی بۆناگیرێت و باس لە جوانیە بێ هاوتاکەی دەکات و پێی وایە کە جوانی دڵداری فریشتەکانیش مەست و سەرخۆش ئەکات، (شاکەلی) تا لە ژیاندا مابوو، لەبەر پایەی دینی نەیدەهێشت شیعرە دڵدارییەکانی بڵاو بنەوە، بەڵام ئەم شیعرەی سەرەوەی تا کۆتای شیعرەکەی بەشێوەی یەکلا کەرەوە شیعرە بەباڵای دڵدارییایە، یان دەڵێت:

**دڵ ئەوەندە موشتاقی شێوەی چاوی کاڵی دولبەرە**

**بۆیە بوەتە عریفی چاوی شیعرەکانم سوار ئەکا**

**شیوەن و گریان وئاهی بولبولی سەد پارە دڵ**

**هەر لە ناڵەی (ئەحمەد)ی بێ تا قەت و زامار ئەکا**[٢٨٨]

---

[٢٨٧] – هاشم عاصی کاکەیی، دیوان و یاداشتی شێخ ئەحمەدی شاکەلی شاعیر و خواناسی دەشتی گەرمیان، چاپی پێنجەم، لـ٨٦.

[٢٨٨] – جاسم محمد کەلاری، ڕاپۆرتێك لەسەر شاعیری دەشتی گەرمیان شێخ ئەحمەدی شاکەلی، لـ١٤.

لەتوێژنەوەیەکدا کە لەکتێبخانەکەی شاکەلیدا بەردەستمان کەوت، کە بەداخەوە بە هۆی کۆنی توێژینەوەکە ناوی توێژەرەکەی لەسەر نەما بوو، تیایدا ئاماژە بەوە کراوە کەوا ((شاکەلی لەتەمەنی (٢٠)ساڵیدا دەستی بەنووسینی شیعر کردوە و یەکەم کار و نوسینی مەبەستی شیعری (دڵداری) بووە))[٢٨٩] ، هەروەها ئەوەیش وتراوە کەوا (شاکەلی) شیعری دڵداری تەنها وەك شاعیرێك و نووسی بێت بۆ دەرخستنی توانای نوسینی شیعری کە تیایدا نموونەی (نالی) سەرداری شیعری کلاسیکی هێناوەتەوە، کە خۆشەویستی (حەبیبە) وای کردوە، کە زیاتر و پاڵنەری بێت بۆ نوسینی شیعری جوان و بەپێز، بەڵام ئەوەیش دەڵێ کەوا (شاکەلی) لە شیعرەکانیدا ناوی هیچ ئافرەتێکی نەهێناوە وەك خۆشەویست، بەڵام ئەوەی ڕاستی بێ ئەمە لە ڕاستیەوە دوورە، چونکە وەك چۆن (نالی) ئافرەتێك بەناوی (حەبیبە) هەوێنی شیعرەکانی بووە، ئاوهایش دەکرێت بگوترێت بۆ دەرکەواتنی سەرەتایی تەمەنی شیعر نوسینی (شاکەلی) کە تافی گەنجێتی دەکات، ئەوەیش گێژە لوکەی خۆشەویستی کچێك دڵی داگیر کردبێت و هەر ئەم دڵ دیل کردنەی بوە بەهۆی هاتنی ئیلهامی شیعری و دەست پێ کردنی شیعری خۆشەویستی لای (شاکەلی)، وەك ئاماژەمان پێدا (شاکەلی)یش لەسەرە تادا ئافرەتێك بەناوی (ڕەعنا) دڵی کردوە تەوە بوەتە هەوێنی شیعرەکانی و شیعری بۆ نووسیوە، وەك ئەم پارچە شیعرییە دڵدارییەی کە بۆ دڵدارەکەی نووسیوە و دەڵێت:

**ئاخ بە ئاواتێکی کامڵی سیروان ئەمما ئەبوو**

**تاکە ڕێگەی هات و چۆم بۆخزمەتی (ڕەعنا) ئەبوو**

**ئاخ خۆزگە جارێ تر ئەو فیتنە چاوانەم ئەدی**

**دەفعەێ تر دڵ زەدەی ئەو نەرگسە شەهلا ئەبوو**

**ئاخ بە غەمزەی چاوی مەست و گۆشەی ئەبرۆیا**

**دەفعەێ تر کونجی سینەم پڕی لە واوەیلا ئەبوو**

**کاشکی جارێکی تر غەمزەی نیگامێکی نیگار**

**بۆ دڵی پێکاوی زارم شۆڕشێ بەرپا ئەبوو**[٢٩٠]

---

[٢٨٩] – توێژینەوەیەکی بێ ناونیشان لە کتێبخانەکەی شاکەلی دا کە باس لە ژیان و بەشێك لە مەبەستە شیعرەکانی دەکات، لـ٤٣.

[٢٩٠] – هاشم عاصی کاکەیی، دیوان و یاداشتی شێخ ئەحمەدی شاکەلی شاعیر و خواناسی دەشتی گەرمیان، چاپی پێنجەم، لـ٨٢.

ئەم شیعرەی سەرەوە گەواهی دەری ئەوەیە کەوا (شاکەلی)یش چەشنی زۆربەی شاعیرانی تر، سەرەتای دەست پێکردن و نووسینی شیعری، دڵی کاری تێ کردوە و ئیلهامی شیعری سەرەتا لە مەبەستی دڵدارییەوە سەری هەڵداوە و (ڕەعنا) ناوێك کاری تێکردوە کە وەك پاڵنەرێك بێت بۆ دەست پێکردنی شیعرەکانی.

جێی خۆیەتی لێرە ئاماژە بەوە بکەین کەوا لە کاتی چاپی یەکەمی دیوانەکەی (شاکەلی)یدا، خۆی لە ژیاندا بووە و نەهێشتوە ئەو بابەتانەی کە پەیوەندی بە مەبەستی دڵدارییەوەیە بخرێتە ناو دیوانەکەی و بڵاو بکرێنەوە، چونکە لەسەرتای دەست پێکردنی شیعرەکانیدا شیعری دڵداری نووسیوە و ئەکاتەی کە دیوانەکەشی بڵاوکراوەتەوە، ئەو لەتافی پەیوەستی تەریقەتی دینیدا بووە، بۆیە پێی باش نەبووە شیعرە دڵدارییەکانی لەو دەمەیدا بڵاو بکرێنەوە، بەڵام وەك نووسینی شیعری دڵداری، ئەمە هیچ لەو ڕاستیە ناگۆڕێت کەوا (شاکەلی) شیعری جوان و بەپێزی بۆ ئەو مەبەستە نوسی بێت و ئافرەتێکیش بوبێتە هەوێن بۆ دەست پێکردنی سەرەتای شیعرەکانی، لەهەموو بارێکدا ئەمانە ئەوە دەردەخەن کەوا (شاکەلی) شیعری جوان نووسیوە، کە هۆکارەکەیشی بوونی (ڕەعنا) بووە، وەك دەڵێ :

**ئێشی ڕێی هیجری یارە وا کە بەد ناوم ئەکا**

**وەسڵی یار ئەگەر بوایە (ئەحمەد) کەی ریسوا ئەبوو**[٢٩١]

((خۆشەویستی و ڕۆمانسیەت لەیەك سەرچاوەوە هێز وەردەگرن، ئەمیش چاوگی خەمە، دواتر دەپەڕێتەوە بۆ تاراوگەی ناخ و بەردەوام لەناو وێناکردنی ڕابردوو دەژی))[٢٩٢]، خۆشەویستی و ڕازی دڵداری لای شاعیرانی دەڤەری گەرمیان و بەتایبەت (شاکەلی)، لەناخیدا ڕێچکەیەکی پاك و بێگەردی وەرگرتوە، لەگەڵ ئەوەشدا لای (شاکەلی) ڕازی خۆشەویستی وەسفی سروشت و بەهاری کوردستان کەرەسە و مەی و ئاوازی بولبول و دەنگە سروشتیەکان و هەموو ئەو فەزا جوانەی سروشت و گەردوون تێکەڵ بەیەکتر ئەبن، کە ئەمەیان لای (شاکەلی) زۆر جار سیماو باوەڕێکی سوفیانەی پێوە دیارە، ((لای (شاکەلی) هەندێك جار خۆشەویستەکە خۆشەویستی مەعنەوییە بۆ ئایین و پیرەکەی وەك دلبەرێك نیشانداوە، لەهەندێك شوێنی تریشدا لە بنی

---

[٢٩١] – هاشم عاصی کاکەیی، دیوان و یاداشتی شێخ ئەحمەدی شاکەلی شاعیر و خواناسی دەشتی گەرمیان، چاپی پێنجەم، لـ٨٢.

[٢٩٢] – سەباح ڕەنجدەر، سێ کتێب لەبارەی شیعرەوە، لـ٢٦١.

مەسەلەکەی داوە و هێماکانی مێیینە و چێژوەرگرتن و ڕوخسـار و ئەندامـەکانی دلبەرەکـەی ڕاشـکاوانە هێناوەتـە نێـو دوو تـوێی شیعرەکانیەوە، وەك گولم و زوولف و ماچ و مەمك))[٢٩٣]... هتد، وەك ئەلێ:

**بۆ ئەوە تاکو نەکێشم منەتی ساقی و شەراب**

**روو بەرووی جانانە چاوی ئەشکبارم پێ خۆشە**

**هاتووم بۆ ماچی کولمت باکە زولفیش لانەدەی**

**بۆ ئومێدی نۆشی شەربەت ئێشی مارم پێ خۆشە**

**لالەزارە ناوی سینەم پڕ لە خوێنی تك تکە**

**تاکە پەژموردە نەبێ من نازی یارم پێ خۆشە**

**چی لە تەکیە و مەدرەسەی شێخ مەلایی و بێ تەڕی بکەم**

**پڕ لە شۆری عەشقە من خانەی خومارم پێ خۆشە**

**گەر کەرەکتە تابزانی مەزهەبم ئەی وشکە شێخ**

**من بە خواری نالەیی عەبدێکی خوارم پێ خۆشە**[٢٩٤]

یان لە شوێنێکی تردا پاش دەرخسـتن و پیاهەڵدانی جـوانی و دیمەنـە جوانـەکانی خۆشەویسـتەکەی کـە بـە بـەکارهێنانی چـەند تابلۆیەکی ڕەوانبێژییەوە بۆ دەرخستنی جوانی دلبەرەکەی دەڵێ:

**شین و ئاشیفتە لە بۆ زەنەخدانی ئەوم**

**هەر ئەڵێی زەردە بەیە بێتە بەری نارەوەنی**

**لازمی وەسف نیە قامەتی ڕەعنای کەبکەکەم**

**لەغەمی قەدی بلندی خەمە سەروی چەمەنی**

**جووتە مەمکی کەرواوە لەسەر ئەو سینە سافە**

**هەر ئەڵێی سورە هەنارێکە لە قەد نارەوەنی =**

---

[٢٩٣] – مەحەمەد ئەحمەد سەعید (کەساسە جەباری)، کەرکوك و بزافی شیعری کوردی، لـ٢٦٤.

[٢٩٤] – هاشم عاصی کاکەیی، دیوان و یاداشتی شێخ ئەحمەدی شاکەلی شاعیر و خواناسی دەشتی گەرمیان، چاپی پێنجەم، لـ٧٥.

سافە ئەمسالی بلوورە خڕە مانەندی هەنار

ئەتوێت و لەچنا ئەم بەیە گەر دەستی خەنێ[295]

### ٣- ناوەڕۆکی شیعری نیشتمانی

شیعری نیشتمانی لای (شاکەلی) پایەیەکی بەرزی بووە لە نێو شیعرەکانی تریدا، شاعیر وەك لەسەرتای سەدەی بیستەم لەدایك بووە، بەڵام لەبیستەکانی ئەم سەدەیە دەستی کردوە بە شیعر نووسین، بێگومان دەبێ ئاگاداری ئەوەبین کە لە ماوەی لەدایکبوونی شاعیر، سەرنجی بۆ چ ڕووداوێکی مێژوویی ڕادەکێشێ و بەشێوەیەك بێ پاڵنەر بێ بۆ نوسینی شیعری نیشتمانی، بۆیە لەم ڕووەوە دەتوانین هەردوو جەنگی جیهانی بە یەکەم کاریگەر دابنەین لەسەر شاعیر بۆ دەست پێکردنی سەرەتای شیعری نیشتمانپەروەری.

دەبێ ئاسەواری ئەم شەڕانە لەگەڵ لەدایکبوونی بەرهەمی شیعری شاعیر دا چ کاریگەریەکی وای دروست کردبێ، کە دەرونی بهەژێنێ و بیکاتە هەوێنی شیعرەکانی، بەتایبەتی بابەتی (نیشتمانی)، لەلایەکی تریشەوە شاعیر یەکێك بووە لەو بنەماڵە گەرمیانیانە کە بنەماڵەیەکی ناوداری ئەو ناوچەیە، لە دێیەك بەناوی (شاکەل)ەوە، بەلام ئەگەر هەندێك ورد بینەوە بۆ مێژووی ناوچەی گەرمیان بۆمان دەردەکەوێت کە ئەم ناوچەیە تاچەند ئاستی ڕۆشنبیرییان لاوازە و خوێندەواری کەمە، ئەمەویش ئەوە ناگەیەنێت کەوا گەرمیان و شاکەل خەڵێکی دور لە شارستانیەت و زانیاری بن، بەڵکو هۆکەی دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی کە لەو سەردەمەدا بابانەکان تا ڕادەیەکی زۆر دەسەڵاتیان زۆر بەهێز بووە لەم ناوچەیەدا و ئەو گرنگیدانە کە بەشاری سلێمانی و ناوچەکانی دەوروبەریدا دەیاندا وەك ناوەندی دەسەڵاتیان، بۆ ناوچەی گەرمیانیان نەبوو، یان گەر هەشبوبێ زۆر کەم بووە، دوای ئەوەیش ناوەندێگی گەورەی پێگەیاندن نەبوو ببێتە هۆی بلاو بوونەوەی زانیاری، تەنها چەند مزگەوتێك نەبێ، ئەویش لە ماوەی دواییدا دروست کران، ((هەروەها بار گرانی ئابوریش بارگرانیەکی تریش بوو لەسەر شانی خەڵکی ئەم ناوچەیە بۆ دابڕانیان لە خوێندن، بەلام لە هەموویان سەرەکی تر ئەوەیە، نزیکی ناوچەکە بوو لە دەسەلاتی ناوەندی، کە ئەمە وای کرد کە حکومەتی

---

[295] – مەحەمەد ئەحمەد سەعید (کەساس جەباری)، کەرکوك و بزافی شیعری کوردی، لـ٢٦٥.

ناوەندی هەمیشە و بەردەوام هەوڵی داوە ئەم ناوچەیە بە دواکەوتویی بمێنێتەوە))[٢٩٦]، هەر بۆیە شاعیر وەکو یەکێك لە خەڵکی ناوچەکە هەستی بەم هەموو کەمو کوڕییەکانی ناوچەکە دەکرد و پاش تەواو کردنی خوێندن لە حوجرە و فێربوونی زمانی فارسی و عەرەبی بەهۆی متابەعەکردنی ئەدەبی ئەو دوو زمانە و هەروەها خوێندنەوەی بەرهەمەناوخۆییەکانی (نالی، مەحوی، مەولەوی) ئەمانە هەمووی کاریگەری لەسەر هەبووە، هەروەها خۆیشی لەبنەماڵەیەکی ڕۆشنبیری ئەو ناوچەیە بووە، ئەمانە هەمووی پاڵنەر بوون بۆ ئەوەی شاعیر شیعری نیشتمانی بنووسێت و خەمی نیشتمان و هاندانی منداڵان بۆ خوێندن و ووشیار کردنەوەی خەڵکی، بە شیعر دەر ببڕێت و لەم ڕووەیشەوە پایەی ئەدەبی شاعیریش زیاتر بەرز بوەوە و چەندین پارچە شیعری جوانی بۆ ئەو مەبەستە نووسیوە کە لە چاپی پێنجەمی دیوانەکەیدا بەناوی (خۆشەویستی نیشتمان) گرنگی خوێندن و نووسین دەردەخات لە شیعرێکی جواندا و دەڵێ:

**گیان فیدای دەست و قەڵەم بێ ئەسپ و زینم بۆچیە**

**خەت ئەگەر هیمەت بکات بڕنەو گڕینم بۆچیە**

**نامەوێ ئەسپی کەحیل و بڕنەوی کورتی جوان**

**پاسەوانیم گەر نەکەن حیلە و تەقینم بۆچیە**

**کوێر و کەڕ بم گەر لە ڕاسی ڕاستی خۆم لابدەم**

**جیا لە قانوونی خودا ئاین و دینم بۆچییە**

**نامەوێ دەستێ کە یاری بێ دەستێکی پێ نەدەم**

**بازوویێ ئاوا بێ هێزوتینم بۆچیە**

**هاوزمانم لێو بەبار و تاڵە حاڵی ماڵەکەی**

**پڕ گەروی گریانە ئەو، من پێکەنینم بۆچیە**

**ئارەزووی بەرزی وەتەن بۆیە بەفەرزم خوێندووە**

**شادو بێ غەم تیا بژیم هاوڕێی غەمینم بۆچیە =**

---

[٢٩٦] – توێژینەوەیەکی بێ ناونیشان لە کتێبخانەکەی شاکەلی دا کە باس لە ژیان و بەشێك لە مەبەستە شیعرەکانی دەکات ، لـ٢٢.

## نیشتمانێکم نەبێ ئاسایشێکی تیا بکەم

## سەرسەری بم نامەوێ ئەو حاڵە، ژینم بۆچیە[٢٩٧]

پیرۆزی نیشتمان لای تاکی کورد و بەتایبەت شاعیرانی کورد، وای کرد بوو ،کە زۆرێك لە بەرهەمە شیعرییەکانیان بۆ نیشتمان و گەل بێت و پیا هەڵدان و لاوانە و دەربڕینی خۆشەویستی ناخیان بێ بۆ نیشتمان لە دووو تویێ شیعرەکانیان بێت، ((نیشتمان وەك شوێنەزا بۆ ئادەمیزاد یان هەر بونەوەرێکی تر، هەمیشە سەرچاوەی گوزەران و فەڕ و خۆشییە، ئادەمیزاد کە چاوی بە دنیا و نیشتمان هەڵدێنێ، سۆز و بیر و هەست خەیاڵی ئاوێتەی ئەبێت و خۆی بەبەشێکی ئەزانێ، نیشتمان وە کۆیەکی گشتی هەموو سەرخان و ژێر خانی کۆمەڵ بەهەموو کەرەسە مادی و مەعنەوییەکانەوە واتا کۆی هەموو بوون و سروشت و کۆمەڵ، کۆمەڵی بێ نیشتمان و مرۆڤی بێ نیشتمان هیچن))[٢٩٨]، هەر بۆیە مرۆڤ کە فامی کردوەتەوە خۆشەویستی لە ناخیدا چەکەرەی کردوە، ئیدی هەرچی کۆمەڵ و نەتەوە و بیر و ئایدیا هەیە لە نیشتمان کۆ ئەبێتەوە و مرۆڤیش پەیامدار و پابەندیەتی، شاعیرانیش بە هەمان شێوە مرۆڤن و پێوەی پابەند بوون، بەتایبەتی ئەو شاعیرانەی کە زیاتر دەردە سەری نیشتمان پەروەرێتییان بینیوە و دیمە جوان و ناشرینەکان و شادی هێنەر و خەمهێنەرەکانی نیشتمانیان بە شیعر هۆنیوەتەوە، (شاکەلی) شاعیریش لەم بوارەدا ئەسپی خۆی تاوداوە و توانیوەیەتی بەخامەی ڕەنگین و بیری تیژ و بەهێزی نیشتمان لەبیر نەکات و چەندین پارچە شیعری ناوازەی بۆ بنووسێت و پایەی ئەدەبی شاعیر و هەم ئەدەبی کوردیشی پێ بەرزتر بکاتەوە.

هەندێك جاریش جوانی نیشتمان هەستی شاعیر دەبزوێنێ بۆ پیا هەڵدان و هەندێك جار چەوسانەوەی هاولاتیانی دەبنە هەست بزواندنی، خاکی کوردستان لای شاعیریانی کلاسیکی و (شاکەلی) بێ وێنەیە، گوڵ و گوڵزاری و دیمەنی سەیرکردنی، شاخە بەفر گرتوەکانی سەرنجی تەماشا کەران ڕادەکێشێت، لەبەرانبەر ئەوەیشدا گەلێکی ستەم دیدە و چەوساوەی تێدا دەژی، بۆیە دەبینین شاعیران و لای (شاکەلی)یش، هەر بەشیعر، ((جارێکی تر نیشتمانیان لە دڵی میللەت بونیات ناوە و دیمەن و وێنە قەشەنگەکانیان ڕەنگاو ڕەنگتر کردوە))[٢٩٩]، بۆیە شێخەکەی گەرمیانیش (شاکەلی) وەکو شاعیرێکی نیشتمان پەروەر ئەم لایەنەی بە خامەکەی ڕەنگین تر کردوە و ئەو هەستە نیشتمانپەروەرییەی دەردەبڕێت و دەڵێ:

---

[٢٩٧] – هاشم عاصی کاکەیی، دیوان و یاداشتی شێخ ئەحمەدی شاکەلی شاعیر و خواناسی دەشتی گەرمیان، چاپی پێنجەم ،لـ١٢٤.

[٢٩٨] – مەحەمەد ئەحمەد سەعید (کەساس جەباری)، کەرکوك و بزافی شیعری کوردی، لـ٢٧٩.

[٢٩٩] – جاسم محمد کەلاری، ڕاپۆرتێك لەسەر شاعیری دەشتی گەرمیان شێخ ئەحمەدی شاکەلی، لـ١٤.

**ئەی وەتەن قوربانی شێوەی شیوی سەوز و شینی تۆم**

**دڕك و دالّت گوێز و مۆزە من ئاوا پەرژینی تۆم**

**بێ گومانم دلّ نەئێشاوی لەمن ئەی نیشتمان**

**موخلیسی ڕۆلّەی بەڕێز و خادیمی دیوانی تۆم**[٣٠٠]

هەموو شاعیرە کوردەکان ئەم هەستەیان هەبووە بۆ نیشتمان و شیعرییان بۆ نووسیوە، هەروەها (شاکەلی)یش وەکو لاینە نەتەوایەتی و نیشتمانیەکەی هەمیشە لە ڕێگەی شیعرەکانیەوە هەوڵی داوە کەوا خەلّکی ووشیار بکاتەوە و پێیان بلّێت کەوا نیشتمان چ ئەرکێکی لەسەر ڕۆلّەی خۆی هەیە، چونکە لەم ڕۆژگارە نیشتمان چاوەڕوانی هەوڵ و هیمەتی ڕۆلّەکانیەتی بۆ ڕزگار کردنی، کە شێر ئاسا لەپێناویدا خەبات و تێکۆشان بکەن، بۆیە لەم بارەیەوە دەلّێت:

**ئەو کەسە شێری ژیانە کە بژی بۆ نیشتمان**

**خاك و ئاوی ئێمە ئەمڕۆ چاوەڕوانی هیمەتە**[٣٠١]

یان کاتێك دەلّێ:

**گیانە پێ بگرن بەلّکو پێشکەون**

**تاکەی ئەسیری لانکە و بێشکەون**[٣٠٢]

ئیتر لێرەدا لە ڕێی هۆشیار کردنەوەی گەلەکەی بە خوێندن هاوار دەکات و هۆی دواکەوتنی میللەتەکەی بۆ نە خوێندەواری و کەمی ئاستی ڕۆشنبیری گەلەکەی دەگەڕێنێتەوە، بۆیە هاوار دەکات و دەلّێت وائیتر کاتی خەو نەماوە و تاکەی دەخەون و ئەسیری ناوجێگا و لانەکەتانن، چونکە ئەمڕۆ هەولّی تێکۆشان و سەرفرازییە و ئێوەیش وەك و گەلانی تر ڕاپەڕن و هەوڵ بۆ ئازی و سەرفرازی و ڕزگاری خۆتان بدەن وەکو هەموو نەتەوەکانی تر.

(شاکەلی) جگە لەوەی کە بۆ نیشتمان بەگشتی شیعری نوسیوە، هاوکات بۆ جێی نیشتەجێبوونی خۆی کە (شاکەل)ە، چەندین شیعری جوانی بۆ نووسیوە و تیایدا خۆشەویستی خۆی بۆ ئەو خاکەی دەر دەبڕێت و زۆر جاریش لەنێو شیعرەکانیدا دووعای

[٣٠٠] – هاشم عاصی کاکەیی، دیوان و یاداشتی شێخ ئەحمەدی شاکەلی شاعیر و خواناسی دەشتی گەرمیان، چاپی پێنجەم، لـ٣.

[٣٠١] – توێژینەوەیەکی بێ ناونیشان لە کتێبخانەکەی شاکەلی دا کە باس لە ژیان و بەشێك لە مەبەستە شیعرەکانی دەکات ، لـ٢٣.

[٣٠٢] – توێژینەوەیەکی بێ ناونیشان، (هـ.س.)، لـ٢٧.

خێری بۆ (شاکەل) کردوە  و هەروەها پێ دەچێت سەردەمی (شاکەلی) ناوچەی شاکەل زۆر ئاوەدان نەبوبێ، بۆیە لەم پارچە شیعرەی خوارەوەدا کە ناوچەی دەککەوە بۆ شێروانە دێتە کەلار و بەسەڵتی و سواری دەچێتە زیارەتی گۆڕستانی شاکەلیەکان و لەوێ دەبینێ شاکەل چۆڵ و وێرانەیە، دڵی جۆش دەخوا و  پاش دوعا کردن داوا دەکات کە شاکەل بە سەر سەوزی ببینێت ئەم چەند دێرەی دەنووسێت و دەڵێ:

**شاکەل شیرینم ژینی شاکەلی**

**ئاخیر خێر ئەبی بە مەولا عەلی**

**جارێ باوابێ ئێستە وێرانەی**

**لانەی قەل و قوش داڵ و چوغدانەی**

**وەبیرابەری هۆشی ئینسانی**

**شادی و زەوقەکەی دڵی نەزانی**

**جێگەی مشك و مار کەمتار و گورگی**

**لە چاو نەزانا چاوەڕێی مەرگی**

**بەڵام بەیاری پیری گەیلانی**

**بە مەدەکاری قوتبی رەبانی**

**بەپیری پیران شاهی بوخارا**

**سەرسەوز ئەتبینم لە ڕۆژگارا**[٣٠٣]

بەڵام ئیتر شاعیر پاش ئەمە دەکەوێتە هەوڵی ئاوەدانکردنەوەی شاکەل و دوای پانزە ساڵ لە هەوڵ و تێکۆشان لە زیندو کردنەوەی خاکی شاکەل و ئاوەدانکردنەوەی هەر لە تێکۆشاندا بووە و ئومێدو ئاواتی دێتە دی و شاکەل سەر سەوز دەبینێ، وەك لەم شیعرەیدا ئاماژە بەوە دەکات و دەڵێ:

**دەرەو دۆڵەکەت جێگەی گەنم و جۆ**

**لە شان و شیوتا هوهویەو کوکو –**

---

[٣٠٣] – هاشم عاصی کاکەیی،  دیوان و یاداشتی شێخ ئەحمەدی شاکەلی شاعیر و خواناسی دەشتی گەرمیان، چاپی پێنجەم، لـ١١٤.

ئەو پەچەو پاڵەت کە جێی ئاژەڵ بوو

لە پێی ئاژەڵا ژینی لێ تاڵ بوو

ئێستا لەو جێگە گەنم ئەچێنرێ

لەو زەوی و زارەت ڕەسم ئەسێنرێ

(الحمد لله) بەرچاوت تێرە

زراعەت کردن ئەسبابی خێرە[٣٠٤]

لەو دوو پارچە شیعرەی سەرەوە ئەوە بەدیار دەکەوێت، کەوا سروشتی گوندەکەی (شاکەلی)کە شاکەلە، کاری تێکردوە و بون بەسەرچاوەیەك بۆ نووسینی شیعرەکانی، وەك چۆن ((لادێ سەرەتای نیشتەجێبوونی خەڵك بووە لەو دەمەدا، بەهۆی ئەمەوە زیاتر سەرقاڵی کشتوکاڵ کردن و ئاژەڵدارییەوە، گوند کۆنترین مەڵبەندەکانی نیشتەجێ بووە کە مرۆڤی ناچار کردوە، جێگیرببێت و واز لە ژیانی جێ گۆڕکێ بهێنێت))[٣٠٥] و ئیدی لەوێ سەرقاڵی کشتوکاڵ و ماڵداری و ئاژەڵ داری بێت و گرنکی پێبدات، ئەم گرنگیدانەیش بەشێکی دیاری لە ناوەڕۆکی شیعرە نیشتمانیەکانی (شاکەلی)دا گرتوەتەوە.

### ٤- ناوەڕۆکی شیعری پاڕانەوە

شاعیرانی کلاسیك هەمیشە لە شیعرەکانیاندا پاڕانەوە دەبینرێت، جا چ بۆ خودا و پێغەمبەر بێت یاخود بۆ نیشتمان و دولبەر بێت، یاخود زۆر جار پاڕانەوەکەیان بۆ کەسێکی دیار و لەدەستدانی کەسێك بووە کاری کردوەتە سەر هەستەکانی شاعیر و وای لە شاعیر کردوە، کە خامەی بخاتە کار و شیعری بۆ نووسێت، ئەم لایەنە لە شیعرەکانی (شاکەلی) بە ڕوونی دەبینرێت، (شاکەلی) بە شێك لە شیعرە دینیەکانی پاڕانەوەیە لە خوا و پێغەمبەر وەك لەم شیعرەیدا دەبینرێت:

چاوە نواڕی لوتفی تۆم دەرکا لە جیسمم لەرزوتا

چاوەڕێی قاپی عەیادەم پێ نەکەی تای بێ هاوتا =

---

[٣٠٤] – هاشم عاصی کاکەیی، دیوان و یاداشتی شێخ ئەحمەدی شاکەلی شاعیر و خواناسی دەشتی گەرمیان، چاپی پێنجەم، لـ١١٥.

[٣٠٥] – دیلان عادل ئیبراهیم و زەهرا قوربان موسی خان، ڕەنگدانەوەی ژیانی لادێ لەشیعرەکانی قانع دا، لێکۆڵینەوەی زانکۆیی، ٢٠١٠، لـ١٠.

**سوجدەیی شوکرت بکەم تۆبە و ئەنابەت پیشەکەم**

**ڕوو لە قاپی تۆبکەم، پشت کەم لە بابی بێوەفا**[٣٠٦]

ئەم شیعرەی شاکەلی کە پاڕانەوەیە لە قاپی خواد و لە یادەوەرییەکانیدا وای باسدەکات کە لە ٣ی ڕەمەزانی ساڵی( ١٣٧٤ك) کە ئەوکات نەخۆش دەبێت و لەرزوتای زۆری دەبێت لەبەردەم قاپی دکتۆرەکانی بەغدا و سلێمانی، سوجدە دەبات و داوای شیفا لـە خودای مەزن دەکات، لەو کاتەیشدا ئەم شیعرەی لە شێوەی پاڕانەوە دەنوسێت.

یان دەڵێ:

**لە دڵما دەرنەچوو مەیلت بەدەردو مەینەتی دونیا**

**خودا لوتفی ببێ بە سەد پێچ و خەمێکی تر**

**لە تێکۆشینی گەنجیما بە باچوو بەرهەمی عومرم**

**لە پیریمیا نەسوتێ یا ئیلاهی بەرهەمێکی تر**

**لە حاڵی شاکەلی پرسە چۆنە زامی کۆنە و نۆ**

**خودا ئەمجارە بنێرە بۆم دەسێك و مەڵهەمێکی تر**[٣٠٧]

دیسان لێرەیشدا (شاکەلی) لەژێر کارتێکەری شیعرێکی مامۆستا هێمنی شاعیردا ئەم شیعرەی نووسیوە و لە خوا پاڕاوەتەوە کەوا مەیلی خودای لە بیر نەکردوە گەرچی تەمـەنی هەڵچـوە و هـەروەها دەپاڕێتـەوە کـەوا لێـی خۆشـبێت و کـە لەتەمـەنی گەنجیـدا عومری بەباچووە، کە ڕەنگە لێرەدا زیاتر مەبەستی ئـەوە بێـت، کـە ماوەیـەك لەتەمـەنی گـەنجێتی وەك ئـەو تەمەنـەی کـە ئـەم شیعەری تێدا نووسیوە، هێندە وابەستەی دین و ئایینی خودا و پێغەمبەرەکەی نەو بووبێت، چونکە ئەو دەمەی بەشیعری دڵداری دەستی پێکردوە و پـاش تەریقـەت وەرگـرتن و تێکـەڵ بـوونی بـە دیـن و سـۆفیگەری، ئـیتر شـیعری دڵـداری نانووسـێت و زیـاتر وابەستەی دینی ئیسلام دەبێت، بۆیە ئەو تەمەنە گەنجیەتیەی بە باچوو دەشوبهێنی و داوا لە خودا دەکات، کـەوا ئـەو تەمەنـەی

---

[٣٠٦] – هاشم عاصی کاکەیی، دیوان و یاداشتی شێخ ئەحمەدی شاکەلی شاعیر و خواناسی دەشتی گەرمیان، چاپی پێنجەم، لــ٦٢.

[٣٠٧] – هاشم عاصی کاکەیی،(هـ.س.)، لــ٥٢.

پیرییەی کەماویەتی وەك گەنجێتیەکەی نەبێت و خودا لوتفی لێ بکات و وەك لە دوا دوای شیعرەکەدا دەڵێ ( لێم بپرسن کە حاڵی ئەم خەمەم چۆنە لە کۆن و نوێدا و داوا لە خودا دەکات کەوا ڕەحمی لێ بکات).

یان لەم شیعرەیدا کە بۆ شێخ سەعیدی کوڕی نووسیویەتی و لە خوا دەپاڕێتەوە کە کوڕەکەی ناجح و سەکەوتووبکات و ڕاز و نیازی و ئاواتەکانی بەدی بێت، بەجۆرێك کەوا خۆی بە کەم و بێ قیمەت دادەنێت لەبەرانبەر خودای گەورە و دەپاڕێتەوە و دەلالێتەوە بۆ بەدیهێنانی ڕازی کوڕەکەی (شێخ سەعید) وەك دەڵێت:

**بۆتەمەننای ناجحی تۆیە دەستم بۆ ئاسمان**

**پڕ لە ناڵە ولاڵەیە هەر وەك لێوم دڵ و زمان**

**گەرچی خۆم بێکارە و بێقیمەت و بێ زینەتم**

**نازدارێکم هەیە ڕازی بگاتە ئاسمان**[٣٠٨]

هەمیشە موردیەکان ساڵانە و یاخود بەپێی توانا و تاقەتی خۆیان سەر لە مەنبەعی ئەو شوێنە دەدەن، کەوا کردویانە بە مەئوای خویان لە ڕووی تەریقەتی دنیا بیانەوە، (شاکەلی)یش کە ئولفەتی بە پیرانی تەریقەتی نەقشبەندییەکانەوە گرتوە و لەگەڵ ئەوەشدا پەیوەندی هاتوو چۆی زۆر تۆکمەی دەبێت لەگەڵ پیرانی تەریقەتی بیارە و یار و یاوەرانی تەریقەتیش، بۆیە لەشیعرێکی تریشیدا کە بۆ دەمەزەرد کردنەوەی تەریقەتەکەی کە پیرانی تەریقەت دەپاڕێتەوە و خۆی بە تاوانبار و ڕوو سیاە و شەرمەزاری لە دووری پیران دەزانێت و بەدەم مەستی شیعرەوە ئاوێتەی دنیای حاڵی سۆفی گەری دەبێت و دەپاڕێتەوە و لاشەی وەك زیوێکی پڕ خەڵتە دە شوبهێنێ ،کەوا زیو لە پیس و خەڵتە دەپاڵێورێت و زیوەی خالص و تەواوی لێ دروست دەبێت، ئەمیش لە دەشتی گەرمیاندا و پاك پاکبوونەی لاشەی خۆی بەرانبەر بە دوری لە یارانی پیرەوە بە گەرما و سوتان دەسوتێنێت، هەتا بتوانێت بەو گەرمی و سوتانە لاشەی پاك بکاتەوە لە ڕەشی و لاشەی بتاوێتەوە و هەروەها بەگریانی چاوی ئاگری لاشەی بگوژێنێتەوە و بەگریانی تاوانەکانی بشارێتەوە، کە ئەمەی کرد پاشان وەك خۆی دەڵێت ئیتر ئەوکاتە لایەق بە مەجلیس و مانەوە لە کۆڕ و کۆبونەوەی ئەوانە (پیرانی تەریقەتی بیارە)، کە دەڵێت:

**سەرتا پای وجود بتاوێتەوە**

**گریان جەریمە بشارێتەوە =**

---

[٣٠٨] – هاشم عاصی کاکەیی، دیوان و یاداشتی شێخ ئەحمەدی شاکەلی شاعیر و خواناسی دەستی گەرمیان، چاپی پێنجەم، لـ١٦٦.

**وەك زیوی خالیس دەرچیٚ لە بۆتە**

**كاتی تەوبەیە بۆ من وتووتە**

**ئەوسا تەواوە عیشقی عوسمانی**

**لایق وە زومرەی مەجلیس ئەوانی**

**ئەرنا ئالودەی وەك تۆ پڕ خەتا**

**مەیلی مەجلیسی ئەوانت خەتا**

**شاكەلی شێوەت گریان و شینە**

**وە دەردی دووری دڵت برینە**

**وەك تەم و هەورە بوخاری سینە**

**بیٚ شەوقیم دوری سیراجەدینە**[٣٠٩]

خۆ بەكەم زانینی سۆفیگەرانەی (شاكەلی) بەرانبەر بە پێغەمبەری خودا، وای لە شاكەلی كردوە، كە لەشێوەی پاڕانەوە شیعرێكی جوانی لە دایك ببێت و تیایدا دەپاڕێتەوە و داوا دەكات، كەوا گەرچی موفلیسی دینە، بەلاّم لەشەفاعەت بیٚ بەشی نەكات، كە دەڵێت:

**یا رسول الله ئەگەرچی ڕوورەشی دیوانی تۆم**

**گەر نەبم خۆ هیچ نەبیٚ ریزە خۆری دیوانی تۆم**

**سەهووە، ناماقوڵییە خۆم كردە كەلبی كوی تۆ**

**چون سەگێكی پاسەوانی موخلیسی ئاستانی تۆم**

**لەو سەگی ئەسحابی كەهفە من ئومێدم زیاترە**

**بۆئەوە من توتە هەڵتوتاوەكەی دەربانی تۆم**

**من كە روو زەردو زەعیف و زامدری غەفڵەتم**

**ناتەواوم، ناڕەوایە، چون بڵێم قوربانی تۆم =**

---

[٣٠٩] – هاشم عاصی كاكەیی، دیوان و یاداشتی شێخ ئەحمەدی شاكەلی شاعیرو خواناسی دەشتی گەرمیان، چاپی پێنجەم، لـ٦٦.

**تۆ ڕەئوف و مونعیم و من موفلیس و بێ زادی ڕێ**

**ڕێبوارێکی هیلاکم هەر ئەڵێم میوانی تۆم**

**ئەی شەفیعی موزنبین موحتاجی شێوەی ئەم شەوم**

**بێ دەس و بێ کەس ئەمێنم چاو لەڕێی ئیحسانی تۆم**

**یارسول الله چەن خۆشە سەرقەدەم کەم تا حزرو**

**گەر بژیم دووبارە ژین و بشمرم قوربانی تۆم**

**کەس نیە وەك من لە دەشتی غەفڵەتا وێڵ و مەلول**

**ڕووڕەشی ڕۆژی جەزام و شەرمنەی یارانی تۆم**

**ئەی فیدای ئەو خاکە بم ئەسحابی تۆ پیایا ئەچوو**

**گیان فیدای سیدق و فاروق و عەلی و عوسمانی تۆم**

**ئاخ لە داخی کاخی جەهلا حەپسی تاریکەی خەتام**

**چاوە چاوی نوری عیلم و پرتەوی عیرفانی تۆم**

**توخودا ڕۆژی جەزا کاتی ڕچا ئەکەی مولتەجا**

**(شاکەلی) بێ بەش مەکە حەیفە کە سەرگەردانی تۆم**[٣١٠]

**٥- ناوەڕۆکی شیعری ئامۆژگاری و هۆشیاری**

زۆرێك لە شاعیرانی کورد بۆ ئەم بابەتە شیعریە شیعریان نووسیوە، جا چ لە دەمی کلاسیکدا بێت یاخود پاش ئەوە و تا ئێستایش، (شاکەلی)ەکەی دەشتی گەرمیانیش لە نووسینی ئەم مەبەستە شیعریە بێ بەش نییە و کۆمەڵ شیعرێکی جوانی لە شێوەی ئامۆژگاری و هۆشیاریدا نوسیوە .

(شاکەلی) لەبەر ئەوەی هەم نیشتمان پەروەر و هەمیش بەتەنگ خوێندەواری و هەمیشە هانی خەڵك و منداڵەکانی خۆیشی داوە، کەوا بچنە بەر خوێندن و بە خوێندن و نووسین تاریکی ڕێگەی ژیانیان پێ ڕۆشن بکەنەوە و بتوانن بەرپێی خۆیان ببین، بۆیە لەم

[٣١٠] – هاشم عاصی کاکەیی، دیوان و یاداشتی شێخ ئەحمەدی شاکەلی شاعیر و خواناسی دەشتی گەرمیان، چاپی پێنجەم، لـ٣٥.

شیعرە جوانەیدا بەجوانی ئەو دڵگەرمی و خەمخۆرییەی (شاکەلی) هەست پێ دەکرێت و دەبینرێت، کەوا چەند بە تەنك خوێندنەوە بووە، وەك دەڵێت:

**گیانە پێ بگرن بەڵکو پێش کەون**

**تاکەی ئەسیری لانکە و بێشکەون**

**کاتی خوێندنە، وادەی شەو نەما**

**نووسین فێر بن تیشك ئەهاوێژێ**

**ڕەشایی قەڵەم چاوت ئەڕێژێ =**

**ڕەشێنەی چاوت هەرچەن دووربینە**

**چاکتر دووربێنێ ڕەشی نوسینە**[٣١١] ..................

(شاکەلی) لەشیعرەکانیدا زۆر بەجوانی، جوانکاری ڕەوانبێژی بەکارهێناوە، بۆیە کاتێك سەرمەستی خوێندنەوەی شیعرەکانی دەبین، ئەوکاتە تام و لەزەتی جوانی دەربڕینەکانی (شاکەلی)مان بۆ دەردەکەوێت، زۆر جاریش بەزمانێك شیعرەکانی نوسیوەتەوە، هەتا هەموو چین و توێژەکانی گەل لە منداڵ و گەورە پێکەو بتوانن شیعرەکانی بخوێننەوە و چێژی شیعری لێ ببینن و لێی تێبگەن، هەروەها لەبەکارهێنانی وشەکاندا دیسانەوە هەموو چینەکانی بێبەش نەکردوە، بەوەی کە هەموو جۆرە وشەیەکی ئاسانی سەر زاری منداڵ و گەورەی بەکارهێناوە تەنها بۆئەوەی شیعرەکانی باشتر بەرگوێی خەڵکی نەتەوەکەی بکەون، هەروەها لەپاڵ ئەوەشدا باس لەگرنگی و بەهای خوێندن دەکات، کە دەبێت هەموو تاکێکی کۆمەڵگا بخوێنن و فێری خوێندن و نووسینن بن، چونکە گەر تاکەکانی کۆمەڵ لە خوێندن و نووسین بێ بەش بن، ئەوە هەمیشە ژێر دەستی و بن دەست دەبن و هەر داگیر کەر و هەر خوێن ڕێژێك بێت، ئەوە دەتوانێت بەئاسانی هەم بیر وفکر و هەمیش خاك و وڵاتیان داگیر بکات، وەك ئاماژەمان پێدا (شاکەلی) هەمیشە ئامۆژگاری و هۆشیاری نەوەکانی کردوە، لە ڕوویەکی ترەوە ئەم شیعرەی خوارەوە کەلە دیوانەکەیدا هاتووە، پەند و ئامۆژگاری (شاکەلی)یە بۆ ئەنوەر و محەمەدی کوڕی و نەوەی (شاکەلی) و هەموو شاکەلییەکان:

**نوری چاوانم نەوەی شیر ینم**

**سەرمایەی ژینی دنیا و دینم =**

---

[٣١١] – سالح هەلاج، گوڵبژێرێك لە شیعر و شاعیرانی گەرمیان، لـ٦٦.

**بۆ ژینی دنیا جێ ئیسراحەت بە**

**بۆ ڕێی ئاخیرەت هۆی فەراغەت بە**

**ئیسراحەت نەبێ ئیتاعەت نیە**[312]

(شاکەلی) لەشیعرەکانیدا پەند و ئامۆژگاری بەچێژ دەبینرێت، بەشێوەیەك دەتوانین بڵێین بەشێکی زۆر لە شیعرەکانی پەند و ئامۆژگاریی تێدایە.

(هۆراس) دەڵێت:((شیعر سێ مەبەستی هەیە: سود بەخشی، یاخود لەززەت پێ گەیاندن، یاخود هەردوگیان پێکەوە))[313] زۆرجار شیعرەکانی (شاکەلی)ش دەکرێت لەخانەی سێیەمدا هەژماری بکەین و بەجارێك هەم لەززت بە خوێنە رو هەمیش سود بە خوێنەر دەبەخشێت، وەك ئەم شیعرەی ئەو شیعرەی پێشوو کە ئامۆژگاری (شێخ محەمەد)ی کوڕی و هەموو شاکەلیانی کردوە، ئەمەی خوارەوە بەشێکی تریەتی:

**ئیتاعەت نەبێ حەقیقەت نیە**

**فەراغەت مایەی زیکر و ئەفکارە**

**هۆی سەرکەوتنە لەم کارزارە**

**زۆرم زەحمەت دی لەڕێی دنیادا**

**سەراوی بێ ئاو هەر لە بینادا**

**بەسیە بۆ دنیا ئەم تێکۆشانە**

**بۆ دنیای دووەم کاتی جۆشانە**

**تو "ألم يأن" ئەگەر بخوێنی**

**زۆر بەئاسانی وازی لێ دێنی =**

[312] – هاشم عاصی کاکەیی، دیوان و یاداشتی شێخ ئەحمەدی شاکەلی شاعیر و خواناسی دەشتی گەرمیان، چاپی پێنجەم، لــ١٧٤.

[313] – جاسم مەحەمەد کەلاری، راپۆرتێك لەسەر شاعیری دەشتی گەرمیان شێخ ئەحمەدی شاکەلی، لــ١٦.

**بەشەرتێ خودا هیدایەتت با**

**جیا نەبی لەڕێی خاسانی خودا**[٣١٤]

لەم شیعرەی سەرەوەدا ئامۆژگاری نەوەکانی دەکات، بەوەی کە لەدنیادا زیان و زەرەریان بۆکەس نەبێت و هەوڵ بۆ ئیمان و کۆکەرەوە و دۆزەرەوەی ڕێی سەعادەی ئەو دنیابن، (شاکەلی) گەرچی خواناسێکی سۆفیگەر بووە، هەمیشە بیر و هزری لا خودا بووە ، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا بە نەوەکانی ووتوە لەگەڵ ئیمانداریێتیدا ئیسراحەت بدەن بە خۆیان و ناکرێت هەر خەریکی دیندارین، بەبی پشوودان دینداریش ناکرێت و ناڕواتە سەر، هەروەها دووبارە لەناوەڕاستی شیعرەکەیدا باس لە دەردە دڵ و مینەتی بینینی دنیای خۆی دەکات، دەگات بەو قەناعەتەی کە ئیتر بەسیە تێکۆشان بۆ ئەم دنیا کاتی تێکۆشان و جوشان هاتووە بۆ ئەودنیا، ئەمەیش نموونەیەکی تر بوو لەو ئامۆژگارییانەی کە شێخی شاکەل بە شیعر دەری بڕیوە و پایەی ئەدەبی کوردی و شیعری کوردی پێ دەوڵەمەندتر کردوە.

(شاکەلی) مرۆڤێکی سەر ڕاست بووە و ڕقی بووە لە درۆ و فێڵ، بۆیە لەمیانەی ئامۆژگاریکردنی خۆیەوە، ئامۆژگاری خەڵکی دەکات کە وەفادار وبەئەمەك بن و دروبن لە درۆ، چونکە هەر کەس درۆ ببێتە پیشەی ئەوە ماڵ وێران و کاسە دڕاو ئەبێت، لە هۆشیاری و وردییەوە مشوری پاشە ڕۆژی خۆیان بخۆن و بێ ئەمری خوایی نەکەن و تۆبە کارین، وەك لەم شیعرەی کە لە دیوانەکەشیدا هەر بەناوی (درۆ)ەوە تۆمارکراوە و دەڵێت:

**ئەوەی لە دنیا بێ دەس دامابێ**

**لەبەر بێ کەسی سەری دانابێ**

**داماوو کەساس سوك و ڕسوابێ**

**لەبەر دووڕوویی ئاپڕوی تکابێ**

**حەیاو حورمەتی هیچ لا نەبابێ**

**لەگشت قاپییە هەر قاو درابێ**

**شیرینی ژینی لێ تاڵ کرابێ**

**بەپاڵە پەستۆ تێ هەڵدرابێ =**

---

[٣١٤] – هاشم عاصی کاکەیی، دیوان و یاداشتی شێخ ئەحمەدی شاکەلی شاعیر و خواناسی دەشتی گەرمیان، چاپی پێنجەم ٢٠١٣ ، لـ١٧٤.

**یەك دەفعە لە گیان جاڕس کرابێت**

**لەناو عالەما ئابڕوی برابێت**

**لەڕووی ڕاستی ڕووی هەڵچەرخابێ**

**بەڕێی ڕاسەدا یەك پای نەمابێ**

**ئەوە درۆیە دەردی بێ دەرمان**

**توخنی نەکەون ئامان سەد ئامان**[315]

هەڵبەت ئەو شیعرەی سەرەوەی بۆ ئامۆژگاری کردن بوو بۆئەوەی مرۆڤ لە درۆ دروبکەوێتەوە و ڕوو لە ڕاستی بکات و وەك دەڵێن (پەتی درۆ کورتە)، ڕاستەو ڕاست لە شیعرەکانیدا ئەوەمان پێشان دەدات، کە مرۆڤی درۆزن هەرچی بکات هە هەرچی تێکۆشێت، ئاخری لەناو عالەمدا هەر ئابڕوو چوو و ژین تاڵ ئەبێت، ئەم شیعرەی (شاکەلی) لە دیوانەکەیدا بـە چـوار بـەش نووسـیویەتیەوە و هاوکات لەگەڵ نووسینی ئەم شیعرەی بەناوی (درۆ) ،شـیعری تریشـی نووسـیوە لەسـەر (ڕاسـتی) و گرنگیـدا بـە ڕاسـتی ژیـان و گوفتاری ڕاست و چاکە کاری و گرنگی و قیمەتی ڕاستگۆیی، وەك دەڵێت:

**ڕووکە لە ڕاستی چەند بەقیمەتە**

**بازووی بەهێزی چەن بەنەسرەتە**

**وەشوێن کەوتنی شان و شەوکەتە**

**ڕزگاری لەدەس کۆتی مەینەتە**

**بەبێ سەرمایە خاوەن سەروەتە**

**هیچ جێگەی نەبێ جێگەی حورمەتە**

**هیچ کەس شك نابات گەورەی عەشرەتە**

**بێ پشت و بێ مشت چەن بە قودرەتە**

**لەبێ دەستیا زۆر خۆش سوحبەتە**

**کاتی دەس ڕۆیین خاوەن نیعمەتە =**

---

[315] – هاشم عاصی کاکەیی، دیوان و یاداشتی شێخ ئەحمەدی شاکەلی شاعیر و خواناسی دەشتی گەرمیان، چاپی پێنجەم، لـ١٧٨.

**ئەخلاقی بەرزی بێ نیهایەتە**

**قەڵەم شەق ئەکا لێی بێ تاقەتە**

**ئەوە ڕاسییە ڕوو سوری مەیدان**

**جێگەی لە ژوورە لە ژوری میوان**[٣١٦]

(شاکەلی) لەم شیعرانەیدا لە خۆ بەکەم زانینی سۆفیگەرییانەییەوە ڕووی لە خەڵك کردوە، ئامۆژگارییانی کردوە بەمەبەستی تێگەیاندنیان لە باشی و گەورەیی مرۆڤی ڕاستگۆ و ڕیسوای مرۆڤی درۆزن، هەروەها (شاکەلی) هەمیشە لەبیری خەڵك بووە و دڵسۆزی و بەئەمەکی خۆی لە ڕێگەی شیعرەکانیەوە دەردەکەوێت و هەروەها خەمخۆری و دڵسۆزییەکەشی لە ڕێگەی شیعرەوە دەربڕیوە کە لەگەڵ ژیان کردندا بیریان لە زانست و عیلم نەبڕن و لەخەمی زانست و فێربوونی زانست بووە بۆ نەتەوەکەی، کە هەمیشە هانی خەڵکی داوە ڕوو لە زانست بکەن و دور بکەونەوە لە خۆ بەزل زانی و ژیان کردن بە میری، وەك لەم چوار نیوە دێڕەدا ئەوە خەمخۆرییەی دووپات دەبێتەوە، کە دەڵێت:

**لەبیرت گەر نەچێ تاکاتی پیری**

**ڕمووزێکی هەیە نەژی بەمیری**

**بەکوردی و کورتی و ڕاسی ڕەوانی**

**لەبیری عیلم و حیلمابێ بیری**[٣١٧]

### ٦- ناوەرۆکی شیعری شیوەن و لاواندنەوە

لاواندنەوە و شیوەن بەشێکی تری ناوەرۆکی شیعرەکانی (شاکەلی)ن و پانتایی خۆی لەدیوانەکەیدا دیاری کردوە، زۆرجار ئەم شێوەیان ((شیعرێکە لە شێوەی گۆرانی و کە تراژیدی و غەمبارەییە و کە بەتایبەتی و زۆر جار لاواندنەوەیە بۆ مردوە کاتی پرسە))[٣١٨] ، زۆرجاریش لاواندنەوەی مورید و شوێن کەوتەیە بۆ ڕێبازو و شێخەکەی، (شاکەلی) کۆچی دوای ئازیزانی زۆر کاری

---

[٣١٦] – هاشم عاصی کاکەیی، دیوان و یاداشتی شێخ ئەحمەدی شاکەلی شاعیر و خواناسی دەستی گەرمیان، چاپی پێنجەم، لـ١٨٠.

[٣١٧] – هاشم عاصی کاکەیی، (هـ.س.)، لـ١٨٣.

[٣١٨] – ڕۆبلیس , جەیم ، پێنج پەنجەکانی دووبارە ، (2005) زانکۆی کالی فۆرنیا ، باسی ١٨٩.

تێکردوە و بەشێوەیەك لە نێو شیعرەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە، ئەم دیاریدەیەیش وەنەبێ هەر لە دوو توێی شیعری (شاکەلی)بێت، بەڵکو بەشی هەرە زۆری شاعیرانی کلاسیکی و بگرە شاعیرانی نوێخوازیش هەیە، کە کاتێك شاعیر کەسێکی نزیك و ئاشنای لەدەست دەدات، ئیتر مەلی ڕۆح و خەیاڵی بەرزە فڕی ئارام ناگرێت، تا نەنیشێت بەسەر داری بەرداری خانەی ئەدەبی شیعرەوە و تا پارچە شیعرێکی نوێ نەخاتەوە، شاعیر بیری و هەستی دەربەدەر دەبێت، کۆچی دوای (ئەنوەر)ی دووەم کوڕی (شێخ ئەحمەدی شاکەلی) لە ناخەوە (شاکەلی) دەهەژێنێت و وەك سوفیەکی دڵسووتا و شێت و شەیدا ئەبێت لەتاو ئازاری دڵسوتانی جەرگەکەی (شێخ ئەنوەر)، تەنانەت لەبیرەوەرییەکان و هەم لە سەرزاری نەوەکانیەوە ئەوە دەسەلمێنن کەوا کۆچی دوایی ئەنوەری کوڕی زۆر خەم و خەفەتی بۆ جێشهێت و لەلایەکی تریشەوە کۆچکردنی ئەنوەری کوڕی وایکرد کە کەبەشێکی تری شیعری لای (شاکەلی) لەدایك بێت کە ئەویش (شیوەن و لاواندنەوە)بوو، شیوەن و لاواندنەوە زۆر جاری لەوکاتانەدا دێنە بوون، کە شاعیر خۆشەویست و ئازیزێکی نزیکی بەجێی دێڵێت و کۆچی یەکجاری بۆلای یەزدان دەکات، (شاکەلی)ش گەلێك ناسیا و کەسی نزیکی کۆچی دواییان کردو بۆ بەشێکیان شیعری نووسیوە کە نزیکترینیان ئەنوەری کوری و شێخ سلێمانی ئامۆزای چەند کەسێکی تریش...، بەڵام وەك ئاماژەمان پێدا کۆچی هیچ کەسێك وەك کۆچی ئەنوەری کوڕی ناخ هەژێن نەبوو بۆ (شاکەلی)، لەم عەزەلەدا ئەوە بە ڕوونی دەبینرێت کە لە دیوانەکەیشدا لەژێرناوی چوار هەڵبەست بۆ ئەنوەری شەهیدا هاتووە و دەڵێت:

**ئەسەف بۆ شاگوڵی شاکەل کە بێ ناز و نیشان ڕۆیی**

**لەباغی شینی بێ بەش ما لە داغی نیشتمان ڕۆیی**

**چە نازك شێوە گەنجێ بوو مەلاحەت میسلی گوفتارێ**

**ئەسەف بۆ یوسفی شاکەل بە ناکامی ژیان ڕۆیی**

**نەمن وەك پیری کەنعانی ئومێدی ڕۆشناییم بوو**

**نە ئەو گەڕیانەوەی ماوە بەجارێ جاویدان ڕۆیی**

**دەسێکی بەرز و باڵای بوو لە زانین و کەماڵاتا**

**ئەسەف ناکات و ناکام  بەدەس جەوری زەمان ڕۆیی**

**هەوای سەرکەوتنی هۆزی لەسەردا بوو بە سەرمایە**

**ئەسەف بەو حەسرەت و ئێشە بەزامی کوردستان ڕۆیی =**

**چە وەسفولحالی من وترا ئەوی ئەو مەسرەعەی فەرموو**

**گوڵێکی سەروباڵا بوو بە تاراجی خەزان ڕۆیی**[319]

ئەم شیعرەی (شاکەلی) تەواو لێو ڕێژە لەخۆشەویستی و سۆز و هەژانی دەرونی ڕاستەقینەی (شاکەلی) بەرانبەر بە ئەنوەری کوڕی، دیارە خەمی لەدەستدانی ئەنوەر، ئەوەندە شاکەلی خەفاتبار و ماتەمدار کردوە کە دڵی بە وەندە شیعر ئاو نەخواتەوە و دوای چەند ساڵێك لەمردنی ئەنوەری کوڕی چەند پارچە غەزەلێکی تریشی بۆ دەنوسێت، سەبارەت بە مردنی ئەنوەر من خۆم لە نەوەکانی شێخی شاکەلیم پرسی کە ئەنوەری کوڕی شێخ ئەحمەد، ئەم کوڕەی شاکەلی هەتا پۆلی سێی کۆلێژی ئەدەبیاتی خوێند، لە زانکۆی سلێمانی، بەڵام مەرگ مەودای نەدا و هەر بەگەنجی گەڕایەوە بارەگای خودا بە وەرگەڕانی سەیارە لە نێوا ڕێگای ( چوارتا و ماوەت)دا، کۆچی دوایی کرد و ئەوکات تەرمەکەشی لە شاری پێنجوێن بەخاك سپێردرا و لەو دەمەیدا شەهید ئەنوەر پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول بوو، مردنەکەی بۆ (شاکەلی) لەناکاو و جەرگ بڕبوو، کە بە نووسینی تەنها شیعرێك دڵی تینوی ئاوی نەخواردوەتەوە، شیعری تری بەباڵای ئەنوەردا دوریوە و وەك لەم غەلەیشدا دەڵێت:

**ئەمڕۆ ساڵێکە شاکەل بێ نازە**

**بێ دەنگ و بێ ڕەنگ بێ بەزم و سازە**

**ئەمڕۆ ساڵێکە شاکەل بێ شەوقە**

**شیوەنی بەرزی تەواو بە زەوقە**

**ئەمڕۆ ساڵێکە شاکەل مەخمورە**

**تەرزی زایڵەی تیشکەی مەستورە**

**ئەمڕۆ ساڵێکە شاکەل بێ نوورە**

**دوور بێ ئەنوەری، مەگەر لێ دوورە**

**ئەمڕۆ ساڵێکە دەرچووی لە شاکەل**

**بۆ تا قیامەت بەجێ مای لەگەل**[320]

---

[319] – هاشم عاصی کاکەیی، دیوان و یاداشتی شێخ ئەحمەدی شاکەلی شاعیر و خواناسی دەشتی گەرمیان، چاپی پێنجەم، لـ١٤٣.

[320] – هاشم عاصی کاکەیی، (هـ.س.)، لـ١٤٢.

ئەم شیعرەی دوای سالێك لە شەهید بوونی کۆچکردنی ئـەنوەری کـوڕی دەی نوسـێت و هـەر بـە شـیعرەکەدا بـێ ئـۆقرەیی و دلّ سوتاویی شێخی شاکەل دەبینین، کە چۆن سەودا سەری گریان و شینیەتی بـۆ کـوڕە لەدەسـت چـوەکەی و کـەی بەچـوونی ئـەو کوڕەی ئیتر خاك و ئاوەکەی شاکەلی لێ بێ ناز و بێ ڕەنگ دەبێت و ئەو شەوقەی جارانی نامێنێت لەلای شێخ ئەحمەد حەسرەتی دوری و کۆچی ئازیزانی شێخ ئەحمەد کـاری زۆری تێکـردوە و کـە بەهۆیانـەوە شـیعری نـوێ و مەبەسـت و نـاوەڕۆکی شیعری نوێ لەلای شێخ ئەحمەد لەدایکبوون، لەلایەکی تریشەوە کۆچی دوای (شێخ سلێمان)ی هاوڕێ و ئامۆزای کاری تێکردوە، لەشێوەی شین بۆ شێخ سلێمان شیعرێکی تری لەدایکبووە و دەلێت:

**برا ئەمڕۆ لەدەست دەرچوو دەخیلە هەولّی فەردایە**

**نەوا فەردایش لەدەست دەرچێ دلّی شەو کاتی سەودایە**

**میسالی شەمع نیوەی شەو سەراپا غەرقی ئەسرین بوو**

**خۆتت ریسوای سەودا کرد و ئاخر ساتی سەودایە**

**مەنازە بەم دوو سێ ڕۆژەی ژیانی ئاخری عومرە**

**کە سەیلێ هات و تێپەڕ بوو لەکوێ روو بۆ بەرەو دوایە**

**دەمێ بۆ حالّی خۆت بگری دەمێ تر دەم لە یەکنانە**

**کە بۆ نەوچوونی پەی دەرپەی دەمێکە دەئبی دنیایە**

**سلێمان ئاسەف تەختی بەتاراجی ئەجەل ڕۆیی**

**جنودی چەن هەزار جینسی ئەمێستێ بێ سەروپایە**[٣٢١]

تەواوی شیعرەکەی شیوەنە بە بالای (شێخ سـلێمانی) ئـامۆزای و بـاس لـە جـوامێری و باشـی شـێخ سـلێمانی و زوو کۆچـکردنی دەکات ، شایەنی باسە لە پارچە شیعرێکی تری شـێخ ئەحمـەدا ڕاسـتیەکی تـر دەردەکـەوێت کـەوا ئـەبێت شـاکەلی تێکـەلاوی و خۆشەویستی زۆری لەگەلّ خێزان و ئال و بەیتی سلێمانی ئامۆزای هەبێت، ئـەوەتا نـەك هـەر بـۆ کۆچـی دوای شـێخ سـلێمان کـە شیعری شیوەن و لاوندنەوەی نوسی بێت، بەلّکو بە مردنی مەحمودی کوڕی شێخ سلێمانیش هەمیسـان خامـەی شـیعری شـاکەلی

---

[٣٢١] – هاشم عاصی کاکەیی، دیوان و یاداشتی شێخ ئەحمەدی شاکەلی شاعیر و خواناسی دەستی گەرمیان، چاپی پێنجەم، لـ١٣٥.

وشە ئەگرێت و بەچەند درێڕێکی شیعری تر لاواندنەوەیەك لەشێوەی شیعر بۆ مەحمودی کوڕی شێخ سلێمان لەدایك دەبێت و دەڵێت:

**ئەی سروەی نەسیم وەی کزەی شەماڵ**

**باوەشێنم کەن بووم بە کۆی زوخاڵ**

**ئەگەر نەورۆزە گیاو گوڵ خێزە**

**بۆچی گوڵزاری من گەڵا ڕێزە**

**غونجە بکرێتێ گەڵا بڕزێنێ**

**چۆن دڵی بولبول بۆی ناگرێنێ**

**شۆلەی ئاری شەوق تەم بتاوێنێ**

**پەروانە ڕۆحی چۆن ناسوتێنێ**

**ئازیز کا مەحمود ناچی لەبیرم**

**بۆجێگەی چۆڵت تەواو زویرم**[٣٢٢]

لەدیوانەکەی (شاکەلی) دا چەند پارچە شیعری تری شیوەن و لاواندنەوە نوسراون، کە تیاندا بۆ کۆچی دوایی (نەسرین)ی کچی و چەند خزم و دۆستێکەیتی، شاعیر پاش گەڕانەوەی لە بەندینخانەی ماوەت، کچە (٥-٦)ساڵانەکەی بەناوی (نەسرین) لە حەزەی ئاوی ئاشەکەی ماڵدا ئەخنکێکت و لەو دەمەیدا شاعیر لەماڵ نابێت و لەگەڵ دۆستێکیدا چوون بۆ بەسەر کردنەوەی خزمانی، هەمان ڕۆژ لەتافی ئێوارەکەیدا هەواڵی کۆچی دوایی کچە بچوکەکەی پێدەگەیەنن و بەهۆی ئەو کارەساتەوە، شێخ ئەحمەد شینێکی تر دەکات بەناوی (غەمگینە) و دەڵێت:

**غەمگینە دڵم زارە لەبەر فیرقەتی نەسرین**

**پەستە دڵەکەم ئێستە لەبۆ تیبەتی نەسرین**

**ئەی بۆچی لەسەرچی بۆ نەوێساوە لەڕیگام**

**بێ تاقەتم ئێساکە بۆ ڕوئیەتی نەسرین =**

---

٣٢٢ – هاشم عاصی کاکەیی، دیوان و یاداشتی شێخ ئەحمەدی شاکەلی شاعیر و خواناسی دەشتی گەرمیان، چاپی پێنجەم، لــ١٣٧.

**دەردم چە گرانە بە نەبوونم لەدیاری**

**کاتی سەفەر و کۆچی وەکو قیمەتی نەسرین**

**ئاوە سەبەی ژین و کەچی مەرگی بەئەودا**

**نیلەو فەڕی سەر حەوزە کە بوو سورەتی نەسرین**

**ئەی داغی گرانم بەمناڵی لەدەسم چوو**

**دەرناچێ لە دڵ داغی گوڵ ڕوومەتی نەسرین**

**چاوم غەمی دەرد و فیراق و لەمەراقا**

**وەك حەوزەکە پڕئاوە لەبەر فیرقەتی نەسرین**

**چاوم بەمەزرای چۆن نەکەوێ چۆن ئەخەوێ**

**تەسکینی دڵ و چاوی منە توربەتی نەسرین**

**گوڵزار و قسوور و گوڵ و مول بێ لە جینانە**

**(ئەحمەد) بەئومێدم لە جەزای حەسرەتی نەسرین**[٣٢٣]

لەدەستدانی ئەو دوو نەوەی شێخ ئەحمەد کاری زۆری کردە سەر دڵ و دەرو سۆزی شاعیرمان و لەگەڵ لەدەستدانی ئازیزانی تری، شایەنی باسە بۆخۆم لەسەر کۆچی دوای نەسرین لە ماڵباتی شێخانی شاکەلم پرسی، کە شێخ ئەحمەد وەك دڵنەواییەك بۆخۆی و بۆ کەمکردنەوەی ئازاری ناخی و کەمبوونەوەی دڵسوتانەکەی کە بەهۆی کۆچی نەسرینەوە بەرۆکی گرتبوو، کچەزایەکی، واتا کچی شێخ محەمەدی کوڕە گەورەی هاوناوی (نەسرین)دەکات و ناوی دەنات (نەسرین)، کە نەسرینی ئێستا لەدەرەوەی کوردستان دەژێت، هاوکات تووش بوونی ئەم دەردە دڵانەی شێخ ئەحمەد بەهۆی لەدەستدانی نەوەکانیەوە، بەهۆیانەوە شیعری نوێ و بابەت و ناوەڕۆکی شیعری نوێتر لەدایك دەبوون، کە هەموو ئەمانە دواجار دەبنە هۆی بەهێزکردن و دەوڵەمەند بوونی خانەی ئەدەبی شیعری کوردی و هەروەك پایە بەرزی و دەست ڕۆشتووی شاعیریش دیاردەخات لە نووسیی شیعردا.

*– وان: پارێزگایەکە لە باکوری کوردستان و (ئەنوەروانی)خەڵکی ئەوێ دەبێت، بڕوانە،چاپی پێنجەمی دیوان وی شاکەلی، لــ٢٣٨.

[٣٢٣] – هاشم عاصی کاکەیی، دیوان و یاداشتی شێخ ئەحمەدی شاکەلی شاعیر و خواناسی دەشتی گەرمیان، چاپی پێنجەم، لــ١٣٣.

بەهۆی ئەو پەیوەندیە کۆمەڵایەتیانەی کە شاعیر هەییوو لەگەڵ دەروبەرەکەیدا، بۆیە سەردانیکردن و بەسەر کردنەوەی زۆریشی هەبوە لەگەڵیاندا و واتا شێخ ئەحمەد کەسێکی گۆشە گیر نەبووە کە تەنها لە سوچیماڵەکەیدا هەر لایەکی پایەی دینی و سۆفیگەری بگرێت، بەڵکو گەڕان و بەسەر کردنەوە پەیوەندی زۆر توکمە و باشی هەبووە، بەهۆی بوونی ئەم پەیوەندییەیش زۆرجار بوەبە هۆی دروستبوونی شیعری لاواندنەوەی شێخ بۆ دۆستانی، وەك لەم غەزەلەی خوارەوەدا لاواندنەوەیەك بۆ پیاو چاکێکی خەڵکی (وان)(*) دەکات و ئەو پیاوە ماوەیەك لەلایەن شێخ عوسمانەوە نێردراوەتە گەرمیان بۆ بەردەوامیدان و بلاو کردنەوەی زیاتری تەریقەتی نەقشبەندی، ئیتر لەگەرمیان شاعیر شێخ ئەحمەد چاوی پێی کەوتووە و زۆری بەدڵ بووە و داوی لێ کردوە، زیاتر فێری ئیمان و ئیمانداری بکات، پاشان لاواندنەویەکی جوانی بۆدەکات وە دەڵێ:

**غەریقی بەحری عوسیانم مەدەد یا ئەنوەروانی**

**سوتاوی ناری حیرمانم مەدەد یا ئەنوەروانی**

**بەئیمانێکی چاوانت دەخیلە خوا پەرەستمکە**

**لە زومرەی خود پەرەستانم مەدەد یا ئەنوەروانی**

**پەشێواوی هەوا ماوم کەسیرەم ئەبڵەقی عەیشە**

**ئەوەندە ئارەزووزانم مەدەد یا ئەنوەروانی**

**ئەسیرو بەندی نەقشێکم دەخیلم نەقشبەندی مەکە**

**غوڵامی نەقشبەندانم مەدە یا ئەنوەروانی**

**نیە ئومید الفقر کە سەبرم بێ توانایە**

**بە کاد الفقر گریانم مەدەد یا ئەنوەروانی**[٣٢٤]

یان وەك لە دیوانەکەیدا هاتووە لەبەر بێتاقەتی و دوری لە شاکەلەوە لاواندنەوەیەك بۆ مەنزڵگاکەی دەڵێت:

**ڕەشکی دەشتی دەککە، خاسە دێکەی سەر چەمە**

**پڕ بەسەحرا سەوز شینە زەرد و سور و پرچەمە -**

---

[٣٢٤] – هاشم عاصی کاکەیی، دیوان و یاداشتی شێخ ئەحمەدی شاکەلی شاعیر و خواناسی دەشتی گەرمیان، چاپی پێنجەم، لـ٦٠.

**فرشی شین و ڕەنگی ئاڵ و نەقشی سەحرا موختەلیف**

**ئەم هەموو ئارایشە ئەسیری بادی سوب دەمە**[٣٢٥]

لاواندنەوەکانی شاکەلی دەتوانین لە خانەی کۆمەڵایەتی هەژماری بکەین، کە شێخ وابەستەی بوارە کۆمەڵایەتیەکان بووە و هاوکات بیری نیشتمان و خاکەکەشی لاواندنەوەی پێ بەرهەمهێناوە، زۆر جار دور کەوتنەوەی لە دۆستان یاخود خاکی خۆشەویستی و جێی مانەوەی کە گەرمیان بووە، دەردە دوری ئەوانە وای کردوە، کەوا شیعر لە شێوەی لاواندنەوە بەرهەم بێنێت.

**٧- ناوەڕۆکی شیعری وەسف و پیاهەڵدان**

ئەمجۆرەیان ((دەربڕینی هەستە یاخود ئەعجاب کردنە بەکەس یان پەرەستنی خوا کە لەسەرەتادا و لە سەدەکانی ناوەڕاستدا بەشێوەی میللی بووە و بەردەوام دەبێت بەشێوەیەکی ناسراوی لە پیاهەڵدانی کەس و کات و شوێن و شتە پیرۆزەکان))[٣٢٦]، شاعیرمان شێخ ئەحمەدی شاکەل لە وەسفی سروشتدا دەستێکی درێژ و باڵای هەبووە و کە بەشێوەیەکی زۆر جوان توانیەتی شیعر لەم مەبەستە شیعرەدا بنووسێتەوە و ئەمەی خوارەوەیش ئەو پارچە شیعرەیە کەلە گەلاوێژی ژمارە (٥)ی ساڵی ١٩٤٧ لەوەسفی بەهاری دەشتەکەی شاکەل و شێروانەدا وتوویەتی:

**بەهاران و ئێوارەی دەشتی سیروان**

**بباریٚ جار بەجاریٚ تاوێك باران**

**بەسەر بەرگی گوڵ و چڵدا بچۆڕیٚ**

**جلی سەرمای زستانی بگۆڕیٚ**

**کە عەکسی لیٚ ئەدا تیشگی خۆرئاوا**

**گوڵ و گیا ئەچنەوە بەرگی بوگ و زاوا**

**لە ڕۆژاوایەوە تاکو بەیانی =**

---

[٣٢٥] – هاشم عاصی کاکەیی، دیوان و یاداشتی شێخ ئەحمەدی شاکەلی شاعیر و خواناسی دەشتی گەرمیان، چاپی پێنجەم، لـ٩٤.

[٣٢٦] –، ڕۆبلیس , جەیم پێنج پەنجەکانی دووبارە ، (2005) زانکۆی کالی فۆرنیا ، باسی ٢٢.

ئەخاتە مێشکەوە زەوقی جوانی

شەوی (شیروانە) بۆ صوبحی (سەردەشت)

جنانی بێ مەراقە تیایدا بکە گەشت

قسەی (کشمیر)و(ڕەی)هەردوو خەیاڵە

شەوی (شیروانە)و(شاکەل) مەحاڵە

کەکاتی شەو نەما سرەوەی بەیانی

ئەخاتە بیری پیری نەچەوانی

جریوەی مەل لەسەر بەرگی گوڵ و گیا

فوارەی ئاوی ڕووناکی چەم و چیا

جۆشێکی بە کوڵ دێنێ بەبیرا

صەفا دێنێ بەچاوی مێردە پیرا

لە دنیا مەنزەرەی وا بێ نەزیرە

فەرح بەخشی دڵی داراو فەقیرە[٣٢٧]

(شاکەلی) لەسەرەتا بەلای کوردایەتی دڵداریدا دای ئەتاسی، بەڵام باش بیست ساڵ ئەمیش چووە سەر هەمان ڕێگەی سۆفیگەری شێخ علی ئامۆزای، ئیتر هێندە بەتەنگ دنیاوە نەهات و بەلام پەیوەندی لەگەل نیشتمان و وەسفدا هەر مابوو، ((قەڵای شێروانە کۆشکێکی سێ نهۆمی حەمە پاشای جاف لەسەر گردی شێروانە دروستی کردوە، لەکاتی نیشتەنی جافدا لە گەرمیان، حەمە پاشای جاف بەخۆی و کوڕەکانیەوە بەخاو خێزانەوە لەو کۆشکە دائەنیشتن و خێوەتی خێڵانی جافیش پڕاو پڕی دەستی شاکەل و شێروانە هەڵیان ئەدا، شاعیرمان ئەحمەدی شاکەلی وەسفێك جوانی ئەو قەلایەی کردوە و لەکاتی خۆیدا لە گۆڤاری (گەلاوێژ) و لەژمارە (٥)ی ساڵی ١٩٤٣دا بلاو کراوەتەوە و هەروەها هەموو بەیانیەك وەك سرودێکی نیشتمانی قوتابیانی قوتابخانەی کەلار لە چلەکان تا پەنجاکان دەیانخوێندەوە))[٣٢٨]، لە وەسفێکی تری شێروانەدا دەڵێ:

[٣٢٧] – مستەفا نەریمان، ئەدیب و نووسەرانی کفری و دەوروپشتی، لـ١٨٣.

[٣٢٨] – هاشم عاصی کاکەیی، دیوان و یاداشتی شێخ ئەحمەدی شاکەلی شاعیروخواناسی دەشتی گەرمیان، چاپی پێنجەم،لـ٢٤٢.

**گردی شێروانە سەیرانی سیروان**

**مەنزەرەی بەرزی خاصی ئەمیران**

**قەلای سەریەرز و قەصری تاجدار**

**جێگە عەشرەتی میرە کوردەوار**

**چاو ئەندازەی تۆ دوو قەزای کوردن**

**یەك لەیەك زیاتر بەدەست و بردن**

**بەئیخلاصەوە ئاوەکەی سیروان**

**داوێن بۆشتە بەکوڵ بە گریان**

**فەزای دەشتەکەت وەرم لابەرە**

**شنەی ئاوەکەی نەشئەی دلبەرە**

**بنای ئەساسی نەشیروانی**

**یا قەلای قایم کردەی میرانی**

**هاتە سەر زبان بەگریانەوە**

**خۆی و ئەمیری ئەلاوانەوە**

**بینای ئەساسیم نەوشیرەوانە**

**تاریخ رۆشن تۆشین رەوانە**

**بەلام ئەم قەصرە ئەم بورجە سەختە**

**کردی میری جاف ئەو دارا بەختە**[٣٢٩]

(شاکەلی) جوان خواز و عاشق بە سروشت بووە، کە دەتوانین بڵێین ئەمەیش بۆ سۆفیگەرییەکەی و و جوانی سروشتی گەرمیان و دەشتی شێروانە و شاکەل و دەروبەری دەگەڕێتەوە، کە پڕن لە بێستانی گوڵ و گوڵزار و باخ و یاخات، کە لە ڕووی وەسفەوە شاعیرێکی وا دڵناسك و هەست ناسکی لێ دەرچووە لە وەسفدا، شاعیر دەغڵ و دان و سەوزاری و ناشتنی درەخت و گرنگی دان

[٣٢٩] – مستەفا نەریمان، ئەدیب و نووسەرانی کفری و دەورووپشتی، لـــ١٨٣.

بە سروشت و ژینگەی لا گرنگ بووە کە بەجۆرێك ئەم کارەی ڕەنگی داوەتەوە لە نـاو نەوەکانیـدا و تائێسـتایش حەوشـەی مـاڵی نەوەکانی پڕن لە جۆرەها گوڵی جوان و ڕازاوە و بوونی ناوچەیەکی هەمیشە سەوزای و لەگەڵ سروشت سەودا سـەرن، (شـاکەلی) وەسفی سروشتی تەنانەت لە شیعرە دڵداری و نیشتمانی و ستایش ولاواندنەوەکانیشـدا هەیـە و وەك لـەم شـیعرە دڵداریيـەی کـە وەسفێکی جوانی دولبەری دەکات و دەڵێت:

**تەماشای چاوی ئەم چۆخە شەبیهی چاوی دڵدارە**

**بەمیسلی چاوی فەتانی ئەمیش مەخمور و بیمارە**

**وەکو نێرگس سەرئەفگەندە و وەو تابوی ئەم چاومەس**

**لەبەر چاوی سیاهی ئەو ئەمیش خاو و سەرەوخوارە**

**مەلەك سەرخۆش ئەکا ئەشئەی نیگهای چاوی دڵدارم**

**مەڵێت ئەم شاعیرە عاشقە بەدایم مەست و مەیخوارە** [٣٣٠]

(شاکەلی) لە زۆریَ لە شیعرەکانیدا وەك وەسف ناوی شـێروانە و شـاکەل دێنێت، بەتایبـەتی هەنـدێك هـۆنراوەی تایبـەتی هەیـە لەسەریان و باسی جوانی و دڵرفێنی و سروشتی بەرز و سەوز و پڕئاوی شیروانە و شاکەل ئەکات، کە لەیـەکێك لـە هۆنراوەکانیـدا دەڵێت:

**سەفای دەشتەکەی پای هەردەی شاکەل**

**لێت ئەپرژێنیَ خۆشاوی ئەمەل**

**غەرقی ڕەحمەت بیَ ڕۆحی مەولەوی**

**چەند جوانی فەرموو خاڵەی مەعنەوەی**

**وادەی خاو نیەن فەصڵی شکارەن**

**دەشتەکەی پای هەرد شاکەل دیارەن**

**جروە جروەی مەل سەر بەرگی گیا**

**بۆت بەیان ئەکا بیَ مەیلی دنیا =**

---

[٣٣٠] – هاشم عاصی کاکەیی، دیوان و یاداشتی شێخ ئەحمەدی شاکەلی شاعیر و خواناسی دەشتی گەرمیان، چاپی پێنجەم، لـ٨٦.

**ڕاو و ڕابواردن خۆشە دەم دەمێ**

**سەفایێ بێ نەی بێ لابەرێ غەمێ**

**ساتی سوحبەتێ یارانی گیانی**

**خەمت لائەبا زۆر بەئاسانی**

**زیراعەی چاکە و فەلاح دڵ خۆشە**

**بەلام دنیا هەر کەشاکەشە**

**ئاغا و ڕەئیسی چاکیش مەحاڵە**

**فەلاحیش بۆخۆی خەریکی ماڵە**[٣٣١]

ئەم وەسفەی سەرەوەی شێخ ئەحمەدی شاکەلی، دیارە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کەوا لەبەر گاریگەری و ڕۆشنایی ئەو دوو نیوە دێڕەی سەرەوەیە کە (مەولەوی) شاعیر لەسەر وەسفی دەشتی شاکەل نوسیویەتی و پاشان شێخ ئەحمەدیش لەشێوە وەسف ئیدامە بە شیعرەکە دەدات و چەند نیوە دێڕێکی تری بۆ زیاد کردوە، کە هەمووی باسی جوانی و پڕ ئاوی و دەغڵ و دانی زۆر و دەنگی خۆشی باڵندەکان و بوونی سروشتە جوانەکەی و لابەری خەم و هەروەها زۆری دانەوێڵە و کشتوکاڵ و دڵخۆشی جوتیاران، هەموو ئەمەی لەجوانی وەسفی شاکەلدا نووسیوە، کە وەك وەڵامێك بۆ شاعیری گەرمیان(حاجی برایمی شاتری)نووسیوە.

[٣٣١] – هاشم عاصی کاکەیی، دیوان و یاداشتی شێخ ئەحمەدی شاکەلی شاعیر و خواناسی دەشتی گەرمیان، چاپی پێنجەم، لـ١١١.

## ئەنجام

لەکۆتایی لێکۆڵینەوەکەدا گەشتین بەم ئەنجامانەی خوارەوە:

١- (شاکەلییەکان) مێژوویەکی دێرینی خەباتی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ڕۆژنامەگەرییان هەیە، کە لەدێر زەمانەوە کە هاتوونەتە ناوچەی گەرمیان، دەستیان کردوە بە خزمەت لە بوارە جیاوازەکاندا و بەتایبەتی بواری ڕۆشنبیری و ئەدەبی و بەتابیەتی ئەدەبی شیعری، کە (شێخ ئەحمەدی شاکەلی) و (شێخ عەلی) و (شێخ سلێمان) و نەوەکانی ئێستایش (شێخ محەمەد احمد شاکەلی) و (شێخ سەعید ئەحمەد شاکەلی) و (فەرهاد شاکەلی) و (نەسرین شاکەلی) و چەندینی تریشیان خزمەتی دیاری بواری ڕۆشنبیری و ئەدەبیان کردوە، جا چ بواری ئەدەبی شیعری بێت، یاخود بوارەکانی تری ڕۆژنامەگەری و بزوتنەوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان بێت.

٢- ژیانی (شێخ ئەحمەد) ژیانێکی جیاواز بووە لە شاعیرانی تری سەردەکەی، بەوەی شوێنی جوگرافی نیشتەجێبوونی تاڕادەیەك کەوتبووە نێوان هەردووە دەسەلاتی ئەو دەمەی میرنشینی بابان و دەسەڵاتی بەغدا ، بەم پێیەیش ناوچەی نیشتەجێ بوونی (شاکەلی) سەر سنور بووە و نزیك بووە لە شەڕ ، بۆیە کاری ئەدەبی لەم شوێنەدا ئەستەم بووە، لەگەڵ ئەوەیشدا بەخزمەتکردنی لەڕووی ئەدەبی شیعری، توانیوەتی ئەسپی خەیاڵی شیعری تاوبدات و خۆی لەنێو خانەی ئەدەبیدا جیگە بکاتەوە.

٣- (شاکەلی) پەیوەندی کۆمەڵایەتی و تێکەڵ بوونی بەخەلکی، وای کرد، کە پایەی شیعری شاعیر بەهێزتر ببێت، بەپێچەوانەی شێخ علی(غالب)ی ئامۆزای، بەتایبەت ئەونامە دەست نوسانەی کە شاعیر دەیگۆڕییەوە لەگەڵ کەسایەتی و ڕۆشنبیر و شاعیرانی سەردەمەکەی وەك (شێخ عوسمانی نەقشبەندی و مەلاعەبدولکەریمی نەقشبەندی..) و هەروەها شاعیرانی گەرمیان و سەرۆك هۆز و کەسایەتیەکانی ناوچەکە و بەتایبەت نامەگۆڕینەوەکانی لەگەڵ حاجی برایمی شاتری و ئاغاکانی گلاڵی و چەندانی تر.

٤- دوری لەناوەندی ئەو دەمەی دەسەڵاتی کوردی، دەرفەرتی باشی بۆ نەڕەحساندوە وەك (نالی، سالم، کوردی...)و شاعیرانی تر، ئازادانە شیعر بنووسێت و سوود لە بەرهەمی شیعری شاعیرانی سەردەمەکەی زیاتر وەربگرێت، سەرەتای لاوێتی ئەوەی فێری ببوو، زیاتر لە ناو حوجرەی خوێندنی مەلایەتی بوو، دواتر کە بەهۆی عاشقایەتی لەگەڵ شیعردا توانی تێکەڵ بە بەرهەمی شیعری و بەتایبەتی شاعیرانی کلاسیکی و لەگەڵ ئەوەیشدا توانی پەیوەندییەکی عریفانە لەگەڵ کەسانی دیار و

شارەزای ناوچەکانی تری کوردستاندا پەیدا بکات، کە هەموو ئەمانەیش هاندەر و هاوکاریکەری باشی (شاکەلی) بوون، کە یاریدەی بدەن و شیعری زیاتر و جوانتر بنوسێت، بێگومان هەر ئەمەی دواتر وایکرد، کە بەرهەمی ئەدەبی ناوچەکەی و هەروەك بەرهەمی ئەدەبی ئەدەبیاتی کوردی دەوڵەمەند بکات.

٥- (شاکەلی) ژیانی کەوتبوەوە نێوان سەردەمی نوسینی شیعر بە پەیرەوی کلاسیکی (کێشی عەروز) و شیعر نوسین لەسەر (کێشی برگەیی)، کە خاڵی بەهێزی گۆرانی سەردەم بۆ نوسینی شیعر بەکێشی برگەیی، لادان بوو لەوشێوازە قورسەی شیعر نوسین بە پەیرەوی کلاسیك، چونکە نوسین لەسەر شێوازی کلاسیکی، دەبوو شاعیر زۆر وردبێت لەبەکارهێنانی وشەو ماناو دەستەواژەکان و شارەزایی تەواوی لە پیت و وشەی کوردی وفارسی و عەرەبی هەبێت لەگەڵ بوونی شارەزایی تەواو لە دەنگ وپیت و ووشە و گرێ و دەستەواژەو گرێ و رستەکاندا، لەگەڵ گرنگیدان و زانینی و بەکارهێنانی بەحرە عەرەبییەکان، سەرباری سەروا و گرنگیدان بە قاڵبەشیعرییەکان، ئەمانەو چەندانی تریش کە وای کرد زۆرێك لە شاعیران خۆیان لەنوسینی شیعری کلاسیکی لادەن و رووبکەنە سەردەمی نوێ و نوسین بە کێشی برگەیی یان کێشی ئازاد، بەلام شاکەلی خۆی لە نوسین بە شیعری کلاسیك لانەدا و لەگەڵ بنەماکانی ئەو رێبازەدا بەردەوام بوو لە شیعر نوسین، کە ئەمەیش دیسان لێهاتووی و وزەی شاعیرمان پێشان دەدات.

٦- (شاکەلی) بە بینی شیعرەکانی، ئەوەمان دێتە پێشچاو کەوا بە پێرەوی بەهەردوو سەردەم( کێشی عەروز، کێشی برگەیی) شیعری نوسینی، وەك لەناوەرۆکی لێکۆڵینەوەکەمان ئاماژەمان پێداوە لە (٧١) دەقی شیعری لەسەر بنەمای کلاسیکی نوسیوە، بەلام لەنزیکەی (٢٩ )دەقدا گرنگی بە (کێشی برگەیی)یەکە داوە، ئەمەیش زیاتر بۆ لایەنە سۆفیگەرییەکەی شاکەلی دەگەرێتوە بۆ تەریقەتی نەقشبەندی و هاوکات لەرێژ کاریگەری مەولەوی و تەنها کێشی برگەیی (٥+٥) یاخود (١٠ برگەیی)بەکار هێناوە، کە ئەم کێشە کێشێکی مۆسیقییە، لەکاتێدا چەند لقێکی تری شیعر نوسین لە کێشی برگەییمان هەیە، بۆیە ئەمجیاوازاییەش دەمانباتە سەر ئەوەی بڵێین شاعیر شاکەلی زیاتر لەخانەی ئەدەبی کلاسیك شیعرەکانی نوسیوە و شاعیرێکی کلاسیکە.

٧- (شاکەلی) زۆر بە وردی گرنگی بە روخساری شیعرەکانی داوە، هەر لە بەکارهێنانی زمانی شیعری و کێشی و سەروای شیعریدا، بالادەستیەکی نواندوە، کە شیعرەکانی لەگەڵ خوێندنەوەدا ئاواز و مۆسیقایەکی دڵ فرێن بدەن بە گوێی خوێنەردا.

٨- (شاکەلی) شارەزاییەکی زۆر باشی لە ڕەوانبێژی کوردیدا هەبووە، هەروەها بەشی زۆری شیعرەکانیشی لەسەر ڕێبازی کلاسیکی بنیاد ناوە و تیایدا یاساکانی ئەو ڕێبازەی بەکارهێناوە، بۆیە لەنێو شیعرەکانیدا زۆر بە ڕوونی ئەو شارەزاییەکی شاکەلی دەبینین بەتایبەتی لە زانستەکانی ڕوونبێژی و واتا ناسی و جوانکاریدا، کە ئەم زانستانەی لەنێو شیعرەکانیدا بەکارهێناوە، ئەمەیش بۆ نووسینی شیعری کلاسیکی بە باڵادەستی شاعیر هەژماردەکرا.

٩- بەهۆی ئەوەی (شاکەلی) کەوتبووە دوا کاتەکانی قۆناغی ئەدەبی کلاسیکی، بۆیە زانیارییەکی زۆر باشی لەیاساکاکانی شیعری سەردەمەکەیدا هەبووە، بەتایبەتی قاڵبە شیعرییەکان، کە توانیوەیەتی زۆرێك لە قاڵبە شیعرییەکان لە نێو شیعرەکانیدا بەکاربێنێت، هەر لە (غەزەل، قەصیدە، مەسنەوی، موسەوەت، چوارین یان دووبەیت...).

١٠- (شاکەلی) لەژێر کارتێکەری شیعری شاعیرانی دراوسێی وەك (فارس، عەرەب)، لەنێو شیعرەکانیدا، شیعری غەزەلی بەزمانی فارسی هەیە لەگەڵ بەکارهێنانی وشە گەلێکی زۆری زمانی فارسی و عەرەبی، هەروەها لە ئاستی ناوەکیشدا، شاکەلی شاعیرانی کوردی کاری تێکردوە و بەشێوەیەك لە نێو چاپەکانی دیوانەکەشیدا ئەو کارتێکردنە شیعریانە دەبینرێت.

١١- سەرەڕای شارەزابوونی (شاکەلی) لە شەرعدا، هاوکات سۆفیەکی دڵبەندی تەریقەتی نەقشبەندی بووە، ئەم تێکەڵییەی لەگەڵ ئەم ڕێبازەدا، هەڵی ناوە کەوا جگە لەشیعری نزا و پاڕانەوە دینیەکانی، کۆمەڵێك شیعری سۆفیانە بنووسێت، بەشێوەیەك کە پانتاییەکی زۆر لەناوەڕۆکی شیعرەکانی شاکەلی داگیربکات، جگە لەوەیش نەهامەتی و ڕووداوەکانی سەردەمەکەی وای لێکردوە، ناوەڕۆکی شیعرەکانی بۆ زۆر مەبەست نووسی بێت، هەر لە ناوەڕۆکی نیشتمانی و دڵداری و ستایش و پیاهەڵدان و وەسف ...هتد.

**سەرچاوەکان**

**أ- کتێب**


١- ئاسۆ عومەر مستەفا، بەها ئیستاتیکیەکانی شیعر، چاپخانەی خانی (دهۆك)، چاپی یەکەم، ساڵی چاپ ٢٠٠٩.

٢- ئازاد ئەحمەد مەحموود، بونیاتی زمان لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا، چاپخانەی حاجی هاشم (هەولێر)، چاپی دووەم، ساڵی چاپ ٢٠١٢.

٣- ئیدریس عەبدوڵڵا مستەفا، لایەنە ڕەوانبێژییەکان لە شیعری کلاسیکی کوردیدا، چاپخانەی حاجی هاشم(هەولێر)، ساڵی چاپ ٢٠١١.

٤- ئومێد ئاشنا، نوسین و پەخشان و وەرگێڕاوەکانی کۆران، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە (هەولێر)، ساڵی چاپ ٢٠٠٢.

٥- ئومێد ئاشنا، شێوە و ناوەڕۆك- کۆمەڵێك لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی کوردی، چاپخانەی ئاراس، چاپی یەکەم، ساڵی چاپ ٢٠٠٧.

٦- ئەرەستۆ، هونەری شیعر ناسین، وەرگێڕانی لە ئینگیزییەوە (عەزیز گەردی)، چاپخانەی گەنج (سلێمانی)، ساڵی چاپ ٢٠٠٤.

٧- بابەك ئەحمەدی، پێکهاتەو ڕاڤەی دەق، وەرگێڕانی (مەسعود بابایی)، چاپخانەی ڕەنج، چاپی یەکەم هەولێر ٢٠٠٤.

٨- بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری شێرکۆ بێکەس دا، چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم (سلێمانی)، ساڵی چاپ ٢٠٠٩.

٩- جمال حبیب عبدالله (بێدار)، دەروازەی شیعر ناسین، چاپخانەی نارین، چاپی یەکەم هەولێر ٢٠١٣.

١٠- جەبار ئەحمەد حسێن، ئیستاتیکای دەقی شیعری کوردی- کوردستانی عێراق ( ١٩٥٠ - ١٩٧٠ )، چاپخانەی سەردەم، چاپی یەکەم، ساڵی چاپ ٢٠٠٨.

١١- حەمە سەعید حەمە کەریم، دیداری شیعری کلاسیکی کوردی، چاپخانەی دار الحرية للطباعة (بغداد)، ساڵی ١٩٨٦.

١٢- خانزاد عەلی قادر، زمانی شیعری حاجی قادری کۆیی و مەحوی و شێخ ڕەزای تاڵەبانی، چاپخانەی حاجی هاشم (هەولێر)، ساڵی چاپ ٢٠١٢.

١٣- دڵشاد عەلی، بنیاتی هەڵبەست لە هۆنراوەی کوردیدا، چاپخانەی ڕەنج(سلێمانی)، ساڵی چاپ ١٩٩٨.

١٤- دلاوەر قەرەداغی، مالێك لە ناو زەریا ماڵێك لە تەنیشت دەریا – كۆی شیعرەكان، بلاوكراوەكانی ئاراس، چاپی یەكەم، هەولێر – ٢٠٠٥.

١٥- ڕێزان ساڵح مەولود، ئەندێشەی شیعری لەنێوان ڕێبازی كلاسیكی و ڕۆمانتیكی كوردی لە كرمانجی خواروودا، چاپخانەی شەهاب، چاپی یەكەم هەولێز ٢٠٠٩.

١٦- ڕۆبلیس جەیم : پێنج پەنجەكانی دووبارە ، (2005) زانكۆی كالی فۆرنیا ، باسی ٢٢.

١٧- ساڵح هەلاج، گوڵبژێرێك لە شیعر و شاعیرانی گەرمیان، چاپخانەی ئارابخا(كەركوك)، ساڵی چاپ ٢٠٠٨.

١٨- سەباح ڕەنجدەر، سێ كتێب لەبارەی شیعرەوە، چاپخانەی بینایی(سلێمانی)، ساڵی چاپ٢٠١٣.

١٩- سەید محەمەد تاهیر سەید زادەی هاشمی، مەولانا خالید و تەریقەتی نەقشبەندی، چاپخانەی قانع(سلێمانی، چاپی یەكەم ٢٠٠٤.

٢٠- سەیوان عومەر، تاوانی جاش لە جینۆسایددا، چاپخانەی حەمدی (سلێمانی)، چاپی یەكەم، ساڵی چاپ ٢٠١٢.

٢١- سوارە قەڵا دزێیی، ڕاپەڕینی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی كورد، چاپخانەی كارۆ، ساڵی چاپ ٢٠٠٥.

٢٢- سەعد فاروق یوسف شێخ بزێنی، بنیاتی هونەری لەشیعری ئەحمەد موختار بەگی جافدا، چاپخانەی ڕۆشنبیری، چاپی یەكەم هەولێر، ساڵی چاپ ٢٠١١.

٢٣- عبدالخالق علاءالدین، دڵدار شاعیری شۆڕگێری كورد، مگابع دار افاق عربیە للصحافە والنشر.

٢٤- عبدولقادر محەمەد ئەمین، وێنەی شیعر لەڕێبازی رۆمانسیی كوردیدا، چاپخانەی سەردەم(سلێمانی)، ساڵی چاپ ٢٠٠٢.

٢٥- عەبدواڵا خدر مەولود، لێكۆڵینەوەیەك لەشیعری حەمدی، چاپخانەی وەزارەتی ڕرشنبیری(هەولێر)، ساڵی چاپ ٢٠٠٤.

٢٦- عەزیز گەردی، رابەری كێشی شیعری كلاسیكی كوردی، چاپخانەی دێكان(سلێمانی)، ساڵی چاپ ٢٠٠٣.

٢٧- ------، رەوانبێژی لە ئەدەبی كوردیدا (بەرگی یەكەم)، چاپخانەی كاكەی فەلاح(بەغدا)، ساڵی چاپ ١٩٧٢.

٢٨- ----------------------، (بەرگی دووەم)، چاپخانەی كاكەی فەلاح(هەولێر)، ساڵی چاپ١٩٧٥.

٢٩- ----------------------، (بەرگی سێیەم)، چاپخانەی كاكەی فەلاح(سلێمانی)، ساڵی چاپ ١٩٧٩.

٣٠- ----------، فەرهەنگی كێشناسی، دەزگای چاپ و بەخشی نارین، چاپی یەكەم، ساڵی چاپ ٢٠١٦.

٣١- ----------، كێشناسی كوردی، چاپخانەی نارین، چاپی یەكەم، ساڵی چاپ٢٠١٤.

٣٢- فەرهاد شاكەلی، هەموو ڕازی من ئاشكرایە و هەموو ئاشكرای تۆ ڕاز، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە(هەلێر)، چاپی سێیەم، ساڵی چاپ ٢٠٠٦.

٣٣- فەرهاد قادر كەریم، هەندێك لایەنی هونەری شیعرەكانی شاكەلی، پاشكۆیەكی ڕۆژناكەی(گەرمیانی ئەمڕۆ)، ئایاری ٢٠٠٧.

٣٤- فەرهاد قادر كەریم، بنیاتی وێنە لەشیعرەكانی حەمدیدا، چاپخانەی ڕۆژهەلات(هەولێر)، چاپی یەكەم، ساڵی چاپ ٢٠١٢.

٣٥- لۆرانس پیرین، شیعر چییە؟، وەرگێڕانی لە فارسیەوە (ئەبو بەكر خۆشناو)، چاپخانەی پیرەمێرد، چاپی یەكەم٢٠٠٨.

٣٦-مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی كوردی (بەرگی یەكەم)، چاپخانەی ئاراس (هەولێر)، چاپی دووەم، ساڵی چاپ٢٠١٠.

٣٧-------------------- (بەرگی دووەم)، چاپخانەی ئاراس (هەولێر)، چاپی دووەم، ساڵی چاپ٢٠١٠.

٣٨-------------------- (بەرگی سێیەم)، چاپخانەی ئاراس (هەولێر)، چاپی دووەم، ساڵی چاپ٢٠١٠.

٣٩- ------------------ (بەرگی چوارەم)، چاپخانەی ئاراس (هەولێر)، چاپی دووەم، ساڵی چاپ٢٠١٠.

٤٠- مەحەمەد ئەحمەد سەعید(كەساس جەباری)، كەركوك و بزاڤی شیعری كوردی-لێكۆڵینەوە و هەڵسەنگاندن، چاپخانەی سەردەم،چاپی یەكەم، ساڵی چاپ٢٠٠٨.

٤١- محەمەد بەكر، پەخشانە شیعری كوردی، بلاوكراوەكانی ئاراس، چاپی یەكەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە،(هەولێر)، ساڵی چاپ ٢٠٠٤.

٤٢- مەحەمەد ئەحمەد سەعید (كەساس جەباری)، كەركوك و بزافی شیعری كوردی، چاپخانەی سەردەم، چاپی یەكەم، ساڵی چاپ ٢٠٠٨.

**٤٣-** محەكەد كوردۆ، گەڕان بەدوای شیعر و جیاوازیدا، بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوكردنەوەی سلێمانی، ساڵی چاپ ٢٠٠٦.

٤٤- محەمەد عەبدولكەریم ئیبراهیم، پێكهاتەی زمانی شیعری لە ڕوانگەی ڕەخنەی ئەدەبی نوێوە ئەزموونی شاعیرانی هەشتاكانی هەولێر وەك نموونە، چاپخانەی موكریانی(هەولێر)، چاپی یەكەم، ساڵی چاپ ٢٠١٢.

٤٥- محەمەد شاكەلی، قەزای كفری و شارەدێی كەلار لە پەنجاكان و پاسەكەی حاجی ١٩٦١-١٩٧٥، پاپخانەی كارۆ(كەركوك)، ساڵی چاپ ٢٠١٢.

٤٦- مستەفا نەریمان، ئەدیب و نووسەرانی کفری و دەوروبەری، چاپخانەی  دار الشؤن الپقافیە العامە (بغداد)، ساڵی چاپ ٢٠٠٧.

٤٧- مستەفای سەید مینە، پایەی وەفای لە ناو شاعیرانی سەدەی نۆزدە هەمی کرمانجی خواروودا، نوسینگەی تەفسیر بۆ بلاوکردنەوە و ڕاگەیاندن(هەولێر)، چاپی یەکەم، ساڵی چاپ ٢٠٠٧.

٤٨- مسعود عبدالخالق، ناسنامەی حیزبە کوردستانیەکان، چاپخانەی هێڤی، (هەولێر) چاپی دووەم ٢٠١٤.

٤٩- هاوژین سلیوە عیسی، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری شێرکۆ بێکەس دا، چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم (سلێمانی)، ساڵی چاپ ٢٠٠٩.

٥٠- هیمداد حوسێن، دەروازەیەك بۆ ڕەخنەی ئەدەبی کوردی، چاپخانەی خانی(دهۆك)، چاپی یەکەم، ساڵی چاپ ٢٠٠٧.

٥١- یاسین صابر صاڵح، ئینسایکلۆپیدیای گشتی، چاپخانەی سەردەم، چاپی یەکەم(سلێمانی)، ساڵی چاپ ٢٠٠٥

**ب- نامە ئەکادیمییەکان**

یەکەم: نامەی ماستەرو دکتۆرا:

١- ئاری صبحی أحمد، غەزەل و قەسیدەکانی (حاجی قادری کۆیی) لەژێر تیشکی لێکۆڵینەوەدا، نامەی ستەر، ٢٠٠٦.

٢- ئەبوبەکر عەبدوڵلا حەسەن خۆشناو، شیعری بەرەنگاری کوردی (١٩٧٥-١٩٧١ن)، نامەی ماستەر، ساڵی ٢٠٠١.

٣- جیهان عەبدولوەهاب ئەحمەد،  کامران بەدرخان و نوێکردنەوەی شیعری کوردی، نامەی ماستەر، ساڵی ٢٠٠٨.

٤- صدیق ئەوڕەحمان عەلی، حەقیقی شاعیر-ژیان و بەرهەمی، نامەی ماستەر (زانکۆی سلێمانی)٢٠١٥.

٥- کامەران ئیبراهیم خەلیل مشەختی، سیمۆلۆژیای زمانی سۆفیگەری لە شیعرەکانی(مەلای جزیری)دا، نامەی ماستەر، ٢٠٠٧.

٦- مەهاباد ئازاد محەمەد، بنەما فەلسەفیەکانی ئەنتۆلۆجیای شیعر و ڕەخنەی ئەدەبی کوردی، نامەی دکتۆرا، ساڵی٢٠١٣.

٧- محەمەد عەبدولکەریم ئیبراهیم، زمانی شیعر و ڕەخنەی ئەدەبی نوێ(ئەزموونی شاعیرانی هەشتاکانی هەولێر بەنموونە)، نامەی ماستەر، ٢٠٠٩.

٨- هەژار فەقێ سلێمان، ڕونبێژی لە شیعری مەحویدا، نامەی ماستەر، (زانکۆی سلێمانی)،٢٠١٣.

دووەم: باسی دەرچوونی زانکۆیی:

١- توێژینەوەیەکی بێناو لە کتێبخانەی شێخ ئەحمەدی شاکەلی، بەشێك لە ژیان و شیعری شێخ ئەحمەد.

٢- جاسم محەمەد کەلاری، ڕاپۆرتێك لەسەر شاعیری دەشتی گەرمیان شێخ ئەحمەدی شاکەلی، زانکۆی صلاح الدین، ساڵی خوێندنی ١٩٩٩-٢٠٠٠.

٣- چیمەن عەلی لەتیف، جوانکاری لە شیعرەکانی(شێخ ئەحمەدی شاکەلی)، لێکۆڵینەوەی زانکۆیی ٢٠١٦.

٤- حوسێن غازی کاك ئەمین، ڕەوتی نوێکردنەوەی شیعری کوردی لەباشوری کوردستان لەساڵانی (١٩٨٠-١٩٩١)دا، نامەی دکتۆرا، ساڵی ٢٠٠٩.

٥- دیلان عادل ئیبراهیم و زەهرا قوربان موسی خان، ڕەنگدانەوەی ژیانی لادێ لەشیعرەکانی قانع دا، لێکۆڵینەوەی زانکۆیی، ٢٠١٠.

٦- کاروان محیێ دین، تربفە واحد، کاروان عومەر، تابان حەمید، لێکۆڵینەوەیەك دەربارەی پیشەسازی کەرەستەکانی بیناسازی لەشاری کەلار،ساڵی خوێندنی ٢٠١٠ز، لـ٨.

٧- ناوەڕۆکی خۆشەویستی لای نالی، لێکۆڵینەوەیەکە ئەحمەد وەکرەم و محەمەد قادر ئەنجامیان داوە بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠١١.

**جـ - ڕۆژنامەو گۆڤارەکان**

١- ئومێد بەرزان برزۆ، زمانی شیعری لە شیعرەکانی شاعیر(شێخ ئەحمەدی شاکەلی)دا، پاشکۆیەکی ڕۆژنامەی گەرمیانی ئەمڕۆ، ئابی ٢٠٠٧.

٢- ئیبراهیم کوێخا، لەیادی شاکەلی شاعیردا، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ژمارە(٢٠٨٢).

٣- دڵشاد عەبدوڵڵا، نالی خۆرێك هەمیشە بەسەر سەرمانەوە ژیان و بەرهەم، گۆڤاری ڕۆڤار، ژمارە ٦٤ ، چاپخانەی ئاراس.

٤- سیامەند کەریم محەمەد، گۆڤاری هەڵمەت، چاپخانەی رەهەند ،ژمارەی (٤)ی چاپی ٢٠١٥ .

٥- فەرهاد قادر کەریم، هەندێك لایەنی هونەری شیعرەکانی شاکەلی، پاشکۆیەکی ڕۆژنامەی(گەرمیانی ئەمڕۆ)، ئایاری ٢٠٠٧.

٦- لاوان ئەحمەد، شێخ ئەحمەدی شاکەلی شاعیر و خواناسی دەشتی گەرمیان، ژمارە (٢)ی گۆڤاری( هەڵمەت)، یەکەمین گۆڤاری شیعری کوردی لە گەرمیان، چاپخانەی ڕەهەند.

د- دیوانەکان

١- جەمال محەمەد محەمەد ئەمین، دیوانی شاکەلی (شێخ ئەحمەد محەمەدی گەرمیانی)، مگبعە الامە(بغداد)، چاپی یەکەم ١٩٧٩، لـــ١٥٤.

٢- نەسرین شاکەلی، دیوانی عارف ربانی شێخ ئەحمەدی شاکەلی، چاپخانەی محەمەدی، چاپی دووەم، ساڵی چاپ ١٩٩١.

٣- هاشم عاصی کاکەیی، دیوان و یاداشتی شێخ ئەحمەدی شاکەلی شاعیرو خواناسی دەشتی گەرمیان، چاپخانەی حاجی هاشم (هەولێر)، چاپی چوارەم ، ساڵی چاپ ٢٠٠٩.

٤- هاشم عاصی کاکەیی، دیوان و یاداشتی شێخ ئەحمەدی شاکەلی شاعیر و خواناسی دەشتی گەرمیان، چاپخانەی شڤان، چاپی پێنجەم ، ساڵی چاپ ٢٠١٣.

حـ - گفتوگۆکان

١- گفتوگۆ لەگەڵ (فەرهاد شاکەلی) نووسەر و شاعیر و کەسایەتی دیاری شاکەلیەکان، بەرواری ٥/٥/٢٠١٦.

٢- گفتوکۆ لەگەڵ (شێخ سەعید شاکەلی) کوڕی بچووکی شاعیر شێخ ئەحمەدی شاکەلی سەبارەت بە ژیانی خێزانی شێخ ئەحمەدی شاکەلی، بەرواری ١٧/٥/٢٠١٧.

٣- گفتوگۆ لەگەڵ (شێخ محەمەد شاکەلی)کوڕە گەورەی شێخ ئەحمەدی شاکەلی، لەسەر ژیانی سیاسی شاکەلی، بەرواری ٢٠١٦/٦/١٠.

٤- گفتوگۆ لەگەڵ (نەسرین شاکەلی) کوڕەزای ( شێخ ئەحمەدی شاکەلی) سەبارەت بە مردنی شاکەلی، بەرواری ٢٠١٦/٧/٢٠.

خـ – ئەنتەرنێت:

١– نسرين شاكلی، ترجمه از كردی، بابك صحرانورد، http,//www.minisher.blogfa.com/tag

٢– اشنايی با ساختارو قالب های شعری، سرويس هنر اسلامی/ داود دادور ١٣٩٥، http://www.islamicartz.com/story/0mCKDzOSRZlMVVr

٣– نەسرين شاكەلی، پارچەيەك بۆ ئەنقالی نوسيوە بە ناوی شەوەی شەوەكانی ئەنفال www.dengekan.com

٤– كۆمەڵەی ماركسی–لينينی www.nishanprees.com

ف– دەستنوسەكان

١– نامەی تايبەتی نێوان شاعیر شاكەلی و شێخ عوسمانی نەقشبەندی.

٢– نامەی تايبەتی نێوان شاكەلی و مەلاعەبدولكەريمی مودەريس.

٣– نامەی تايبەتی نێوان شاكەلی و حاجی برايمی شاتری.

٤– نامەی تايبەتی نێوان شاكەلی و تۆفیق ئاغای گلاڵی.

٥– توێژینەوەیەكی بێناو لە كتێبخانەی شێخ ئەحمەدی شاكەلی، بەشێك لە ژيان و شیعری شێخ ئەحمەد.

## فەرهەنگۆکی یەکەم

**کوردی — عەرەبی**

ڕەوانبێژی: البلاغة
واتاناسی: علم المعانی

ڕوونبێژی: علم البیان

جوانکاری: علم البدیع

کورتبڕی و درێژبڕی: الایجاز والاطناب

ڕەگەزدۆزی: الجناس

خوازەی زمانی: المجاز اللغوی

خوازەی بەربلاّو: المجاز المرسل

خواستن: الاستعارة

بۆ خواستراو: المستعار له

لێخواستراو: المستعار منه

خواستراو: المستعار

درکە: الکنایة

لێکچوون: وجه الشبه

چواندنی وێنەیی: التشبیه التمثیلی

چواندنی ئاوەژوو: التشبیه المقلوب
تێهەڵکێش: التضمین

دژیەك: الطباق

چواندن: التشبیه

چوێنراو: المشبه

پێچوێنراو: المشبه به

ئەوزاری چواندن: اداة التشبیه

**فەرهەنگۆکی دووەم**

**عەرەبی – کوردی**

طبع: ڕەفتار

محراب: نوێژگە

الشوق: تاسە

خطاب نوع: کەسێك زۆر بدوێ

خجل: شەرم و تەریق بونەوە

لطیف: ناسك

دار القرار: خانەی بڕیار

مشتاق: تامەرزۆ

مرید: پەیڕەوکار

زاهد: دەروێشی دنیانەویست

خیر الوری: مرۆڤی چاکە کار

أهل استعداد: کەسی ئامادەباش

مرشد: ڕابەر

إقبال: ڕووتێکردن

شفیع: ڕوولێنەر

سید الانام: سەروەری مرۆڤایەتی

محشر: ڕۆژی لێپرسینەوە

فیز: لێشاو

عالی مقام: پایە بەرز

مسکن: ماڵبەند

عقیق: بەردی بەنرخ

شعلة: بڵێسە

الحقنا بهم: پێ ڕاگەیاندن

المحفل: کۆڕ

اشتیاق: ئارەزومەند

میسر: قومار

سرور: شادی

موقع: پێگە

فضل: چاکە

خزن: خەفەت

معدن: مسی زەرد

کریم النفس: جوامێر

عالی الهمة: ورە بەرزی

خصلة: خورەوشت

اهل الفضل: خەڵکی چاکەکار

جوهر: ناوەرۆك

مطیع الامر: گوێڕایەڵ

اسباب: هۆکارەکان

مأوى: پەنا

بحمدلله: سوپاس بۆخوا

حاصل: سەرئەنجام

وصل: گەیشتن

مبتلي: گیرۆدە

هجران: کۆچکردن

وقاية: خۆپاراستن

طيبة: پاك و بێگەردی

نفير: ڕەشبگیر

طرق: لایەن

أعظم: گەورەتر

**فەرهەنگۆکی سێیەم**

**فارسی – کوردی**

راهت: ڕێگەت

لذت بخش: چێژبەخش

خوب: باش، چاك

هر جا: هەر کوێ

ترانەی نگفتن: گۆرانیی نەگوتراو

راز: ڕاز

اسرار: نهێنیی

هویدای: ئاشکرای

تو باشی: تۆم هەبێت

جواب کە: هەواڵێکی تر

جنس ادم: ڕەگەزی ئادەم

اهو: مامز

هوایت: دەرکەوتن

تار تار زولف: تاڵ تاڵی زوڵ

میباختم: قوربانت دەکەم

خنجر فولاد: خەنجەری دەبان

قبله دلها: قیبلەی دڵان

فراق: دەردی دوری

افکار، بیروبۆچون و بیرکردنەوە

زوستم: هەست کردن بەدودلی

خون فشان: بریندار

غرار: بەنرخ و پیرۆز

هجر: چوون بەجێ هێشتن



شێخ ئەحمەدی شاکەلی (شاکەلی)



شێخ ئەحمەدی شاکەلی و دوو لە هاوەڵانی لە شاکەل، هاوینی ١٩٧٠




**ڕەگەزنـامەی شاکەلی**




**نامەی (دیــلان)ی شاعیر بۆ شاکەلی**



نامەی مەلاعبدولکەریمی مودەریس بۆ شاکەلی



نامەی شێخ عوسمانی نەقشبەندی بۆ شاکەلی



نامەی ئاغایەکی گڵاڵی بۆ شاکەلی



نامەی حاجی برایمی شاتری بۆ شاکەلی